به یارمه‌تی وه‌زاره‌تی مه‌عاریف له چاپدرا

جزءی یه‌که‌م

له

فه‌رهه‌نگی خاڵ

نوسراوی

شێخ

محمدی خاڵ

١٣٧٩ هجری - ١٩٦٠ میلادی

٢٥٧١ کوردی

archive.org/details/@aso_mahmudi

بە یارمەتی وەزارەتی مەعاریف لە چاپدرا

جزمی یەکەم

لە

فەرھەنگی خاڵ

نوسراوی

شێخ

محمدی خاڵ

سلیمانی

چاپخانەی کامەران

هەرچی ئیمزای نووسەری پێوە نەبێ

ئەمن ئەمرم بەڵام وێنەم ئەمێنێ
هیوام وایە کە خۆشی گەل ببینێ

محمدی حماڵ

پێشکەشکردن

پێشکەش بێ بە پێشگاهی گەلی کورد بە هەموو هۆزو تیرەو ، خێڵو ئێلو بنەچەو رەگەزو نەتەوەو بەرەبەکیەوە وە بە پیاوو ژن و کوررو کچو گەورەو بچووکو خوێندەوارو نەخوێندەوارو مردوو زیندویەوە ، نەخوازەلا خوێندەوارانی ئیمرۆو لاوانی پاشەرۆژ کە هیوای هەموو لایەکانن ، هیوادارم کە بە دڵێکی پاکو گیانێکی روونا کو هەستێکی چاکەوە ئەم فەرهەنگەم بە دیارییەکی نۆبەرە لێ وەربگرن .

ـ محمدی خاڵ ـ

بەناوی خوای گەورە

خوایە ! نازانم بەچ زبانێك سوپاست بکەم ، وەبەچ ئاڵا « قەڵەم » یەك ستایشت بنووسم ، تۆ ئەو خوایەیت کە ئادەمییت لەناو هەموو گیان لەبەرانا بەرز کردۆتەوە ، زاناو دانات کردوون ، ژیریو بیرت داونەتێ ، وە کردوونی بەجێ نشینی خۆت لەسەر زەوی ، بەپێی دەستووروو باوی پەرەسەندن وبلاوبوونەوە هەموویانت تیرە تیرە و کۆمەڵ کۆمەڵ کردوون ، وە هەر تیرەو کۆمەڵەیەك بە پێی ناوچەی خۆی زبانێکت داونەتێ ، تا مەبەستی خۆیانی پێ بەجێ بێنن ، وە لەگەڵ یەکتری قسەی پێ بکەن ، وەخستووتەتە دڵی هێندێ لە خوێندەوارانی بەرزو پێشەوایانیانەوە کە ووتە کۆبکەنەوەو فەرهەنگ بنووسن ، وە بە یادگار بۆ دوای خۆیانی بەجێ بهێڵن ، سا بەڵکو هەموو لایەکیان لەیەك بگەن ، وە لەیەکتری نزیك بکەونەوە ، وە بە ئاشتی دانیشن ، وە لە پاشە ڕۆژا دەست بکەنە ملی یەك بە برایەتی .

بێ گومانم کە دوو شت گەورەترین شۆرشی هەڵ گیرسان لە جیهانا ، وە ئادەمیی جیا کردەوە لە گیان لەبەرانی تر ، وە لەناو هەمویانا ئەمی لەسەر تەختی پاشایی دانا لەم جیهانەدا ، یەکەم دەستی ، دوهەم زبانی ، کە دەستی بەرەلاکرد بەم ڕەنگە بەرزی کردەوە لەزەوی لەکاتی ڕۆینا سەد هەزاران هەزار شتی سەیری پێ دروست کرد ، وەگەورە ترین کەلەپووری بەجێ هێشت لەسەر زەوی ، کەزبانی بەرەلا کرد بەمڕەنگە دەستی کرد بەقسەکردن ، توانی هەرچی بەدڵیابێ بیلێ وە هەموو کەسێك لەگەڵ هەموو کەسێکا قسەبکەن وتێ بگەن ، وەیارمەتی بیری یەکتری بدەن تائادەی گەیشتە ئەم پایەبەرزە لەزانین وژیری

وبیرو وێژەدا کە هەرچی ئیمڕۆ ئەیبینین لەدیمەنی شارستانی لە زانین و لە کردار هەمووی بەری کردەوەی دەست وزبانێتی .

بەراستی دۆزینەوەی پیت و ووتەو ووتارو قسەکردن شتێکی زۆر زۆر سەیرە ، ئەگەر راستت ئەوێ لە دۆزینەوەی ئەتۆم گەلێ گەلێ وورد ترو هونەرترە ، بەڵام چونکە لەمناڵی یەوە فێری بووین بۆیە زۆرلێی سەرسام نابین ئنجا لەبەر ئەمە ئادەمی لەزۆر کۆنەوە خەریکی دانانی ووتەو کۆکردنەوەیەتی .

لەهەموو کەسێکەوە ئاشکراو نمایانە کەزمان پایەی هەرە گەورە وبەهێزە لەکۆشکی کۆمەڵایەتی دا ، وە روشتەی هەرەقایم وبەتینە بۆیەکخستنی کۆمەڵەو گەل لەرۆژ هەڵاتیەوە تارۆژئاوای ، بەڵکو زبان گیانی گەلە کە زبان بوو گەل هەیە ، کەنەشبوو گەل نیە .

هەروەها ئاشکرایە کە سەرمایەی زمان خەرمانی ووتەیە ،وە گەنجینەکەشی فەرهەنگی ووشەیە ، هەر بەهۆی فەرهەنگەوەیە کەمەبەست لەوونە دەرئەکەوێ وەهەموو ووتارێك نمایان ئەبێ ، کەوابوو نووسینی فەرهەنگ بۆپاسی زمان لەهەمووشت پێویستترە بۆمانەوەی گەلان ، هەر گەلێك زمان وفەرهەنگی نەبێ لەگەڵ گەلانا ناژمێررێ و ناناسرێ ، بەڵکو ئەکرێ بە بەردەباز وپێ شێل لەژێر پێی ئەو گەلانەی کە بۆکوێستانی ژیان ئەچن ، تالەرێ پێلکەدا پان و پلیش ئەکرێنەوە ، وە لەگەڵ خاکا یەکسان ئەکرێن .

بەڵام کەزمان و فەرهەنگی بوو بادیلیش بێ هەرگەلە ، وەبەگەل ئەناسرێ وەرۆژێك ئەبێ کە لەگەڵ گەلانی خواپێداوا رووەو کوێستانی ژیان برِرواو سەرکەوێ ، وەلەپێشکەوتن وبەرزبوونەوە دابێ ، تائەگاتە لوتکەی هەرەبەرزی ژیان ، وەبەسەر چلەپۆپەی کامەرانیەوە وەك بلبلی هەزار داستان بخوێنێ و بچریکێنێ . کەوابو ئاگاداری کردنی زمان بەنووسینی فەرهەنگ وکۆکردنەوەی

ووتە لەئاگاداریی کردنی گیان پێویستترە بۆمانەوەی گەلان ، چونکی بەنەمانی هەزاران گیان گەل نامرێ ، بەڵام بەنەمانی زمان ریشتەی کۆمەڵایەتی ئەپچرێ وەشیرازەی گەل تێک ئەچێ تاهەموو پەرەوازەئەبن ولەیەک ئەبرێن وە زۆردار قووتیان ئەدەن و لەناویان ئەبەن .

ئەگەر بەچاوێکی ووردبوونەوە تەماشای سەرگوروشتەو مێژووی گەلانی رابووردوو بکەین ، تێ ئەگەین کە لەمە پێش زۆر گەلی گەورە بوون کەلەخوێندەواریی وتێگەیشتن و پێگەیشتن و تێکۆشین و پێشکەوتنا پایەیەکی بەرزو جێگایەکی بڵندیان بووە ، وەلەسەر رووپەڕەی مێژوو زۆر نیشانەی مەردانە وپیاوانەیان بەجێ هێشتوە ، بەڵام چونکە وەیشومەی رۆزگار ، وەگەردشی چەرخی کەچ رەفتار ، زمانەکەی لەناو بردوون ، خۆشیان لە ناوچوون ، سامەگەر لەکون وقوژبنی مێژوودا ناوێکیان مابێتەوە .

کەوابوو مانەوەی زمان مایەی مانەوەی گەلە ، هەرگەلێک تاهەرچەندە دووچاری خەم و تەم و خەفەت و دەردیسەریی ببێ ، وەتاڵیو سوێریی روزگار بچەژێ ، وەتەنگانەو چەڵەمە کەڵەمەی بکا ، ئەوگەلە هەرئەژی وئەمینی تاووەکو ئاگاداریی زمانەکەیان بکەن ، وەنەیەڵن لەناوبچێ .

کەواتە زمان بۆئاگاداریی گەلان لە هەموو قەڵایەکی ئاسنیین وقوللەیەکی سەختی بەهێزی مسیین باشترو چاکترە ، چونکە قەڵائەگیرێ وقوللە ئەرروخێنرێ بەڵام زمان هیچی لێ ناکرێ .

هەزار ئافرین بۆئەو زانایەی کەووتویەتی : گەلی دیلی خاوەن فەرهەنگ وزمان وەک بەندییەک وایە کەکلیلی دەرگای بەندیخانەکەی لەگیرفانابێ ، هەر حەلێک بیەوێ رزگار ، وەلەدیلی سەرفرازبێ ، بەکلیلی زمانەکەی دەرگای بەندیخانەی دیلییەکەی ئەکاتەوە ، وەبەیداخی ئازادیی وسەربەخۆیی هەڵئەدا

بەلاْم گەلی دیلی بیٚفەرهەنك وزمان وەك بەندیەك وایە کە کلیلی دەرگای بەندیخانەکەي لە گیرفانی دوژمنەکەیابیٚ ، ناچار ئەبیٚ دەستەئەژنوٚ دانیشیٚ تا ئەتوٚیتەوە ونامیٚنیٚ ، وەهەموو کەلەپوور ودارایی‌یەکەی داگیرئەکریٚ ، وەماڵی ئەچیٚتە سەربەشي مالاٚن ، وەبەئیٚجگاریي چرای ئەکوژیٚتەوە .

کەوابو کوٚکردنەوەي ووتەونووسینی فەرهەنگ بوٚکوٚمەڵەو گەل لەهەموو شت پیٚویست ترو بەنرخترە .

* * *

کەس‌نیە لەجیهانا بتوانیٚ گشت ووتەي زماني خوٚي بزانیٚ ، وەلەمیٚشك ودڵیا جیگاي ببیٚتەوە ، چونکە ئەمە هەرشایستەی خوایە ، جالەبەر ئەمەهەموو زمانیٚك ئەگەر لەچوار چیٚوەی فەرهەنگ نەگیریٚ وەیشومەی روٚزگار شەن‌و کەوی تیائەکا وبەبای‌ئەدا ، وەکوٚگای ووتەکانی بەرەبەرە کەم ئەکاتەوە تاوای لیٚدیٚ کەنەتوانیٚ بەسەر مایەکەی خوٚی بژيومەبەست بەجیٚ بیٚنیٚ .

لەبەر ئەمانە زانا بەرزەکان ، وەتیٚگەیشتواني هەموو گەلیٚك لەزوٚر کوٚنەوە خەریکي نووسیني فەرهەنگ وکوٚکردنەوەی ووتەی گەلەکەیان بوون ، تا ژمارەی فەرهەنگیان گەیشتە ژمارەي زمانانی سەرزەوي ، نەخوازە لافەرهەنگي زمانەزیندوەکان کەژمارەیان گەیشتوتە هەزارو پینج‌سەد (١) وەژمارەی ووتەی هیٚندیٚك لەوفەرهەنگانەش لەسەدهەزار تیٚپەریوە .

کونترینفەرهەنگیٚك کەنوسراوە فەرهەنگي (کالیاکي غەراماتیق إغریق) یە کەسیٚ سەدساڵ لەپیٚش میلادا نووسیویەتی ، وەناوي ناوە(زەخیرە) ، لەپاش ئەمفەرهەنگە ئنجا بەرەبەرە فەرهەنگي ترنوسراوە بەیوٚناني ئینجا بەعەرەبی ئنجابە زمانەکانی‌تر کەیەکیکیان زمانی کوردییە .

(١) سەرەتاي فەرهەنگی (الیاس انطون الیاس) .

کۆنترین فەرهەنگێکی کوردی کەنوسرا بێ - بەپێی زانینی من - فـەرهـەنگی (ئەحمەدی خانی)یە ، کە لە ساڵی ١٠٩٤ھ بەشیعر نووسیویەتی لە عەرەبییەوە بۆ کوردي ، وەناوی ناوە (نەوبەهار) کەلەداوێنی فەرهەنگی (الهدیة الحمیدیة ، فياللغة الكردية) لەچاپدراوە .

نەوبەهار نۆ (چەکامە) «قصیدە»یە ، هەر چەکامەی لەوەزنێك . وا بۆ نمونە سێ شیعري ئەنوسیین هەر یەکەي لەچەکامەیەك : -

(رجل)پێ و(رکبە)ئەژنۆ (بطن)سك
(صدر)سنگ و(جید)ئەستۆ(عین)چاف

(بیدا) ، (فلاة)و(سبب) ، (فیفاو) و (بدو)دەشت
(ینبوع)و(عین)کانی(جب)و(قلیب)بیرە

(أکحل) مرۆڤی چاف بەکل (أشهل) مرۆڤی چاف بەلەك
(أشقر) مرۆڤي چاف هشین ، رەنگی گەنم گون (أسمر)ە

لەپاشا ئنجا شیخ مارفي نۆدێی (أحمدی) نووسییوە بە شیعر لە ساڵی (١٢١٠ھ) لەسەر شێوەی(نەوبەهار) وەلەعەرەبیەوە بۆکوردی، تائێستا دووجار لەچاپ دراوە، جارێکیان لەسلیمانی لەچاپخانەي(ژیان)لەساڵی (١٣٥٤ھ)-(١٩٣٦م) جاري دووهەمییش لە(بغدا)هەرلەوساڵەدا .

(احمدی) دووبابە (١)بابي أسماء (٢) بابي أفعال ، بابي أسماء سێ فەسڵە هەر فەسڵەی لەسەر وەزنیکە ، فەسڵی یەکەمي وەك : —

(رأس)سەرە(عین)چاه (بدن)قاڵب(إسم)ناوە

فەسڵی دووهەم وەك : —

(سور)وارشە (حائط)حەسار (حدیث)سخن(مسمار)بزمار

فەسڵی سێهەم وەك : ـــ

(أين)لەکوێ(من)کێ یە(أيان)کەی (إن)ئەگەر(ما)چی(متى)کەی(سم)ژار

بابی أفعال هەریەك وەزنە وەك : ـــ

(جلس)دانیشت(نهض)هەستا (قعد)دانیشت(وقف)وەستا

لەدوای أحمدیي ئنجا فەرهەنگي جنراڵ « ئۆغۆستۆیابا » یەکە قونسوڵیکي رووس بوە لە شاري (أرضرۆم) وەفەرهەنگەکەی «٨٤٢٨» ووتەیە وەلەساڵي (١٨٧٩م) لەلایەن (فەردیناند جوستي) یەوە لەچاپدرلوە لەشاري (پترسپورغ) ـ کەئێستا پێی ئەڵێن (لەنینغراد)ـ، لەساڵی «١٩٤٣م» لەچەمچەماڵ ئەمفەرهەنگەم جاوبێ کەوت لای «زین‌العابدینی»ی کورري (ملافاني) .

لەدواي ئەم فەرهەنگە ئنجا (یوسف ضیا پاشای خالدی) فەرهەنگێکی نووسیوە لەکوردیی‌یەوە بۆ عەرەبي لەگەڵ سەرەتایەك‌لە دەستووری زماني کوردیي وەناوی ناوە (الهدية الحميدية ، فى‌اللغة‌الكرديه) وەلەساڵی «١٣١٠»ی رۆمي لە ئەستەموڵ لەچاپ دراوە ، بەڵام ووتەکانی هەر ووتەی«زازا» وەگەلێکیشی ناوی شاخ‌وکانی‌ودێهاتی ئەوناوچەیەیە ، کەئەمانە لەفەرهەنگی ووتەدا نانوسرێن بەڵام بەراستي فەرهەنگێکي جوان ، وەکەڵێنێکي زۆر گەورەی پرر کردۆتەوە بەشی زۆری ووتەي (زازا)م لەمفەرهەنگە وەرگرتوە ، ساخوا بەمیهرەبانیي خۆي پاداشی بداتەوە .

لەپاشا ئنجا فەرهەنگي (میجەرر سۆن) دەرچوو ـ کەحاکمێکی ئینگلیزیی‌بوو لەشاري سلیمانی لەکوردیی‌یەوە بۆ ئینگلیزی ، وەلە ساڵی «١٩١٩»م‌لە(لندن) لەچاپ دراوە .

لەساڵي (١٩٥٠م) (رابەر) دەرچوو لەعەرەبیی‌یەوە بۆ کوردیي .

لەپاش ئەم فەرهەنگانە ئنجافەرهەنگي (مەردۆخ) دەرچوو لەساڵی(١٣٧٥هـ

(١٩٥٦م) بەراستي کۆششێکي گەورە ونوسراوێکي بەنرخە ، شتي وامە گەر هەر بەقەڵـەمي زانا وپێشەوایەکي وەك (ئاية اللّٰه‌ی کوردستانی) بنوسری ، بەراستي کارەکەي پەسندو کردەوەکەي جێي سوپاس وستایشە ، بەڵام ـ داخەکەم چەند نەنگێکی تیایە کەچاوي لێ ناپۆشرێ : ـ

١ ـ خۆي لەسەرەتاي فەرهەنگەکەوە دەستوورێکي تایبەتي داناوە بۆ چۆنێتی نووسیني کوردیی ، کەچي خۆی فەرهەنگەکەي بەردەستورە نەنووسیوە بەڵکو بەپێی دەستووري فارسی نووسیویەتي ، کەسێك فارسی زان نەبی نازانێ بیخوێنێتەوە .

٢ ـ لەبەرئەوەي کەبەپێی دەستووري نووسیني کوردیی نەنووسراوە ، ووتە کانیشي بەوجۆرە ریز نەکراوە ، لەبـەر ئـەمە ووتـەی ئیجگار بەگران تیا ئـەدۆزرێتـەوە .

٣ ـ نیوەي ووتەکانی ووتە نین ، سایا : ـ

أ ـ فعلن ـ کەنابێ بنووسرێن ـ وەك (بدە ، ئاما ، ئێژێ ، ئەویني ، ئەژیی ئەدا ، ئەدرەوشێ) .

ب ـ یاناوە بۆیەکێك ـ کەنابێ بنوسرێ ـ وەك : ـ (ئامینە) .

ج ـ یاهەر ناویش نیە وەك : ـ (ئامە) کەئەڵێ : کورتەی (ئامان اللّٰه)یە .

د ـ یادروست کراوە وەك : ـ (بەد شەو ، بەد صبح) .

هـ ـ یاهەر ووتەنیە وەك : «ئەسپي تەمەڵ ، ئەسپي سواریی ، ئەسپي تەڵایي ئەسپي یاڵ چەرمك ، بارانی وورد ، باراني درشت ، باراني ناوەخت ، بارانی کەم ، بەندەرگاي جەواڵ ، بەندەرگاي خییگە ، باقلەی کولیاگ ، بم خە بمرە ، بمزانیایە ، بم شێلە ، بم گرە ، بم لاوێنە ، بم کەرەزووخاڵ ، بمێنە» .

و ـ یاهەر هەڵەیە وەك : (برس) لەبرسێتيو (تاقي) لەتاق کردنەوەدا

که ئـه‌مانـه هه‌رگیز نـه‌بیســتراوون .

٤ ـ زۆری ووته‌ي عه‌ره‌بي ناقۆڵایه‌وه‌ك : «أصاع ، إعجاز ، اضطراب إراك ، إجحاف ، أسد ، أوج ، استشمام ، أصحاب الكهف ، ارذل الناس

٥ ـ زۆریشی ووته‌ي فارسي‌یه ، وه‌ك : (په‌زیرا ، په‌زیرایی ، په‌زیره ، پرخاش) .

٦ ـ ووته‌کاني هه‌ر ووته‌ی (أردلان)ه زازا وبادینانی تیانیه ، بابان‌و هه‌ورامي ولوري وفه‌یلشي مه‌گه‌ر به‌ده‌گمه‌ن تیابێ .

٧ ـ زۆرتر راڤه‌ (شرح) ی ووته‌یه‌کی به‌ناقه ووته‌یه‌ك کردووه‌ ، به‌بێ ئه‌مه‌ی که درێژه‌ی پێبدا وه‌پێت بڵێ که‌چۆن به‌کار ئه‌هێنرێ ، یاباسي گیایه‌ك ، یاگوڵێك یادره‌ختێك یاپاریی‌یه‌کت بۆبکا یاده‌نگێکت له‌ده‌نگێکی تربۆجیابکاته‌وه

٨ ـ زۆر جار راڤه‌ی ووته‌یه‌کت به‌و ووته‌یه‌ك بۆئه‌کات که خۆی ئه‌و ووته‌یه‌ي له‌شوێني خۆیا نه‌گرتوه ، وه‌ك ووته‌ي (پاماسێ) که‌راڤه‌ي ئه‌کا به (پاماسه) یا (چوت) که‌راڤه‌ی ئه‌کابه (چورتکه) که‌چي (پاماسه)و (چورتکه) له‌فه‌رهه‌نگه‌که‌یا ناگرێ .

٩ ـ زۆر ووته‌ي واهه‌یه سێ جار نووسییویه‌تي وه‌ك :(نۆوه‌ن) ،یادوو جار نووسییویه‌تی وه‌ك : (خورجیین ، نه‌دارا ، نه‌زانست ، نه‌زانکار) .

١٠ ـ زۆر ووته‌ی وای هه‌یه له‌دوو لاوه ئه‌یگرێ وراڤه‌ي ئه‌کا ، به‌لام له‌هه‌ر لایه‌ي به‌جۆرێك وه‌ك : (نه‌گۆمه) .

له‌گه‌ڵ ئه‌میشه به‌شي‌زۆری‌ووته‌ي ئه‌رده‌لانم له‌فه‌رهه‌نگي مه‌ردۆخ‌وه‌رگرتوه

فه‌رهه‌نگی (نه‌وبه‌هار) و(احمدي) و (میجه‌رسۆن) یه‌کي چه‌ن لاپه‌رره یه‌کي بچووك وچه‌ن ووته‌یه‌کی که‌من که‌شایسته‌ي ئه‌وه‌نیین پێیان بووترێ فه‌رهه‌نگي کوردیی ، جگه له‌وه‌ش که نه‌وبه‌هار واحمدي و(رابه‌ر) له‌عه‌ره‌بي

یەوەن بۆ کوردیی ، واتە فەرهەنگی عەرەبین نەك کوردیی .

فەرهەنگی (ضیا پاشا)ش هەر ووتەی زازایە .

فەرهەنگی (ئۆغۆستۆیابا)ش وەك (عەنقا) وایەدەنگی هەیە ورەنگی نیەجگە لەوە کەووتە کانیشي هەرووتەیناوچەیەکی بچووکە لەکوردستان.

ئینجا کاتێك کەوورد بوومەوە وتێگەیشتم کەزمانەکەمان هێشتا فەرهەنگێکي وای بۆ نەنوسراوە کەرووي بێ بچێتە ناو فەرهەنگانەوە ، وەئەمە سێ چوار هەزار ساڵە کورد ـ کەخاوەنی زمان ونووسینە ـ هێشتا ووتەی زمانەکەي خۆي کۆنەکردۆتەوە ، وەکەس بەبیریا نەهاتووە کە فەرهەنگێکی تێك رراپی بۆ بنووسێ ، لەگەڵ ئەمەي کەزماني کوردي لەزمانە دەوڵەمەندە زیندوکانە وەلە ئاهەنگ وشێوە ودەنگا لەگەڵ ناسکترین زمان ـ کەفەرەنسزییە ـ جیاوازيیەکی نیە .

ئینجا هەرچەند بیرم لە دەوڵەمەندیي زماني کوردیی وجوانیي ئاهەنگەکەی ئەکردەوە بزە ئەیگرتم ، وەهەرچەند بیریشم ئەکەوتەوە کەوا خەرمانی زمانەکەمان لەدەشتی بێ کەسي وەلەبەر باررەشي رۆزگارا ماوەتەوە وەبەراستە وچەپەدا شەن وکەويتیا ئەکاو بەبای ئەدا هەنسکم هەڵ ئەدا ، بەم رەنگە چەند ساڵێك لە ناوەندي بزەوهەنسکا مامەوە تاخوا هێنامیە سەر کۆکردنەوەی (ووتە) ونووسیني ئەم (فەرهەنگ) ە

لەساڵي (١٩٣٥) وەبەهەموو هێزوتەواناپي خۆمەوە خەریکي کۆکرد نەوەی ووتەی کوردیم بەهەموو ئاهەنگ وشێوەکانیەوە وەبەووتەی بابان ، و سۆرانو ، زازاو ، بۆتانو ، بادینانو ، لوررو ، فەیلیو ، لەکو ، موکریانو ، هەورامی و ، ئەردەلا نەوە . وەلەم رێیەدا زۆر رەنجم داوەو وکۆششم کردووە تاووتەي راست ودروستم کۆکردۆتەوە وەهەزاران ووتەی ناقۆلام

لەبرربەنگێ وەهسان داوەتا راستم کردوونەتەوە .

زۆر جار ووتەم لەدوورەوە بۆ هاتووە بەڵام چونکی بەشێوەی نووسینی کوردیی نەنوسراوە دڵنیا نەبووم لێی وتێکەڵی فەرهەنگە کەم نەکردووە تا خاوەنەکەیم دیوە وەلەدەمی خۆیم وەرگرتووە ، هەروا زۆر ووتەی وابووە کە زانیبومە لای ژن یالادیبی یاراوکەر یاجووتیار باجۆلا یادارتاش یائاشوەستا یانالبەند یاکاڵاوزیین وکورتان وکەوشدرو دەست نەکەوێ بەتایبەتی لێم پرسیوونەتەوە تاهیچ گومانیکم نەماوە .

ئەوی لەم فەرهەنگە وورد ئەبێتەوە ئەبێ بزانێ کەتا ئێستا لەم رووەوە سەرمەشقێکمان بۆ دانەدراوە تاچاوی لێ بکەین ، وفەرهەنگیکی تێکرراییمان بە زمانی کوردیی بۆنەنوسراوە تاالاسایی بکەینەوە ، وەووتەکانمان ریزنەکراوەومەبەستیان بۆ دانەنراوە ، وەمەبەست دانەودش لەووتان بەرەنگیکی واکەهەمو ووتەیەك لەیەك جیا بکاتـەوە ، وەهـەوو ووتەیەك راڤەیەکی وای بۆ بنووسرێ کـە بەتەواویی هەموو کـەسێك لەمەبەستەکـەی بگات . زۆر زۆر گرانەوە هەروا بە ئاسانی مەزانە راڤە کردنومەبەست دانەوە لەووتەی (بەڵام) یا (تومەز) یا (مەگەر) یا(گونجان) یا (خاڵانە) یا (ئە) یا (بە)یا (ئانە)یا (ئەگینا)یا هەزارانووتەی تریوا .

هەروەك پێویستە بزانێ کە ئاهەنگی زمانی کوردیی وعەرەبی لە یەك جیان ، وەفەرنگی کـوردی نـابێ لەســەر شـێوە ودەســـتووری فەرهەنگی عەرەبی بێ ، ئنجا ئەگـەر ئەم فەرهەنگە باش وپەسەند بوو ئەوا ئاواتی چەند ساڵەی خۆمو گەلەکەم هاتەدیی ئەگینـا مـن دریغ وکۆتاییم نەکردووە وەشتی بێنەنگیش هەرشایستەی خوایە ، لەگەڵ ئەمیشـــە کە

ئەگونجي چەند جارێکی تر بەرودوا لەچاپی بدەینەوە ، وە هەموو نۆرەیەك گەلێ ووتەي تری بخەینە سەر ، وەکەم و کووڕی وەهەڵەیی یەکي ئەگەربێ چاکی بکەین .

☆(پەیدا بوونی ووتەوزمان) ☆

ووتە ووشەیەکە کە بۆمەبەستێك دانرابێ .

ووتار گوفتارێکە کە هەموو کەسێك مەبەستی دڵي خۆی پێ بەجێ دێنێ .

پەیدا بوونی ووتەو زمان بەهۆی کۆمەڵایەتی ئادەمي یەوە بووە ، ئەگەر کۆمەڵایەتي نەبوایە پێویست نەئەبوون بەتێگەیاندنی یەکتری لەومەبەستانەي کە بەدڵیانا هاتو چۆي کردووە ، وە ئەگەر پێویستیش بەتێگەیاندن نەبوونایە قسەکردن نەئەبوو ، وەئەگەر قسە کردنیش نەبوایە ئیمڕۆ ووتەوزمان نەئەبوو کەوابوو هەرچی ووتەي ئادەمي هەیە هەمووي زادەی کۆمەڵایەتی یە .

زۆر لەزانایاني زمان بەلایانەوە وایە کە ووتان یەکەم جار وەرگیراوە لە دەنگەوە (١) ، واتە لە دەنگي گیاندار وباو باران وئەو شتانەی کە لە کردەوەیەکی ئادەمي زادەوە پەیدا ئەبێ وەك دەنگي لێدان وکوتان و شکاندن وگەلێ شتي تر ، ئنجا مەبەستیان لە گێڕانەوەی یەکێك لەو دەنگانە باسي ئەوشتە بووە کە دەنگەکەی لێوە هاتووە یا باسي شتێك بووە کە بەخاوەني دەنگەکەوە بووە ، وە لەگەڵ گێڕانەوەی ئەودەنگانەدا جووڵانەوەي سەرو دەستو چاوو ئەندامیشیان بەکار هێناوە بۆ پیشانداني درێژی وپاني وئەستووری وقەبارەو چۆنێتي ئەوشتەي کە قسەیان لێ کردووە ، لەپاشا بەرە بەرە بەپێی پێشکەوتن وبەرز بوونەوەي ئادەمی و زۆر بووني پێویستاني

(١) نشأة اللغة عند الانسان والطفل .

وه بەهۆی سەرکەوتنی بە پلەی شارستانێتی دا ووتەیان زۆر بووە وجوان بووە.

یەکێك ئەگەر باش ووردبیێتەوە لەووتەی (باررە) و (باعە)ی مەرر و بزن و (بۆررە)ی گـا و (ئەقە)ی تفەنگ و(جرِوکە) و (جرِیوە)ی چۆلەکە و (جووکە) و (جیکە)ی جووجەڵە و (جیررە)ی دەرگـاو (چرکە)ی بنمیچ و (حەپە)ی سەگ و (حیلە)ی ئەسپ و (خرتە)ی مشك و (خرچە)ی شوونی لەکاتی لەتکردنیا و (خررە)ی گوێزو (خرمە)ی ترۆزی لەکاتی خواردنیا و (خشە)ی بارەقامیش و (خوررە)ی ئاوو و (خوشە)ی شیر لەکاتی دۆشینیا و (خیزە)ی سنگ و (زررە)ی پارەو (زرمە)ی پێی وولاخ و (زرنگە)ی پاوانەو (زیررە)ی پلنگ و (زیکە)ی مشك و (شاپە)ی ئاوو و (شلقە)ی مەشکەو (شەقە)ی شووشە لەکاتی شکانیاو (شریخە)ی هەورە تریشقەو (فیشکە)ی مارو (فیکە)ی لێوو (فررە) و (قنگە)ی بەردی قۆچەقانیو (قاسپە)ی کەوو (قرتە)ی مریشك و (قرچە)ی دار لەکاتی شکانیاو (قلپە)ی گۆزەو (قررە)ی بۆق و (قرمە)ی داری ئەستوور لەکاتی شکانیاو (قوررە)ی مانگاو (قووقە)ی کەڵەشێرو (قوڵپە)ی شتی شل لەسەر ئاگرو (کررە)ی بەر داش و (کزە)ی مەنجەڵ لەسەر ئاگرو (کسپە)ی شیشی سوورەوەبوو لەکاتێکا کە بکری بەئاوی سارداو (گارە)ی مریشکە بەکررو (گرمە)ی هەوررو (گرە) و (گڤە)ی رەشەباو (گیزە)ی مێشوولەو (لوورە)ی گورگ و (مرە)ی سەگ و (مشە) و (منگە)ی لووت و (میاوە)ی پشیلەو (ویزە)ی ویز ویزەو (هاررە)ی تاشگەو (هاژە)ی بارەگەلا ، ئنجا ئەگەر یەکێك لەم ووتانە ووردبیێتەوە باوەرر ئەکا بەقسەکەی پێشوو کەووتمان سەرچاوەی ووتان دەنگ بووە ، نەخوازەلا کەگوێ بگرین لەمناڵی ساوا لەکاتی زمان گرتنیا وەلێی وورد بینەوە ئەبینین کەزۆر شت ناوئەبا بەناوی ئەودەنگەی

کەلێوەي دێ وەك (بعە) بۆ مەڕروبزن چونکە ئەباعێنێ و (جزه) بۆ گۆشت
چونکە لەکاتي سوورکردنەوه وبرژاندنیا چزوهووڕری لێوەدێ و (حەچە) و
(هەچە) بۆ گوێ درێژ چونکە بەم ووتانە لێی ئەخورن

(جیابوونەوەي زمان و ووتەی کەلان)

کاتێك کە ئادەمي زۆر بوون وبەرەیان سەند وەپەلوپۆیان هاویشت و جێگایان نەبۆتەوه لەو ناوچەو شوێنانەي کەتیابوون بەناچاري بلاّوەیان لێ کردووه ، وەهەرکۆمەڵەی رووی کردێتە وولاّتێك ، وەلەشوێنێکي تـازه دابەزیبوون وجێ گیربوون ، دیاره هەموو شوێنێك جۆرە چەشمەندازێك وچەشنه سەرماو گەرمایەکي بووه ، وەهەر قەڵەم ڕرەوێك جۆرە کالاّو پێخەف ونوێن وخانوو وبەرەیەك ، وچەشنه ناومالّ وخانوویەکی ویستوه ، ئەخوازەلا کە هەزاران شتی واش بووه لەنیشتمانە تازەکەیانا کەلەنیشتمانی پێشوویانانەبووه ، ئنجا چەند ساڵێکي دوورو درێژ خەریك بوون تاوونەیان بۆ ئەوشتە تـازانە داناوه ، وەتوانیبویانە مەبەست لێ بدەنەوه لەوشتانەي کە تازه بەرچاویان کەوتووه ، وەیا تازه پێویست بوون پێی ، جگە لەپاش و پێشکردن «قلب» وگۆڕرین «ابدال» ي پیتێك بەپیتێکی تر کە ئەمانە هەمیشه لە هەموو زمانێکا بەسەر پیت و ووتە داهاتوونو دێن ، جا لەبەر ئەمانە هێندێ لەووتە کونـەکان فەرامۆش کران ، وەگـەلێکیش تاشران و رێك خران وەگـەلێك لەجاران جوانتر کران ، بەرەنگێکي وا کە لە ووتە کۆنەکان نەئەچوون ، تاوای لێهات کە زمانەکەی پێشوویان پێچرایەوه ، وە هیچێکي چەنداني وای‌نەما مەگەر دانەدانە یەك نەبێ کە بلاّو بوونەتەوه بەناو گـەلێك لەزمانەکانا ، وەبەرێکەوت لەم لاو لەولا تووشیان ئەبین (١) .

---

(١) نشأة اللغة عند الانسان والطفل .

جابەم بۆنەیەوە زمانی هەموو گەلێك لەگەڵ زمانی ئەوانی تر جیابووەوە وەزمان زۆر بوون بەرەنگێکی وا کە هێندێ لە وزمان زانانەی کە ئەم جۆرە شتانە ئەکۆڵنەوە وەژمارەی زمانانی سەر زەوی یان گەیاندۆتە (٢٦٠٠) زمان .

☆ (لق وپۆپی زمان) ☆

زانایان وشارەزایان بەبناغەو لق و پۆپی زمان ، زمانی ئادەمی یان – بردووەتەوە سەرچەن شتێك کەیەکێکیان (ئاریی)یە ، بنچینەی زمانی ئاریی زمانی (هیندیی) کۆنە کەپێی ئەڵێن (سەنسکریتی) ، (کوردیی) لکێکە لەزمانی ئاریی ، هەروەك (ئینگلیزیی) و (ئەڵمانی) و (فەررەنسزی) و (ایتالی) و (ئەسپانی) و (یۆنانی) و (پەهلەویی) واتە فارسی کۆن لکەکانی تریێی . یەکێك ئەگەر زۆرباش بچێتە بنج وبناوانی ئەم زمانانەوە گەلێ ووتەی وائەبینێ لەناویانا کەلەیەك ئەچن بەڵکو یەکن (١)

یەکێك ئەگەر باش ووردبێتەوە لەم جەدوەلە تێ ئەگا کەزمانی ئینگلیزی و کوردی ، وەفەررنسزی و کوردیی چەن لەیەکەوە نزیکن !!

---

(١) نشأة اللغة عند الانسان والطفل .

ئینگلیزی	کوردی
باد	بەد (خراپ)
جوو	جوو (جوولەکە)
هەراس	هەراس
جەکەل	چەقەڵ
برۆو	برۆ
درۆپ	دڵۆپ (دڵۆپە)
ئێك	هێلکە کە بەبادینانی پێی ئەڵێن (هێك)
ئەسپن	ئەسپندار (سپیدار)
پارت	پارچە
شەیم	شەرم
باند	بەند
هەنی	هەنگوین
ستار	ئەستێرە
موون	مانگ
سپلین	سپڵ
دۆرر	دەرگا کە پێشی ئەڵێن (دەر)
بارك	بەرگ (گەلای درەخت)
برادەر	برا ، برادەر
مەذەر / ماذەر	دایك کە بەفارسی پێی ئەڵێن (مادر)

ئینگلیزی	کوردی
ستنگ	چزووی زەردەواڵەو هەنگ کە بەبادینانی پێی ئەڵێن (ئەستینگ)
چن	چەنە ، چەناگە
لێك	لاق
لیپ	لێو کە پێشی ئەڵێن (لەپ)
نەیم	ناو ، نام
نیو	نوێ
تو	دوو
نۆ	نە، کە بەبلباسیش پێی ئەڵێن نۆ
لالابای	لای لایە
فێری	پەری
کت / کات	پشیلە کە پێشی ئەڵێن (کتك)
فەذەر / فاذەر	باووك کە بەفارسی پێی ئەڵێن (پدر)
ناین	نۆ
پرۆسپێراز	پیرۆز (ی، وبارە کبایی)
دۆتەر / داوتەر	کچ کە بەبادینانی پێی ئەڵێن (دوێت) وبەفارسیش پێی ئەڵێن (دختر)

فەرەنسزی	کوردی
پێ	پێ
دان	دان
ژەنو	ئەژنۆ

فەرەنسزی	کوردی
ئوێ	ئاو
پاپیلون	پەپوولە

هەروا ئەگەر بەم رەنگە زمانی کوردیی لەگەڵ زمانەکانی ترا بەراووورد بکەین ، ئەخوازەلا لەگەڵ ئەڵمانیدا گەلێ گەلێ زۆرتر وریکتر دەرئەچێ ، خۆ کوردیی وفارسیی هەرمەپرسە

☆(کورد)☆

کورد گەلێکی ئاریی زۆر کونە، وەلەپێش سپیدەی مێژووەوە ـ واتە زیاتر لەهەزار ساڵی پێش میلاد ـ هاتوون وەلەناو ئەم شاخانی کوردستانە دابەزیون وماونەتەوە تائیمرو (١)

گەلی کورد کۆنترین تیرەیەکن لەناو ئارییەکانا (٢) وەئەتوانین بەپێی مێژووی چەرخە گرنگەکان «أدواري رئيسى»ی کورد دابەش بکەین بەسێ بەش .

(١) لە سپیدەی مێژووەوە تاپەیدا بوونی دەوڵەتی (ماد) واتەتا هەزارو پینجسەد ساڵ پێش میلاد

٢ ـ لەپەیدابوونی دەوڵەتی مادەوە تاهاتنی ئایینی ئیسلام ومسلمان بوونی کورد .

٣ ـ لە مسلمان بوونی کوردەوە تائیمرۆ .

پێگەیشتنی زمانی کوردیی

سەرچاوەی کوردیی زمانی (ماد)ی کۆنەکە ئاوێستای (زەرردەشت) پێغەمبەر بەوزمانە هاتۆتە خوارەوە .

---

(١) القضية الكردية نوسراوي دکتور (بەلەچ)

(٢) القضية الكردية

زمانی کوردی ـ وەك هەموو شتێکی زیندوو ـ لەدایك بووە ، وەبەرەبەرە پێگەیشتووە وخوّی دارڕشتووە ، ئنجا بەهەزاران تاشین ورێکخستن وبیراز وچەکوشکاری بەسەرا هاتووە ، ولەبرربەند وهەسان دراوە ، وەبەرەبەرە بەپلەی ئاوەدانی وشارستانیدا سەرکەوتووە ، تاڵەدوادەمی دەوڵەتی مادا گەیشتووە بە پلەی هەرە بەرزی شارستانێتی ، یەکێك ئەگەر بەچاوێکی ووردبوونەوە تەماشای ئەو ووتە کوردییە کۆنانە بکاکە (ماد) بۆیان بەجێ هێشتووین ، وەئێمەش لەداوێنی فەرهەنگەکەمانەوە هێندێکی گرنگی ـ کەشوێنیان لەزمانی کوردی داچوّلە ـ بلاوئەکەینەوە ، تێئەگا کەزمانی کوردی دووسێ هەزار ساڵ لەمەوپێش بەرزترین ودەوڵەمەندترین زمان بووە .

(جیابوونەوەی شیوەی کوردی)

کاتێك کە کوردەکان زۆر بوون ، وەلە ناوخۆیانا پەرەیان سەندو بلاو بوونەوە بەناو شاخ وکێوەکانی کوردستانا ، ئیتر لە یەکتری دور کەوتنەوە نەخوازە لابەهۆی بێ رێگایی شاخەکان وچەمو رووبارە گەورەکانەوە ، ساڵەهای ساڵ رائەبورد هەورامییەك بادینانی وزازاییەك لورری وفەیلییەك موکریانی وبابانییەك بوّتانی وسوّرانی یەك ئەردەلانی یەکی نەئەدیی ، ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی تریشەوە گەلێ لەتیرە وخێلاتی (ماد) هاتوونەتە رۆژهەلاتی کوردستانی ئیمرِرۆ ، وەهەزاروپینجسەد ساڵ پێش میلاد تێکەڵی تیرەکانی سپی وەیا ئاری کۆنتری دانیشتووی ئەوێ بوون ، وە گەلێ لە ووتەی تیرەکانی ئەوێ ـ کە ناویان (گوّتی ، لوّللوّ ، کاسیی ، ئیلامی) بووە ـ تێکەلاوی زمانی (ماد)بووە ، لە دوایدا ئیلاتی فارسی (ماد)ی تێکەلی خوّی کردو قووتیدا ، ئنجا زمانی فارسی هێزی سەند ، وە ووتەی فارسی کەوتە ناو زمانی کوردییەوە(١)

(١) سەرەتای فەرهەنگی شمس‌الدین سامی .

لەپاشا ئنجا بەچوار سەد ساڵ پێش میلاد (ئەرمەنی)یەکان و (رووم)ەکان لەرۆژهەلاَت ورۆژاوای (أنادوڵ) بوون بەدراوسێی کوردەکان ، وەگەلێ لەووتەیان تێکەڵ بوو بەزمانی کوردی (٢) .

لەپاشا ئنجا ئاینی ئیسلام بلاَو بووەوە بەهوموو کوردستانا وەلە (٦٥٠) ساڵ پاش میلاد کورد سەرانسەر بوو بەموسڵمان ، وەووتەی عەرەبی کەوتە ناو زمانی کوردی یەوە .

لە(٩٠٠) ساڵ پاش میلاد بەدواوە ئنجا تورکەکان پەیدا بوون ، وە حوکمداریی یان لە کوردستانا دەستی پێکرد ، وەزۆر ووتەی تورکی لەزمانی کوردی دا مایەوە ، وە بەم بۆنانەوە شێوەی رۆژهەلاَت ورۆژآوای کوردستان لە یەك جیا بووەوە ، وەگەلێ ووتەی بێگانە لە ناو زمانەکەمانا مایەوە .

بێگومانم زمانی کوردی لەپێش بلاَوبوونەوەی ئەم زمانانەدا ، نەخوازە لا لەپێش زمانی عەرەبیدا زمانێکی زۆر دەوڵەمەند بووە ، بەلاَم لەپاش بلاَو بوونەوەی زمانی عەرەبی ئیتر بەرە بەرە ووتەی عەرەبی بەکار هێنراوە لە نووسین وقسە وگوفتو گۆدا لەجیاتی ووتەی کوردیی ، وە بەم بۆنەیەوە گەلێ ووتەی کوردی فەرامۆش کراو لە بیرچووەوە ، ئەمەش رێگایەکی ناچاری یە بۆ هەموو گەلێکی زەبوونی داگیرکراو کە هەمیشە بەچاوێکی زۆر بەرزو تایبەتی تەماشای گەلی زاڵ ئەکا ، وە ئەیەوێ لە هەمووشتێکا چاوی لێ بکا ولاسایی بکاتەوە ، وە بەرەنگی ئەو خۆی رەنگ بکا ، وە خۆی لەونزیك بخاتەوە ، نەخوازە لا زمانی عەرەبیش کە زمانی ئاینیانە

لە بەر ئەوەی کە تائێستا فەرهەنگێکی کوردیی نەنووسراوە کە ووتەکانمان کۆبکاتەوە وئاگاداریی بکا ، گەلێ ووتەمان فەرامۆش کراوە ولەبیر براوە

---

(٢) سەرەتای فەرهەنگی شمس‌الدین سامی .

ئەتوانم بڵێم ئەمە دوو هەزار ساڵە خەرمانی زمانەکەمان لەلایەن دراوسێ کانمانەوە بەجەنجەرری زۆرو ستەم گێرەکراوە وکوتراوە وشەنو کەو کراوە وبەبا دراوە ، لەگەڵ ئەمیشە بەشتا لەزمانی فارسي دەوڵەمەندترە چە جای تورکی

بێگومانم ئەوەتي زمانی کوردیی هەیە گەلێ زمانی تر لەدایك بوون وهاتوونەتە جیهانەوە ، لەپاشانەیان توانییوە لەبەر وەیشومەي زور گارا بوەستن بەڵکو مردوون ولەناو چوون ، بەلام زمانی کوردیی وەك کێوي (پیرەمەـ گروون) وەستاوە وسنگي داکوتاوە ، وەلەبەر هیچ سیلاوێکي رۆزگار وگێژە لووکەیەکي چەرخی کەچ رەفتارانە لەرزییوە ودانەچلەکییوە ، ئەمەش وابزانم لەبەر دووشتە .

١ ــ کوردستان شوێنێکي شاخ وداخاویی زۆر سەختی کوورری وایە کە هەر گیز بێگانە نەی توانییوە تیا هەڵ بکا ، وە بەم بۆنەیەوە گەلی کورد هەر وەك خوێنی بەپاکیی ماوەتەوە زمانەکەشي بەچاکیی ماوەتەوە .

٢ ــ کورد مەردییەکیان هەیە ، دوانیان کە لەشوێنێك کۆبێتەوە بەزمانی خۆیانی نەبێ قسە ناکەن ، وەهەر گیز دەست لەزمانەکەیان هەڵنا گرن ، نابینییت ؟ برا فەیلییەکانمان سێسەد ساڵە لەبەغدان کەچي هێشتا زمانەکەي خۆیان فەرامۆش نەکردووە ، وە لەناو خۆیانا هەر بە کوردیي قسە ئەکەن .

هەموو زمانێك کە قەڵە مررەوي گەورە بوو ، وەسنووري لەیەك دوور کەوتەوە نەخوازە لا کەچەم ورووباري گەورە وشاخ وداخی سەخت و کووررشی تیابي ئیتر شێوەی زۆری لێ پەیدا ئەبێ ، وە هەر شێوەیەك چەن شێوەیەکی تري لێ ئەکەوێتەوە ، ئنجا بەم پێیە زمانی کوردییش گەلێ شێوەي لێ پەیدابووە ، وە ئەو شێوانەي کە زۆر لەیەك جیا بن شێوەي (لورر ، هەورامیي ، ئەردەلان ، بابان ، بادینان ، زازا)یە لەگەڵ ئەم شێوانە دا

گەلێ شێوەی تریشی هەیە بەڵام زۆر لەیەك دوور نیین .

بۆ ئەوەی کە شوێنی ئەم شێوانە لە کوردستانا بزانین پێویستە سنووری کوردستان باس وەیەك بەیەك شوێنی ئەم شێوانە جیا بکەینەوە .

✡ (سنووری کوردستان) ✡

سنووري کوردستانی گەورە ئەختێك لەژوور رۆ (خلیج)ی فارسي یەوە بەدیوی ئێرانا دەست پێ ئەکا ، وەبەقراخ شاری (شیراز) و(ئەسفەهان) و(کاشان) و(هەمەدان) و(ئەورێز) و(خۆی) و(ئەریوان) دا ئەروا ، وەبەلای (قارس) و(ئەرزو رۆم) دا بائەداتەوە ، وەلەخوار دەریاي رەشەوە شۆرر ئەبێتەوە ، وەلە ژرور شاری (ئەرزنجان) ەوە ئەروا تائەگاتە رۆی(ئەسکەندە ـ روونە) ئنجا دێتە خوارەوە بەژوور (حەڵەب) دا تائەگاتە رۆژئاوای (سنجار) وە بەرۆژ هەڵاتي (بەغدا)دا تێ ئەپەرري تا (مەندەلی) وە لەوێوە تارۆی فارسي

لق و پۆپی زمانی کوردیی

زمانی کوردیی بەچوار بەش دابەش ئەکری :

١ ـ زازا

٢ ـ کرمانجی دەستە چەپ «شمالي» کە (بۆتاني) و(بادینانی) و (هەکاریی) و (بایزیدي) و (شەمدیناني)یە

٣ ـ کرمانجی دەستەرراست کە (سۆرانی) و (بابانی) و (موکریاني) و (ئەردەلاني) و (کەلهورریي) و (گۆراني) یە

٤ ـ لورریی کە (بەختیاریي) و (لەکی) و (فەیلی)یە

بەم رەنگە رۆژاوای دەستە چەپی کوردستان هەمووی زازا وەدەستە راستی لە گەلْ کوردستانی ناوەراست هەمووي (کرمانج)ە ، وەرۆژهەلاتی دەستە راستي هەمووی (لورر) ە .

ئەگەر بمانەوێ شوێنەکانیان یەك بەیەك بزانین بەم جۆرەیە : لەرۆژهەلاتي (خانەقین) ە وەتا (عەلیغەربي) لەپانی ، ولەدرێژی تا (کرماشان) و(نەهاوەند) لوررە ، لە (بیجارر)ەوە تا (گەررووس) و (جوانررۆ) و(بانە) ورۆژهەلاتي (سیروان) ئەردەلانە ، لە (شنۆ) و (لاجان)ەوە بەسەر (سابلاخ)و (سەردەشت)دا تاوەکو (میاندواو) موکریانە ، لە (مەریوان)ەوە تا (سیروان) هەورامانە ، لە (سیروان)ەوە تا (زێ)ی بچووك بابانە ، لە (زێ)ي بچووکەوە تا(زێ)ي گەورە سۆرانە ، لە (زێ)ی گەورە تاشاخەکانی (هەکاری) بادینانە ، رۆژهەلاتی شاخەکانی (هەکاری) شەمدینانە ، لەرۆژاوای (زاخۆ) وەتا (ماردین) و (نسێبین) بەپانی ، وەبەدرێژی لە (سعرد)ەوە تا (دێرزوور) بۆتانە ، رۆژئاوای(دیاربەکر) بە (ئورفە) و (خەرپووت) و (دەرسیم) ەوە زازایە .

(پیتي کوردي)

زمانی کوردي (٢٧) پیتي هەیە : (ا ، ب ، پ ، ت ، ج ، چ ، ح ، خ ، د ، ر ، ز ، ژ ، س ، ش ، ع ، غ ، ف ، ڤ ، ق ، ك ، گ ، ل ، م ، ن ، و ، ه ، ی)

(ث ، ذ ، ص ، ض ، ط ، ظ) لە زماني کوردي دانیین .

(د) لەسەر دوو جۆرە ، (١) گران وەك : (دار ، داو ، داش ، دەنگ دنگ) (٢) سووك وەك : (بدە ، مەدە ، هەناردان ، گولاودان) هێندێ کەس بۆ جیاکردنەوەي ئەم دوو (د)ە لەژێر سووکەکەیانا (.)یەك دائەنێ ،

بەڵام ئێمە ئەمەمان هەڵگرت لەم فەرهەنگەدا چونکە ئەو (د)ە سروکە هەر لەناوچەی سلیمانیدا هەیە ، جگەلەوە کەلەم رووەوە هیچ مەبەست ناگۆڕرێ

(ر) لەسەر دوو جۆرە ، (١) بچووك وەك : (برین ، کەر) (٢) گەورە وەك : (بڕین ، کەڕ) ، (ر)ي گەورە بەدوو (ڕ) ئەنووسرێ ، بەڵام (ر)ێك کەلەسەری ووتەوەبێ - چونکە هەمیشە هەر گەورە ئەبێ - بەیەك (ر) ئەنووسرێ وەك : (ڕەنگ ، ڕنگ ، ڕم ، ڕاو ، ڕام)

(ل) دوو جۆری هەیە (١) سووك وەك : (گول ، گەل ، کەل) (٢) قەڵەو وەك : (گوڵ ، گەڵ ، کەڵ) ، (ل)ي قەڵەو نیشانەي (٧)ی لەسەر دائەنرێ .

(و) لەسەر دوو جۆرە (١) ووشراو وەك : (بوون ، چوون ، روون) ئەم جۆرە بەدوو (و) ئەنووسرێ ، (٢) کراوە وەك : (بۆن ، چۆن ، ڕۆن) ئەم جۆرەش نیشانەي (٧)ي لەسەر دائەنرێ .

(ی) لەسەر دوو جۆرە (١) درێژ وەك : (تییر ، بییر ، بیی ، زیی) ئەم جۆرە بەدوو (ي) ئەنووسرێ . (٢) کراوە وەك : (تێر ، دلێر ، بێرە کولێرە) ئەم جۆرەش نیشانەی (٧) ي لەسەر دائەنرێ . (٣) خوار وەك : (قوئیل) - کە ئەم خواریيە هەر لە (ی)یە کەوە نیە بەڵکو لەبەك کەوتنی (و) و (ی) یە کەوە پەیا ئەبێ - ئەم جۆرە (ی)یەش نیشانەي (٨) لەسەر دائەنرێ .

بو ئەوەي کە ووتەي کوردیی چۆن ئەبێژرێ وا بنووسرێ ، وە ووتن ونووسین لەیەك جیا نەبێتەوە هەر پیتێك سەري ببێ (ە) ی پێوە ئەنووسرێ وەك : (ڕەق ، شەل ، دەڵ) تا لە خوێندنەوەدا نەکرین بە (ڕق ، شل ، دڵ) .

ئەگەر خۆی (ە) ی پێوە بوو ئەوا دوو (ە)ی بۆ ئەنووسرێ وەك :

(بەهبەه) ، هەر وەك (ە) ی سەرداریش بە دوو (ە) ئەنووسرێ وەك :
(هەرمێ ، هەنار) .

هەر پیتێك بۆری، ببێ (و) ي پێوە ئەنووسرێ وەك : (قول ، کون ، کولك) تا لەخوێندنەوە دا نەکرێن بە (قل ، کن ، کلك) ، ئەگەر خۆی (و)ی پێوە بوو ئەو حەلە بە دوو (و) ئەنووسرێ وەك : (قوول ، پوول ، موور) ئەمە ئەگەر (و)ە کە قووچاوبوو ، بەلام ئەگەر کراوە بوو وەك : (فۆل ، پۆل ، مۆر) بەیەك (و) ئەنووسرێ ، واتە نیشانەی (٧)ە کە لە جێی (و) ی دووهەم دائەنرێ .

(و) ي بۆردار بە دوو (و) ئەنووسرێ وەك : (وورره ، ووزه ، ووژه) وە ئەگەر ئەم (و)ە بۆرداره (و) یکي تري پێوە بوو ئەو حەلە بەسێ (و) ئەنووسرێ وەك : «وو ون» بەمەعنا خوێن ، چونکە ئەگەر بەسێ «و» نەنووسرێ ئەبێ بە «وون» کە مەعناکەی جیایە .

هەر پیتێك ژێری ببێ (ي ی پێوەئەنووسرێ وەك (سیروان ، جیهان) وەئەگەر خۆي (ي)ي پێوە بوو ئەو حەلە بەدوو (ي) ئەنووسرێ وەك (سیر ، بیر ، تیر) .

(ی) ی ژێردار بەدوو (ی) ئەنووسری وەك (یێ) ، وەئەگەر ئەم (ی) بە ژێرداره (ي) یەکی تری پێوەبوو ئەوحەلە بەسێ (ي) ئەنووسرێ وەك بلێیت (ییي) کراوه زۆره .

ئەو پیتانەي کە ژێري سووکیان هەیە وەك(برنج ، ترنج ، بزن)(ی) یان پێوە نانووسرێ

نووسینی کوردیي تائیستا هێشتا یەکي نەگرتووه ، وهەر کەسەبە جۆرێك ئەنووسێ ، لەم رووەوە دوو بیرو باودرر هەیە

(١) هەموو ووتەیەك بەجیا بنووسریٚ وەك (بیٚخود ، بانگوش ، بانگردیٚن ، بنباخەلٚ ، بنقولٚ ، بنمیچ ، بەجیٚهیٚشتن ، پیٚلیٚهەلٚبررین) .

(٢) هەموو ووتەیەك بەقەد تەوانا پیٚکەوە بنووسریٚ وەك (بیٚخود ، بانگوش ، بانگردیٚن ، بنباخەلٚ ، بنقولٚ ، بنمیچ ، بەجیٚهیٚشتن ، پیٚلیٚهەلٚبررین)

من نووسینی دووهەمم پیٚباشترە لەبەر گەلیٚ شت

(١) کورتکردنەوەي وەخت ، چونکە دەست کەمتر بەرز ئەکەیتەوە ، وەزووتر شت ئەنووسیت

(٢) کورتکردنەوەی نووسراو ، چونکە شتیٚك کەبەنووسینی یەکەم دوو دیٚر بیٚ بەنووسینی دووهەم دیٚررونیپویٚکە .

(٣) فارسي ـ کەبراي کوردیٖیە ـ بەئیملاي دووهەم ئەنووسریٚ ، نا بینیت (بیٚدل) ـ کەلە (بیٚ) و (دل) دروست کراوە ، وە (پیغامبر) کەلە (پیغام) و (بر) دروستکراوە ، وەبەمەعنا پیٚغەمبەر وەبەیەکەوە ئەنووسریٚن

(٤) ئەم ووتانە کاری پەیویست «مصدری مرکب»ن واتە هەرچەندە بەدیمەن چەن ووتەیەکن ولیٚك دراوون بەلاٚم لەمەعنادا یەك ووتەن ، نابینیت؟ (پیٚلیٚهەلٚبررین) بەمەعنا مبالغە کردنە لەکاریٚکا ، (چاولیٚقووچان) بەمەعنا بەخشین وبووردنە ، (بانگوش) بەمەعنا زەلامیٚکە کەبان بگیریٚ ، (بنقولٚ) بەمەعنا بیٚچوولەیەکي سیٚ سووچە کەئەکەویٚتە بندەستی کالاٚوە .

«٥» زاناي بەناوبانگي کورد «یوسف ضیاپاشای خالدي» ووتەی فەرهەنگە کوردیٖیەکەی خوٚي ـ کەناوی «الهدية الحميدية ، في اللغة الكردية»یە ـ بە

ئملای دووهەمي نووسیوه وەك «نیفیکرن ، هلهلوك»

«٦» نووسینی کوردي بەئیملای دووهەم گەلێ جوانترو رێكوپێك ترە لەمی یەکەم چونکەئەو بزرربزرر دەرئەچێ وە هیچي بەهیچیەوە نانووسێ

«٧» ئەم ووتانە لەلاتینیدا بەیەکەوە ئەنووسرێن ، کەوابوو تارۆژێك دێ کەکوردي بەلاتینی بنووسرێ باهەر لەئێستاکەوە پێکەوە بنووسرێن

(دەستووری زمانی کوردی)

دەستووري زمانی کوردي بە «سەرف» و «نەحو»ی یەوە دەستورێکی ئیجگار دووردرێژە ، کتیبێکي دوسەد لاپەرەییم تیانووسیوە ، لەبەر ئەوە بەپێویستم نەزانی لیرەدا باسي ئەو دەستورە بکەین بەدوورو درێژي ، بەلام ئەوەندەی کەپێویست بێ بەم فەرهەنگە بەکورتیي باسي ئەکەین

(ووتەولکەکانی)

ووتە «کلمة» ووشەیەکە کەمەبەستیکی بێ ، وەك «دار ، کلر ، ژن ، من ، بررین ، درریین»

ووتە سێ جۆرە «١» ناو «إسم» ، «٢» کردلر «فعل» ، «٣» پیت «حەرف» .

ناوو پیت ووتەن ، وە لەم فەرهەنگەدا ئەنووسرێن ، بەلام کردار ووتەیەك نیە کە لەفەرهەنگي کوردیدا بنووسرێن ، چونکە بنەررەتەکەي کە کار «مصدر» ە ئەنووسرێ ئیتر پێویست بە نووسینی کردار نیە .

ناو له سەر دوو جۆرە «١» تێکرا «عام» وەك : (دار ، بەرد ، پیاو ، ژن ، گورگ ، مەرر) ئەمانە بە ووتە ئەنووسرێن لەم فەرهەنگە دا ، «٢» تایبەتی «خاص» وەك : « نەریمان ، سیروان ، کرماشان » .

ناوي مرۆڤ نانووسرێ ، هەر وەك ناوي دێهات وجێگایانی کوردستان نانووسرێن مەگەر لە حەلێکا کە ئەو ووتەیە مەبەسێکی تري ببێ ، وەك : (بانە ، دووکان ، قامیش ، گەلاڵە) کە لەگەڵ مەبەسەکەی خۆیانا ناوی جێگایەکیشن لە کوردستان ، لەم حەلەدا ناوی جێگاکەش ئەنووسرێ ، هەروا کردار «فعل» نانووسین مەگەر لە حەلێکا کە بەمعنی ناو «إسم» یش هاتبێ وەك ووتەي «بۆ» کە بە معنی وەرەیە لە هەوراَمي یا .

☆ (کار «مصدر») ☆

کار لە سەر پێنج جۆرە «١» ئەلفی «٢» تائی «٣» دالی «٤» واوی «٥» یائي ، چونکە لەپێش نووني «کار» ە وە هەمیشە یەکێك لەم پێنج پیتە « ا ، ت ، د ، و ، ي » ئەبي ببێ ، ئنجا بەم بۆنەیەوە هەر یەکەی ناو ئەبرێ بەیەکێك لەو پیتانە .

«١» ـ کاری ألفیی وەك : (برژان ، بێژان ، پێچان ، سووتان) .

«٢» ـ تائي وەك : (نوستن ، کوشتن ، گرتن ، کەوتن)

«٣» ـ دالي وەك (کردن، بردن ، خواردن ، مردن)

«٤» ـ واوی وەك : (بوون ، جوون ، دروون ؛ گورروون)

«٥» ـ یائیي وەك : (زانیین ، وانیین ، درریین ، برریین) .

کار ، بەھەر پینج جۆرەکەیەوە یا سادە «بسیط» ئەبێ یا پەیوەست «مرکب»

سادە ، کارێکە کە تاقە ووتەیەك بێ وەك (کار) ەکانی پێشوو .

پەیوەست ، کارێکە کە دروست کرابێ لەدوو ووتە وەك : (ھەڵاڵین ، داماڵین) یا لەسێ ووتە وەك : (پێڵێ خستن ، پیاھەڵگەڕران ، چاولێقووچان) یا لەچوار ووتە وەك : (پێڵێ ھەڵبڕین ، جێ پێلێژ بوون ، چەنە بەچەنەوێستان)

ئەم پەیوەستانە تا بتوانین لە ووتەی فەرھەنگەکەمانا تێکیان ئەخەین وە لە نووسینا بەتاقە ووتەیەك پیشانیان ئەدەین وەك : (ڕەشبگیر ، ڕەھێڵبوون ، ڕەنگوڕێس) کە (ڕەش) بەدەم (بگیر) ەوە و(ڕەھێڵ) بەدەم (بوون) ە وە و (ڕەنگ) بەدەم (و) ە کەوە نووسراوون .

پارچەی ئەم کارە پەیوەستانە ئەوی ئیش وکار ئەگەیەنێ وەك : (ماڵین ، خستن ، گەڕران ، قووچان ، بڕین ، وێستان) بێ لەموێنانەدا پێیان ئەڵێین (بەشی پەیدایی) «جزئي حدثی» ، ئەوانی تر وەك : (ھەڵ ، پێڵی ، پیا ھەڵ ، چاو لێ ، پێلێ ھەڵ) پێیان ئەڵێین : (بەشي پەیوەستی) «جزئی ترکیبی» .

بەشي پەیوەستي لە پێشەوە ئەبی وەك : (ھەڵکردن) ، لە دواوە ئەبی وەك : (کردنەوە) ، لە ھەر دوو سەرەوە ئەبێ وەك : (ھەڵکردنەوە) .

ئەو بەشە بەیدایی یەی کە لەدواوە ئەبێ ھەمیشە (و) ێك ئەبێ لەناوەندي دوو (ە) دا وەك : (ھاتنەوە ، چوونەوە ، خواردنەوە) ، وە ئەم (ە و ە) یە ھەمیشە یەکێك لەم سێ مەبەستە ئەگەیەنێ : -

١ - گەڕرانەوە «عودت» وەك . (ھاتنەوە ، چوونەوە) بۆشوێنێك کە لە وە پێش لێ ی بوو بیت .

٢ - کردنەوە «تکرار» ي کارێك وەك : (دانیشتنەوە ، ھەستانەوە ، نوستنەوە)

٣ـ بەرە بەرە «تدریج» وهێواشي وەك : (خواردنەوە)ي شتي شل قوم قوم ، وە (چوونەوە) ي بەفر بەرە بەرە ، وە (بردنەوە) ی یاری کەم کەم وە بە دزە دزە .

ئەم بەشەیان واتە ئەوەی کە بەشي پەیوەستی یەکەی لە هەردوو سەرەوە بێ بەووتە ناناسرێ ، وە لەفەرهەنگەکەدانانووسرێ ، چونکە بە دەستووریکی تێکرراپی ئەمە ئەزانرێ .

ئەو بەشی پەیوەستي‌یەی کە لەپێشەوە ئەبێ لەسەر دەستوورو باوێکي تایبەتی نیە بەڵکو لەسەر بیستە ، وەچەن ووتەیەکی تایبەتین کە پێش هێندێ کار ئەکەوون ، ئەو ووتانە ئەمانەن : (دا ، را ، هەڵ ، لێ ، تێ ، رێ ، رۆ ، راو ، سەر ، پیا ، تیا ، پێ ، تێك ، پێك ، هێ ، جێ ، فورێ ، پێوە ، بەجێ ، رێ پێ ، پێ لێ ، روولێ ، رووتێ ، رووهەڵ ، چاولێ ، سەرلێ ، پێ لێ دا ، پێ لێ هەڵ ، پێ لێ وەر) .

پەیوەستیی	پەیدابی	پەیوەستیی	پەیدابی	پەیوەستیی	پەیدابی
دا	هێنان	را	هێنان	هەڵ	هێنان
دا	هاتن	را	هاتن	هەڵ	هاتن
لێ	کەوتن	پیا	کەوتن	تێ	کەوتن
لێ	دان	پیا	دان	تێ	دان
تێك	دان	سەر	دان	پێ	دان
تێك	خستن	سەر	خستن	پێ	خستن
رۆ	چوون	رێ	کەوتن	بەجێ	هێنان
رۆ	کردن	رێ	خستن	بەجێ	هێشتن

پەیوەستی	پەیدابی	پەیوەستیی	پەیدابی	پەیوەستیی	پەیدابی
راو	نان	هێ	نان	فرێ	دان
رووتێ	کردن	روو لێ	نان	پێلێ	خستن
رێ پێ	بردن	تیا	چون	پێلێ	نان
رێ پێ	گرتن	تیا	مان	پێوە	بوون
چاولێ	قووچان	پێك	هێنان	پێوە	کردن
پێ لێ دا	گرتن	پێلێ هەڵ	برریین	روولێ وەر	گێرران
پێ لێ وەر	گێرران	سەر لێ	بادان	چەنەبەچەنە	وێستان

ئەم بەشە پەیوەستی یانە هێندێکیان بەتەنیا مەبەست «معنی» دارن ، وە هێندێکیان مەبەستیان نیە ، ئنجا هەرکامێکیان بێ کەلەگەڵ بەشی پەیدابیدا یەك کەوتن زۆرجار مەبەستێکي تر ئەگەیەنن کەجیاوازە لە مەبەستی بەشەکان وەك : (سەرخستن ، راکردن) ئێستا لەیەکەمدا (سەر) مەبەستێکي هەیە ، (خستن) یش مەبەستێکی هەیە بەلاّم کەلە یەك دران مەبەستەکەیان ئەبێ بەمەکە یەکێك لەنزمیەکەوە شتێك بخاتە بەرزییەك .

لەدوهەمدا (رأ) مەبەستی نیە ، (کردن) مەبەستەکەي ئەمەیە کەکارێك بکەیت ، بەلاّم کەپەیوەست کران مەبەستەکەیان ئەبی بەهەررا کردن ، ئنجا ئەمانە بەووتە دائەنرێن وەلەفەرهەنگەدا ئەنووسرێن . زۆر جاریش مەبەستی پەیوەستەکە هەرمەبەستی پارچەکانێتی وەمەبەستێکي زیاد ناگەیەنێ وەك : (چوونە بازارر) ئەمە بەووتە دانانرێ .

پەیوەست یائاشکرا «صریح» یە یابزیتی «کنایە» یە ، ئاشکرا ئەوەیە

که مه‌به‌ستێکي راست وره واني بیێ ، بربتي ئه‌وه‌یه که لەلاوه مه‌به‌ستێك بگه‌یه‌نيێ وه‌ك : (ده‌ست درێژ ، ده‌ست بلاٚو ، ده‌ست سپي) .

زماني کوردي زۆر ده‌وڵه‌مه‌نده به بربتي ، وه‌هه‌ر زمانێك وا بیێ ناسکتر وبه‌نه‌زاکه‌ت ترینی زمانه ، یه‌کێك ئه‌گه‌ر وورد بیێته‌وه له‌وونه‌ي (به‌ده‌ستگرتن ، ده‌ست به‌ئاوگه‌یاندن) تیێ ئه‌گا که زماني کوردي چه‌ن نازك وبه‌رزه له‌به‌ر ئه‌وه هه‌ر چێکمان ده‌ست که‌وتبیێ له بربتی کۆمان کردۆته‌وه ، وه له گه‌ڵ ووته‌دا به ریز کراوی نووسیومانن .

کاری ریشه‌یی وده‌ستکردیي

کاري ریشه‌يي «اصلی» کارێکه که‌له بنه‌ره‌تا هه‌ر کاربیێ ، وه‌به‌هۆی هیچ جۆره شتێکه‌وه نه‌بووبیێ به‌کار وه‌ك ئه‌و کارانه‌ي پێشوو .

کاری ده‌ستکردیی «جعلی» ناو یاسیفه‌تێکه که‌به‌پاشه‌که‌یه‌وه (یي) یا(ێتي) یا (ێني) یا(ئایه‌تي) یا(هتي) بنری وه‌ك ئه‌م وێنانه‌ي پاشوو .

ناو	کار	کار	سیفه‌ت	کار	کار
پیر	پیري	پیرێني	چاك	چاکي	چاکێتي
کورر	کوررێني	کورێني	سوور	سووري	سوورێني
دوژمن	دوژمنێتي	دوژمنایه‌تي	جوان	جواني	جوانێتي
دۆست	دۆستي	دۆستایه‌تی	باش	باشي	باشێتي
پیاو	پیاوه‌تی				
ژن	ژنێتی				

هەر ووتەیەك ئەگەر خۆی بەكار ئەهێنرا وە لەگەڵ (بوون) یا (كردن) یاهەر دوكیشیانا بەكار ئەهێنرا ئەو ووتەیە هەر خۆي بەو ووتە ئەناسرێ وە لە سەري دێرە وە ئەنووسرێ ، وە لەگەڵ (بوون) و (كردنا) لەناو رافەكەیا ئەنووسرێ وەك : (پچووك ، پچووكبوونە ، پچووك كردنەوە) وە (ئاشكرا ، ئاشكرابوون ، ئاشكراكردن) ، بەلاّم ئەگەر ووتەكە خۆی بە تەنیا بەكار نە ئەهێنرا وە هەمیشە لە گەڵ (بوون) یا (كردن) یا هەردووكیانا بەكار ئەهێنرا ئەو حەلە لە گەڵ (بوون) و (كردن) دا بە ووتە ئەناسرێ وە لە سەری دێرەوە ئەنووسرێ وەك : (تەمێ بوون) و (تەمێ كردن) چونكی (تەمێ) بە تەنیا نەبیستراوە .

یاخۆ بەتەنیاش بەكار ئەهێنرا وە لە گەڵ (بوون) و (كردن) یشا بەكار ئەهێنرا بەلاّم لە گەڵ (بوون) و (كردن) ا مەبەستێكي تریان بووە بێجگە لە مەبەستەكەي خۆي ، لەم حەلەشا هەر بەجیا وەلەسەری دێرەوە ئەنووسرێن وەك : (بەخت بوون) و (بەختكردن) كە مەبەستێكي بریتی یان هەیە كە لە (بەخت) ا نیە .

زۆر جار رافەی ووتەیەك ئەكەین بە ووتەیەكی وا كە دوو سێ مەعنای هاتووە ، وەك رافەی (ووڵاردن) بە (بواردن) ئەمە مەعنای وایە كە ئەو ووتەیەش ئەو دوو سێ مەعنایەی هاتووە :

بۆ ریز كردني ووتەی ئەم فەرهەنگە لە پیتي یەكەمەوە تا پیتي دوایی بەرچاو خراوە ، هەر وەك پیتي سەر وبۆر «إعراب» یش بەر چاو خراوە بەم رەنگە ووتەي (ئازاژك) لە پێش (ئازاژی) یەوە ، وە (ئازاڵ) لە پێش (ئازاوە) وە نووسراوە ، هەر وەك (وورێنە) لە پێش (وورگ) ە وە نووسراو چونكی پیتي چوارەم لە (وورێنە) دا (ر) یە بەلاّم لە (وورگ) دا (گ) ە

وه (ر) له پێش (گ) ، وه‌یه (به‌ئاوادان) پێش (بهاره) ئه‌که‌وێ چونکه پیتی سێهم له یه‌که‌مدا ئه‌لف له‌سه‌ر ئه‌لفه ، به‌ڵام له دووهه‌ما ئه‌لف له‌سه‌ر رێ یه ، (ل) ی سووك له‌به‌ر ئه‌مه‌ی بێ نیشانه‌یه پێش (ڵ) ی قه‌ڵه‌وه خراوه به‌م ره‌نگه نووسراوه (گول) ئنجا (گوڵ) ئنجا (گۆل) ئنجا (گۆڵ) ، یاخۆ (پچکۆله) ئنجا (پچکۆڵه) وه (پچکه‌له) ئنجا (پچکه‌ڵه) ، هه‌روا (و) ی سووکی بێ نیشانه پێش (ۆ) ی نیشانه دار خراوه به‌م ره‌نگه نووسراوه (کون) ئنجا (کۆن) وه (قول) ئنجا (قۆڵ) ، به‌م ره‌نگه هه‌موو خوێنده‌وارێك زۆر به‌ئاسانیی ئه‌توانێ هه‌موو جوره ووته‌یه‌ك له‌م فه‌رهه‌نگه‌دا بدۆزێته‌وه به بێ گیرو گرفت .

☆ (نیشانه‌کانی ئه‌م فه‌رهه‌نگه) ☆

هه‌موو ووته‌یه‌ك له‌سه‌ری دێرروه له‌ناو دوو که‌وان (   ) دا نووسراوه ، ئنجا ئه‌گه‌ر ووته‌که کوردیی نه‌بوو به‌م ره‌نگه له زمانێکی تره‌وه وه‌رگیرابوو ئه‌وا له‌لای راستی که‌وانه‌که‌وه نوخته‌یه‌ك دائه‌نرێ .

هه‌ر ووته‌یه‌ك هه‌ورامی بێ (ه) بادینانی بێ (با) زازا بێ (ز) ئه‌رده‌ڵانی بێ (د) لوورر یا لك یا فه‌یلیی بێ (ل) له‌ته‌نیشتی چه‌په‌وه ئه‌نووسرێ ، موکریانی وپشده‌ریی وهه‌ولێریی وگه‌لێ شوێنی تر وه‌ك ووته‌ی خۆمان ـ که کرمانجی یه ـ هیچی بۆ نانووسین ، چونکه زۆر له‌یه‌ك جیانیین .

ئه‌گه‌ر ووته‌که دووسێ مه‌به‌ستی بوو هه‌ر مه‌به‌سته‌ی هی شوێنێك له‌م شوێنانه ئه‌و حه‌له ئه‌م نیشانانه له‌دوای که‌وانه‌که‌وه نانووسرێ به‌ڵکو له‌دوای ته‌واو بوونی مه‌به‌سته‌که‌وه ئه‌نووسرێ ، وه‌ئه‌گه‌ر دوو یاسێ مه‌به‌ست هی شوێنێك بوو له‌وشوێنانه ئه‌وحه‌له بۆهه‌ر مه‌به‌ستێك نیشانه‌که ئه‌نووسرێته‌وه

زۆر له‌ووته‌کان گه‌لێ مه‌به‌ستیان بۆ نووسراوه ، ئنجا ئه‌گه‌ر له‌ناوه‌ندی

مەبەستەکانا (٠) دانرا ئەوەمەبەستێکی ترە ، وەئەگەر (:) دانرا ئەوە لەجۆی وتەی (ئەیژی) بەکار دێنرێ ، وەوێنەیەکی بەکار هێنانی ئەو وتەیە نیشان ئەدا ، وەئەگەر (،) دانرا ئەوە بەستەوەی وتارێک بەووتارەکەی پێشووەوە ئەگەیەنێ .

زۆر سوپاس بۆ کاک (مەلا محەمەدی کوردی) کەلەم فەرهەنگەدا زۆر یارمەتی دام ، جارێ جگە لەوەکەسێ جاربوێ نووسیوەمەئەوە لەسەرەوە تا خوارلە وتە دۆزینەوەو مەبەست لێدانەوەشا زۆر یارمەتیداووم ، بەراستی یارمەتییەکەی شایانی سوپاس‌و ستایشە هەروا سوپاس بۆ ئەو دۆست و برادەرانەی کەیارمەتی یان داووم وەووتەیان بۆ ناردووم ئەخوازەڵا کاک شاکر فتاح‌و جەمال نەبەز کە ئەویان (١٥٠) وتەی پشتکۆەو ئەمیان (٤١٥) وتەی کوردەکانی سووری‌یەی بۆناردووم

محەمەدی خاڵ

٣٠ ـ ٨ ـ ١٩٥٩م

٢٦ ـ ١ ـ ١٣٧٩ھ

(پیتی ئەلف)

(أ)

(ئا) پیتێکە لە وەرامي کە سێکا
بەکار دێنرێ کە بانگت بکا ، یا
پرسیارێکت لێ بکا ، بەم رەنگە بلێت
تۆ خوێندووتە ؟ تۆش ئەڵێیت (ئا) واتە
خوێندوومە . پیتي ووریاکردنەوە :
(ئا) وەرە .پیتي سەرسامیی(ئا)لە وەرامي
کەسێکا کە پێت بلێ فیسارکەس مرد .

ئاغا : (ئا) محمد واتە ئاغا محمد (د) .

(ئائل) ز . نارەوا .

(ئائلبوون) ز . زۆردار بیکردن .

(ئائلی) ز . ستەم وزۆرداری .

(ئاب) مانگی هەشتەم لە ساڵی
رۆژیی لەناوەندی تەموز وئەیلول دا
کە سیي ویەك رۆژە ، وە تابیستو یەکی
رۆژ لە کەلووی شێردایە، لەوە بەدوا
ئەچێتە کەلووی سونبولە .

(ئابجی) د . خوشك .

(ئابخانە) ئاو دەستخانە .

(ئابدەست) ئاودەستخانە .

(ئابدەستخانە) ئاودەستخانە .

(ئابروو) شەرم : فیسارکەس
زۆر بێ (ئابرو) وە ، واتە زۆر
بێ شەرمە .

(ئابروو بردن) ریسواکردن .

(ئابرووچوون) ریسوابوون .

(ئابووری) پاشەکەوتیی .

(ئابوونە) بەشداربوون لە رۆژنامە
وگۆڤارا .

(ئاپ) ز . مام

(ئاپۆ) ز . خاڵ

. (ئاتاج) نەداراو داماو .

. (ئاتاجی) نەداراي وداماوي .

(ئاتر) د . ئاگر .
(ئاتوون) ز . توونی حەمام .
(ئاتە شپەرست) کەسێکە کە ئاگر پەرستێ .
(ئاتە شخانە) جێگای ئاگری سەماوەر وحەمام .
(ئاتە شکەدە) جێگای پەرستنی ئاگر .
(ئاتەشگا) جێی ئاگری ئاگر پەرست . کێوێکی سەختە لە جوانڕۆ
(ئاتەشەك) جۆرە برینێکی زۆر پیسە ئەندام دا ئەوەشێنێ . ئاگرە(د) .
(ئاتەشیی) مەردومی زۆر توورره وتررۆ . جۆرە گوڵێکە لە گوڵەباخ سوورترە بەڵام ئەم بۆنی نیە .
(ئاتەك) تەنشت .
(ئاتیی) د . زێرر .
(ئاجکیی) ز . بەخیل .
(ئاجیل) د . چەرەسێکە کە لە کۆبوونەوەدا دائەنرێ بۆ خواردن .

(ئاخ) ووشەی داخ و خەفەت لە کاتی ئازارو ئێشێکی ئەندامی ، یا خەفەتێکی دەروونیی دا بەکار دێنرێ . خاك (ز) .
(ئاخانی) ز . ئاغایەنی .
(ئاخافتن) . قسە کردن (ز) . ئاخاوتن .
(ئاخاوتن) لنگدانی وولاخ و گێررانی .
(ئاخایۆك) ز . بەیەکێك ئەوو ترێ کەحەزیی لەگەورەیی بێ بەبێ ئەوەی کەلێی بێ .
(ئاخبان) ز . گلەبان .
(ئاخچۆل) ز . قوررهەڵ شیلان بۆ سواغ وقوورە کاریی .
(ئاخچەباش) گیایەکی بەهارییە گەلای وەك یاسەمەن وایە ئەکرێتە ناو دۆ کولیوەوە .
(ئاخر) ئیتر : (ئاخر) بڵێم چی دوایی شت : سەد ساڵ بژیت (ئاخر

هەر ئەمریت .

(ئاخرکه) ز . جۆرە مێشوولەیەکی زۆر ووردی بەئالۆشە .

. (ئاخرەمین) دواترینی شت . .

. (ئاخری) لە دواییدا : ئەم ئەویست بچم بەلام (ئاخری) هەر چووم .

(ئاخسبات) ز . پانزە رۆژەی دوایی مانگی شوبات .

(ئاخش) ز . ئۆخەیش .

(ئاخلە) لێوارێکە کەبە گردی شتێکا دروست بکرێ لەقوورریا شتێکی تر . خەرمانەي مانگ .

(ئاخلەدان) کۆبوونەوە بە گردی .

پێچ خواردني مار .

(ئاخلێف ز . خاکە لێوە .

(ئاخلیفە) با . ئاخلێف .

(ئاخنین) ترنجاندن وپەستاوتنی شتێك لەناو شتێکی ترا .

(ئاخۆ) ووتەي پرسیار : (ئاخۆ) کەي رووژمان لێ بێتەوە ؟

(ئاخوا) ئاخۆ .

(ئاخور) ئیتر .

(ئاخۆرا نوبخۆران) پشێوی وئا شووب لە وولاتا .

(ئاخورر) ئاخلە یەکە لە قورر دروست ئەکرێ بە بەرزی پەوە بۆ ئەوەی کە وولاخ ئالیکی تیا بخوا . ئەویلە (ز) .

(ئاخوون) پێشەوای ئاینی شیعە

(ئاخوبرك) ز . ئاخرکە .

(ئاخەفتن) ئاخافتن .

(ئاخەلەکێشان) ووتنی ئاخ لە خەفەتا .

(ئاخێز کردن) هەستان وچوون بۆ شوێنێك .

(ئاخیه) د . ئەو سنگە یەکە لە ئەنشت ئاخوررەوە دائەکوترێ .

(ئاخین) ز . ئاخ ھەڵکێشان .
(ئادار) مانگی ئازار .
(ئادان) ز . زەویی بەپیت .
(ئادانیی) ز . بەپیتی زەویی .
(ئادووده) ز . قامیشێکی درێژە ئاسنێك بەنووکەکەیەوەیە بن میچی خانووی پێ پاك ئەکرێتەوە .
(ئادەکردن) ز . پاك کردنەوە
(ئادەم) باپیرە گەورەی ئادەمی
(ئادەمی) نەتەوەی ئادەم
(ئادەمیزاد) ئادەمی
(ئادێ) ھ . ئەوان .
(ئادیان) ز . تیرەیەکە لەناوچەی بەرواز .
(ئار) ئاگر . ئارد (ز) .
(ئارا) ناوچەو مەیدان : فیسارکەس لەم (ئارا) یەدا نیە . ووتەیەکە ئەنووسی بەدوای ھێندێ ووشەوە مەبەسی ئارایش و جوان کردن ئەگەیەنێ : فیسارکەس بەزم (ئارا) یامجلس (ئارا) یە .

(ئاراستن) ز . خستە پشت گوێ
(ئاراف) ز . ئاراو
(ئارام) ئۆقرەودان بەخۆدا گرتن
(ئارامگا) شوێنێکە کەمەردوم ئارای تیابگرێ . بریتی‌یە لەگۆرر : ئەمە (ئارامگا) ی فیسارکەسە واتە گۆرری ئەوە .
(ئارامگرتن) ئۆقرەو دان بەخۆدا گرتن .
(ئارامھەڵگیران) نەمانی ئۆقرە .
(ئاران) د . زەمینی نەرمان .
(ئاراندن) ز . ئێش و ئازار .
(ئاراو) نۆرەیەك لەکەفاو و سابوو ناو کەبەرگ و کاڵای پێ ئەشۆرێ .
(ئارایش) جوانیی و رازاوەیی شت : فیسارکەس بە (ئارایش) ە .
(ئارایشت) ئارایش
(ئارایشدان) رازاندنەوەو جوانکردنی شت .
(ئارایشکردن) ئارایشدان .

(ئارایشكەر) ئافرەتێكە كەئارایشی
خۆی بدا · ئافرەتێكە كەئارایشی
ئافرەتی تربدا
(ئارایشگەر) د · كەسێكەكە
ئارایشی یەكێكی تربدا ·
(ئارخاڤك) ز · جۆرە ناوساجی
وكولێرەیەكە كەشەكرو رۆنی لێدرابێ
(ئارد) هارروای دانەوێڵە
(ئارداوێژ) ئەوئاردەیەكەبەرداش
لە سووڕانەوەدا فڕێ ی ئەدا .
دەم و پل : فیسار كەس (ئارداوێژ)
ێكی خۆش یاناخۆشی هەیە ، واتە
دراوی قسەی خۆش یا ناخۆشە
(ئاردپێچ) ز · جۆرە حەڵوایە
كەلە ئارد ئەكرێ ·
(ئاردكێش) دارێكی درێژە
تەختەیەكی پانی بەسەرەوەیە ، ئاشەوان
ئاردی پێ رائەكێشێتە دواوە
(ئاردماڵك) شتێكە لەدوای تەواو
بوونی باراش دەورو پشتی بەرداشی
پێ ئەماڵرێتەوە ·
(ئاردن) هـ · هێنان
(ئاردووروون) د · ئاردەوا
(ئاردوو) ز · ئاگر كەوتنەوە
(ئاردەبارە) ئاردێكە خاوەن
باراش بەخۆشی خۆی ئەیدا بە
ئاشەوان و بۆی ئەكاتە ناو (قوولكە)وە
(ئاردەشان) ئارداوێژ · شتێكە
ئارد لەبەرداش دوور ئەخاتەوە لە
كاتی هاررینیا (د) ·
(ئاردەمشار) ئاردێكە كەلەدەمی
مشار ئەكەوێتە خوارەوە ·
(ئاردەوا) پەڵوولە ·
(ئاردەوارە) ئاردەبارە ·
(ئاردی) ز · ئاردەوا ·
(ئارراستە) شتێكە كەبەرامبەربە
شتێكی تر كرابێ ، (ئارراستە كردن)
بەرامبەركردنی شتێك بەشتێك بۆتێگرتنی
(ئاررۆ) د . ئەمرۆ .
(ئارزەن) ز · ئیسقانی چەناگە .

(ئارزی) ز . ئارەزوو .
(ئارزنگ) دارێکەوەك بەلالووك
دار دەستی لێ دروست ئەکرێ .
(ئارسم) ز . هەلامەت .
(ئارسمی) ز . کەسێکە کە تووشی
هەلامەت بووبێ .
(ئارگا) ھ . ئاگردان .
(ئارگۆن) ز . شتێکە کە رەنگی
وەك رەنگی ئاگر وابێ .
(ئارمانج) ز . ئامانج .
(ئارمووش) ئاورێشم .
(ئارنگ) ز . جۆرە نەخۆشی
یەکە تووشی بزن ومەرر ئەبێ .
(ئارۆ) ھ . ئەمرۆ .
(ئاروانە) ز . حوشتری مێی
چوار سالانە .
(ئاروفته) د . تەنراوێکە کە
چووبێ وتان وپۆی حەرکەوتبێ .
دیواری دا رووخاو .

(ئارۆك) ز . جۆرە کفتەیەکی
پانە وەك کولێرە لە ساوەر وگەنمە
کوتاو دروست ئەکرێ .
(ئاروو) ز . خەیار .
(ئارووشك) ز . پژمین .
(ئاروێ) ئاروو .
(ئارهان) ز . ئازار بەهوێ
ئاگرەوە .
(ئارهاندن) ز . داخکردن .
(ئارهایی) ز . ئازارێکی هەمیشەیی یە
لە ئەندامێکا .
(ئارەزوو) ویستنی شتێك و دلّ
بۆچوونی ،(ئارەزووکردن) حەزکردن
لەشت ودلّ بۆچوونی .
(ئارەزوومەند) کەسێکە کە زۆر
دلّی بەشتێکەوە بێ .
(ئارەزوو مەندی) زۆر دلّبوون
بەشتێکەوە .
. (ئارەق) ئاوێکە لە بن مووی
ئەندامی گیاندارەوە دێتە دەرێ لە

گەرمانا · ئاوێکی سپیی روونە بە جۆرێکي تاي بەتي لە هێندێ شت ئەگیرێ ، وەگەلێ جۆرە هێندێکیان سەرخۆشیی ئەدەن ·

· (ئارەقخۆر) کەسێکە کە ئارەق خواردنەوەی کردبێ بەخوو ·

· (ئارەقدەردان) ئارەق کردنەوە

· (ئارەقفرۆش) کەسێکە کە هەر ئارەق بفرۆشێ ·

· (ئارەقکردن) کردني ئارەق زۆر لە نەخۆشیي گرانەتێ دا وەلەش سووك بوون ورزگار بوون لێي ·

· (ئارەقکردنەوە) هاتنەدەرەوەی ئارەق لە ئەندام ·

· (ئارەقگرتن) گرتني ئارەق هێندێ شت بەجۆرێکي تاي بەتي ·

· (ئارەقگیر) ژێر زین·

(ئارەقە) ئارەقي جەستە · مەهاري وولاخ ·

(ئاریٚ) ئەریٚ ·

(ئارێخ) ز · مێخ زنجیرێکە کە وولاخي پێ ئەبەسترێتەوە ·

(ئارێنج) ز · جۆرە دومەڵێکە لە بن باخەڵ دێ

(ئارینۆك) لەتکە نۆك ·

(ئاریی) ز · خوڵە مێش · بەشێکی زۆرە لە ئادەمی زادي سپی پێست کە کوردیش ئەچێتەوە سەر ئەو ·

(ئارێێ) ییتي سەر سوررمان :

(ئارێێ) لەومرامي یەکێکا کە بڵێ من ناخوێنم

(ئاز) ز · ئازا · راست · ساخ ·

(ئازا) گیانداري نەترس ·

گیانداری خێرا لە کارێکا : (ئازا) کە ، واتەخێرا کە · گوێزي ساخی زر ·

(ئازاد) سەر بەخۆ ·

(ئازادخوا) ئازادخواه ·

(ئازادخواه) کەسێکە کە ئارەزووی سەر بەخۆیی بێ ·

(ئازادخواهیی) ئارەزوو کردنی

سەربەستیی ٠
(ئازادخوایی) ئازادخواهیی ٠
(ئازادکردن) خۆش بوون لە یەکێك کە مافێکت بەسەریەوە بێ ٠ بەرەڵاکردنی بەندەیەك کە کڕیبێتت بە رەنگێکی وا کە ئیتر بتوانێ ئیش بکا بۆخۆی ٠
(ئازادە) ئازاد : فیسار کەس
(ئازادە) یە ، واتە سەربەستە ٠
(ئازادیی) سەر بە ستیی و سەر بەخۆیی ٠
(ئازادییخواە) ئازاد خواە .
(ئازار) ئێشی ئەندام ٠ مانگی مارت کە سیی و یەك رۆژە ٠
(ئازاردان) ئێش گەیاندن بە شتێك ٠
(ئازارسیی) د ٠ دەردە باریکە
(ئازاڵە) د ٠ سۆختیی زستان
(ئازایی) نەترسیی و بێباکیی لەشت٠
(ئازراندن) ز ٠ ئازاردان
(ئازریی) ز ٠ برینێکە کەکێمی تێ زابێ
(ئازنگ) ز ٠ خانوویەکە کەلە سەریەك تاوێرە بەرد دروست کرابێ
(ئازوباز) ئۆباڵ :(ئازوباز) ی تۆم بەمل
(ئازوبەزە) ئازوباز .
(ئازووخە) پێی بژییوێکە کەهەڵ بگیرێ بۆ خواردن
(ئازووقە) ئازووخە
. (ئازەب) عازەب
(ئازەپ) ز. بەندەی زەرر خریدە
. (ئازیز) خۆشەویست
ئاژاژك) باوێشك
(ئاژاژیی) ئاژاژك
(ئاژاڵ) مەرروماڵاتوگاوگۆتاڵ ٠ سەوزەگیاو لەوەڕ
(ئاژاڵدار) خاوەن ئاژاڵ

(ئاژان) د . پۆلیس
(ئاژاوڵە) د . ئاژاوە
(ئاژاوە) پشێوی وناکۆکی
(ئاژنی) ز . مەلەکردن
(ئاژنین) چیلکە کردن بەناوەندی
دانا . سووژن کردنی زۆر بەشتێکا.
داخستنی دەرگا : دەرگاکە ؛ (ئاژنە)
واتە دایخە . داکەندنی کاڵا :
کراسە کەم (ئاژنی) واتە دام کەند(ل)
(ئاژۆ) ز . شوێن پێ هەڵگرتن
(ئاژوتن) ز . هەڵکوتانە سەر
شتێك
(ئاژۆدان) لەوەرراندنی ئاژاڵ بە
شەو : ئەوررانە (ئاژۆبدە)
(ئاژووان) لێ خوررین
(ئاژوین) بڵاوبوونەوەی شتێك
لەشوێنێك : ئەو رانە لە ویاوەندەدا
(ئاژین) بووە هاژین .
(ئاوینە) د . چەقـەچەقەی ئاش.

(ئاس) جۆرە مقەبایەکە قوماری
پێ ئەکرێ
(ئاسا) پیتێکە بەهەر ناوێکەوە
نرا ئەی کا بەمشبەبە : ئەریمان (ئاسا)
ئازابە واتە وەك ئەو ئازابە .
(ئاسان) کاری سووکی. بێ گیر
وگرفت .
(ئاسانە) جێی کەوش داکەندن
لەبەر دەرگادا .
(ئاسانی) سووکی وبێ گیرو
گرفتی کاروبار .
(ئاساو) هـ . ئاش .
(ئاسایش) حەسانەوە وئارام گرتنی
گیاندار . بێ ئاژاوەیی .
(ئاسایی) ئاسا : خۆت (ئاسایی)
داوێنم لێ کرد بەلادا .
(ئاست) عاست .
(ئاستان) ئاسانە

(ئاستانه) دەرمالْ : خۆي خسته
(ئاستانه)کەت .
(ئاستن) د . هێشتەوه .
(ئاستەرر) ئاسەرر .
(ئاستەم) عاستەم .
(ئاسرم) هەلاّمەت .
(ئاسرمه) د . تیلمەیەکی پانه له
کورتان ئەکەوێته سەر کلکي وولاّخ .
(ئاسك) گیاندارێکي چاو رەشی
جوانی خێرایەله (مەررەسوور)بچو کتره
(ئاسکه زەرر ینه) شتێکه لەوێنەي
ئاسکێکي بچکۆله لەپەررۆ دروست وه
رەنگاو رەنگ ئەکرێ منالّ یاري
بێ ئەکات .
(ئاسمان) لاي هەره ژووررووی
سەرت .
(ئاسمانوررێسمان) ووتەیەکه بەکار
دێنرێ بۆجیاوازي ودووري دووشت
لەیەکەوه :ئەمەوئەوه(ئاسمانورێسمان)ه
واته زۆر له یەکەوه دوورن .
(ئاسمانه) مەلاّشووله ناودەمەوه.

بن میچ .
(ئاسمانیی) جۆره رەنگێکی شینی
کالّه .
(ئاسمیین) ز . یاسەمەن .
(ئاسن) جۆره کانێکه لەزەویدا
دەر ئەهێنرێ وبەئاگر قالّ ئەکرێو
گەلێ شتی لێ دروست ئەکرێ .
(ئاسنجاو) قاپ وقاجاخي مسيین .
(ئاسندررك) دررکه ئاسنینه.
(ئاسنفررێن) د . موقناتیس .
(ئاسنگەر) کەسێکه لەئاسن شت
دروست بکا .
(ئاسنگەریي)خەریکبوون بەپیشەی
ئاسنەوه .
(ئاسنی سارد کوتان) بریتییه له
خەریکبوون بەکارێکەوه کەتیا سەر
ئەکەویت .
(ئاسنی) شتێکه لەئاسن دروست
کرابێ .
(ئاسۆ) مله . جێگای هەلاّتن یا
ئاوابووني رۆژو مانگو ئەستێره .

تارمايي . رووناكي .

(ئاسۆك) سێبەر .

(ئاسۆگه) ئاسۆ . ئەو . پەرري هەنای چاو له ئاسۆدا (د) .

(ئاسووده) گیاندارى بێخەفەتي حەساوه .

(ئاسوودەيي) بێ خەفەتي .

(ئاسەرر) د. بەري كالا. پەراوێزي كەوا .

(ئاسياو) ئاش .

(ئاسياوان) ئاشەوان .

(ئاسياوبازي) د .ئاشه بەتەندووره

(ئاسيو)چورتم وچەپوكى رۆژگار

(ئاش) جێى هاررينى دانەوێلەو كرره . شۆ : ئەم كالايه به (ئاش)ه ، واته شۆداره . چێشت (د) .

(ئاشاخه) میوەي كۆنى رزيو .

(ئاشانه)دەيەكيمزى ئاشەكه ئاغاله خاوەن ئاشى لەسێنێت بەئاردي يابه دراوي .

(ئاشبگير)تالآن كردني ئاش لەلايەن جەردەوه .

(ئاشبوون) ز . ئاشت بوونەوه

(ئاشبەتال) ووتەيەكه ئاشەوان به دەنگي بەرز ئەيلێ لەكاتێكا كەئاشەكەي دانى نەمابێ بۆئەوەى كەباراشى بۆبەرن

(ئاشپەز) د . چێشتكەر .

(ئاشپەزخانه) د . چێشتخانه .

(ئاشت) كەسێكه كەلەگەڵتا رێك بێ ، (ئاشتبوونەوه) يەك كەوتنەوەى دوو كەس له دواي ناكۆكيان ،

(ئاشتكردنەوه) يەك خستنەوەى دووكەس لەدواي ناكۆكي .

(ئاشتێني) ئاشتيى .

(ئاشتيى) رێكي ودوستايەتى

(ئاشتيخواز) كەسێكه كەحەزى له ئاشتيى بێ .

(ئاشچي) ئاشپەز .

(ئاشخانه) چێشتخانه .

(ئاشدار) د . شتى شۆدار .

(ئاشدۆل) ئاشبەتال .

(ئاشرمه) هێشرمه .

(ئاشك) ز ٠ معدە ٠
(ئاشكرا) شتي دياري نمايان ،
(ئاشكرابوون) دەركەوتني شتي ناديار
(ئاشكراكردن) دەرخستنی شتی ناديار
(ئاشگێرر) ئەندازەيەكە لەئاوكە
ئاش بگێررێ
(ئاشماست) د . دۆكولێو .
(ئاشنا) ناسياوي تێكەڵ .
(ئاشناس) د ٠ ئاشنا .
(ئاشنانەوە) دروست كردنی ئاش
وخستنە گەرری .
(ئاشناو رروۆشنا) كە سانێكن
كە تێكەڵ بن لەگەڵتا .
(ئاشنايەتي)اشناسيی وتێكەڵيی ٠
(ئاشنايي) ئاشنايەتيی ٠
(ئاشۆ) د ٠ پشێويی ٠
(ئاشوپاشو) قسەی شررم بررم ٠
(ئاشوماش) ووتەيەكە منالأن
بەكاري ئەهێنن لەكاتی قسەبررينەوەيانا
لە گەڵ يەكتريی ٠
(ئاشووب) جەنگ و كێشەي

گەورە ٠
(ئاشووبگێرر) كەسێكە كە زۆر
ئاشووب هەڵگيرسێنێ ٠
(ئاشووبگێرران) ئاشووبنانەوە ٠
(ئاشووبنانەوە) هەڵگيرساندنی
ئاشووب ٠
(ئاشووژن) ز ٠ بەتێكە دەی
جەواڵي پێ ئەدروێ ٠
(ئاشوەستا) كەسێكە كەوەستابێ
لە سازكردنی ئاشا ٠
(ئاشەبەتەندوورە) ياريي يەكێ دوو
دەستەيي‌يە ، دەستەيەكيان بەپێوە سەر
بەيەكەوە ئەنێن وبەكێكيان پاسيان
ئەكات ، وە دەستەكەی تر لە دەرفەتا
بازدەئەدەنەسەر كۆڵيان تاتێ ئەكەوون ٠
(ئاشە بەتەندووريێ) ئاشە بە
تەندوورە ٠
(ئاشەتەندوورە) ئاشێكە تێكەي
وەك تەندوور وايەبەبەردو قسڵ دروست
ئەكرێ بۆ ئەوەي كە بەئاوێكی كەم
بگەررێ ٠

(ئاشەتەندووریٚ) ئاشەتەندورە ·

(ئاشەڤان) ز · ئاشەوان ·

(ئاشەوان) کەسیٚکە کەهەمیشە بەسەر ئاشەوە بیٚ وباراش لیٚ بکا ·

(ئاشیٚ) ز · کویٚرەوەریی ·

(ئاشیٚرر) کەسیٚکەباراش کۆبکاتەوە وبیبا بۆئاش بۆ هاررینی ·

(ئاشیٚفکرن) ز · هەلٚکوٚلینی بنکی سەوزایی وکشتوکالٚ بۆبەهیٚزبوونی ·

(ئاشیٚگەه) ز · شویٚنی سەختی رەق لە زەویی ·

(ئاشیٚو) د · قوٚرت وبەلاٚ ·

(ئاغا) ووتەیەکە بەهیندیٚ پیاوی گەورە ئەووتریٚ ·

(ئاغابانوو) جامانەی سەر

(ئاغاژن) ژنی ئاغا ·

(ئاغایانە) شتیٚکە کۆئەکریٚتەوە بۆئاغا

(ئاغایەتیی) بوونی یەکیٚك بەئاغا

(ئاغزە) کاغەزیٚکی پیٚچراوەیە ئەخریٚتە فنکی جگەرەوە ·

(ئاغلٚەویك) ز · تاوەی روٚن تیا داخکردن ·

(ئاغە) ئاغا ·

(ئاغەبانوو) ئاغابانوو ·

(ئاغەژن) ئاغاژن ·

(ئاغەلٚ) جیٚی داکردنی ئاژالٚ لە رەستانا ·

(ئافتابە) ئافتاوە ·

(ئافتاو) روٚژیٚکە کەبە ئاسمانەوەیە · هەتاو ·

(ئافتاو گەردان) خیٚوەتیٚ بچووك کەلەگەلٚ خوٚتا یەگیٚرریٚت بۆهەلٚدان

(ئافتاونیشان) بلووریییەکی سپیی ئەستوورە ، ویٚنەی مەسینەیەکی پیٚوەیە

(ئافتاوە) مەسینە ·

(ئافتاویبوون) د · ئاشکرابوون.

(ئافتووش) ز · خوٚهەلٚقورتاندن لە کاری مەردوما ·

(ئافر) ز · ئاخورر ·

(ئافرر) ز · ئاخورر ·

(ئافرەت) ووتەیەکە بەکار دیٚری بۆ ژنو کچی گەورە ·

(ئافشووژن) ز . ئاشووژن .

(ئافەرۆز) ھ . ھەلاتنی رۆژئومانگ وئەستێرە .

(ئافەرین) ووتەی پەسەندکردن

(ئاف) ز . ئاو .

(ئافا) ز . ئاوا .

(ئافار) ز . چەرمی گیراوەی ئاژاڵ

(ئافاھی) ز . ئاوایی . کۆشك

(ئافپیاز) ز . پیازاو .

(ئافپەنگ) ز . ئاوی باران . گۆمێکە کەباراناوی تیاکۆبێتەوە .

(ئافخێز) ز . ئاوێکە کە لەسەرخۆ بررِوا .

(ئافدار) ز . جۆرە دارێکە .

(ئافدانك) ز . دەفری ئاو .

(ئافدۆنك) ز . شۆرباى بێتام

(ئافدەف) ز . مەتارە .

(ئافدین) ز . تۆلەسەندن .

(ئافرێژ) ز . ئاودەستخانە .

(ئافرمیش) ز . ئاوریشم .

(ئافزەلێلك) ز . نەخۆشی ئاوبەند.

(ئافزەمكی) ز . شتێك یا قسەیەك کە درەنگ بکات .

(ئافزێم) ز . کانیاوێکە کە ھەر لە بەھارا بزێتەوە .

(ئافزیم) ز . ئافزێم .

(ئافژەن) ز . مەلەوان .

(ئافژەنی) ز . مەلەوانی .

(ئافس) ز . ئاووس .

(ئافسین) ز . ئاووسبوون .

(ئافشۆ) ز . ئەو ئاوەیە کە لە پاش شتنی قاپ وقاجاخ ئەمێنێتەوە .

(ئافشێز) ز . ئەوئاوەیە کەلی تیابێ

(ئافشیلە) ز . ئاوی بەرسیلە .

(ئافكینە) ز . مەسینەی شووشە .

(ئافگیر) ز . شۆێنێکە باراناوی تیا بمێنێتەوە تا درەنگ .

(ئافرێ) ز . لاررێ .

(ئافیاری) ز . بەسایەی .

(ئافێتن) ز . ھاویتن .

(ئافیی) ز . کشتوکاڵی ئاوی . زەمینی بەراو . شەونم . ئاوارە .

(ئاڤیتن) ز . هاویتن .
(ئاقار) عاستی شت .
(ئاقید) ز .دۆشاوی خەست .
(ئاقیق) بەردێکی سووري جواني بەنرخە .
(ئاکام) ئەنجام .
(ئاگا) ئادەمي زادی ووشیار . خەبەر دار لە شت .
(ئاگا بوونەوە) بێداربوونەوە لە خەو .
(ئاگادار) کەسێکە کە چاودێری و، ووریایی شتێك بکات :خوا (ئاگادار)ت بێ . کە سێکە کە خەبەر دار بێ بەشتێك:فیسارکەس زانایەکي (ئاگادار)ە ، واتە خەبەر دارە بەگەلێ شت .
(ئاگاداریي) سەرپەرشتیي وچاو دێریي کردنی شتێك .
(ئاگا لێبوون) ئاگاداری کردنی شتێك . ئاگاداریي بە شتێك : ئاگام لێي نیە .
(ئاگاه) ئاگا .
(ئاگاهیي) هوشیاریي وخەبەرداریي
(ئاگابی) ئاگاهیي .
(ئاگر)شتێکی سووری سووتێنەری ئاشکرایە .
(ئاگرباران) بریتی‌یە لەئاشووبەو پشێویي روزگار .
(ئاگربازیي) یاریی کردن بەئاگر .
(ئاگربرر) بەرهەڵست کردنی ئاگر بۆئەوەي کە ئەتەنێتەوە . قسە کردن بەجۆرێکي واکە شتێکي خراپ لەخۆت دووربخەیتەوە .
(ئاگربەربوونەوە) پەیدا بوونی ئاگر لە شوێنێك .
(ئاگربەردانەوە) ئاگر نان بە شوێنێکەوە کە بی سووتێنێ .
(ئاگرپارە)مەردومێزرنگی‌زیرەك
(ئاگرپارێز) ز . ئاگربەرست
(ئاگرتێبەربوون) بەربووني ئاگر لەشتێك . بریتي‌یە لەرق هەستان وئالۆز بوون .
(ئاگرخۆش) ز . مەردوومی‌قسە

خۆشی گاڵتەچی ·
(ئاگردان) قوولکەیەکە ئاگری
تیائەکرێتەوە · تەقاندنی چەك ·
(ئاگردانك) ز · ئاگردان
(ئاگرکردن) خوشکردنی ئاگر ·
بریتییە لەئاشوو بنانەوە ·
(ئاگرکردنەوە)هەڵگیرساندنی ئاگر
(ئاگرکوژ) ز کەسێکە کە ئاگر
بکووژێنێتەوە ·
(ئاگرکەوتنەوە) ئاگربەربوونەوە
(ئاگرگرتن)بریتییەلەتووررەبوون
داگیرسانی ئاگر ·
(ئاگرگووشك) ز · ئێسقانی
چەناگە ·
(ئاگرگەش کەرە) د· شتێکە لەتەل
ئەتەنرێ وزریزەیەکی درێوی پێوەیە
خەڵووزو ئاگری تێئەکرێ وەبەهە
ڵسووراندنی ئەگەشێتەوە ·
(ئاگرگەشکەرەوە) ئاگرگەشکەرە
(ئاگرگیرە) د · دەستەچیلە
(ئاگرناك) ز · مەردومی تووررەو
تررۆ ·
(ئاگرنانەوە) ئاگربەردانەوە
(ئاگرۆچکە) ئاگری بچووکی کر
(ئاگرۆك) ز · مەردومی دووزبانی
ئاشووبگێرر ·شەرایەکە ئەدا لەمەرەزە
(ئاگرە) جۆرە برینێکە بە دەمو
چاو هەڵ ئەبەررێ · جۆرە یاری
یەکی دوو دەستەیییە ·
(ئاگرێژێرکا) بریتی بە لەیەکێك
کە لەژێرەوە بە نهێنیی ئاشووبنێتەوە.
(ئاگرین) شتێکە زۆر گەرم بێ
وەك ئاگر ·
(ئاگە) هـ · ئەوێ ·
(ئال)بەنجەی(بالآبەرزە)ی‌دەست·
(ئاڵ) جۆرە رەنگێکە وەك گوڵاڵە
سوورە·جۆرە ئە خوشیی بەکە تووشی
هێندێ زەیستان ئەبێ وئەی کوژێ.
(ئالآ) قەڵەمی نووسین ·بەیداخ ·
(ئالّال) ز · گیایەکی بۆن خۆشە·
(ئالآستن) ز · لستنەوە ·
(ئالآن) پێچ خواردنی دووشت

بەیەکا .

(ئالاٌندن) بادانی دووشت بەیەکا .

(ئالاٌنن) ئالاٌندن .

(ئالاٌو) ئالوٌزکاو . هالاٌو .

(ئالاٌو والاٌ) ئالوٌ والاٌ .

(ئالایش) ز . کۆبووەوە لە شەوا بۆ رابواردن .

(ئالاٌیش) د . ئارایش .

(ئالاٌیی) د . رەنگاو رەنگ .

(ئاڵبردنەوە) دووچار بوونی زەیستان بەنەخۆشیی (ئالٌ) .

(ئاڵبوونەوە) سرربوونی دان بەهۆی زۆر خواردنی شتی ترشەوە .

(ئاڵتوون) زێرر .

(ئاڵتیبردم) شەست وچوار یەکی حوقە

(ئاڵخواج) پەنجەی دوشاو مژە

(ئاڵدووز) شتێکە کەرووکەش کرابێ بەزێریا بەزیویا بەشتی تربۆجوانیی .

(ئاڵدووزکاریی) رووکەش کردنی شت بەزێرر یازیو یاشتی تر .

(ئاڵدووزکردن) ئاڵدووزکاریی

(ئاڵشت) د. کررین وفرۆشتن . گۆررینەوەی شت بەشت .

(ئاڵف) ئالیك . باوەن

(ئاڵفجار) د . شوێنێکە لەوەرری زۆری بێ .

(ئاڵقاررێز) د . ئەڵقەررێز .

(ئاڵك) د . ئاڵوو .

(ئاڵگۆشت) ز . نەخۆشییەکە توشیی ررەشەوولاٌخ ئەبێ بەتایبەتیی کەرو ئێستر .

(ئاڵنگ) ئاڵوو .

(ئاڵوٌ) خاڵوٌ .

(ئاڵوباڵوو) جورە گیلاسێکی دەنك ووردە .

(ئاڵوبوخارا) د . هەڵووژە رەشە

(ئاڵوبوڵ) بەرسیلەیەکە دەنکە دەنکە شیرین بووبێ

(ئاڵوبوڵبوون) بوونی بەرسیلە بەئاڵو بوڵ .

(ئاڵوبەلاٌلووك) د . بەلاٌلووك

(ئاڵودار) داری دارەررا .

(ئاڵۆز) گیاندای نووررەو وررۆ .
كاتێ سەرماو وەبشومە :ئیمرۆ زۆر
(ئاڵۆز)ە .
(ئاڵۆزان) بریتی یە لەنووررە بوون.
ئاڵۆزكان .
(ئاڵۆزاو) ئاڵۆزكاو . ئاڵۆز .
(ئاڵۆزكان) شێوان وتێكچوونی
بەن ودەزوو وشتی تر .
(ئاڵۆزكاو) هەودای تێكەڵاو .
(ئاڵۆزكاوی) عاستی ئاڵۆزكانی شت
(ئاڵۆش) خارشتی جەستە .
(ئاڵۆشاوی)شتێكە كە ئاڵۆش پەیدا
بكات . شتێكە .كە ئاڵۆشی بێ .
ئاڵەمی زادی خونك .
(ئاڵۆشدار) ئاڵۆشاوی .
. (ئاڵوگۆرر) گۆررینەوەی شتێك
بە شتێك .
(ئاڵوو) چەن گرێ یەكی بچووكە
لە ژێر شەویلە وهێندێ جومگەی
گیاندارا لەكن نەخۆشیی لایك لەئەندام
خۆیێ پیس لەوئاڵووانەدا كۆئەبێتەوەو
ئازار پەیدا ئەكات : (ئاڵوو) م
كەوتووە ، یا (ئاڵوو) ی بڕینەكە
داویەنیە بن باخەڵم . ئاڵو باڵوو .
(ئاڵووالا) كاڵای رەنگاورەنگ .
(ئاڵووچە) ز . هەڵووژە .
(ئاڵوودە) گیرۆدەی شتێك :
فیساركەس(ئاڵوودە)ی جگەرەیە .
(ئاڵوودەیی) گیرۆدەیی .
(ئاڵووز) ز . خەم وخەفەت .
(ئاڵووكەوتن) ئازار گەیشتن بە
ئاڵووی مل بەهۆی سەرینی خرابەوە .
(ئاڵوولە) ز . باریكە كوڵان .
پیاوی بێ شەرمی بێ ئابروو .
(ئاڵە) نەخۆشییەكە تووشی ئافرەت
ومایین ئەبێ ، ئەندامیان بەڵەبەڵە ئەكات.
(ئاڵەت) گیایەكی گەرمیانی یە
بەرێك ئەگرێ دەنكەكەی رەش وخرر
وتیژو توندە ، ئەكرێتە ناو هێندێ
خواردەمەنی یەوە . پارچەی ووردی
دار لە شووشەكاری وپەنجەرەدا .
(ئاڵەتكاری) خەریك بوون بە

دروست كردني ئالەتي وورد لە دار-
تاشي دا

(ئالەتە كێويلە) گيايەكی تيژو
توندي بۆنداره .

(ئالەكۆك) هەلەكۆك .

(ئالهە) ئوميْد .

(ئاليۆر) ز . سێوە لاسووره .

(ئالي) ز . لا : ژۆي (ئالي)
واتە لەولاوە .

(ئاليستن) ز . ئالاستن .

(ئاليسوور) ز . هەرمێ لاسووره .

(ئاليك) مووچە كاو جۆيەكە
بدريێ بەرولاخ وئاژالْ .

(ئام) ز . مام

(ئامادە) شتی سازی رێك وپێك .
گەچی گيراوەی نەكوژراوي بەهێز ،

(ئامادەبوون) سازبوون ورێك وپێك
بوون ، (ئامادەكردن) سازكردن ورێك
وپێك كردن .

(ئامادەيي) سازيي ورێك وپێكي شت .

(ئاماس) ئاوساوي .

(ئامان) هاتن (ه) . قاپ وقاجاخی
مسيين . بوواره «أمان» : ئاوئاگر
(ئامان) يان نيە واتە بووارەي كەس
نادەن . بەناو هانا .

(ئامانج) خزم وخوێش (ز) .
مەبەست . نيشانەيەكە كەنرابێتەوە بۆ
پێكانی .

(ئامانلەرزانە) بەستەيەكی كوردی يە .

(ئامايي) كوێريی .

(ئامباز) شتێكە كە ئاو قەدي
شتێكی تر بووبێ ، (ئامبازبوون) ئاو-
قەد بوون .

(ئامبازد) ئامباز ، (ئامبازدبوون)
ئامباز بوون .

(ئامداگرتي) ز . شتێكە كە تێگرابێ
بێ وەي تاقە يەكێك نەبێ .

(ئامرراز) هاورراز .

(ئامررازيي) هاوررازيي .

(ئامسەر) هاوسەر .

(ئامشۆ) هاتوچۆ .

(ئامشۆكردن) هاتوچۆكردن .

(ئامشۆکەر) کەسێکە کە ئامشۆت
بکا .
(ئامك) پووری خوشکی باووك .
(ئامۆزا) منالی مام .
(ئامۆزازا) منالی منالی مام .
(ئامۆژ) ڕێ نیشان دان .
(ئامۆژگار) کەسێکە کە ئامۆژ-
گاری یەکێك بکات .
(ئامۆژگاری) بەسەر یەکێکا هاتن
وڕێی باش پیشان دان .
(ئامۆژن) ژنی مام .
(ئامۆژیار) د . ئامۆژگار .
(ئامۆژیاری) د . ئامۆژگاری .
(ئامو) هەوجارر .
(ئامە) د . دایك .
(ئامەد) د . بەخت .
(ئامیان) ه . هەوێن .
(ئامێتە) شتی تێکەڵ ،(ئامێتەبوون)
تێکەڵبوون ، (ئامێتەکردن) تێکەڵکردن.
(ئامێژن) د . هەوێنی بەنیرو ماست
(ئامێژەن) تێکەڵکردنی کەمێك
لەشتێکی باش لەگەڵ شتێکی تر بۆباش
کردنی : ئەم ئاردەجۆیە (ئامێژەن)ێك
ئاردی گەنمی لێبدە . فرشك .
(ئان) ز . یان : ئەم شتە(ئان)
ئەو شتە ، واتە یان .
(ئانام) د . ئەندام .
(ئانولوون) د . نازونووز .
(ئانە) ئەوە (ه) . پیتێکە بەهەر
ناوێکەوە بنرێ ئەی کا بە مشبە بە : شێر
(انە) هەستاوەو پیاو (انە) وەستاوە .
ئەبێ بە پیتی پاڵدان «نسبة» لەجێگایە کا
کە ببێ بەموزافوالیە لەگەڵ ئەو ناوەی
کەپیوەی نووساوە : کەوای پیاو(انە)
وکراسی ژن(انە) واتە کەواو کراسێك
کەهی پیاو وژن بێ . دایك(د)
(ئانەشا) ه . ئەوەیان .
(ئانیسك) د . ئانیشك .
(ئانیشك) جومگەیەکە لەناوەندی
باسکو بازوودا .
(ئانیشکە) دارێکی دووبەلەئەبەستری
بە(خوانکە) وەبێی ئاشی بەناوا ئەروات

به‌به‌رزو نزم كردنه‌وه‌ي پێيه‌كه ئه‌ويش
به‌رزو نزم ئه‌بێته‌وه . لووله‌وگوێچي
كه‌وانه داركه بۆسه‌ر سووچ به‌كارديَتري

(ئانيين) ز . هانيين .

(ئاو) شتێكي‌شلي‌رووناكي ئاشكرايه
كه هه‌موو گياندار وسه‌وزايي پێك به
بێ خواردنه‌وه‌ي نازيي . تۆوي
گيانداري نێرو مي

(ئاوا) ئاوه‌دان :ماڵتان(ئاوا)بێ .
وونه‌يه‌كه به‌كار ديَتري بۆپيشانداني
شتێك به‌يه‌كێك له‌سه‌رجۆرێكي‌تايبه‌تي:
من‌چيت پێ ئه‌ڵێم (ئاوا) بكه . شتێكه
له ئاسۆ وون ببێ : رۆژ (ئاوا)يه.

(ئاوابوون) په‌ناگرتن‌و وون
بووني رۆژومانگ وئه‌ستێره له‌لاي‌رۆژ
ئاواوه . وون بووني هه‌موو شتێك
له ئاسۆ .

(ئاوات) شتێكه كه خۆزگه‌ي بۆ
ئه‌خوازري : فيساركه‌س به (ئاوات)ي
خۆي گه‌يشت .

(ئاوانخواستن) خۆزگه خواستن
بۆ شتێك .

(ئاوانه‌خواز) كه‌سێكه كه زۆر به
ئاوات بێ بۆ شتێك .

(ئاوار) ز . جۆره حه‌ڵوايه‌كي‌زۆر
تونده له‌ئاردو دۆشاو دروست‌ئه‌كرێ‌و،
ووشك ئه‌كرێته‌وه وپارچه پارچه هه‌ڵ
ئه‌گيرێ بۆ زستان . چايچي‌ناوماڵ .
خانووي نه‌پيو : فيسار كه‌س بووبه
ژێر (ئاوار)ه وه (د) .

(ئاوارتن) ز . ده‌ربواردني شتێك
له شتێك «إستثناء» .

(ئاوارته)ز.شتي‌ده‌ربراو «مستثنى»

(ئاواتي) كه‌سێكه كه‌زۆر به‌ئاواتي
شتێكه‌وه‌بێ . منداڵێكه كه‌ئاواته خوازي
باوك ودايكي بێ .

(ئاوارخانه) شوێنێكه كه‌چايچي
ناوماڵ‌چاو قاوه‌ي تيالي‌ئه‌نێ .

(ئاواره) مه‌ردومي ده‌ربه‌ده‌ر ،

(ئاواره‌بوون) ده‌ر به‌ده‌ر بوون .

(ئاواره‌كردن) ده‌ربه‌ده‌ر كردن .
هه‌لاڵه‌ي هه‌نگ (م) .

(ئلوارەيي) دەربەدەريی ·
(ئاواريی) د · شتومەكي چاو قاوە كابەبار لەشوێنێكەوە بيرێ بۆشوێنێكی تر
(ئلواز) دەنگی بەرز ·
(ئاوازكردن) بانگ كردن بەبەرزيی
(ئلوازنگ) د· زرراو: (ئلوازنك) بووە ، واتەدەنگي زرراوە و بڵاو بۆتەوە ·
(ئاوازە) ئلواز · دەنگوباس :ـ (ئاوازە) يەكدا كەوتوە كە لەمەولا بە زۆر بەمناڵ نەخوێنرێ ·
(ئاوازەخوان) د · گۆێندە ·
(ئاوازەخوێن) ئاوازەخوان ·
(ئاواڵ) ئلوەژوو ·
(ئلواق) د · كەسێكەچاوی ئەبلەق بووبێ ·
(ئاواكردنەوە) خانوو دروست كردنەوە لەدێیەكي وێران ومەردوم تيا داناني ·
(ئاوان) جۆرە دەفرێكي قەدەلە لەتەرد يا لەمس شتي تيانەهارر رێتەوە.
قاپ وقاجاخي ناو ماڵ. مزي ئاش ·
ئلوەدان · رەساو گوشاد · بەدیوو چۆغلي (ز) ·
(ئلوانتە) خواردن وبردني شتی مەردوم بەخۆررايي ·
(ئلوانتەچي) كەسێكە شتیمەردوم بخوا يا ببيا بە ئاوانتە ·
(ئلواوك) ز · قەشمەري قسە زۆر كەر ·
(ئاوايی) چەن ماڵێكي نیشتەجێ ·
(ئلوبارە) ئاوێكە كەلەبەرزي يەكەوە بيرێ بۆ بەرزی يەكي تر بەهۆي لوح يا تەنەكەوە · جۆگە يەكی گەورەيە لەرۆژاوای شاری سولەيمانی بەوە · هەلاڵەي هەنگ ·
(ئلوباز) د · مەلەوان ·
(ئاوبرر) دەردێكە دووچاری ئاژاڵ ئەبێ لە زۆر ئاوي سارد خواردنەوەوە لە زستانا ، وە كوتو برر ئەی كوژێ ·
(ئاوبەدەمە) قوبوولي كي ئەررو

بررەکە زۆر لە سەرئاگر نەمابێتەوە .
(ئاوبەر) کەسێکە کە ئاو بەگۆزەو
دەفر لەشوێنێکەوە ببا بۆشوێنێکی تر .
(ئاو بەند) دەردێکی کوشندە یەلەناو
سکا پەیدا ئەبێ .
(ئاوباش) ئاووررشێن .
(ئاوبال) د . دەفرێکە شتی‌شلی
پێ ئەباڵێورێ .
(ئاوپرژێن) ئاوورشێن .
(ئاوپژاندن) د . ئاوورشێن کردن
(ئاوپژێن) ئاووررشێن . شتێکە
کەئاووررشێنی پێ ئەکرێ .
(ئاوپەرر) پوازێکە ئەخرێتەباڵ
گوێچی ئاشەوە بۆ ئەوەی راستەخۆ
ئاوەکە بداپە نلوەرراستی پەررەکەدا
(ئاوجز) د . ئاودز .
(ئاوجۆ) د . بیرە .
(ئاوچاوسەندن)د. بریتی‌یەلەترساندن
(ئاوچاودان) د . زاخاوی چاو
دانەوە بەتەماشاکردنی ئافرەتی‌بێگانە .
(ئاوچنین) د . ئاوگرتنی میوەو

هێندێ شتی تر .
(ئاوخانە) د . ئاودەستخانە
(ئاوخۆری) د . دەفرێکە کەئاوی
پێ‌بخورێتەوە . شەربەو گوزەلەی
ئاو .
(ئاوداگ) شوێنێکە کەکانی وئاوی
زۆربێ . درەخت‌و سەوزایی ومیوەی
تەررو نازاو . تیغی جەوهەردار .
(ئاودامان)کالای‌شۆرری‌تاسەربێ
(ئاودان)ئاوکردنە بن‌داروودرەخت
وسەوزایی . دانی ئاو بەوولاخ و
ئاژاڵ . ئاودانەوەی تیغ .
(ئاودانەوە)کردنی تیغی‌سوورەوە
بوو بەئاوا بۆرەق بوون وبررشتی .
(ئاودرر) زەوییەکە ئاو هەڵی
دررینی بێ .
(ئاودررکە) شوێنێکە ئاو دای
درریی بێ وئاوی تیا مابێتەوە .
(ئاودز) ئەشەنەی برین بەهۆی
تەرربوونیەوە ، (ئاودزکردن)ئاودز .
(ئاودزەك) ئەوپارچەیە لەشربنە

کە ئاو هەڵ ئەمژێ .
(ئاودمر) ئاودێر .
(ئاودەس) ئاودەست .
(ئاودەست) ئاودەستخانە .
(ئاودەستخانە) پێشاو .
(ئاودەنگ) کەسێکە دەنگت بیگـانی بۆ گوفتوگۆ لەگەڵا کردنی .
(ئاودەنگی) هاودەمیی یەکێك بۆ یەکێك .
(ئاودێر) کەسێکە کەئاوی کشتوکاڵ بدا بەمانگـانە یا سالانە .
(ئاور) ز . روخساري بەسامي سەنگین وگران .
(ئاوراي) ھ . برسێتی .
(ئاوررۆشنکەرە) گیانداریکي بچکۆلەیرەشە بەسەرئاوا دێتوئەچێ .
(ئاوررروو) شەرم .
(ئاوررروو بردن) بەدناوکردنییەکێك
(ئاوررروت) ئاومرررووت .
(ئاوررروتکردن) ئاومررووتکردن
(ئاوررووچوون) بەدناوبوون
(ئاوررروونکەرە) ئاوررۆشنکەرە
(ئاوررێژ) کەسێکە کەئاویمردو بررێژێ لەکاتي شتنیا . ئاومررێژ
(ئاوزرێژگە) ئاومررێژ .
(ئاورنگ)ئاوونگ . بریسکانەوە
(ئاورنگدان) بریسکانەوە .
(ئاوریشم) شتێکي جواني نەرمي بریسکەداری لەجۆرە کرمێك پەیدائەبێ وەتەنراوو پارچەی نایابی بەنرخي لێ دروست ئەکرێ .
(ئاورینگ) ئاورنگ
(ئاوزان) توانین بۆکردني کارێك، ئەم ووتەیە هەر لەووتاری ئەبوون (نی)دا بەکار دێنرێ : نەرییمان‌نای
(ئاوزێ) کەتەماشای دەرسەکەیبکات یا بزانە سالار ئەي (ئاوزێ) دەمو چاوي بشوات ؟ واتە نایان ئاوزێ
(ئاوزانەچاو) چاو تەرربوون بەهۆی خەفەتێکەوە .
(ئاوزانەدەم) دەم پاراوبوون لە کاتي بینینیخواردنێك وحەز لێکردنیا

(ئاوزوونه) ئاسنێکی باریکی زیانه
داره پشتێن وته‌نگه‌ی پێ توند ئه‌کرێ
(ئاوزه‌نگی) دوو ئاسنه به‌راست‌و
چه‌پی زینه‌وه، سوار پێی تێ ئه‌خات.
(ئاوزه‌نگی ته‌قێن) بڕینی یه‌له‌ناو دانی
وولاخ : (ئاوزه‌نگی ته‌قێن) بۆی
ده‌رچوو .
(ئاوزه‌نگی دار) پێی هێندێ که‌س
که پشته‌که‌ی قۆقز بێ .
(ئاوزه‌نگی لێدان) لێ خوڕینی
وولاخی به زین .
(ئاوزیان) ئاوزان .
(ئاوزیین) ئاوزان .
(ئاوسان) به‌رزبوونه‌وه‌و هه‌ڵکشانی
ئه‌ندامی گیاندار له‌به‌ر ئازارێك .
(ئاوساو) شوێنێکه له‌ئه‌ندام که
هه‌ڵکشابێ .
(ئاوسێ) دراوسێ .
(ئاوسیان) ئاوسان .
(ئاوشار) تافگه .
(ئاوقه) ئاوقه‌د .

(ئاوقه‌د) که سێکه که به‌لاماری
شتێکی دابێ وییا هه‌ڵزنی بێ، (ئاو-
قه‌دبوون) به‌لامار دانی شتێك وییا
هه‌ڵزنینی .
(ئاوکردن) تواندنی ئاوله‌هێندێ
شت بۆ نه‌رم بوونه‌وه .
(ئاوکێش) که‌سێکه به مانگانه
یا به‌رۆژانه ئاووت بۆ بێنێ . خوار-
دنێکه که ئاوی زۆر به‌سه‌را بخورێته‌وه .
(ئاوگرتن) خۆشبوونی میوه‌و
ئاوتێ زانی به‌جۆرێك که بخورێ .
ئاوچنین . ئاوڵه‌ که ئاوی تێ زابێ .
(ئاوگردان) ده‌فرێکی مسینی کلك
درێژه ئاوی له‌کوڵ و هێندێ شتی تری
له‌مه‌نجه‌ڵ پێ هه‌ڵ ئه‌هێنجرێ .
(ئاوگیرکردن) خواردنی شتێکی
که‌م بۆلابردنی برسێتی له‌پێش نان
خواردنا به‌تۆزێك : زۆرم برسیی بوو
(ئاوگیر)ێکم کرد .
(ئاوڵه) ووردبرینێکه له‌ئه‌ندامی
منال دێته‌ده‌ره‌وه .

(ئاو لە دڵرزۆیین) بریتییە لە
برسێتی زۆر ·
(ئاو لە دنگا کوتان) ئاو لە دنگا
کوتاندن
(ئاو لە دنگا کوتاندن)
بریتییەلەکرداروگوفتاري بێهوودە .
(ئاو لە مە) د · بێچووی ئاوسکي
ئاژاڵ کە لە دوای سەربڕینی دایکی
ئە خورێ
(ئاو ماڵ) دراوسێ .
(ئاو ماڵـک) کوتەرەدارێکە کە
ئـاو رای پێچێ و بگیرێتەوە بۆ
سووتاندن·
(ئاو مروار) جۆرە ئاوێکە کە
هاتە ناو چاو کوێری ئەکا بەڵام بە
میل لێ داني رووناك ئەبێتەوە ·
(ئاو مل) هاومل ·
(ئاو ملبوون) بوون بە هاودەم
(ئاووتاو) د · جەخت : فیسار
کەس بە (ئاووتاو) ێکەوە قسەکەي
ئەگێرایەوە واتە بە جەخت وە بە
کوڵ و دڵ ·
(ئاوور) ئاگر . ئاووس (ە)
(ئاوورر) ە· ئاخورر ·
(ئاووررردانەوە) لاکردنەوە بەسەر
بەلای راست یاچەپا .
(ئاووررشێن) پرژاندني ئاو بە
زەویدا .
(ئاوورر لێدانەوە) بریتییە لە
دەستگرتن ویارمەتیداني یەکێك
(ئاووس) گیانداري سك پڕ ،
(ئاووسبوون) سك پڕبووني گیاندار
(ئاووسکردن) سك پڕ کردني گیاندار
(ئاووگڵ) سروشت: (ئاووگڵە)
کەي بەدە . ووتەیەکە بەکار دێبرێ
بۆ یەکێك کەدوور لەنیشتماني خۆی
بمرێ :فیسارکەس (ئاووگڵ) هێنای
بۆ ائرە ، واتەئەبوو ئاووگڵی ئێرەي
بەتووشەوە ببوایە .
(ئاووگۆشت) چێشتی گۆشتاو
(ئاوونك) شەونم . ترێی مێلاق
(ئاوهاتنەوە) رەحەت بووني گیاندار

بەھاتنەوەي ئاوي .

(ئاوەچۆڕر) چۆڕرانەوەی ئاو لەشتێکی تەڕر، (ئاوەچۆڕربوون) نەماني چۆڕرەي ئاوبەشتی تەڕزەوە

(ئاوەخۆرە) سووربێچك . ڕاوي سەرکانیی . ئەو ئەندازەیەیەلەدەم و لێوی وولاخ کە لە کاني ئاو خواردنــەوەدا ئەکەوێتە ناو ئاوەوە . کولۆڕییەکە لە ناوەڕاستی درەختا ئاوي لێوە ئەخواتەوە.

(ئاوەدان) جێگایەکە ئاوابێ . فراوان : ئەمژوورەیائەم کالایە (ئاوەدانە) (ئاوەداني) ئاوایی .

(ئاوەڕ) باوەڕر و یەقین . دڵنیایی

(ئاوەڕرۆ) جۆگەلەیەکە لەمالا باراناو وچڵکاوي لێوە ئەچێتە دەرەوە .

(ئاوەڕرۆگە) ئاوەڕرۆ .

(ئاوەڕرووت) رووت بوونی سەرو پێی ئاژاڵو باڵندەي سەربڕراو لە خوري یامو یاپەڕر بەھۆی ئاوي لەکوڵەوە، (ئاوە ڕرووتکردن) رووتاند نەوەی سەرو پێی ئاژاڵ یا باڵندە بە

ئاوی گەرم .

(ئاوەڕرەش‌ھێنانەوە) ووتەیەکە ئەووترێ بەیەکێك کەزۆر دەنگوباسي ناخۆشت بۆبێنێ وەنوقڵانەی خراپت بۆڵێ بدا : (ئاوەڕرەشت ھێنایەوە) واتەھیواو ڕووناکیت نەھێشتەوە .

(ئاوەڕرێژ) شوێنێکی لێژە کەئاوە ڕرۆی‌شوێنێکي‌لێوەبڕروا :(ئاوەڕێژ)ي سولەیماني ئەچێتەوە سەر تانجەڕۆ .

(ئاوەڕرێس) جۆرە جاوێکي سپي تایبەتی بە .

(ئاوەڕوو) د . شوێني ئاوەزێ

(ئاوەزا) د . ئاوەزێ .

(ئاوەزێ) شوێنی تەڕرو نمدار

(ئاوەژوو) کالاو پۆشاکي ھەڵگە ڕراوە،(ئاوەژووبوون)ھەڵگەڕرانەوە ی کالاوپۆشاك،(ئاوەژوو کردن) ھە ڵگێڕرانەوەی کالاو پۆشاك .

(ئاوەژەنە) ھ . کەلەبەرێکە کەلە پشتی ئاشەوە ئاوی لێوە ئەشکێترێ لەکاتێکا کەئاشەکەبخەوێترێ

(ئاوەژێ) ئاوەژوو .
(ئاوەسوو) شتێکە لەناو ئاوا سوورابێ ولووس بووبێ . بریتی‌یە لە مەردومی بێمار ،(ئاوەسوو بوون) سووان ولووس بوونی شت بەهۆی مانەوەی لەناو ئاوا .
(ئاوەسێ) فەقیانەی کراس .
(ئاوەشکێنە) ئاوەژەنە .
(ئاوەکی) ئاژاڵێ یاووڵاخێکە کە لەمێگەل و ڕزەوەی خۆی بڕ بووبێ وکەوتبێتە ناو مێگەل وڕرەوەیەکی بێگانەوە . شتی‌تەرر .
(ئاوەکی بوون) ئاوەکی کەوتن
(ئاوەکی کەوتن) ئاوارەبوون و دوور کەوتنەوەی گیاندار لە جێ و ڕێی خۆی .
(ئاوەڵ) هاودەم .
(ئاوەلانە) وەڵیفەتێکە ئەدرێ بە شوان بەرامبەر بەهێنانەوەی کارو بەرخێ تازەبوو لەکێوەوە بۆ خاوەنی .
(ئاوەڵچنە) جۆرە کاغەزێکی فشەڵە،نووسراوی بێ ووشك ئەکرێتەوە . کاغەزێکی زۆر تەنکە لەهێندێ شتەوە ئەپێچرێ .
(ئاوەڵزاوا) مێردی خوشکی ژن
(ئاوەڵکراس)بریتی بەلەدەر بێی ژن
(ئاوەنووس) د . عەبەنووس
(ئاوەنیا) گەنم وجۆی بەراو . کوڵەبەست .
(ئاوەوەرە) هـ . ڕاوی سەرکانی
(ئاوهەڵکردن) ئاوکردنە سەر شوێنێك بۆ ئاودانی .
(ئاوهێنانەوە)بریتی بە لەخۆرەحەت کردن بەدەست .
(ئاویار) د . ئاودێر .
(ئاویاریی) د . ئاودێری .
(ئاوێتە) ئامێتە .
(ئاوی ڕەش) ڕەشاوێکە کەچووە پەردەی چاوەوە کوێری ئەکا ، وە ئیتر ڕوونالك نابێتەوە .
(ئاوێز) د.شتێکە کە دارڕێجکە کرابێ .

(ئاوێزان) ئاوێز .

(ئاوێزه)چرایەکي شووشەی گەورەي بلبلەداري لقلقه بەبني میچا هەلّ ئەواسرێ بۆجواني ، وەلەهەر لقێکیا چرایەکی تیاهەلّ ئەگیرسێنرێ

(ئاویشتن) هلویشتن

(ئلوێنه) شووشەیەکي پاکي روونا کە دیوێکي دەرماتێکی پێوەیە ودیوەکەي تري شت ئەنوێنێ .

(ئلوێنەبەند) شوێنێکە ئاوینەی زۆرچەسپ کرابێ بەدیوارەکانیەوە .

(ئلویە) د . شتي ئلويبەراو.سواغ

(ئلویەدان) د . سواغدان .

(ئاوي) جۆرە رەنگێکەلە ئاسماني روون تر . گیانداریکە بەبێ ئلو نەژي . سەوزاییەکە کەئاو پێدرێ

(ئلوینه) ئلوێنه .

(ئله) ووتەي دەربریني داخ و خەفەت . هەناسە : (ئاه)ی تیانەماوە

(ئاها) پیتی سەرسوررمان : ئەلێیت (ئاها) بەیەکێك کەبێت بلێ ئیمرۆ بۆمبای واهەیە شارێك وێران ئەکا

(ئاهار) د . شۆیەکە بەشني ئەنراوەوە بێ .

(ئاهن) ل . ئاسن .

(ئلهوّ) ئەیهۆ . شێتي (ل) . فێ . ئەنگ .

(ئاهك)قسلّ .

(ئاهەنگ) کۆبوونەوەو گۆراني ووتن ورابواردن لەشاي منالّ بوون یاژن هێنان یاخەتەنە سوورانا .

(ئاهەنگ گرتن)پێکهێناني ئاهەنگ وکۆبوونەوە بۆي .

(ئاهەنگ گێرر) کەسێکە لەئاهەنگا گۆراني بلێ وخۆشي بکا .

(ئاهەنگ گێرران)ئاهەنگ گرتن

(ئاهەلکێشان) ئاخ هەلکێشان .

(ئاهیر) ئاگر .

(ئاهێر) ئاگر .

(ئاهیسته) هێدیی ولەسەرخۆ .

(ئاهیستەیي)هێدیتي ولەسەرخۆیي

(ئاهیی) ل . ئاسك

(ئاهیین) ز . نالین .

(ئای، ئاخ .

(ئایا) ووتەي پرسیار .

(ئایاکو) ئایا .

(ئایشای) جۆرە نقامێکی خۆشی کوردییە .

(ئایای) ئایشای .

(ئایندمورەووندە)هاتوچۆکەران

(ئاینولۆین) فرروفێل .

(ئایەر) ھ . ئاگر .

(ئایین) چەن دەستوورو فەرمانێکە کە لەلاین خواوە بەھۆی پێغەمبەرێکە وە نیررابێ بۆ ئادەمیزاد . رەفتارو رەووشت .

(ئسپلر) ل . ھەلگێررانەوەی زەویی ناوباخ .

(ئسترانە) با . لاووکێکە کە سەرگوزشتەي دلداریی پیشان بدا .

(ئستێرك) شوقەللات .

(ئستێنك) با . زمردەوالە .

(ئشکێلێ) ئە شکێلێ

(ئم) پیتی وەرام دانەوە .

(ئمجا) ئنجا .

(ئنجا) ووتەیەکە بەکار دێنرێ لە پاش دەست ھەلگرتن لە شتێك و دەستکردن بەشتێکی تر : تائێستا من کارم کردووە (ئنجا) نۆرەي تۆیە .

(ئنجاکو) ئنجا .

(ئنجاکونێ) ئنجا .

(ئۆ) ئاو (ل) . پیتی بانگ کردن: (ئۆ) باب (ئۆ)دا، واتەئەي باب ئەي دایە

ا . پیتێکە ژنان لەکاتی سەرسوررمانا بەکاری ئەھێنن وەك پیتی (ئەبەررۆ) .

(ئۆە) ز . ووتەیەکە بەکاردێنرێ لەکاتی سەرسوررمان و پێ ناخۆشبوونی کارێکدا .

(ئۆبالێ) گوناح : (ئۆبالێ)ت بە ئەستۆم .

(ئۆبە) ز . ھۆبە .

(ئۆحە) ووتەیەکە رەشە وولاخی بێ لێ ئەخوررێ .

(ئۆخ) . ئۆخەی .ئاخ (ز) .

(ئۆخەی) ووتەیەکە بەکار دێنرێ
لەکاتی دڵخۆشبوون بە شتێك .
(ئۆخەیچ) ئۆخەي .
(ئۆخەیش) ئۆخەي .
(ئۆدە) ژووری خانوو ·
(ئورفە) ناوە بۆجۆرە مقامێك .
ناوە بۆ شارێکی کورد لە رۆژاوای
کوردستانی تورکیادا .
(ئورووسي) د · عرووسي ·
(ئۆسا) د · وەستا ·
· (ئۆغر) رۆیین : (ئۆغر) بێ ،
واتە بۆکوێ ئەچییت ، (ئۆغرکردن)
رۆیین لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێك ·
(ئۆف) پیتی داخ وخەفەت ·
(ئوففە) دەردێکە ئەدا لە سەری
وولاخي بەرزە ئاوبەلوو تیادێتەخرارەوە·
(ئۆقرە) ئارام ·
(ئۆقرەگرتن) ئارام گرتن ودابیین
بوون ·
(ئۆگر) هۆگر ·
(ئۆگە) ھ · ئەوێ ·

(ئولاخ) وولاخ ·
(ئولاخدار) وولاخدار ·
(ئولاغ) ئولاخ ·
(ئولاغدار) ئولاخدار ·
(ئولاق) ز · ئەسپي نارەسەن ·
(ئۆلي) ز · ژوور ·
(ئوموستییلە) ئەموستییلە ·
(ئومێد) هیوا ، (ئومێدکردن)
ئومێدەواریي ·
(ئومێدەوار) هیوادار ·
(ئومێدەواریي) هیواداریي ·
· (ئۆمیی) نەخوێندەوار · بەکەسێك
ئەووترێ کە لە ئەتەوەی (حەسەن)
و(حەسەین) نەبێ ·
· (ئونکیرەم) سییو دۆزیەکی حۆقە·
(ئونیشك) با · کەرە ·
(ئۆوحە) ووتەیەکە رەشەوولاخي
پێ ررانەوێستێنرێ ·
(ئووك) گەروو ·
(ئوونە) ھ · هۆنەوە ·
(ئۆي) ئۆف ·

(ئویف) ووتەي پەسەند کردن .
(ئۆین) فیل .
(ئوێنباز) فیلباز .
(ئوێه) جۆرە چنراوێکی تەنکی کون کونە بۆ جوانی ئەگیرێ بەفەراغی شتا
(ئە) پیتی لەمەولا . « مستقبل » :
(ئە) خوێنم، (ئە) نووسم، واتە لەمەولا . پیتی رابوور دووی درێژەدار « ماضی استمراری» : (ئە) م خوێند (ئە) م نووسي . پیتێکە لە جێی ووتەی (بۆ) یەك بەکاردێنرێ کە بەمەعنا پالدان (نسبت) بێ : قسەي خراپ مەدە (ئە) بال کەس، واتە بۆ لاي کەس.
(ئەبرۆ) برۆ .
(ئەبرەش) مێینەیەکە لە پاش زانی شیری نەبێ بیدا بە بیچووي.
(ئەبلەق) بازوو ، چاوي دا پچڕاو کەتەماشای جێگایەکی تایبەتي ئەکات
(ئەپرەح) ز . یاپراخ .
(ئەتڕەش) زراو .
(ئەتڕشچوون) بریتی یە لە زۆر ترسان وزرا و چوون
(ئەتك کردن) ڤابرروو بردني یەکێك .
(ئەتۆ) تۆ .
(ئەتوو) تۆ .
(ئەتەر) نیشانە و بەلگە
(ئەچنەو) ل . ووتەیە کەبەکار دێنرێ بۆ پیشانداني شتێك بەیەکێك لە سەر جۆرێکی تایبەتی .
(ئەحئەح) ز . دەنگێکە ەوري پێ دەرئەکرێ .
(ئەخترمە) ز . وولاخێکە لە جەنگاله دوژمن گیرابێ .
(ئەختە) ز . یەختە .
(ئەخشاڵ) د . پرروپیتی ناومال.
« ئەخلەخ » د . سوخمەی ژنانە .
(ئەخمکردن) د. ناوچەوان دان بەیەکا
(ئەدا) ه . دایك .
(ئەدابابا) ه . گولێکی سووری بەنجە بەنجەیە وەك دەست .

(ئەددي) ووتەي سەر سوررمان :
(ئەددی) لەوەرامي كەسێكا كە بلّێ سالار
ناخوێنێ .
. (ئەدەب) شەرم : فیسلر كەس زۆر
بە (ئەدەبە) واتە بەشەرمە ، (ئەدەبكردن)
شەرم كردن .
(ئەدەبگرتن) فێر بوونی ئەدەب
وشەرم .
(ئەدێ) ووتەي وەرام دانەوە .
ووتەی ئاگادار كردنـەوە : (ئەدێ)
بابم بۆ ناخوێنێ . ئیتر : (ئەدێ)
چێت ئەوێ ، واتە ئیتر . ووتەیەكە
بـەكار دێنرێ لە جێی ووتـەی
(بەڵێ) : (ئەدێ) لە وەرامي كەسێكا
كە بلّێ تۆ ئەخوێنیت ؟ واتە بەڵێ .
(ئەر) ئەگەر .
(ئەرامەند) ئەرامەندە .
(ئەرامەندە) هـ . داماوی هەژار .
(ئەرامەنە) د . ئەرامەندە .
(ئەرخوت) لۆرە لەپ .
. (ئەرخە) پشتیوان .

(ئەرخەوان) دارێكی گەڵا پانە لە
پێش گەڵادا گوڵێكي سوورەگرێ بە
هێشوو .
(ئەرخەوانسوور) كاتی سوور بوونی
ئەرخەوان لە بەهارا . برێتییە لە
هاتنی لافاو بەزۆریی : ئەوەندە باران
بارییوەتانجەرۆ(ئەرخەوانسوور)هاتووە
(ئەرخەواني) جۆرە رەنگێكە
وەك رەنگي ئەرخەوان .
. (ئەرد) ئەرز .
(ئەررا) ل . مشار . بۆ :
(ئەررا)ی كوێ ئەچیت واتە بۆكوێ
. (ئەرز) زەوي
(ئەرزان) هەرزان
(ئەرزانجان) هەرزانجان
(ئەرزاني) هەرزاني
(ئەرزن) هەرزن
(ئەرزنیی) با .جۆرەهەنجیرێكە
(ئەرزەن) ز . چەناگە.
(ئەرزینك) با . چەناگە
(ئەرژنگ) دارێكی بێ بەروەك

ئەرخەوان وایە .
(ئەرژنگی دێو) ووتەیەکە گیانداری
زلی قەبەی ناشیرینی پێ ئەشوبهێنری ؛
ئەڵێ (ئەرژەنگی دێو) یت .
(ئەرغەوان) ئەرخەوان .
(ئەغەوانسوور) ئەرخەوان سوور
(ئەرغەوانی) ئەرخەواتی
(ئەرقاز) تەپۆڵکە
(ئەرك) ئیش و کاری زۆر رەنج و
باری سەرشان : فیسار کەس (ئەرك) ی
زۆرە .
(ئەرکدار) کەسێکە کە ئەرکی زۆر بێ
(ئەرکە) ئەرك . کارێکی گرنگی
مەبەست کە بەیەکێك بسپێررێ .
(ئەرەبەستە) هـ . دابەستە
(ئەرەج) د . مەچەك .
(ئەرەقچیین) جۆرە کڵاوێکی تەنکە
(ئەرەقگیر) ژێرزین . گومگومەیەکی
لوولە دارە گوڵاو و ئارەقی پێ ئەگیرێ
(ئەرێ) پیتی وەرام دانەوە : (ئەرێ)
لە وەرامی بەکێکا کە لێت پرسێت
خوێندووتە ؟ . پیتی پرسیار : (ئەرێ)
مانگ هەڵات ؟ . پیتی ووریاکردنەوە :
(ئەرێ) ئەرمان بۆ ناخوێنێ .
(ئەز) ز . من
(ئەزبوولە) هەزبێڵە .
(ئەزیە) د . بەهارالێ نلوچێشت
(ئەژدەر) ئەژدەها
(ئەژدەها) ماری زۆر گەورە
(ئەژدیها) ئەژدەها
(ئەژنۆ) جومگەی ناوەندی رران
ولاق .
(ئەژنەفتن) د . بیستن
(ئەژنەوا) د . گوێرایەڵ
(ئەژنەوتن) ئەژنەفتن
(ئەژنەویین) ئەژنەوتن
(ئەسپ) گیاندارێکی ئێری یالاّ
بەرزی ناوپشت چاڵی دارریژراوی
بەهێزە سواریی پێ ئەکرێ . ناوەبۆ
داشێك لە داشەکانی شەترنج .
(ئەسپاردن) سپاردن .
(ئەسپایی) هێواشی .

(ئەسپزە) د . کەپەك

(ئەسپیدار) سپیدار

(ئەسپۆن) گیایەکی کوێستانی بەهاریی یە بنکێکی هەیە ووردئەکرێ وەك سابوون بەکار ئەهێنرێ .

(ئەسپوول) هـ . سپڵ

(ئەسپەلسینە) پایسکل .

(ئەسپەدارینە) ئەسپێکە لە دار دروست ئەکرێ ومناڵان سواری ئەبن بۆ یاریی .

(ئەسپەر) د . ئەسپەرە

(ئەسپەردن) سپاردن

(ئەسپەردە) سپاردە ، (ئەسپەردە کردن) سپاردن .

(ئەسپەرە) دارێکی کون دارە ئەخرێتە کلکی بێڵەوە بۆ ئەوەی لە کاتی زەویی کێڵانا پێی بخرێتە سەر وهێزی بدرێتێ . ئەگریجە .

(ئەسپەرێز) ئەندازەیەکە کەسوار تیالنگ بدا (د) . ناوی دێیەکە لە هەورامان .

(ئەسپەشینە) باڵندەیەکی رەنگاو رەنگەلە (کەررەواڵە) گەورەترە ، لەکاتی هەڵفرینیدا دەنگێکی لێوەدێ لەحیلەی ئەسپ ئەچێ .

(ئەسپەك) دەردێکە هێندێ جار ئەداتەسەری گرانەتێدارو ئەیزرر کێنێ . گیایەکە وەك (تێرکس) وایە ئەگیرێتە سەری ئەسپەك دار .

• (ئەسپەناخ) جۆرە سەوزیی یەکە وەك سڵق ، بەڵام ئەم گەڵای باریکترە ئەکرێ بەچێشت .

(ئەسپێ) دەعبایەکی بچووک چنگاویی بەئالۆشە ، ئەداتە جەستەی گیاندار .

(ئەسپێکوژە) برینی یە لە پەنجە گەورەی دەست .

(ئەسپێوون) کەسێکە کەجەستەی زۆر ئەسپێ هەڵێنێ .

(ئەستریلك) سرێش

(ئەسترِی) جۆرە درەختێکە گوڵی وەك خەزێم وایە . دررك

(ئەستنگ) با . چزووی دووپشك
وزمردمواڵە وهەنگ . پلەی شاخ
(ئەستو) ئەستۆ
(ئەستۆ) ئەستوورایی مل .
(ئەستورك) ئەستوركە .
(ئەستوركە) كولێرەساجی ئەستوور
(ئەستۆك) ئەستۆ
(ئەستوندەكە) كۆڵەكە
(ئەستونگ) د . ئەستوون
(ئەستوور) شتێكە كەتەنك نەبێ
(ئەستووران) لۆكوخوریی بەكەكە
ئەستوور رێسرابن .
(ئەستوورایی) عاستی ئەستووریشت
(ئەستوورك) ئەستوركە .
(ئەستووریی) ئەستوورایی
(ئەستوون) كۆڵەكە . كۆڵەكەی
دەوار .
(ئەستونە زێرینە) بەلكەزێرینە
(ئەستێ) پارچە پۆلایەكی كەوانە
دارەكە لەبەردە ئەستێ بدرێ ئاگر
ئەهێنێ :

(ئەستێر) ئەستێل .
(ئەستێررك) شوفەللەت
(ئەستێرك) ئەستێل .
(ئەستێركە) ئەستێرك .
(ئەستێرە) ئەو شتە رووناكانەن
كەشەو بەئاسمانەوە ئەدرەوشێنەوە .
(ئەستێرە ژمێر) جۆرە ·وورروو
یەكي سووركلري بریسكەدارە وەك
ئەستێرە جریوەي دێ ، ژنان لە
زێررو زیوي ئەگرن رنەی كەنەملیان
(ئەستێرەشناس) كەسێكە ـ گوایە ـ
بەهۆي ئەستێرەوە شتي نادیار بزانێ
(ئەستێل) كۆلێكي گەورەیە لەبەر
دەمي ئاوێكي كەبادروست ئەكرێ بۆ
ئەوەی كەبرربووبەئاسانيشیناپی بێ
ئاو بدرێ .
(ئەستێلە باخەڵ) یاریی‌یەكە چەن
كەسێك دائەنیشن وەستاكەیان شتێك
لەباخەڵیانا ئەشارێتەوە هەركێكیان
دۆزییانەوە ئەبێ بەوەستا
(ئەستێوڵك) ئەستێووڵك

(ئەستێووڵك) ئاسنێکی دەم پانی کلك
درێژە هەویری ووشکەوە بووی لە
(کوول)بێ ئەکرێنرێ
(ئەستیو) خاکەنلزی ئاگر
(ئەسر) د . فرمێسك
(ئەسرین) ه . فرمێسك .
(ئەسکلێ) سکلی ئاگر .
(ئەسکوداری) ز . جۆرە سەر
پێچێکە کەکوردی تورکیا ئەی بەستن
(ئەسکوێ) کەوچکێکی گەورەی
دەم زلی کلكدرێژە چێشتی شلەی لە
مەنجەڵ پێ تێ ئەکرێ .
(ئەسکەرێ) د . جۆرەترێیەکە.
. (ئەسکەمل) جۆرە کورسی یەکی
بێ کەسییە . یاریی یەکە بە جۆرە
کاغەزێك ئەکرێ . کاغەزێکە کەیاریی
(ئەسکەمل)ی پێ ئەکرێ .
. (ئەسکەناس) جۆرە دراوێکی
ئێرانی یالەکاغەز وەك دیناری عراقیی .
(ئەسکەنە) ئاسنێکی دەم تیژە دار تاش
داریی پێ هەڵ ئەکەنێ

(ئەسمەرپێچ) جۆرە چیغێکی
تایەتی یەبەبەنی رەنگاورەنگ ئەچنرێ.
(ئەشخاڵ) ئەخشاڵ .
(ئەشرەفیی) جۆرە دراوێکی
زێڕینی بچکۆلانەبە ئەکرێ بە پلپلەی
هێندێ چەکی ژنانە . جۆرە گوڵێکە
وەك گوڵەباخ بەڵام ئەم بۆنی کەمترەوە
گەلێ رەنگی هەیە.
(ئەشقەمە) ه . وورگی ئاژاڵ کە
هێشتا پیسیی یەکەی لێ فڕێ نەدرابێ.
(ئەشکنج) بۆشایی لای راست و
چەپی بەر موسڵدان .
(ئەشکنجە) ئاسنێکی درێژە
ئاسنێکی پێچ پێچ بەسەرە کەوەیەتی ،
دەرگاوپەنجەرە و هێندێ شتی تری لە
پێش داکوتانا تێ ئەخرێ و لێی توند
ئەکرێ بۆ جووت بوونی ، ئنجا لە
ناویا دائەکوترێ .
(ئەشکەرە) ز . ئاشکرا .
(ئەشکەفت) د . ئەشکەوت .
(ئەشکەڵە) د . قوڵفەکانی دەوارەکە

بەیەکا ئەکرێن و داریان پیا ئەکرێ
وئەبەسترێن بەیەکەوە . چێوجەڵە .
ئەشکنجە .

(ئەشکەملووررییدە) شکەملووررییدە

(ئەشکەنجە) د . ئەشکنجە .

(ئەشکەنلووررێی) ئەشکەملووررییدە

(ئەشکەنلووررییدە) ئەشکەملوورر
ییدە .

(ئەشکەوت) کولۆرایی یەکی نارریکە
لە کەژو کێوا بەشەو دررندەوجانەوەر
ستاری نیائەگرن .

(ئەشکێل) چواربەل بەستنی وولاخ و
بەزمویی دا دانی .

(ئەشکیل) د . باوەن .

(ئەغز) داگیر کردنی شتێك لە
بەکێك .

(ئەغزە) کاغەزێکی لوول کراوە
ئەخرێتە قنگی جگەرەوە .

(ئەفسانە) بەسەرهات وسەرگوزەشتی
بررو بووج .

(ئەفسووس) ووتەی دەربرریینی
خەفەت . داخ و خەفەت .

(ئەفسوون) د . جادوو کردن
لە یەکێك .

(ئەفسوونباز) جادووگەر .

(ئەفشار) ناوە بۆ جۆرەمقامێك .

(ئەفەرۆز) یەکێکە دەرکرابێ و
دوور خرابێتەوە ، (ئەفەرۆز کردن)
دەرکردن و دوورخستنەوەی یەکێك .

(ئەفێهار) ز . ووتەیەکە ئیشارەی
پێ ئەکرێ بۆ تەنها یەکێکی نزیك .

(ئەفێهانێ) ز . ووتەیەکە ئیشارەی
پێ ئەکرێ بۆ یەکێك یا دوویاسێکەس .

(ئەف) ز . ووتەیەکە ئیشارەی
پێ ئەکرێ بۆ تەنها یەکێکی نزیك .

(ئەفان) ز . ووتەیەکە ئیشارەی
پێ ئەکرێ بۆ دوان یا زیاتر .

(ئەفراز) ز . هەوراز .

(ئەفینی) ز . خۆشەویستی و
دڵبوون بە شتێکەوە .

(ئەك) دەك .

(ئەککوو) ئەك .

(ئەگرە) ئێرە

(ئەگریجە) مووی سەری ژن لەعاستی ڕوومەتی ·

(ئەگەر) پیتێکە بەستەوەی شتێك بەشتێکی ترەوە ئەگەیەنێ : (ئەگەر چاك بیت چاکە ئەبینیت ·

(ئەگین) ئەگینا .

(ئەگینا) ووتەیەکە بەکار دێنرێ لەناوەندی دوو ووتارا بەستەوەی بوونی ووتاری دووەم بە نەبوونی ووتاری یەکەم ئەگەیەنێ : وەرە (ئەگینا) دێم ، واتە کاتێك من دێم کە تۆ نەیەیت ، یان مەیە (ئەگینا) نایەم ، واتە کاتێك من نایەم کەتۆ بێیت ·

(ئەگینە) ئەگینا .

(ئەلأمەت) هەلأمەت ·

(ئەلف) ناوە بۆ پیتی یەکەم لە بیستو حەوت پیتەی کوردی ، ئەلف لەسەرەتای ووتەوەولەناوە راستیەوەومولەدوایی‌یەوەئەبێ، ئەلفێك کە لە سەرەتاوە بێ لە سەرسێ جۆرە (١) : أصلی ، (٢) وصلی (٣) زیاد ، أصلی ئەلفێکە فرێ‌دانی دروست‌نەبێ وەك (ئاو ، ئاگر) ، وصلی : ئەلفێکە کە فرێ دانی دروست بێ وەك (ئەگەر) کە دروستە بڵێیت (گەر) ، زیاد : ئەلفێکە کە اصلی ووشە نەبێ وەك (ئەمن ، ئەتۆ) کە اصلەکەیان (من ، تۆ) ن ·

ئەلفێك کە لە ناوەراستەوە بێ لەسەردوو جۆرە ·

(١) ئەلفی بەستەوە «ربط» کە دوو ووتە بە یەکەوە ئەبەستێتەوە وەك (سەرانسەر ، بەرامبەر ، سەراپا) ·

(٢) ئەلفی زیاد وەکو (خەمخوار ، ڕێکوزار) کە أصلەکەیان (خەم‌خۆر ، ڕێکوزەر) ·

ئەلفێك کەلەدوایی‌یەوەبێ‌هەرأصلی ئەبێ وەك (ئنجا ، کوێخا)

(ئەلفو بێ) ناوە بەکورتی بۆ هەموو پیتەکان:(ئەلفو بێ)ی ئەخوێندەوە

(ئەلفە) . ئەشکێل ·

(ئەڵقاوێز) د . ئەڵقەرریز .
کەسێکە کە بەسێ‌دارە دا کرابێ .
(ئەڵقابێ) د . دەرگای گەورە
(ئەڵقە) چەمەرەیەکی گردی
هاتووەوە یەکە لە ئاسن یالەزەردیاشتی تر
(ئەڵقە بەگوێش) بەندەي
زەرخریدە .
(ئەڵقەدان) پێچ خواردنی‌مار .
(ئەڵقەرریز) ئاسنێکی‌ئەڵقەئەڵقەی
تێك‌هەڵکێشراوەدەرگای پێ دائەخرێ
(ئەڵقە مچی) ئەڵقەیەکی زێرینە
سەرەکەی لەباتی نقێم (غازی) یا
(ئەشرەفی) یەکی پێوەیە ژنان ئەیکەنە
پەنجەی دۆشا و مژەیان .
(ئەڵلاوەیسی) جۆرە مقامێکی
کوردیی خۆشە .
(ئەللو) ل . هەڵووژە .
. (ئەڵماس) جۆرە بەردێکی سپیی
گران‌مایەیە شووشەی پێ ئەبررێتەوە .
(ئەڵماستەراش) پیاڵە وبەرداخێکە
کە ئاشرابێ و گۆشە گۆشە بێ .

(ئەلووجە) هەڵووژە
(ئەڵووژە) هەڵووژە
(ئەلۆوجەلۆ) عەلۆوجەلۆ
(ئەڵها) د . کەڵکەڵەو ئارەزوو .
خواهیش .
. (ئەلیرەم) هەشت یەکی حۆقە .
(ئەم) ووتەیەکە ئاقەشتێکی نزیکی
پێ پیشان ئەدرێ . ئێمە
(ئەمان) ووتەیەکە چەن شتێکی
پێ پیشان ئەدرێ .
(ئەمانە) ئەمان .
(ئەمجا) ئنجا .
(ئەمدیوئەودیو کردن) ئەمدیوو
ئەودیو کردن .
(ئەمدیوو ئەودیو کردن)هەڵگەـ
ررانەوەي باڵ‌کەووتوو لەسەرلا یەکەوە
بۆلاکەی‌تری . بریتی‌یە لەووردبوونەوە
وتێبینین‌لە کارێکا . هەڵگێڕانەوەي‌شت
(ئەمڕۆ) ئیمڕۆ
(ئەمڕۆکە)ئیمڕۆ .
(ئەمساڵ) ئیمساڵ .

(ئەمشەو) ئیمشەو .

(ئەمن) من .

(ئەمنە) ئەمەندە .

(ئەموست) پەنجەی دەستو پێ .

(ئەموستبەستە) دەست خەرروٚ .

(ئەموستەچاو) بریتی یە لە شەوی
روٚژ زٚریك .

(ئەموستەوینە) ئەموستیلە .

(ئەموستیلە) ئەلقەیەکی زێڕین
یا زیوینە کە سەرەکەی دوگمەیا
نگینێکی بێ ، ئەکرێتە پەنجەی دەست
بۆ جوانی . پارچە تەنەکەیەکی گرنج
گرنجە کاڵادروو لە دروومانا ئەیکاتە
پەنجەی بۆ ئەوەی کە لەقنگی دەرزی
یەکەی گیر بکا .

(ئەمە) ئەم .

(ئەمەك) مزی چاکەی کەسێك
بەسەر کەسێکی ترەوە : (ئەمەك)ی
فلان کەسم بەسەرەوەیە .

(ئەمەکدار) کەسێکە کە ئەمەکی
بەسەرەوە بێ

(ئەمەندە) وەتەیەکە ئەندازەیەکی
نزیکی پێ پیشان ئەدرێ .

(ئەمەهە) د ئەمە .

(ئەمەهەی) ئەمەهە .

(ئەمهێ) ئەمەهە .

(ئەمێ) وەتەیەکە شوێنێکی
نزیکی پێ پیشان ئەدرێ .

(ئەمێستا) ئێستا .

(ئەمێستاکە) ئەمێستا

(ئەمێستە) ئێستە .

(ئەمیستەکە) ئێستەکە

(ئەنار) هەنار

(ئەنازە) ئەندازە

(ئەناز بوون) ئەمباز بون

(ئەنجام) دوایی کارێك .

(ئەنجامدان) بڕینەوەی کارێك

(ئەنجامە) ئاسنێکی دوولایی یەتای
دەرگاو پەنجەرە و شتی تری پێ دا
ئەکوترێ .

(ئەنجنین) جنین و وورد کردنی
شت ، (ئەنجن ئەنجن) شتی زۆر جنراوی

وورد .
(ئەنجومەن) لیژنەیەکی تایبەتی یە
کە پێکهاتبێ بۆ دووانو کۆڵینەوە
لە شتێك .
(ئەنجومەنی بەڕێوەبەری) مجلس
ادارە .
(ئەنجومەنی شارەوانی) مجلس بلدیە.
(ئەنجە) د . شتی جنراو ،(ئەنجە
ئەنجە) ئەنجن ئەنجن .
(ئەنجیر) هەنجیر .
(ئەنجینە) د . چیلکەوچەواڵ .
(ئەنداخت) تفەنگ و تۆپهاویشتن
بۆ نیشان .
(ئەندازە) چەندێتی شت لەدرێژی
باڵای یا بەرزیی یا قەبارەی «هندسه» .
(ئەندازەگر) کەسێکە کە پیشەی
گرتنی ئەندازە بێ «مهندس» .
(ئەندازەگرتن) گرتنی چەندێتی
وقەبارەی شت .
(ئەندازیار) ئەندازەگر «مهندس»
(ئەندام) جەستە . یەکێکە لە لیژنە
یەکە چەن کەسیی
(ئەندێس) مەترسی (ئەندێشی)
لێ مەکە
(ئەندێشە) ئەندێش .
(ئەنگاوتن) لێدانو پێکانی شتێك
(ئەنگاوتە) دەردی کوتوپڕ بێ .
(ئەنگاوتە) لەگۆی دڵی دا .
(ئەنگۆ) ئێوە .
(ئەنگوتك) گونك .
(ئەنگۆرە) لەمەوپێش .
(ئەنگوس) د . ئەنگوست
(ئەنگوست) پەنجە .
(ئەنگوستەویلە) ئەموستەویلە .
(ئەنگوستیا) ئەنگوشتیا .
(ئەنگوستیلە) ئەموستیلە .
(ئەنگوشت) ئەنگوست .
(ئەنگوشتیا) کەسێکە ئەوەندە
ناسراو بێ بەئەنگوشت پیشان بدرێ
(ئەنگوشت نیشان) شتێکە کەنرابێتە
وە بۆ دزین . ئەنگوشتیا
(ئەنگوشتەویلە) ئەنگوستەویلە .

(ئەنگوشتیلە) ئەنگوستیلە .
(ئەنگووتن) هەڵکردنی بابەهێواشی
: بای بەیان (ئەنگووت) . هەڵەنگووتن
(ئەنگووچك) فەقیانەی کراس .
(ئەنگوور) ترێ .
(ئەنگیر) ل . ترێ .
(ئەنی) با . نلوچەوان .
(ئەنێش) د . ئەندێش .
(ئەنیشك) با . ئانیشك .
(ئەنیسوون) بەری گیایەکە وەك
کونجی وایە بەڵام ئەم توزێك گەورەترە
بۆ دەرمان بەکار دێنرێ
(ئەو) ووتەیەکە تاقە شتێکی دوور
یا نادیاری پێ پیشان ئەدرێ .
(ئەوا) پیتی ئێستایی «أداتی حال»
: (ئەوا) ئەنووسم ، واتە ئێستا ئەو(ز).
(ئەواگل) د . گەرانەوە .
(ئەوان) ووتەیەکە چەن شتێکی
دوور یان نادیاري پێ پیشان ئەدرێ
(ئەوانە) ئەوان .
(ئەوانەی) ووتـەی پەیوەست
« موصول » بۆ چەن کەسێك :
(ئەوانەي)ئەیبرن بەبیرن .
(ئەوباش) د . سەرسەریی .
(ئەوتۆ) ووتەیەکە پەیوەستی ئەخانە
نلوەندی دوو ووتارەوە : پیاوي
(ئەوتۆ) بووە هەرگیز درۆي نەکردوە .
(ئەوتەو) ئەوتۆ .
. (ئەوجە) د . پێویست :(ئەوجە)
بەوە ناکا ، زۆرترلەنەبوونلابەکاردێنرێ
(ئەودالّ) د . عەودالّ .
(ئەورا) هـ . برسێتي
(ئەورە) ئەوێ .
(ئەوسا) ئەوحەلە .
(ئەوسار) هەوسار
(ئەوقەد بوون) ئاوقەد بوون .
(ئەوکێ) ز . ووتەیەکە لە جیاتی
ووتەی (یارو) بەکار دێنرێ .
(ئەوگار) د . پەرێشان و
گرفتار . برینداار .
(ئەوەنە) د . ئەوەندە .
(ئەووك) با . قوررگ .

(ئەوە) ووتەیەکە تاقە شتێکي
دووري بێ پیشان ئەدرێ . ئەمە.
(ئەوەئامای) هـ . هاتنەوە .
(ئەوەتە) ئەوەتەی . ووتەیەکە
شتێکي لە دوورەوە پێ پیشان ئەدرێ:
مانک « ئەوەتە »
(ئەوەتەی) ووتەیەکە سەرەتای
کاتی ئیشێك ئەگەیەنێ: (ئەوەتەي)
بیرم کردوەتەوە درۆم نەکردووە .
(ئەوەتي) ئەوەتەي
(ئەوەجە) ئەوجە
(ئەوەنـدە) ز . ووتەیـەکە
ئەندازەي شتێکی دیاری پێ پیشان
ئەدرێ .
(ئەوەهەی) ئەوەی . .
(ئەوەی) ووتەي پەیوەسـت
« موصول » : (ئەوەي) کوردە
گوردە . ئەوە : (ئەوەی) یێنە
(ئەوێ) ووتەیەکە بەکار دێترێ
بۆ پیشاندانی جیگایەکي تۆزێك دوور.
(ئەوێیا) ز . ئەوە

(ئەویي) ووتەي پەیوەست وەك
ووتەي (ئەوەی) : (ئەویي) زانایە
بەختیارە . ئەوە : (ئەوىی) یێنە .
(ئەهـ) ووتەیەکە بەکار دێترێ
لە کاتێکا کە مەردوم شتێکی
ناخۆش لە دەست خۆي یا بەکێکی
تر بقەومێ : « ئەهـ » لەکاتێکا شتێك
بەدەستەوە بشکێت . ووتەیەکە نەخۆش
بەدەم نەخۆشـیەوە بە بێ یەروا
ئەیلێت .
(ئەهـا) ووتەی یێدار کردنەوە
: (ئەهـا) فیسـار کەس ا. ووتەی
سەرسوورمان : (ئەهـا) لە کاتي بیستنی
شتێکی سەیرا . ووتەي تەلفیس :
(ئەهـا) لە وەراي بەکێکي بێ ئەوودا
کە هەررەشەیەکت لێ بکات ، واتە
تۆ چییت ؟ کە شتی وات لەدەست بێ.
(ئەهك) ل . قسلێ .
(ئەهای) د. ووتەي یێدار کردنەوە
(ئەهۆ) ئەهـا .
(ئەهێو) ووتەي تەلفیـس و

گاڵتە پێ کردن ·

(ئەي) ووتەي بانگ کردن :

(ئەی) خواداد لە دەست ڕۆژگار ·

ووتەی پرسیار : (ئەی) ئەرییان

لە کاتێکا کە پێت بڵێن (ووریا) و

(ئەزاد) چوون بۆ دەرەوە · ووتەي

وەرام : (ئەی) لە وەرامي یەکێکا

کە پێت بڵێ خوێندووتە ؟ ، واتە

بەڵێ · هەی

(ئەیار) مانگی مایس کە سیی و

یەك ڕۆژە ·

(ئەیارە) هەیارە

(ئەیرڕۆ) هەي ڕڕۆ ·

(ئەیلوول) مانگي نۆهەمي ساڵي

ڕۆژیە کە لە ناوەندی ئابو تشرینی

یەکەم دایەوە سی ڕۆژە

(ئەین) ڕۆژي جومعە ·

(ئەینا) ووتەیەکە بەکار دێنرێ

لە وەرامي یەکێکا کە پرسیارت لێ

بکا لە کردنی کارێك کە تۆ زۆر

ڕوو ست لە کردنیا : (ئەنا) لە

وەرامی یەکێکا کە لێت بپرسێ ئایا

تۆ ئارەزووي پارەتی دانی هەزارانت

هەیە ؟ واتە چۆنم نی یە ؟

(ئەینوو) ئەین ·

(ئەینە) هـ · ئەوێ ·

(ئەینی) ئەینوو ·

(ئەیە) هـ · ئەمە

(ئەیەرڕۆ) ووتەیەکە ژنان ئەی

لێن لە کاتي سەر سووڕمان و بیستی

شتێکی ناخۆشا ·

(ئەیهۆ) ووتەی پیا هەڵشاخان و

وەڕس بوون لە گوفتارێك یا کردارێك

(ئەیهۆ) لە کاتێکا کە یەکێك

درێژە بدا بە ووتارێك یا کردارێك ،

واتە بیبڕەرەوە ·

(ئەیهوو) ئـەیهۆ ووتەي

رابووردووی هەرە دوور (ئەیهوو)

لە کاتي گێڕانەوەي بەسەرهاتێکی

زۆر کۆنا ، واتە ئەم بەسەر هاتە زۆر

کۆن و دوورە ·

(ئەی) ووتەیەکە داوای دڵنیایي

له ووتاریسکا پێ ئەکرێ : (ئەپی)
لە کاتێکا کە یەکێك قسەیەکت بۆ
بگێڕێتەوە ، واتە بەراستی واەە ·
ئەی‌پی ،

(ئەی‌پی) ووتەیەکە بەکار دێنرێ
لەومرامی یەکێکا کەقسەیەکت بۆبکا
وتۆش باوەڕی پێ‌نەکەیت وەلەگەڵ
ئەوەشدا تەڵفیزی پێ‌بکەیت :(ئەی
پی) لەومرامی یەکێکا کەیێت بڵێ لێت
ئەدەم ، واتە شتی‌واله دەست‌تۆ نایەت

(ئێ) پیتی باوەڕ کردن : (ئێ)
لەومرامی یەکێکا کەقسەت بۆبکا ،
واتە راست ئەکەیت . ئا . ستێکە
قسەی‌پێ دائەمەزرێنرێ لەگەڵ یەکێکا:
(ئێ) فیسارکەس ! لەکاتێکا کەبتەوێ
بی‌هێنیتە قسە . پیتی سەرسوڕمان.

(ئیبراهیمی) جورە مقامێکە .

(ئیجگار) ووتەیەکە بەکاردێنرێ
بۆزۆری شتێك : فیسارکەس(ئیجگار)
زیرەکە .

(ئیجگارەکی) ئیجگاری

(ئیجگاری) ووتەیەکە بۆ رانەوە
وئەوپەڕی شت نشان ئەدا · فسلر
کەس « ئیجگاری » رۆیی ، واتە
جارێکی ترنایەتەوە .

(ئختیار) ئادەمیزادی سر ،
(ئیختیاربوون) پیر وون ، (ئختیاری)
پیری

(ئید) ه . ئەمە .

(ئیدەك) ز . یەدەك .

(ئیدی) ئسر .

(ئیر) ه . ئاگر .

(ئیراق) ه . بەربەرووچکە .

(ئیرانە) ئیرە .

(ئیرفست) ز . دارێکی گەلا
ووردی هەمیشە سەوزی درر کلوپی‌یە·

(ئیرو) ز . ئیمرۆ

(ئیرە) ووتەی‌پیشاندانی جێگای
نزیك .

(ئیرەق) دارێکي دووبەلە ، بەلە
کورتەکەی گانی پیانەکرێ وبەلە
درێژەکەی‌بزانی لی‌ئەدرێت وولاّجی

بەکسم کەکێري رەپ بێ .
(ئێرەقان) نەخۆشي زەردوبي
(ئێرەقبوون) رەپ بوونی کێرێ
وولاخي بەکسم ، (ئێرەقکردن)
رەپ کردنی کێري وولاخي بەکسم
(ئێرەقە) ئێرەق جووت .
(ئێزا) د. پاداش : خوا (ئێزا)ت
بداتەوە
. (ئیزرم) چوارپەکی خۆقە .
(ئێژگلێ) ل . پشکۆ ئاگر
(ئێسا) ئێستا
(ئێساکە) ئێستاکە .
(ئیسالێ) ز . ئیسالێ
(ئیست) وەستانێکی کەمەکانی
کردار یاکوفتارێکا ، (ئیستکردن)
وێستانێکي کەم .
(ئیستا) ئێستا
(ئێستا) ئەودەمەیەکە تۆی تیابت
(ئیستاکانی) ئێستاکانێ
(ئێستاکانێ) ئێستاکە .
(ئیستاکوني) ئێستاکوونی

(ئێستاکونێ) ئێستاکانێ .
(ئیستاکە) ئێستاکە
(ئێستاکە) ئێستا .
(ئێستر) وولاخێکی چوارپەل
ئەوەیوبارەبەر ، دایکی مایەو باوکي کەر
(ئێسترسوار) سوارەی ئێستري
دەوڵەتي .
(ئیستە) ئێستە
(ئێستە) ئێستا
(ئیستەکانێ) ئێستەکانێ.
(ئێستەکانێ) ئێستا .
(ئیستەکە) ئێستەکە
(ئێستەکە) ئێستا
(ئیستەکونی) ئێستەکونی
(ئێستەکونێ) ئێستەکە
(ئیستیکان) پیاڵەی چایي .
(ئێسقان) شتێکی رەقي سپي یەلە
جەستەي گیاندارا گۆشتو دەماري
بەسەرا دێ .
(ئێسك) ئێسقان . شێوەو تەحر
: فیسارکەس (ئێسك)ي سووکە

(ئێسکسووک) بریتیە لە شتی
جوان کەبچێتە دڵەوە
(ئێسکقورس) بریتیە لە شتی
ناشیرین کەنەچێتە دڵەوە .
(ئێسك گران) ئێسکقورس
(ئێسکوپروسك) ئێسقانی‌پوواوی
رزیو : فیسلرکەس ئەوەندە دەمێکە
مردووە (ئێسکوپروسك) یشي نەماوە
. (ئیسلام) کەسێکە کە لەسەر ئاینی
حەزرەتي محمد بێ
(ئێسە) ئێستە
(ئێسەتێ) ئێستە
(ئیش) د . ووتەی نەفرین :
(ئیش) لەوشتە ، وانە تف‌لەوشتە
(ئێش) ژان وئازار .
(ئێشان) ژان کردني ئەندام
(ئێشك) ئاگاداریي و بەدیارەوە
بووني شتێك .
(ئێشکچي) کەسێکە کە بەلای
شتێکەوە بێ وئاگاداری بکا .
(ئێشك گر) ئێشکچي

(ئێشك گرتن) ئاگاداریکردني
شتێك وبەدیارەوە بووني .
(ئێفق) ز . یەغني
(ئیفتادە) ئادەمیزادی پیری
کەفتەکار .
(ئیفلیج) کەسێکە کەشەپلەلێی‌دابێ
(ئیفلیجی) نەخۆشی شەپلە .
(ئێقار) ز . ئێوارێ .
(ئێق) هێڵنج .
(ئێقدانەوە) هێڵنج‌دان . قرو
قێنەدانەوە . بریتیە لە شەپۆل داني
ئەڵە بالێی‌زۆر بەرەنگێکی وا کە پاشەو
پاش بگەڕرێتەوە لە بەر زۆری
(ئێقکردنەوە) ئێقدانەوە .
(ئینقلاب) بەرکوت .
(ئێك) هێلکە .
(ئێگرەمێژرەم) شانزەیەکی حوتە .
(ئێگە)ە. لێرە .
(ئێل) عێل .
(ئێلاخ) کوێستان .
(ئێلاخ) ئێلاخ .

(ئێلجارڕي) ئیلجارڕی و گەلە کۆمەکي

(ئێلچی) سەفیر و نماینده . نوێنەچی .

(ئێلەك) هێلەك

(ئێلیان) ھ . هێلانە

(ئیم) ئەم . ئیمڕۆ ، ئیمشەو ، واتە ئەمڕۆ ، ئەمشەو

(ئیمچوون) دەستەیەك ناڵ و بزمار

(ئیمڕۆ) ئەو ڕۆژەیە کە تۆی تیا بت

(ئیمساڵ) ئەو ساڵەیە کە تۆي تیایت

(ئیمشەو) ئەو شەوەیە کە تۆي تیایت

(ئێمە) وشەیەکە بەکار دێنرێ بۆ نیشاندانی خۆت و ئەو کەسانەي کە لەگەڵتان و دە بە ناوي ئەوانیشەوە قسە ئەکەیت

(ئێمەمانان) ئێمەو ئەو کەسانەي کە وەك ئێمە وان . (ئێمەیانان) لە یارمەتی پشتمانا کۆتایی ناکەین

(ئێمەومانان) ئێمەمانان

(ئینج) دوانزەیەکی فووتێك

(ئینجا) ئنجا

(ئینجارە) ر . ئەمجارە

(ئینجاکوو) ئنجاکووێ

(ئینجاکوونێ) ئنجاکوونێ

(ئینجانە) شتێکي گڵینی سوور ـ ڕەوەکراوە ، وەك بنکە گۆزە وایە گوڵي تیا ئەڕروێنرێ

(ئینجەو وینجە) د . دەعیەو دەماری بە بێ‌جێ .

(ئێنە) د . ئەوێ

(ئێوارە) کاتي ڕوژاوا

(ئێواری) ئێوارە

(ئێوە) وشەیەکە ئەووترێ بە چەن کەسێك کە ڕووی قسەیان تێ کەت .

(ئێوەمانان) ئێوەو ئەو کەسانەی کە وەك ئێوە وان

(ئێوەومانان) ئێوەمانان

(ئیهی) ئەها .

(ئی) هـ . ئەم : (ئی) پیاوە ، واتە ئەم پیاوە .

(ئێی) ووتەیەکە هەڕەشەی پێئەکرێ : (ئێی) بانەوەت کرد بێ . ووتەیەکە بەکار دێنرێ لەکاتێکا کەچاوەڕوانی تەواوکردنی قسەی یەکێك بکەیت : (ئێی) لەکاتێکا کەیەکێك قسەیەکت بۆبکا،واتەدڵم لێتە .

(ئیتر) ووتەیەکە بەکار دێنرێ بۆ دەست هەڵگرتن لەشتێك ودەست کردن بەشتێکی تر: (ئیتر) تەمەڵی بەسە.

(ئیسا) ئێستا

(ئیساکونێ) ئیساکێ

(ئیساکە) ئێستاکە

(ئیساکێ) ئیساکە .

(ئیسال) ز . ئیمساڵ .

(ئیسك) ز . قورقێنە .

(ئیسە) ئێستا

(ئیسەتێ) ئێستا

(ئیش) کاروفرمان

(ئیشبەدەست) کەسێکە کەفەرمان دەربێ وکارێکی لە ژێر دەستا بێ

(ئیشك) ز . دارێکی باریکە ئەئاڵێنرێتە ئەو گوریسەی کەباری پێ بەستراوە وشل بوەتەوە بۆتوند بوونەوەی گوریسەکە .

(ئیشکردن) کاروفرمان کردن

(ئیشکەر) کەسێکە کە ئیش باش بکا .

(ئیشگوزار) کەسێکە کەئیش باش رابەڕێنێ .

(ئیشلك) ز . کورتەك

(ئیشلێهاتن) جوانی ورێکو پێکی ئیش لەبەکێکەوە .

(ئیشلێهاتوو) ئیش گوزارێکە کەئیشەکانی زۆر رێك وپێك بێ .

(ئیشەڤ) ز . ئیمشەو

(ئیکە) ئیتر

(ئیل) ئێل .

(ئین) ز . رۆژی جومعە

(ئینە) هـ . ئەمە .

(ئینەشا) هـ . ئەمەیان

(ئیوەر) ز . ئەوکێ .

پیتی بێ

(ب)

(ب) پیتێکه ئەچێته سەرئەمری حازر وغائب : (ب) خوێنه ! ، (ب) نووسه ! ، (ب) خوێنێ ، (ب) نووسێ .

پیتێکه ئەچێته سەر هێندێ کار «مصدر» لەپاش فرێدانی نیشانەی کاری ، ئەیکا بەکارکەر «اسم فاعل» : (ب) زان (ب) نووس ، (ب) خۆر .

(با) شتێکی نادیاره پەیدا ئەبێ بەهۆی جوولانەوەی قەبارەیەك لەناو بۆشیدا . پیتی پەلەو تأکیده ئەخرێته سەر ئەمری غائب (با) بێ ، (با) بڕوا . ئەبێ بەوەرام بۆ پرسیار لە نەبوونی کارێك : (با) لەوەرامی یەکێکا کە بڵێ: ئەرێ ئیمڕۆ ئەریمان نەچوە بۆ قوتابخانە ؟ واتە چوە . جۆرە ئلزارێکه ئەداتە ئەندامی هێندێ گیاندار : قاچم (با)ی تێداوە . ئەچێته سەر مازی ئینشائی ومضارع: (با) بچویتایه ، (با) بچییت ، واته چوونت چاکتره لەنەچوونت . ئارەزو کردنی دەڵێ سەگ وبەراز بۆ ئێره ئەو دەڵە هاتوەتە (با) . تەنشت (ز)

(باەنگێو) کونێکە بای لێ بێتە ژوورەوە .

(باب) باوك .

(بابا) ھ . باوکی باوك

(بابان) باوان . ناوەبۆ بەرەی فەقێ ئەحمەدی دارشمانە کە ساڵەهای ساڵ فەرمان داری کوردستان بوون . ناوە بۆ قەڵەم ڕەوی بابان

(بابلەست) ز . مەردومی نابووتی بێ پارەو پوول .

(بابلەستی) ز . نابووتی .

(بابردوو) بریتی یە لە شتی زۆر سووك .

(بابردی) جۆرە قوماشێکی تەنکی

گوڵ گوڵی یە وەك شێلە
(بابلیچك) ز . پەنجەنووتە
(بابن) ز . گوڵە بابوونە
(بابۆ) باوك . ووتەیەکە وەك
ووتەی (باوکە) لەرووی خوشەویستی یەوە
بەکار ئەهێنرێ
(بابۆڵە) باروە نانی پێچراوەی
درێژی ئەستوور . مەلۆتکە .
(بابۆڵەپێچ) د. پەنێکە مەلۆتکەی
پێ ئەپێچرێ .
(بابوتان) ز . جۆرە یاریی یەکی
منالانەیە .
(بابوونە) گیایەکی بەهاری بۆن
خۆشە گەلای وەك گەلای شوییت
وایە گوڵێکی زەردی خرر ئەگرێ ،
وەك چا جۆش ئەدرێ وئەخورێتەوە
بۆ هەلامەت وسك ئێشە
(بابوێر) بادرز .
(بابە) ووتەیەکە باوکی پێ
بانگ ئەکرێ .
(بابەت) جۆر : گەلێ (بابەت

شت هاتووەتە بازارر . لایەن : لە
(بابەت) چی یەوە قسە ئەکەیت ؟ ،
واتە لەلایەن چی یەوە
(بابە خولێ) جۆرە یاریی یەکی
منالانەیە بەگردی خۆیانا ئەخولێنەوە
(بابە عەمرە) بە یەکێك ئەووترێ
کە بەدیمەن منال کار بێ و کەچی وەکی تر
زۆر بە عەمر بێ .
(بابەلیسك) ز گێژەلووکە
(بابی بابی) یاریی یەکە دەستەیەك
تێ ئەکەوون و دەستەیەك سواریان ئەبن
وە بەدەست چاویان ئەگرن ،
وەستاکەیان بەسەر ئەو یەکەیانا ئەمالێ
کە خۆی سواری بووە ئەڵێ (بابی
بابی لە چەن بابی) وە لەو حەلەدا
چەن پەنجەیەك هەلئەبررێ ، ئنجا ئەوی
ژێرەوە ئەگەر هەلی هێنا دەستەکەی
ئەو ئەی بەئەوە و سوار ئەبن وە ئەو
کەسەش ئەبێ بەوەستا .
(بابینی) د . هەلامەت
(باپوسکە) د . خوڵە مێشی

کلۆزی سووتاوکە با بیبا .

(باپووك) ز . بابەکە کە لە گەڵ بەفر بلاربینابێ .

(باپەرر) دەردێکە دووچاری مەردوم ئەبێ لە ساردیی و گەرمی کەوتنەوە ، (باپەرر کردن) دووچار ـ بوون بە باپەرر .

(باپێچ) شـــوێنێکی چەپەکە کە باگێژی تیابخوا . پێچێکە کە بەسکی مەردومابێ

(باپێچك) ز پێچانەوەوبەستنی شت

(باپێدان) پێچدان بە شتێك . سووررردان وسەماکردن .

(باپیش) ز .چلوێنە .

(باپێشك) ز . بای باران .

(باپیر) باوکی باوك وباوکی دایك .

(باپیرە) باپیر .

(باپیری) هەنارێکی مزرە کەترشی زۆرتربێ .

(باپیڤان) ز . هەتیوچە .

(باپیڤانی) ز . هەتیوچەیی .

(باتزۆك) ز . مەردومی خونکی بێشەرم وشوورەیی .

(باتسی) ز . جەژنی گەورەی یەزیدی .

(باتلاخ) د . زۆنگاو . چورتم

(باتمان) ئەندازەیەکە لە کێشانەکە شەش حوقەیە .

(باتوف) ز جۆرە گیایەکی سوورە

. (باتوو) گوت .

(باتەقا) ووتەیەکە بەکار دێنرێ لە باتی ووتەی بە (قەد) : (باتەقا) ی تۆ ئەریمانم خۆش ئەوێ ، واتە بەقەد تۆ .

(باتینك) با . خونچەی تازە پشکووتوو .

(باتینۆك) با . گولالە سوورە .

(باتیی) برینی : ئەمەلە باتیی ئەوە

(باج) دراوێکە کە لە لایەن گەورە یەکی بە دەسەلاتەوە لە هەموو بارێك ئەسێنرێ .

(باجان) ز . باینجان .

(باجگر) کەسێکە کە (باج) کۆبکاتەوە

(باجگرتن) سەندنی باج لە شت .

(باجگە) شوێنێکە کە باجگر باجی تیا وەر ئەگرێ .

(باجلێگرتن) بریتییە لەهەڵگرتنی شتێك لەشتێك بەناخونەك : تۆهەرچی ببینیت (باجی لێ ئەگریت) .

(باجە) باجی . قەفەزەیەکە لەبانق وسینەماو شەمەندەفەرا یەکێکی تیا دائەنیشێ چەك و بلیتی تیائەبڕێ (د) .

(باجەوان) د . باجگر .

(باجی) خوشکی گەورە .

(باچك) ز . گەنمەشامیی سوور .

(باچیك) ز . هەرزن .

(باخ) شینایی لە گوڵ یا بەرزەدرەخت

(باخچە) باخی بچکۆلە .

(باخڵە) دەفرێکە تۆوی تێ ئەکرێ

(باخواردن) پێچ خواردن .

(باخۆر) بادرز .

(باخە) باقەی گیاو شتی تر . دەنك نووساو (ز) .

(باخەڵ) دووتوێی کالاو بەرگ لە عاستی بەراسوو .

(باخەوان) کەسێکە کەچاودێری سەرپەرشتی باخ بکا .

(بادار) کەسێکە (با) دابێتیە ئەندامی . خواردنێکە کە بێ بەمایەی باکردن . بریتییە لەمەردومی بەفیز .

(بادارۆك) ز . جۆرە قردێلەیەکە ئەدرێ لە سەری منال .

(بادارێ) دووچار بوون بەنەخۆشی (با) .

(باداك) ز . گیایەکە بەداروودرەختا هەڵ ئەچێ .

(بادام) شتێکە وەك چەقالە بەڵام ئەم گەورەترو خۆشترو سەخت‌ترە .

(بادامچە) چەقالە .

(بادامیی) بەشتێك ئەووترێ کە لە وێنەی بادام بێ .

(بادان) پێچدانی شتێك . بە بادانی شت .

(بادانەوە) بەیەکا بادانی دوو

ریس‌و کردنیان به‌یه‌ك هه‌ودا . بریتي
یه له په‌شیمان بوونه‌وه له قسه‌یه‌ك یا
کرده‌وه‌یه‌ك .
(باداوه) باده‌وه .
(بادرخان) ز . جۆره گیایه‌که
(بادرز) درزی زۆر باریك له‌شت
(بادره‌نك) د . گیایه‌کی بۆن
خۆشه به په‌نیره‌وه ئه‌خوریٚ .
(بادگیر) جۆره موغه‌یري یه‌که
له سارداوی هێندیٚ کۆشکا دروست
ئه‌کریٚ بۆ باکێشی هاوینان .
(باده) پیاڵه‌ي ئاو خواردنه‌وه .
(بادمرچوون) د . بریتي‌یه‌له‌لووت
به‌به‌رخۆدا هاتنه‌وه .
(باده‌وان)د . قوماشێکی‌ئه‌ستووري
بانی گه‌وره‌یه به دارێکی به‌رزه‌وه جۆره
باپۆرێکي بیٚ ئه‌رروا به هێزی با .
(باده‌وه) تۆف وساردو سه‌رما .
(بادیه‌فا) ز . بادیه‌هـوا .
(بادیه‌وا) خۆررایی‌و فیررۆ .
(بادی) جامی ئاو خواردنه‌وه .

(بادین) بادی . زیٚیه‌کیٚ گه‌وره‌یه
له ناوه‌ندي هه‌ولێرو مووسڵ‌دا .
(بادی‌یه) ھ . جامي گه‌وره .
(بار) شتێکي قورسي دوو تایی‌یه
به وولاخ هه‌ڵ ئه‌گیري . دیوي
راست وورووي رێکی شت : ئه‌م‌قاڵي
یه له (بار) ي خۆي رانه‌خراوه یا
ئه‌م به‌رده له (بار) ی خۆي دانه‌نراوه
. تویٚژاڵێکه ئه‌نیشێته سه‌رلێو له‌به‌رده‌م
ووشکی : لێوی (بار)ي گرتوه .
بریتی یه له ئه‌رك : باري قورسه .
(باراش) ئه‌ندازه‌یه‌که له دانه‌وێڵه
که ئاماده کرابیٚ بۆ هاررینو ناردني
ر ئاش .
(باراشلێکردن)باراشکردن له‌ئاش
. بریتي‌یه له‌تیٚ‌هه‌ڵکردن ودرێژه‌دان
به‌قسه : فیسار که‌س (باراشي لیٚ
کردووه)
(باراشه‌ر) ئاشه‌وان
(باران) ئاوێکه دڵۆپ دڵۆپ
له‌هه‌ور بکه‌وێته خواره‌وه .

(باراناو) ئاوێکە بەهۆی بارانی زۆرەوە کۆبوبێتەوە لەشوێنێك
(بارانبرران) مانگی حوزەیران کەسی رۆژە،وەئیتر بارانی تیانابارێ
(بارانپێو) شتێکە ئەندازەی بارینی باران پیشان ئەدا .
(بارانە) باجێکە لەهێندێ بار ئەسێنرێ . جۆرە گورانییەکی کوردیی خۆشە .
(بارانی)سەردەرییەکە لەبارانا ئەکرێتەبەر بۆ تەرنەبوون .
(باربوو) یارمەتی ودەستگیرۆیی یەکێك لەکاتی -لێ‌قەومان‌و زیان لێ کەوتنێکیا یالەژن هێنان وشایی وزەماوەندێکیا (باربووکردن) یارمەتی دانی‌یەکێك وشت پێدانی
(باربوویی) باربوو ، (باربوو پیکردن) باربووکردن .
(بارتەقا) باتەقا .
(بارخانە) شـوێنێـکە کە باری زۆری یەك لەسەر یەکی تیا دابنرێ
(بارخانوو)ز. شتومەکی ناومالْ
(بارخانی) ز . بارخانوو
(بارخستن)کردنەوەی‌باروخستنی لەشوێنێك .جۆرە کەوتنێکی مریشك‌و کەڵەشێرە لەسەر تەنیشت
(باردار) د . گیانداری ئاووس
(باردان) ز . بادان .
(بارر) بەچکەی هێندێ پەلەوەر کە لەجووجەڵەیی دەرچوو بێ .
(بارراندن) باررە کردنی‌مەرروبزن
(باررن) د . شوێنێکەبایگرێتەوە .
(باررۆکە) مریشکی بارر .
(باررە) دەنگی‌مەررو بزن،(باررە بارر)باررەی یەك‌لەسەریەك
(باررەش) رەشەبا .
(بارریزە) جۆرە گیایەکی سەوزی سێ‌پەررەیە لە گوێ کانیاو سەوز ئەبێ. ووردەیە کە کەلەشت بیێتەوە .
(بارریسە)د.فررفرروکەی‌منالاْن کەبائەی خولێنێتەوە
(بارسایی) بارست .
(بارست) قەبارەیەکە لە رەویی

بەرز بوو بێتەوە

(بارستایي) بارست ٠

(بارسووکیي) بریتی‌یە لە بوونی مەردوم بە سوکبارو کەم ئەرك ٠

(بارش) بارشت ٠

(بارشــت) باراني ووردي لە سەرخۆ ٠

(بارکردن) کۆچکردن ٠

(بارکەوتن) بریتي‌یە لەبەد بەختي و نەهاتي ٠

(بارکەوتوو) بریتي‌یە لەیەکێك کە بەدبەختي‌ونەهاتي‌رووی‌تێ‌کردبێ

(بارکەوتە) بارکەوتوو ٠

(بارکێش) وولاخ ٠ بریتی‌یە لە یەکێك کەئەرکێکي‌قورس کەوتبێتەسەری

(بارکێشان) بریتي‌یە لەهەلگرتني ئەرکێکی قورس ٠

(بارکێشي)خەریکبوون‌بەهەلگرتن و هێنان و بردنی باري ئەم‌و ئەوەوە ٠

(بارگاه) بارەگا ٠

(بارگر) دارێکە ئەدرێتە بەرباري هەرە سەروو لە چەن بارێکی زۆرکە بارخانە کرابن‌بۆ ئەوەی کەنەرووخێ

(بارگە) نوێن وکەل‌و پەلێکە کە ریێ بووار بیکا بەبارو لە گەلْ خۆیا هەلْي گرێ بەوولاخ ٠

(بارگەچي) کەسێکە هەر ئاگای لە بارگە بێ ٠

(بارگیلي) ز ٠ بارگیر ٠

(بارگیر) ئەسپی بارەبەر

(بارگیل) ز ٠ بارگیلي

(بارگین) بارگیر

(بارمتە) شتێکە دائەنرێ لەلاي یەکێك بۆ دلْنیایی لە بەرامبەرشتێکیا کە لە لاتە بەرەنگێکی وا کە بارمتە کەبەنرخ تر بێ ٠

(بارنامە) د ٠ کاغەزێکە ناوي ئەو شتانەي یەك بەیەك تیا ئەنووسرێ کە ئەنێررێ بۆ شوێنێك ٠

(باروبنە) مالْو کۆچ

(بارۆشە) د ٠ باوەشێن ٠

(باررونە) د ٠ بادرەنگ ٠

(باروو) بارووت (ز) . قەڵاو
قوڵە (د) .
(بارووت) دەرمانێکی بەهێزی
ئاگرسێنەفیشەك و گولەی پی پڕ ئەکرێ
(باروتپێج) ز . کەسێکە کە
بارووت دروست بکا .
(بارووە) ل . بارووت
(بارە) لایەن : لە (بارە)ی
منەوە چیت بیستوە ؟ . موچەو
بەش . عەررەبانەی دەستی (ز) .
(بارهاتن) د . هاتنە بەرو
پێگەیین . درەختەکە یاماڵەکە
(بارهاتوە) واتە پێگەیشتوە
(بارەبوو) باربوو .
(بارەبەر) وولاخێکە کەبار بەرێ
(بارەچە) د . مووچەو بەش
(بارەکێ) بارەبەر .
(بارەگا) کۆشك و سەرای گەورە
(بارهنگێف) ز . کەسێکەمەردوم
نووررەو بەست بکا
(بارێ) ووتەیەکەلەجێی بووتاری
(هیچ نەبێ) بەکار دێنرێ : (بارێ)
کەخێرت نیە شەرریشت نەبێ
(بارێزە) د . بانخوڕ . درەختێکە
کەباهەری ومراندبێ
(باریە) نوێڵ
(باریك) شتێکە ئەستوورنەبێ
(باریکان) ریسی زۆر باریك
(باریکایی) حالتی باریکیشت
(باریکبوون) برینی بە ئەلاواز
بوون .
(باریکوبێسی) لاواز بوون لە
نەخۆشی دوورو درێژەوە : فیسارکەس
داویەتیە (باریکوبێسی)
(باریکە) درووماڵی سەرپەراوێزی
کەوا . ناوی دێیەکەلەناوچەی عەربەت
(باریکەرێ) رێگای باریکی
تەسك .
(بارین) هاتنە خوارەوەی باران .
هێنان (ل) .
(بارینە) وە نەوز .
(باز) باڵندەیەکی تیژرەوی

گۆشت خۆری راو کەری چاو جوانە.
بازد . دووبارە : (باز) هاتەوە .
ووتەیەکە بە دوای هەر
ووشەیەکەوە نووسا ئەیکا بە
(صفتی مشبه) : قومار (باز)
فێل (باز) .
(بازارر) چەن دوکانێکە کە
جێگای کرین و فرۆتنی تێکرای بێ.
سەودا : (بازارر) ی گەرمە .
(بازاررتیژی) د . بازاررگەرمی
(بازاررکەسادی) بریتی یە لە
بێ بازاڕیی .
(بازاررگەرم) کەسێکە کە
حوریپدو فرۆختی زۆربێ .
(بازاررگەرمیی) بریتی یە لە
فرۆختی زۆرو برەو لە بازاررا .
(بازاڕیی) بریتی یە لە ئادەمی
زادی هیچ و پووچی بێ مایە
بریتی یە لە شتومەکێك کە تایەتی و
چاك نەبێ

(بازبازان) د بازد بازدین .
(بازبازۆکێ) بازبازین .
(بازبازین) بازد بازدین
(بازبەند) بازبیبەند .
(بازد)خۆ هەڵدان لەجێگایەکەوە
بۆ جێگایەکی تر .
(بازدان) ز . مردن ، بە
تایبەتی مردنی بزن و مەرر .
(بازد بازدۆکێ) بازد بازدین .
(بازد بازدین) بازدی یەك لە
دوای یەك
(بازد بردن) بازددان .
(بازد پەررین) د . بازد بردن
(بازد دان) بازد بردن .
(بازدە بەران) ناوەراستی بەهارە
کە شەوی دوو دەقیقە درێژ ئەبێ .
(بازدەڵبازد) بازد بازدین .
(بازرر) مەلێکی گوشت خۆرە
بەقەد ریشۆلەیەك ئەبێ رەنگی
بۆرە قنەیە .
(بازروە) د . گەرراندنەوەی گولە

له پاش ئه‌وه‌ى كه له نيشان بدا .

(بازرگان) كوتاڵ فرۆش .

(بازرگاني) كرين و فرۆتني كۆوتاڵ .

(بازره) د . كه‌وانه .

(بازره‌قـــه) له‌پرر ده‌رچووني گياندار به‌چالاكي : ماره‌كه (بازره‌قه) ي به‌ســـت . فيچقـــه به‌ســـتني خوێن له جه‌سته و شــــتي شل له ده‌فرێك كه كوني تێ بێ .

(بازك) به‌ڵه‌ك

(بازگوور) ز . هيواو ئوميد . بارمه‌تيي

(بازگووري) ز . بارمه‌تيي

(بازگه) شوێنێكه كه بازدي لێوه بدرێ

(بازگه‌شت) په‌شيمان

(بازگه‌شتي) په‌شيماني

(بازمان) د . منالێكه له‌دواي باوكي به‌جێ مابێ : (بازمانه‌كان) خۆش بن .

(بازن) شتێكه له‌زێر يازيو ياشتي‌تر ژنان بۆ جواني ئه‌ي كه‌نه مه‌چه‌كيان

(بازنه) ته‌وقێكه له‌ئاسن وه‌ك بازن دروســت ئه‌كرێ و له‌شتێك ئه‌گيرێ كه‌درزي تێ بووبێ

(بازۆرر) د . واشه .

(بازۆرري) بازۆرر

(بازۆڵه) قۆڵ وبازووي فه‌له‌مو

(بازوو) ناوه‌ندي شان و ئانيشك له‌به‌لى ئاده‌ميزاد . به‌ڵه‌ك . لاشيان

(بازووبه‌ند) شتێكه له‌زێر يا زيو ياچه‌رم دروست ئه‌كرێ و ئه‌كرێته بـازوو

(بازه) به‌ڵه‌ك . جۆره ته‌نراوێكه

(بازه‌به‌ران) مانگى شوبات كه بيستو هه‌شت رۆژه‌كه شه‌وگار درێژ ئه‌بێته‌وه ، وه‌هه‌موو شه‌وێك دوو ده‌قيقه درێژ ئه‌بێ

(بازه‌ڵه) شتێكه كه‌كه‌مێك به‌ڵه‌ك بێ . منالێكه كه‌كوڕو گه‌وره بووبێ

(بازه‌ڵه خوێندن) بریتی‌یه له‌بێ
شعری وچلو نه‌ترسی یه‌کێك : فیسلر
که‌س چلك (بازه‌ڵه‌ی خوێندوه)
(بلزموان) که‌سێکه که‌بلز به‌خێو
بکا .
(بلزی) یلری
(بازییه‌ند) بلزووبه‌ند
(یازارر) ز . شلر
(بازاررِی) ز . شلری
(بلزه‌ڵه) دمردێکه به‌منالی سلوا
نه‌گاو همموو له‌شی ئه‌کا به‌لیر
(بلزێرر) بلزارر . شلر (ها)
(بلزێڵه) د . بلزه‌ڵه
(بلزیڵه) بلزه‌ڵه
. (بلس) دووان له‌پاینت شتێکه‌وه :
(بلس)ی که‌س به‌خرابه مه‌که
. (بلستورمه) بلسورمه
(بلستێك) ز . بلسوق
(بلسقه‌نده) داردمستێکه که‌له
داری به‌لاڵووك کرابێ . همموو
دارێکی بلریکی لووسی کون کراوه
که‌کرابێ به‌ده‌سکی قه‌نده .
(بلسقه‌نگه) باسقه‌نده
(بلسك) نلوه‌ندی مووچه‌ی
ده‌ست وشانیشك . شانی شاخ‌ویاڵ
. (باسکردن) گفتوگۆ کردن له
شتێك .
(باسکه) باسك
(بلسکه‌سه‌گ) جۆره سه‌گێکی
باریکه له‌به‌لوکی گه‌ماڵه‌وداپکی‌تانجی‌یه
(بلسکه‌مه‌له) جۆره مه‌له‌یه‌که‌به
جووڵاندنی باسك ئه‌کرێ
(بلسکێش) مژان .
(بلسمباز) ز . هه‌فته‌یه‌کی بلراناوی
یه‌له مانگی ئلزاردا
(بلسمیێل) ز . مه‌ردومی به‌فیزی
خۆپه‌رست .
(بلسمیڵی) ز . خودپه‌رستی
(بلسنامه) نامێلکه‌یه‌که که‌چه‌ن
سه‌رگوروشته‌یه‌کی تیابێ
(بلسوخ) د . باسوق
(بلسوخواس) ده‌نگوبلس

• (باسورمە) گۆشتی قیمەکراوی سوێر خوێ‌یە لەگەلْ بەهاراتا لە ناو ریخۆلەدا هەلْ ئەگیری

(باسوق) جۆرە خواردەمەنی‌یەکە لەنیشاستە و شیلەی ترێ دروست ئەکرێ وسەلك ئەبرو رێ

(باسەررە) شوێنێکە کەبازۆر پیکرێتەوە • ناوە بۆ رووبارێك لە ناوچەی بازیان . ناوە بۆ دەربەندێك لە ناوچەی ناوبراو •

(باسیکرن) ز• لاسایی کردنەوە

(باش) شتی چاك •

(باشار) ژیان • چارەکردن

(باشقەبان)جۆرەمارێکی ئەستووری درێژی زەردە سەرکلکی خڕە •

(باشو بۆشی) دەست بلاوی ومالْ بەفیرۆدان

(باشوکە) بالندەیەکی دەنووك کەوانەیی‌یە لە واشەبچووکترە راوە چۆلەکەی پێ ئەکرێ •

(باشەلْ) باشێلْ •

(باشێل) باشێلْ •

(باشێلْ) چارۆکەیەکەژنان ئەیگرنە کۆلیان و دوو سەرەکەی خوارەوەی ئەبەستە پشتیان بۆ ئەوەی شتی تێ بخەن •

(باشیی) چاکی

(باشیل) باشێلْ •

(باشیلا) ز • مەردوی ئاوارە •

(باشیو بۆشی) باشوبۆشیی •

(باعاندن) بارراندن •

(باعە) بارە ، (باعەباع) باعەی یەك لە دوای یەك •

(باغ) باخ

(باغە) جۆرە شتێکە لە بنێشت دروست ئەکرێ • جۆرە برینێکی پیسە لە چوار پەلی وولاخی بەرزە دێ •

(باغەلْ) باخەلْ •

(باغەوان) باخەوان •

(بافت) شایستە : غیسارکەس

(بافت) ی ئەوەیە بخرێتە سەرسەر • ریس وچنین : ئەم قالی‌یە (بافت) ی کاشانە

(بافته) جۆره قه‌یتانێکی ئه‌نزاوی بانه‌نه‌گیری به‌لێواری که‌واوسوخمه‌دا .

(بافره) که‌تیره‌ي سپی

(بافله) ز . نۆموسڵمانی کۆنه‌گاور ،

(بافوو) د . تلیاك .

(بافیاگ) د . شتي چنراو .

(بافین) د . ته‌نین . هۆنینه‌وه .

(بافبرا) ز . براي باوکي .

(بافي) با . بادام .

(باق) با . پووز .

(باقاندن) باقه کردن .

(باقانن) باقاندن .

(باقر) ڕه‌نگی ده‌فري مسین . عه‌یبی ووتی‌نادیار : پیاوي نه‌خوێنده‌وار که قسه‌ي کرد . (باقر) ی ده‌رئه‌که‌وێ

(باقلك) با . سلق .

(باقله) پاقله . به‌ري (لو) (ه) .

(باقۆ) هه‌نجیري نه‌گه‌یو .

(باقه) چه‌پکێك له گیایا له‌گوڵ . ده‌نگیکه وه‌ك ده‌نگي بزن و ڕێوي .

(باقه باق) باقه‌ي یه‌ك له دواي یه‌ك .

(باقه به‌س) شتێکه که گه‌نم و ده‌سکه گوڵ و شتی تری پێ به‌سترێ (د) . شتێکه که به باقه به‌سترابێ .

(باقه به مه‌ت) باقه به‌س .

(باك) ترس : فیسارکه‌س هیچ

(باك) ه

(باکردن) په‌یدا بوونی با له سکا . ئاوسان . بریتی‌یه له توورره بوون .

(باکوله) ز . میوه‌ي نه‌گه‌یو .

(باکوور) لای چه‌پ «شیمال»

(باکه‌ش) که‌له شاخ . بابوێر .

(باکه شگرتن) که‌له شاخ گرتن له شوێنێك له ئه‌ندام به بێ جنینی .

(باکه‌ف) خشتێکه که‌باش سوور نه‌بوو بێته‌وه ، وه به خستنه ناو ئاو هه‌ڵ بومرێ

(باکێش) بادگیر .

(باگا) د . شوێنی باگر

(باگر) شوێنێکه که با بیگرێته‌وه .

(باگردان) باگردێن

(باگردێن) شـــتێکي خري
ئەستووزی درێژ کوڵەي قورسە لە
دار یا لە بەرد بانی پێ ئەگێرریێ
لە کاتي باران بارینا ·
(باگژە) د · بایەکە لە ناوەندی
شەماڵ و سەبادا ·
(باگوردان) باگردێن ·
(باگونە) جۆرە نەخۆشي‌یەکە
ئەداتە گونی تێرینە لە غوبابی‌یەوە ،
وە هەڵي ئەئاوسێنێ ·
(باگەرر) ز · باي بەهێز ·
(باگەرزێن) ز · بانگوش ·
باگردێن ·
(باگێژە) گێژە لوکە
(باگیر) باگا ·
(باڵ) پەلی گیانـدار · دوو
ئەندامە بەراست و چەپی باڵدارەوە
پێ‌ي ئەفرێ ·
(بالآ) درێژی شت
(بالآ بەرزە) پەنجەي سێ هەمی
دەست

(بالآپۆش) عەبا
(بالآدەست) کەسێکە کە بەدەسەلآت
تر ودەست رۆبوتر بێ لەیەکێکي تر ؛
ئەم (بالآدەست) ی ئەوە ·
(بالآرروان) ناوێنەی گەورەکە
بالآي مەردومي تیـــا دیار بێ ·
پەنجەرەیەکە لە نزیك بن میچە وە
ئەکرێ بۆ رووناکي و باکێش
(بالآشمە) د · بالێشمە ·
(بالآشەمە) د · بالێشمە ·
(بالافرر) ز · فرروك ·
(بالاف) ز · بەرگو کالآیەکە
کە بۆشتن ئامادە کرابێ ·
(بالافي) ز · سوێنەي جل شتن·
(بالآکردن) درێژ بووني قەد و
بالآ · بریتي‌یە لە گەشـــە کردن :
گەزگەز (بالآ ئەکەم) واتە لەخۆشیانا
گەشە ئەکەم ·
(بالآگەردان) کەسێکە کە خۆي
بگیررێ بە دەوری یەکێـکا ·
(بالآ نوێن) ناوێنەی بالآروان·

(بالانی) جۆرە ئیسترێکی بچکۆلانەیەکە پێی ئەڵێن : (ئیسترە گاییلکە) .

(بالباز) سەرباز .

(باڵبەست) کەسێکە هەردوو باڵی لە پشتەوە بەسترابێ .

(باڵبەستکردن) بەستنی هەردوو باڵی مەردوم لە پشتەوە .

(باڵبەستن) باڵبەست کردن .

(بالتوز) ز . ژن خوشك .

(باڵتە) ل . تەشوێ . تەور .

(باڵخنجەرە) مەلیکەلە کۆتر بچووکترەلە کلی فرینا باڵی وەك خنجەر لێ دێ .

(باڵدار) گیاندارێکە بە باڵ ـ ئەفڕێ .

(باڵگرتن) فرین .

(باڵگرتنەوە) فرینی باڵندە

(بالگك) ز . سەرین .

(بالگە) ز . سەرین

(بالـگیف) ز . سەرین .

(باڵندە) باڵدار .

(بالنگو) د . بادرەنگ

(بالۆ) ز . وونەیەکە لە جیاتی وونـاری: (بەلای کەمەوە)بەکار ئەهێنرێ

(باڵۆرە) جۆرە گۆرانی یەکی کوردییە .

(باڵۆرێ) باڵۆرە .

(باڵۆز) باڵیۆز .

(باڵۆکە) بالووکە .

(باڵۆن) جۆرە فرۆکەیەکە

(بالوور) ز . فنکی مەریشك

(بالووك) د . بالووکە .

(بالووکە) گرێیەکی بچکۆلانەیە لە جەستەی گیاندار پەیدا ئەبێ

(باڵووڵە) پاروو .

(باڵە) مەردومی گێلی بێ ئەگەیشتوو (ز) . باررەی کەرژۆلە . دەسکێشی چەرم .

(باڵە) دەسکێشی چەرم .

ئیلاسن (ھ) .

(باڵەبان) باڵندەیەکی گۆشت

خۆری خێرای راوکەرە لەباز گەورە
ترە . جۆرەئیستریکی زەلامە . پارچەیەکە
لەپارچەکانی مووسیقە
(باڵەتە) ز . سەرەنای گەینی
میسوە
(باڵەتەپە) باڵەتەپێ
(باڵەتەپێ) باڵەفرێ .
(باڵەخانە) سەرخان .
(باڵەشنە) ز . سەرینی بچکۆلانە
(باڵەشۆررە) باڵەشۆرری
(باڵەشۆررێ) جۆرە نەخۆشی
یەکە ئەگا بەجووجەڵەی مریشك
باڵەکانی شۆرر ئەکاو ئەی کوژێ
(باڵەفرە) باڵندەیەکە تازەباڵی
گرتبێ . فررەفررکردنی مەل بەباڵی
(باڵەفرێ) باڵەفرە .
(باڵەکرە) دارێکی درێژە تەختە
یەك بەسەریەوەیە خۆڵو خاشی پێ
کۆڵەکرێتەوە
(باڵەوان) باڵندەیەکی گۆشت
خۆری راوکەرە .

(باڵێ) هـ . باڵەدارینە
(بالیشت) ل . سەرین
(باڵیشمە) داری سەرینی گورگە
ودارەرراو سەرتاق .
(باڵێف) سەرین
(بالیفك) با . سەرین .
(باڵین) د . سەرین . پشکۆڵ
. (باڵیۆز) شابەندەر
. (باڵیۆزخانە) کۆشکێکەشابەندەری
تیادا ئەنیشێ بۆبەجێ هێنانی کاروباری
مەردوم .
(باڵیف) باڵێف .
(باڵین) د . سەرین .
(باڵینە) شتێکە لەپەررۆ بەگردێی
دروست ئەکرێ لەسەر تەنەکەی منداڵ
دائەنرێو لە سەری رائەهێلرێ ، یا
کرێکار ئەی خاتە سەر سەری وشتی
قورسی لە سەر دائەنێ .
(بام) پیتی پەلەو تأکیدە ئەخرێتە
سەر ئەمری غائب و متکلمی وحدە
ومتکلمی مع الغیر : (بام) بررۆا ،

(بام) بڕوێن ، (بام) بڕوێم ·
(بامجان) د · باینجان ·
(بامجان‌مەزرەنگی) د · تەماتە
(بامێ) گیایەکی بەرزێ گەڵا پانە
بەرێك ئەکرێ وەك بەڕوو ، ئەکرێ
بە چێشت ·
(بامیە) بامێ ·
(بان) سەرسەرێشت . سەربان·
(بانبارگە) بەربووکێکە کە لەسەر
بارگەی بووکەوەسوار ئەکرێ‌وئەنێررێ
بۆ ماڵی زاوا .
(بانبانك) مشکێکی درێژ کوڵەیە
ئەڵێن گوایە هەرلەسەر کۆمای‌زێرر ئەنوێ
(بانپووشین) لاگیرە ·
(بانتلێن) بانگردێن .
(بانجیبیلە) د . بانی نزمی بچووك .
(بانسەر) دراوێکە ئەدرێ لەتەوقە
سەری کڵاوی ژنان بۆ پیاکردنی
ئەڵقەی دەسماڵی ·
· (بانق) شوێنێکی تایبەتی‌یە پیشەی
هەر پارە وەرگرتنو پارە دانە بەموبەو

بە سوود ·
· (بانقۆ) جۆرە قوماریکە ·
(بانگ) چەن ووتاریکی ئایینی
تایبەتی‌یە (بانگدەر) لەسەرەتای هەموو
نوێژێکەوە بەدەنگی بەرز ئەی لێ بۆ
ئاگادار کردنەوەی‌نوێژکەران · هاوار
، (بانگە بانگ) بانگی یەك لە دوای
یەك . بانق ·
(بانگاواز) بانگ کردن بەدەنگی
بەرز · ئەندازەیەکە کە دەنگی بەرز
بگاتێ ·
(بانگدان) ووتنی بانگ بۆ
نوێژکەران
(بانگدەر) کەسێکە کە دەنگ ها
بۆ نوێژ ·
(بانگرۆژ بوونەوە) گلۆر بوونەوە
(بانگ کردن) هاوار کردن ·
بانگێشتن .
(بانگردێن) باگردێن ·
(بانگلێر) باگردێن .
(بانگلێن) بانگلێر .

(بازگوش) کەسێکە کە بان بگێرێ
بەپارە .
(بانگەرر) باگردێن (ز). بانگوش
(بانگەواز) بانگاواز .
(بانگەڵدان) گریان بەدەنگی بەرز .
(بانگێرر) بانگوش . باگردێن .
(بانگێشتن) بانگ کردن بۆسەر
شیرینی ونان خواردن .
(بانگین) د . شتێکە کەلەسەری
سەرەوە بێ .
(بانما) د . شتێکە ئەندازەی باو
گەرمی وساردیی پیشان ئەدا .
(بانماڵ) د . بەفرماڵ . سەربان.
(بانۆك) کەسێکە کە ساوا بەدایکە
نەبانەکەی هەڵ بگرێتەوە . نەبان.
(بانوو) خانم : لێم بوە بە(بانوو)ی
بانووان .
(بانە) ئەوخانانەیە کە جووتیار لە
وەردا ئەی کێشێ بۆ ئەوەی کە تۆوی
پێوە بکاو بزانێ کە چەندی تۆو کردووە
لەزەوییەکە . جێ لەوەرری بەهاری

ئاژاڵ (ز) . بەرزایی ناوەندی دوو
دێراو (ل) . ناوی شارێکی کوردە
لە رۆژاوای کوردەواریی ئێران .
(بانەگا) جێی رووانی مووی
خوار بەر مووسڵدان .
(بانەناو) ھ . سواخ .
(بانەوبان) بازدان لە بانێکەوە
بۆ بانێکی تر .
(بانی) تەپڵە سەری شاخ یاگردێکە
کە تەخت بێ . سەربان .
(بانیژە) بانی نزمی بچووك .
(باو) دەستور : فیسار شت بووە
بە (باو) . باووك . زیادەی شتێك
بەسەر شتێکی ترا : ئەم کۆمەڵەگەنمە
(باو)ی هەیە بەسەر ئەوکۆمەڵەدا ، یا
ئەریمان لە زیرەکی دا (باو)ی بەسەر
سالارا هەیە ، واتە لەوزیاترە .
(باوا) باوکی دایك . باووك (ل) .
(باوام) ل . بادام .
(باوان) ماڵە باووك .
(باوانیی) ئەوشتومەکەیە کە لەماڵی

باوكەوە لەگەلْ بووكا ئەنيرريْ .
(باوبژە) بايەكە كە لە ناو سكا
قۆررە قۆرربكا .
(باوجو) باوجوود .
(باوجوود) ووتەيەكە بەكاردێنريْ
لەجياتى ووتەي (لەگەلْ) : نەريمان
(باوجوود) ى نەخوێندەواريشى لە
ووشـيارزيرەكترە،واتە لەگالْئەمەشا
هێشتاهەر ئەو ووريايترە .
(باوديان) د . شتێكە كرێكيْ ئاوە
رووبيْ : ئەو خواردنە يائەو فاسۆنە
(باورديان) ي فيساركەسە واتە بە
ئارەزووى ئەوە .
(باو سەندن) زالْ بوون بەسەر ـ
شتێكا : فەرهـاد (باوى سەند)
باسـەر رۆ ـــــتەما . بـوونى
شتبەباو .
(باوكە) جۆلەكەي ئێر .
ووتەيەكە لە رووي خۆشەويستى يەوە .
ە بەكيك ئەووتريْ .
(باوكەررۆ) ووتەيەكەبەكاردێنريْ

لە كاتى شيوەنا .
(باوكەليْ) ووتەيەكە ئەووتريْ
بە يەكێك لە رووى خۆشەويستى يەوە
(باووش) . باوەش .
(باووشك) باوێشك
(باووك) ئێرينەيەكە كەمنالْى لىْ
بكەوێتەوە .
. (باوولْ) باوەلْ .
(باوەئێرك) ز ئەلْقەي مـسين
يا ئاسنين .
(باوەپيارە) مێردى دايك
(باوەت) د . بابەت
(باوەجوو) باوجوود .
(باوەخوليْ) بابەخوليْ
(باوەخون) بردنەوەي بووكى
تازە لەلايەن مالْي باوكي يەوە لەپاش
چەن رۆژێك لەگوێزانەوەي .
(باوەخۆن) باوەخون .
(باوەخوون) باوەخۆن
(باوەرر) چوونە دلْىفـەيەك،
(باوەرركردن) چەسپينى قسەيەك لەدلا

(باوەرڕپێکراو) کەسێکە کەباوەرڕ بەقسەی کرابێ . کەسێکە کەپێکەی بەجێ نشینی خۆت لەکارێکاوباوڕەت پێ‌ی بێ .

(باوەرڕپێکردن) باوەرڕ کردن بەیەکێك .

(باوەژن) ژنی باوك

(باوەش) کۆش وبەرسنگ

(باوەشپیاکردن) باوەش کردن بەشتێکا .

(باوەشگرتن) گرتنە باوەشی شتێك .

(باوەشێن) شتێکە بەسوورڕانەوەو راوەشاندنی بای فێنك پەیدا بکا

(باوەقوت)د. پیاووژنی بچکۆلەی بالاّ نزم .

(باوەڵ) جۆرە سندووقێکە کە کاڵاو کەل‌و پەل‌تێ ئەخرێ و بەدەست هەڵ ئەگیرێ .

(باوەڵبوون) گوت بوونی . بەرخ بەهۆی نەخۆشی (باوەڵی)یەوە

(باوەڵی) جۆرە نەخۆشی‌یەکە ئەداتەئەژنۆی کاروبەرخ ئەی ئاوسێنێ وگۆتی ئەکا

(باوێشك)جۆرەدەم‌داچەقاندنێکە بەبێ ئارەزوو لەکاتی خاوبوونەوەی جەستەو خەوبردنەوەدا

(باوێشکدان) دەم داچەقاندن‌لە کاتی باوێشکا .

(باویلکە)پەپوولەپایزە: (باویلکە) بایەکی بەسە .

(باوی) بادام . بادار (ز)

(باهاتن) هاتنەبا

(باهورر) ز . رەشەبا .

(باهۆرر) با . رەشەبا

(باهوو) شان وقۆڵ . دارێکی شووشەیی‌یە ئەکرێ بەچوار چێوەی پەنجەرەو دەرگاو شتی‌تر . ئاسۆ

(باهوودار) ئادەمیزادی چوار شانەی بەخۆرە .

(باهەنجیر) هەنجیرێکی بێ‌تامە لەپێش هەنجیری‌ترا پێ ئەگا

(باهێر) د . زەویی‌یەکە کەشتی تیا نەرروێ . سەراسیمە .

(باهێف) با . بادام

(بای) شقارتە

(بایام) ل . بادام

(بایجان) د . باینجان

(بایلکە) باویلکە

(بایلە) د . جۆرە تەراوێکی زۆر تەنکی ناسکە .

(باینجان) گیایەکی گەڵا پانە بەرێکی قاوەیی تۆخ ئەگرێ وەك چەکەی هەلاج لەکرێ بەچێشت . تەماتە .

(باینجانی) شتێکە رەنگی وەك رەنگی باینجان وابێ

(بایەخ) دەگەروباوەرر : (بایەخ) ت نیە یا (بایەخ) ت بێ ناکەم

(بایەف) داری چەقالە .

(بایەقوش) جۆرە باڵندەیەکە لە کوندە بەبوو لەچێ

(بایەو) بایەف

(بایی) کەسێکە لەخۆی خەررۆ بووبێ . ووتەیەکە پرسیاری نرخی شتی پێ ئەکرێ : ئەم شتە (بایی) چەندە . بادام . جامی ئاو خواردن

(باییدە) لەگەن

(ببررای ببررای)ووتەیەکەبەکار دێنرێ بۆ ئەکردنەوەی کارێك بە ئێجگاری : (ببررای ببررای)ئیتر ئەو کارە بکەم .

(ببلە) د . بەچکەی گیاندار

(بت) وێنەیەکی قەبارە داری دروست کراوە بۆ پەرستن

(بتپەرست)کەسێکەکەبتپەرستێ

(بتپەرستی) پەرستنی بت

(بتخانە) شوێنێکە کەبتی تیا بپەرسترێ

(بتر) شتێکەکەلە هاوەڵەکانی زووتر پێبگاو بەخۆیابێ (ز) .

(بتربوون) ز.زووترپێگەیشتن و زیاتر بەخۆداهاتنی شتێك لە ناو هاوە ڵەکانیا(ز) . زۆر تربوون .

(بته‌و) پته‌و
(بته‌وی) عاستي پته‌وی شت
(بچرران) پچرران ٠
(بچرراندن) پچرراندن ٠
(بچرك) ناو ساجي (ز) ٠
ناسکه‌نان (با) ٠
(بچرریان) د ٠ پچرران ٠
(بچررین) د ٠ پچررین ٠
(بچرك) ز ٠ کولێره به‌رۆن
(بچکۆلانه) پچکۆلانه
(بچکۆله) پچکۆله
(بچکه‌له) د ٠ پچکۆله
(بچکه‌ڵه) پچکۆله
(بچووك) پچووك ٠
(بچووکي) پچووکیی‌و به‌نده‌گیی
(بچه‌گانیی) ز٠ چنگه‌ۆپانێ
(بختیان) بوختان
(بخۆر) زۆرخۆر٠ که‌سێکه که‌خواردني
باش بخوا ٠
(بخورد) شتێکه وه‌ك که‌تیره
ئه‌سووتێنرێ بۆبۆن خۆشیی ٠
(بخوردان) ده‌فرێکي تایبه‌تي‌یه
بخوردی‌تیا ئه‌سووتێنرێ ٠
(بخوز) د ٠ گایه‌که‌که‌له کاتی
کارا بنوێ ٠
(بخوور) بخورد
(بخووردان) بخوردان ٠
(بخێریی) ز ٠ موغه‌یریی ٠
(بدوو) که‌سێکه که بزانێ بدوێ٠
(برا) ئێرینه‌یه‌که‌که‌له‌باوك‌ودایکت
یا له یه‌کێکیان بێ ٠
(برابه‌ش) که‌سێکه که له شتێکا
له‌گه‌ڵتا هاوبه‌ش بێ ٠
(براده‌ر) دۆست‌و ئاشنا ٠
(براده‌ریي) دۆستیي‌وئاشنایه‌تی ٠
(برازا) منالێ برا ٠
(برازازا) منالێ منالێ برا ٠
(برازاڤا) ز ٠ برازاوا ٠
(برازاك) د ٠ برازا ٠
(برازاوا) برا یا براده‌رێکی زاوایه
که له رۆژي بووك گواستنه‌وه‌دا پشتێی
بووکه‌که به‌ستێ ٠
(برازه) ز ٠ شتێکه که شني‌فورسی

پيّ بەرز بكرێتەوە . برازا .
(برازێ) ز . برازا .
(برازن) ژنی برا .
(برالّوو) ھ . بەلاّلووك .
(براله)ووتەیەكەئەووترێ بەیەكێك لەرووي خۆشەویستیەوە جۆرە گیایەكە .
ناوە بۆ دێ یەك لەناوچەي پێنجوێن
(براڵه) برالەی خۆشەویست .
(برامازگ) د . جۆرە بەرێكە لە بەري مازوو .
(برایتووتە) پەنجەي تەنشت پەنجە ئووتە .
(برایەتي) بووني دووكەس بەبرا . برادەري .
(براێ) برایەتي .
(برتوبۆڵ) لە بەرخۆوە بۆڵە بۆڵ كردن .
(برجي پیرێژن) حەوت ڕۆژی زۆر ساردە لەدوایی زستانا ، چواري بەر شوباتو سێي بەر ئازار ئەكەوێ .
(برچیی) ز . برسي .

(بردن) لە گەڵ خۆدا هەڵگرتنی شتێك لە جێگایەكەوە بۆ جێگایەكی تر .
(بردنەسەر) تەواو كردنی كارێك یاووتارێك: هەرچي ئەكەی(بی بەرەسەر)
(بردنەوە) سەركەوتن و زاڵ بوون لە یاریدا . بردنی شتێك بۆ شوێنێك دووهەم جار .
(برر) لق : (برر)ێك دار . هێند : (برر) ێك دانیشە . گۆترە : لە (برر) ئەم كارەم بۆبكە . بووار : ئەم ئاوە (برر) نادا .
(برړادە) ڕێزە ئاسني ووردە كە لە ئاسني ڕنراو ئەبێتەوە .
(برران) پچڕران : گوریسەكە (بررا) . بریندار بوون بە تیغ : دەستم بە چەقۆ (بررا) .
(بررانەوە)نەمانی شت . پچڕرانەوە : تەزبێحەكەم(برړایەوە)واتە پچڕرایەوە
(برربرراگە) برربررەي پشت .
(برربرره) ئێسكی زنجیرەداري موورغەی پشت . داسێكی پچكۆلەي

کوانەدارە وەك مشار . نەتەوەی ساغی
تیرەیەك : ئەم پیاوە لە (بربرە)
ی بابانە .
(برربوون) جیابوونەوە ولێك
بررای هێندێ گیاندار لەیەك
(برربەند) پارچە پۆلایەکی درێژ
کۆلەی گرنج گرنج ورووشە شتی
پێ ئەکرێنری .
(برربەنگ) برربەند
(برردان) جوێ کردنەوەی
شتێك لەشتێکی تر
(بررس) د . بررست
(بررست)هێزوهەناو:(بررست
ت برریم
(بررشت)پارچەی سەرەمەقەست .
تیێژیی مەقەستوتیغ : ئەم قەیچییە
یائەم چەقۆیە بێ (بررشت)ە . پیت
وبەرەکەت : دەغلو دانی ئیمساڵ بە
(بررشت) ە . دەگەروفەرمانرەوایی
: فیسار کەس بە (بررشت) یابێ
(بررشت) ە .

(بررفێن بررفێن) د. فرران فرران
(بررك) بنجی کاڵەك وشووتی
وخەیار وترۆزیی . شووتی وکاڵەی تازە
لەبررك کراوە . قررقێنە (با)
(بررکردن) توانیین لەرێ رۆینا
: بەپێ (بررناکەم). کارکردن و جێ
گیربوونی فەرمان وقسە : فیسارکەس
ووتەی یافەرمانی (بررناکا) . جیا
کردنەوەی دووشت لەیەك
(بررکە) پالار . بررکی پێستان .
کۆمەڵی ئاژاڵ . گیایەکی کوێستانی بۆن
خۆشە بۆ لەوەری ئاژاڵ زۆر باشە .
پارچە (د) .
(بررگە) لەلەی قەراغی هێندێ
شت ، (بررگەبررگە)شتێکەبررگەی
زۆری پێوەبێ
(بررمەبررم) دواندن وخوررین
بە وورتاری قەبەی زبر : تۆچە
(بررمەبررم) ئکەیتە
(بررمێن) بریتییە لە مەردومی
ئازای بەدەست و بردی جوامێر .

(برناخ) کونەلووت ٠ لووت
(برناخە) برناخ ٠
(برندە) تیغێکە کەباش‌شت ـ بیرێ ٠
٠ (برنووتێ) دەرمانێکە لە تووتن ئەکرێ وئەکرێتە لووتەوە بۆ پژمین ٠
(برروا) باوەرر ، (برروابوون) برروا کردن،(برروا کردن)باوەرر کردن
(برروایی) دڵ کرانەوە بەبینینی شتێك یاشوێنێك : دڵم (برروایی)نادا بچم بۆ لای فیسارکەس ٠
(برروسك)شتی‌کەم: (برروسك) یك ئاوم بدەرێ ٠
(برروش) برروێش
(بررووش) برروێش ٠
(برروێش) گەنمی بەلْخورد کراو.
(برروێشکردن) بریتی‌یە لە قسە کردن بەهەڵەیی : فیسارکەس کەوتە (برروێش کردن) وانە کەوتە قسەی بێ سەرو پێ ٠ موو کردن ٠
(برروێشین) د ٠ چێشتی برروێش

(برروێی) برروایی ٠
(بررە) کەڵبەی بەراز ٠ یەکانە ٠ فرتاندنی گوڵەزەررات بۆ کوتانلن : زەررانەکە (بررە) مکە ٠ کەڵەمێرد ٠ کیچ (ل) ٠ بەیارێکە لەزەوێی لەناوەند درو وەردا (د) گوێرە (د) ٠
(بررەك) ز ٠ مشار ٠
(برربار) پەیمان ٠
(برریان) د ٠ پچرران ٠
(برریانەوە) د ٠ بررانەوە ٠ پچررانەوە ٠
(برریژ) قاڵبێکە کە شتی تواوەی تیا دابرریژرێ ٠
(برریسبرریس) سرر سرر ٠
(برریش) د ٠ برروێش ٠
(برریشت) د ٠ برریني کاڵا : ئەم‌کەوایە (برریشت)ێ‌جوانە ٠ بررشت
(بررین) کەرت کردنی شتێك بە شتێکی تیژ ٠
(بررینەوە) هەڵپاچینی تووکی ئاژاڵ بە (برنك) ٠ گرتنەوەی ساوا

له شيري دايكی . دووكەرت كردنی
دلو يا ئاسن به مشار دواهێنان به
گوفتار يا كرداريك .
(برژان) سوورەوە بوونی هێندێ
شت به ئاگر . برژانگ .
(برژاندن) سوورەوە كردنی شت
به ئاگر .
(برژاندنەوە) تيمار كردنی برينی
تازه به دەرمانێكی تيژ بۆ ئەوەی كه
تەشەنه نەكا .
(برژانگ) مووی سەر پێلووی چاو
(برژانەوە) ژان كردنی برين له
كاتی برژاندنەوەیا .
(برژاو) شتێكه كه له سەر ئاگر
برژابێ . برژانگ .
(برژۆڵ) برژانگ . ريشووی خارلی
وسووزەنی وهێندێ شتی تر . پرژی
گوڵه گەنم و جۆ .
(برژياگ) برژاو
(برژيان) برژاو .
(برژيانەوە) برژانەوە .

(برسێتی) پێ ويستی گياندار به
خواردنێك كه بەری دڵی بگرێ
(برسی) گياندارێكه كه پێ وبست
بێ به خواردنێك كه بەری دڵی بگرێ
. (برسی بوون) پێويست بوونی
گياندار به خواردن .
(برشهەڵاتن) تەنگه نەفەس بوون
و پيش هەڵاتن له گەرمانا .
(برقەندەره) ل . چەقەڵ
(برك) ژانێكه له دەماری پشت و
كەلەكەدا پەيدا ئەبێ به هۆی سەرما
بوونەوە ، (برك كردن) دووچار بوونی
ئازاری برك . پەڵ : (برك) يەكی تێ گرت
. حەوز (با) .
(بركان) فوری دان .
(بركه) پەڵ : (بركه) يەكی تێ گره .
(برمه) جۆره خواردەمەنی يەكه
لەهەويروشەكرو گوێز دروست ئەكرێ
. ناڵەی نادار ، (برمه برم) ناڵه ناڵی نادار
(برن) ز . بردن
(برنج) دانەوێڵه يەكه وەك گەنم

بەڵام ئەم سپی یە ، ئەکوترێ وئەکرێ
بەگەڵێ جۆرە چێشت ۰
(برنجارر) شوێنی مەرمزە ۰
(برنجکوت) کەسێکە کە هەر برنج
یکوتێ بۆ مەردوم بەپارە ۰
(برنجۆك) شتێکي تەنکي کون کوني
جوانە ژنان ئەیکەن بەکراس ودەسماڵ ۰
(برنجە) هـ ۰ زەمردێکە کە شتێ
لێ دائەرریژرێ ۰
(برنگ) تینێکي دوودەمە وەك
مەقەست ئاژاڵی پێ ئەبررێتەوە ۰ پلار ۰
(برنگدان)د ۰ فرێ دان ۰
(برنگە) برنگی ئاژاڵ ۰ برینەوە
(برۆ) ریزەمووێکي کەوانەیی یە
بەسەر کالانەي چاوەوە ۰
(بروسك) ز ۰ بروسکە ۰
(بژو سکاندن) بروسکەدان ۰
(بروسکانەوە) بریقە دانەوەي
هێندێ شت لە دوورەوە ۰
(بروسکە)چەخماخەوئاگرهێنانێکە
کەلە هەور یالە لێکەوتنی دووشتەوە
پەیدا ئەبێ
(بروسکەدان) چەخماخە دانی
ئاسمان ۰ پەیدابووني ئلزاریکی کوتو
پرري لەجەستەدا ۰
(بروسکیان) د ۰ بروسکەدان
(بڕۆش) ز ۰ بەروش ۰
(برووزسەندن) زۆربوون و زاڵ
بووني شتێك بەسەر شتێکا : ئاگرە
کە یافیسلر کەس بەسەر فیسارکەسا
(برۆوزیسەند) ۰
(برە) برژانێکي ناوونجي یە بۆ
هێلکەو کلێ کەنابێ لەوە زیاتر ببرژێن
: هێلکەکە یاگۆزەکە ئەوەندە برژاوە
وسووز بوەتەوە لە(برە) چوە
(بردش) ز ۰ هەزار
(بردقان) یا ۰ ناوبژیکەر
(برەو) بەرزبوونەوە یا زیاد
بووني نرخی شت : فیسارکەس لە
(برەو) دابەیانەوشتە لە (برەو)دایە
(برەوبردنەوە) برەوسەندن
(برەوپێدان) برەودان بەکەسێك

یابە شتێك .

(برەوسەندن) برەو پەیدا کردنی
شتێك .

(بریێ) برە

(بریا) ووتەی ئاوات خواستن :

(بریا) کوودەھەووخوێندەوار ئەبوون

(بریانی) بەرخ و مریشکی ناوسك
ئاخنراوی لەرۆنا سوورەوە کراو

(برێژیا) ھ . برژاندن

(بریسکە) تیشکی شووشەوھێندي
شتی ترکەخۆر لێی بدا ، (بریسکە
بریسك) بریسکەي یەك لەدواي یەك
، (بریسکو ھووررر) بریسکە بریسکي
زۆر .

(بریسکەدان) بروسکەدان

(بریسکەدانەوە) تیشك دانەوەي
شووشەو ھێندێ شتي ترکە خۆر
لێي بدا .

(برێشتە) ھ . برژاندن

(برێشکە) دانەوێڵەی برژاو
بە ئاگر .

(برێشگە) برێشکە

(برێنە) برنگي ئاژاڵ برینەوە

(بریێ) بریتی . برۆ (با)

(بریتی) شتێکە کەلە جیاتی
شتێکي تربێ : چاي بۆ ھەزار (بریتی)
چێشتێ . کنایە .

(بریخە) بریقە . بەر یەخەیەکە
بۆ قایمي لەدیوی ناوەوە ئەدروێ
بەیەخەي کراسا .

. (بریق) ل . مەسینە

(بریقانەوە) بریقەدانەوە

. (بریقە) درەوشانەوەی شت
لەبەر ھەتاو وچرا ، (بریقە بریق)
بریقەی یەك لەدواي یەك ، (بریق
وھووررر) بریقە بریقی زۆر .

(بریقەدانەوە) درەوشانەوەي
شت لەبەر ھەتاو وچرا .

(بریکە) د . بریسکە .

(بریکەنێ) بریا .

(برین) شتێکی بەسفت وسۆی
بەلە جەستەي گیاندار بەیدا ئەبێ و

دەم ئەداتەوە ·

(بریندار) گیاندارێکە کەبرین بەجێگایەکیەوە بێ · هێندێ شتەکە کونێ تێ بووبێ ، (بریندار بوون) پەیدابوونی برین لەشتا ، (بریندار کردن) پەیداکردنێ برین لەشتا

(برینداری) بوونی حەستە بە بریندار .

(برینگە) برنگی ئاژاڵ بڕ ینەوە

(برینە) ژان گرتنێ ژن لەکاتێ منداڵ بوونیا .

(بز) چاوی زەق داپەڕراو · کێژێکە لەیاری (بزێندا) ئەکێشرێ·

بزن (ھ). جۆرە ماسییەکی گەورەیە·
بەز (د)

(بزان) کەسێکە کەلەکارێکا زۆر شارەزاو زانیار بێ

(بزاوتن) بزواندن .

(بزبزۆکە) ھ · ویزویزە

(بزپێوەکردن) بەنجەکردن بەقنگی بەکێکا بەگاڵتە · بریتیە لەگاڵتە پێ کردن : (بزی پێوەمەکە) واتە گاڵتەی پێ مەکە

(بزدان)پچڕان (با). ترسان (ز)

(بزداندن) ز . ترساندن .

(بزدۆنەك) ز . ترساندن

(بزدین) ز . بەزدین

(بزر) شتێ ون ، (بزربوون) ون بوونی شت ، (بزرکردن) ون کردن . ڕۆنی کەتان (ز)

(بزربزر)شتێکە کولۆ کولۆو گرۆگرۆ بوەستێ وەك ڕۆن دووگ

(بزرکان) تێکچوونێ شیرو ماستو هێندێ شتی ترو گرۆ گرۆ وێستانێ . تێکچوونو شپرزە بوونی گیاندار لەترسانا ، (بزرکاندن) وورڕێنە کردن ·

(بزرکاو) ماستو شیروهێندێ شتی ترەکە تێکچووبێ · گیاندارێکە لەترسا شپرزە بووبێ

(بزرکن) ز . خۆهەنوون بە ڕۆنی کەتان ·

(بزوۆك) ز . زیكەی ئەندام
(بزكـ) ه . پزووی دەرپێ .
شیلانی سوور كە زنان ئەیكەنە ملیان
(بزگورر) پارچەیەكی بێ نرخە
لەبەرگ و پێخەف و وێرەخەر . بریتی
یەلە دراوێكی كەم نرخ : (بزگورر)
یكم پێ نیە .
(بزگیر) رژد .
(بزگینلە) د . بەربووك .
(بزلماجی) جۆرە كولێرەیەكە
لەپێشەوە ئەخرێتە سەر ساج تانییەوە
برژ ئەبێ ئنجا ئەخرێتە سەر مادەو
دیوەكەی تری بە توندی ئەدرێ بە
سەر ساجەكەدا .
(بزلە) هـ . كارژۆلە .
(بزماتە) توێژی ئەستووری
سەر برین .
(بزمار) ئاسنێكی باریكی درێژی
سەربانی لووت تیژە دا ئەكوترێ بە
هێندێ شتا بۆ قایمی .
(بزمار رریۆ) شتێكە بزماری
زۆری پیا داكوترابێ .
(بزمارکوت) ترێ یەكە
هێشووی زۆر پرربێ .
(بزمارە) ووردە پوازێكە ئەدرێ
لەگێرری ئاش تانەمێزێ
(بزمك) بلامك .
(بزمەتە) بزماتە .
(بزن) جۆرێكە لە ئاژاڵی ماڵیی .
(بزنانە) سەندنی جل یەكە لە ئاژاڵی
ماڵی لە لایەن دەولەتەوە .
(بزن ترریْنە) گیایەكی بەهاریە
گەلای وەك كەوەر وایە بنكێكی خرری
هەیەوەك پیازی پچووك .
(بزن لەر) مەلێكی بۆری گەورەیە
وەك قاز ، گۆشتی ئەخورێ .
(بزن مژ) دەعبایەكی كێوی كارێژ ـ
كەرە لە (قومقمۆكە) گەورەترە ،
چنگی وەك چنگی منال وایە ، گۆشتی
ئەخورێ و پێستەكەی ئەكرێ بە كالانی
خەنجەر .
(بزن مژە) بزن مژ .

(بزن مژەك) بزنمژ ·
(بزن مشك) بزنمژ ·
(بزەدۆخە) بزنێكە بەكاروشیردوە هەموو ماڵێك ساڵەوساڵ ئەیدەن بەئاغا بۆ ماست و دۆخواردنی
(بزنەرزیشە) گیایەكی بەهاریی‌یە گەڵای وەك شویت وایە ، بنجێكی پچووكی هەیە ·
(بزنەكوررانە) بزنێكە هەموماڵە مسكینێك ئەی نێرن بۆ ماڵی ئاغالەحەلێكا كە كوری ببێ ·
(بزنەكێفی) بزنەكێویی ·
(بزنەكێویی) گیانداریكی كێوی‌یە لە ئاسك ئەچێ بەڵام ئەم شاخی لق لقە ·
(بزنەوەس) مەشكەیەكە لە پێستی بزن كرابێ ·
(بزواندن) جوولاندن
(بزۆز) بزێو ·
(بزۆك) بزێو · گیانداریكە كە سك وزابكا · ئافرەتێكە كە زۆر سك و زابكا ·

(بزوو) ز · داری بی ·
(بزووت) بررە داریكە سەرەكەی سووتابێ ·
(بزووتك) بزووت ·
(بزووتن) جوولانی شت · هاتنە خوارەوەی شیر بە مەمكا بۆ منال
(بزووتنەوە) جوولانەوە · بریتی‌یە لە سەركەوتنی نرخی شت بەرە بەرە · بریتی‌یە لە زیاد بوونی ئاو بەرە بەرە
(بزووك) د گیانداری بزێو
(بزوێن) جوولێنەر ·
(بزە) زەردەخەنە · زەقەی چاو ،
(بزەبز) زەقەزەقی چاو
(بزەفتن) ز · بزووتن ·
(بزەكردن) بریتی‌یە لە پێكەنینی بێ دەنگ ·
(بزەگرتن) بزەكردن ·
(بزەن) مەردومی ئازای لێهاتووی لێ دەر ·
(بزەڵە) بەچكەی بەراز · بەچكەی گیانداریكە كە بە خۆیاهاتبێ و گەورە

بووبێ ، (بزەڵەبوون) گەورەبوون و
بەخۆدا هاتنی بەچکەی گیاندار ·
(بزەلەر) بزنلەر ·
(بزێزێ) گیایەکی بەهاری کوێستانییە
سێ چوار پەل دەرئەکا ، گوڵێکی سپی
واش ئەگرێ .
(بزیسك) پزیسك .
(بزیشك) ز · کەرە ·
(بزێن) جۆرە یارییەکە منداڵان
کێررێکی گرد ئەکێشن ، یەکێك
ئەچێتە ناوبەوە ئەوانی ترتێی هەڵئەدەن
(بزێو) کەسێکە کەزۆر بجووڵێ ·
(بزێوی) جۆولانی زۆر
(بزێ) رەشە وولاخێکە کەپێی
نایێتە سێ تاچوار ساڵ .
(بڕ) مووی گیف · پڕ ·
(بژار) پاك کردنەوەی شینایی لەو
گیایانەی کەزیانی بێ ئەگەیەنێ . گیایەکە
لە ناو شینایی‌دا بژار ئەکرێ .
(بژارتن) ز . بژاردنی دانە وێڵە
(بژاردن) پاکردنەوەی ووشکە
دان لە زیوان · ژماردن · دانی نرخی

شتێك بە خاوەنی کاتێك شتەکەت بە
دەستەوە چووبێ ·
(بژارکردن) پاکردنەوەی شینای
لە گیاو سەوزیی بێگانە ·
(بژارکەر) کرێکارێکە کە
هەر بژار بکا ·
(بژارە) راستکردنەوەی رایەڵی
جۆلاکە باش و پێش بکەوێ · ژماردن ·
(بژارە کردن) خەو زرران و
خەیاڵ کردن لەبەر مەراقێك : ئیمشەو
تابەیانی من هەر (بژارەم کردوە) .
(بژانگ) ریشووی شت (ز) .
برژانگ . خۆدۆزین (د) ·
(بژانن) هەڵبژاردن . برژاندن ·
(بژبژە) پەسپەسەکۆڵە
(بژنك) ز . پرشنگی ئاووبەردەکاتی
شکاندنیا ·
(بژنیاك) د· هەڵبژێرراو
(بژنین) د · هەڵبژاردن ·
(بژوون) ز · سووژن ·
(بژوولك) برژانگ ·
(بژوێن) زەبەندو لەومەڕی‌ئەزۆر ·

(بژوین) پاك و خاوێن ٠
(بژیاگ) د ٠ برژاو ٠
(بژێو) خواردەمەنی یەکە کە
هوێ ژیانی مەردوم بێ ٠ بژوێن ٠
(بژێی) با ٠ چەن مووێەکە لەپێش
ناوچەوانەوە ئەهێڵرێتەوە لەلایەن لادێ
یێو کۆچەرییەوە
(بس) بستی گیاندار ٠ بلۆسکی ئاش
(ببسوك) ز ٠ گوڵە ئەستێرە
(بست) بانی دەست لە سەری پەنجە
توونەوە تا سەری پەنجە گەورە ٠ بلۆسکی
ئاش ٠ بستك (ز)
(بستك) با ٠ شیشی گۆشت برژاندن
(بستوو) کۆسپایی ٠ بلۆسك
(بسته) شتێکە وەك چەقالە ، سوێر
ئەکرێ و ئەخورێ ٠ چەقەنەی دست ٠
(بستەلێدان) چەقەنە لێ دان
(بسك) با ئەگریجە
(بسکۆك) بسك ٠
(بسکه) رووخۆشی و زەردەخەنە
یەکە پەیدا ئەبێ لە یەکێکی سەرودڵ
خۆشەوە : فیسار کەس (بسکە) ی
لێوەدێ ، یا (بسکە) ی سمێڵی دێ ٠
(بسمار) بزمار ٠
(بسماره) د ٠ مێخەکە ٠
(بسه) د ٠ بسته ٠
(بسێن) د ٠ کرپار ٠ کەسێکە
کە بەزۆر شت لەمەردوم بسێنێ ٠
(بشکافتن) ز ٠ هەڵچرراندنی
دروومان ٠
(بشکانن) د ٠ گریان بەنووکە
نووك ٠
(بشکوژ) ز ٠ دوگمەی کراس
وشتی تر ٠
(بشکوشك) خونچەی گوڵ
(بشێونه) د ٠ کەسێکە ئاشووب بنێتەوە
(بشێوه) ئاشووب و پشێوی ٠
(بشێوی) پشێوی
(بعوك) ز ٠ ئادەمیزادی ناشیرین
(بغورد) بخورد
(بغوردان) بخوردان
(بغوز) بخوز
(بفرۆش) د ٠ فرۆشیار

(بڤ) ووتەیەکە منالی ساوای
پێ ئەترسێنرێ لەدەست بردن بۆشتێك
(بڤر) ز . تەور
(بڤه) شتێکەکەبەووتەی (بڤ)
منالی لێ بترسێنرێ .
(بقێنقێ) ز . ووتەیەکە بەکار
دێنرێ لەباتی ووتاری: (ئەبێ هەروابێ)
(بکوژ) شتي کوشندە : گرانەتا
یەك داکەوتوەزۆر (بکوژ)ە . مەردومی
پیاو کوژ . مەردومي بزەن
(بکێلێ) د . جووتیار
(بکێلـکه) د . کێلـگه
(بگار) د . رێگا . بواره :
(بگار)م دادا واته بواردم تادا . بوار
(بگاردن) تێ بە اندن . جێ
بەجێ کردن . بواردن .
(بگـاره) ت . بواره
(بگارەدان) بوارەدان
(بگردگ) . رابوردوو .
(بگردن) د . رابووردن
(بگره) ووتەیەکە بەکار دێنرێ
لەجیاتی ووتەي : (تقریباً) : (بگره)

سێ سالە تۆم نەدیوه
(بگرەوبەردە)ووتەیەکەئاشووب
وپشێوی وبەیەکا هاتني مەردوم ئەگەیەنێ
(بلێ) شتێکە زیاد لەئەندازەي
خۆي نەرم بووبێ ، (بلـبوون)نەرم
بوونی شت زیاد لەئەندازەي خۆي
(بلا) ز . پیتێکە ئەخرێتە سەر
ئەمري غائب بۆبەهێز کردنەوه «تأکید»
: (بلا) بڕروا ، واته بابڕروا .
(بلاّ) بلا .
(بلاته) ز . بالەته
(بلاّمك)دارێکە هەردوو سەري
بەنی پێوە ئەبەسترێ وئەکرێتە دەمي
کارو بەرخ تادایکیان نەچەکێنن .
(بلاّو) شتی لەیەك دوور شاش
: ئەم هێلکە (ملاّو)ه .
(بلاّوبوونەوه) دوور کەوتنەوه
وجیابوونەوەی چەن شتێك لەیەکتري
(بلاّوکردنەوه) دوورخستنەوەي
چەن شتێك لەیەکتري
(بلاّوه) بلاّوبوونەوه .

(بڵاوەکردن) بڵاوبوونەوە
(بڵاوەلێکردن) بڵاوبوونەوەو دوور کەوتنەوەي چەن شتێك لە یەکتري
(بلبل) باڵندەیەکی دەنگ خۆشی بازەڵەیە ، بەقەد چۆلەکەیەك ئەبێ
(بڵتە) دەنگێکی پچووکە لەکەوتنە شتێکي رەق بۆ نلوشتێکي شل پەیدا ئەبێ بەرەنگێکي واکەلە(قوڵتە)پچووکتر بێ (بڵتەبڵت) بڵتەي یەك لەدوای یەك
(بلج) ھ . گۆیژ .
(بڵح) شتی بێ کەڵك
(بڵخ) د . تڵپە
(بڵسك) بڵۆسك
(بڵقرە) باڵندەیەکي پچکۆلەي کەوەلەیەلە فرینا باڵی رەپ ناکا
(بڵق) بۆشاییەکە لەناو ئاوو ھێندێ شتی ترا پەیدا ئەبێ بەھۆي بانێچوونیەوە . بلۆق .
(بڵقاو) د . زەلکاو
(بڵقدان) پەیدابوونی بڵق لەشتي شلا
(بڵقە) دەنگێکە پەیدا ئەبێ لە ھاتنە دەرەوەي بالەژێر ئاوا ، (بڵقە بڵق) بڵقەی یەك لەدوای یەك ، (بڵقو هوورر) بڵقە بڵقی زۆر .
(بڵقەدمرە) دەعبایەکي زەردی بانکەڵەیە وەك مارمێلکە وایە
(بڵقەڵدان) بڵقدان
(بڵمەبڵم) دەنگي قسەو گفتوکۆي مەردومي پیري بێ دەموودان ، یا نەخۆشێك کەلەسەرەمەرگابێ
(بڵن) د . بڵند
(بڵنایی) د . بڵندایی
(بڵند) شتی بەرر
(بڵندایی) ئەندازەي بەرزیی شت
(بڵندبوونەوە) بەرزبوونەوە
(بڵندکردنەوە) بەرزکردنەوە .
(بڵندەوەبوون) بڵندبوونەوە .
(بڵندي) بڵندایی .
(بڵۆسك)بڵووسك .
(بلۆق) ھەڵتۆقاوي ئەندامي گیاندار بەئاوتێ زاني لەکاتي سوونان یانازاربێ گەیشتنێکیا ، (بلۆقکردن) ھەڵتۆقیینی ئەندامي گیاندار

(بڵووچە) کۆچەڵەیەکی بچکۆڵەیە
مزەی ئاشی پێ ئەگیرێ .
(بلوور) شووشەیەکە ئەکرێ بە
سەر چرای لەمپادا . بلوێر . شووشەی
ئەستووری ساخ .
(بلووری) جۆرە تەنراوێکی
سپی تەنکە ، ئەکرێ بە کراس وەدەرپێ
وشتی تر
(بڵووسك) ئاسنێکە لە هەردوو
بەرداش هەڵئەکێشرێ ، سەریەکێ وو
رووی ئەکرێ بە (تەومرە) دا بۆ ئەوەی
کە بەرداشی سەرەوە بسوورێنێتەوە ،
سەرەکەی تری ئەکرێ بە (تۆپ) دا
بۆ ئەوەی تۆپەکە ئەم بسوورێنێتەوە
(بلووك) د. ناوچەیەکی گەورەیە
کە چەن ئاوایی ودێ یەکی تیابێ
(بلوێر) دارێکی درێژی کون
تێکراوە لەوێنەی سەبیل منداڵ لە پێشکەدا
سیەزی پیانەکاتە خوارەوە . لوولك
(بلوێربەزێن) چەنەباز
(بلوێرپێچ) پارچە پەڕۆیەکە بە
لێواری بلوێری منالا ئەیپێچرێ بۆ
ئەوەی کە مناڵەکە برینداز نەبێ
(بلوێرپێچك) بلوێرپێچ
(بلوێرژەن) کەسێکە بلوێر باش
لێ بدا .
(بلوێرلێدان) فوو کردن بە بلوێرا،وە
دەنگ لێ پەیدا کردنی
(بلەربەزێن) د . بلوێربەزێن
(بلەکناچێ) د . پیاوی ژنانی
(بلەگاز) هەژار .
(بڵەماج) جۆرە پەڵوڵەیەکی شل
و شۆڵە .
(بلەنگاز) ز . دەربەدەر
(بلەور) بلووری چرا .
(بڵێزە) بڵێسەی ئاگر
(بڵێسە) کڵپە سەندنی ئاگر ،
(بڵێسەبڵێس) بڵێسەی یەك لەدوای یەك
. (بلیت) پارچە نوسراوێکە ئەدرێ
بەکەسێك کە بە ئاسانیێ پێی بچێتە
ژوورەوە بۆ هێندێ جێگای تایبەتی
بەپارە .

(بلیمەت) ئادەمی زادی ئەکاری
لێهاتووی هەڵکەوتوو .
(بم) قەڵەوی تێك سمرراو .
(بمکردن) خۆکیف کردن .
(بن) ژێری شت . کچێنی .
(بنئاره) هەویرێکە ئەخرێتە بن
ئاگر تا ئەبرژێ .
(بنئاگری) بنئاگره .
(بنار) داوێنی شاخ .
(بناغە) چەن چینێکە لەدیوارکە
لەبنەوە لەسەر ساغی دائەنرێ .
(بناغەدانان) دانانی بناغەی دیوار
لە سەر ساغی .
(بناغەدانەوە) هەڵکەندنی بناغەی
دیوار .
(بناغەنان) بناغەدانان .
(بناغەهەڵکەندن) بناغەدانەوە .
(بناغەهەڵبەستن) بناغەدانان .
(بناقاقا) د . بیناقاقە .
(بناقاقە) د . بیناقاقە .
(بناو) جۆرە دارێکە گوچانی لێ
دروست ئەکرێ ولەبەر قورسیی ژێر
ئاو ئەکەوێ .
(بناوان) بەرهەڵستێکە لەبەر دەمی
ئاوا دروست ئەکرێ بۆ هەستانی ئاوەکە
. ئافرەتێکە کە لەماڵا گەورە بێ وە
سەرپەرشتی ئیش وکار بکا : فیسارکەس
بێ بناوانە .
(بناوانهەڵبەستن) دانانی بەرهەڵست
لەبەر دەمی ئاوا بۆ بەرز بوونەوەی
ئاوەکە ولادانی بۆلایەکی تر .
(بناوی) بناو .
(بنباخەڵ) بن هەنگڵ .
(بنبرر) د . بنەبرر .
(بنبزوو) بن کلکی وولاخ .
(بنبەردووك) گیایەکی یەك لقی
بەهاری کوێستانی یە لاسکەکەی لە هێرۆ
ئەچێ ، چەن گوڵێکی ووردی سپی
ئەگرێ .
(بنبەردەقیێ) گیایەکی کوێستانی
خۆشە وەك رێواس وایە .
(بنیژنگ) ووردەیەکە لەبێژنگ

ئەکرێتە خوارەوە لە کاتی بێژانەوەی دانەوێڵەدا .

(بنبالْ) د . تەنشت .

(بنپژان) نەمانی کچێتی کچ بەهۆی کەوتنە خوارەوەی لەجێگـایەکەوە

(بنتاتیی) ز . جۆرە ترێیەکە .

(بنتاو) د . نەمام .

(بنتل) د . یەکەم گوێزە کەمنالاّن لەیاری مووشێنا دایئەکەن وتیلی تێ ئەکەن . بەرد یا لیسێکە کەبخرێتـە ژێر تاوێرێکی گەررە بۆ ئەوەی کە بە ئاسانیی تل بدرێ .

(بنتەك) د . بن‌بالْ .

(بنتیان) ئەوحەلْوا گەزۆیەیە کە ئەنووسی بەبنکی تیانەوە

(بنتیك پێکەوە نانی پارچەی کالاّ بەدرووماں لە پێش (هەلْپێچا) .

(بنج) ریشەی دارو درەخت .

لق وبۆیی گولْو گیا .

(بنجبەست) شتێکە کەرووابێ و رەگی داکوتابێ .

(بنجبەستکردن) بریتی‌یەلەدامەزرا ندن و جێ‌بەجێ‌کردنی کارێك .

(بنجداکوتان) ریشە داکوتانی درەخت وسەوزایی . بریتی‌یە لەجێ گیربوونی‌شتێك : فیسارکەس(بنجێ‌دا کوتـا) .

(بنجك) بنچك .

(بنجوبناوان) سەرچاوەو بناغەی کارێك .

(بنجوچکە) د . کلێنچکە .

(بنجۆڕی) د . جوستو جۆکردن بەدووی شتێکا

(بنجوو) کەسێکە کە باووباپیری جوولەکە بووبێ . کلێنچکە .

(بنجووری) د بنجۆڕی .

(بنچاخ) د . قەبالە وسەنەدی کۆن : بۆزەویی‌وزارەکەم (بنچاخ)ی باووباپیرم هەیە .

(بنچك) بنەدەوەن یا بنەگیایەکی ئەستووروو پرو چرە لە هاوینا بە سەوزیی ئەمێنێ ولەپایزا ووشك‌ئەبێ

و بوسووتەنی هەلّ ئەکەنریّ. بن‌پالّ(د) .
(بنچلّ) د . بن‌لق
(بنچین) دەماروورەگ
(بنچینە) بناغەو تەمەلّەي ديوار
(بنخەرمان) دانەوێڵەیەکە کەلەژێر
خەرمانا ئەچەقێتە زەوی .
(بندروو) جۆرێکە لەدروومان.
جۆرێکە لەدرەو کەسەپان دەست وداس
لەبنەوە دائەگرێ بۆ ئەوەی کای زۆر بێ
(بندۆك) دۆوك .
(بندەست) بن‌پەلی گیاندار
(بنقۆلّ) پارچەیەکە لەکراسي
ژنان کەسەر قۆلّي پیادائەدروێ
(بنك) خوارووی شت .
(بنكدار) بازرگانێکە کە شت بە
کۆمەلّ بفرۆشێ . قاپ‌ودەفرێکە کە
بنکێك گیرابێ بەژێرەکەیا .
(بنکرر) چێشتێکە کە بەبنی مەنجەلا
نووسابێ .
(بنکلّیشە) بندەست :فیسارکەس
جۆتە (بنکلّیشە)ی فیسار کەسەوە ،
واتە جۆتە بندەستي بۆهەلّخەلّەتاندني
(بنكۆشك) ژێرخان .
(بنكەش) د . بن دەست .
(بنكەشيي) گرتنی درزي بەرد
كاري وخشت كاري بەگەچ‌ياچیمەنتۆ
(بنكەن) بنكەند .
(بنكەند) شتێكە كە بنكيي هەلّۆلّ
بووبێ. (بنكەند بوون) هەلّۆلّ بووني
شت ، (بنكەندكردن) هەلّۆلّ كردني
بنكي شت .
(بنكەوش) بن هەنگلّ
(بنگس) د . بست .
(بنگست) د . بست .
(بنگوس) بنگس .
(بنگوست) بنگست
(بنگۆزروان) بني گیایەكي بەهاريي
گەلاّووردەوەك شويت ، پێشي ئەلّێن :
سێفەزەمينە .
(بنگۆزەلە) بن گۆزروان
(بنگولّ) گيايەكي بەهاريیە گەلاّي
وەك كەرەووز وايە بەپێنجەوە هەلّ

ئەكەنرێ و ئەدرێ بە رەشە وولاخ .
(بنگووف)با. گەلەخان .
(بنگە) بناغەی هەمووشتێك .
جومگە .
(بنگیرێ) د . بنجوورێ .
(بنلق) ووردە لقێکە لەبن لق
ئەستووری درەختەوە دەردێ .
(بنۆك) گیایەکي دەشتیە وەك
تویسي وایە بەووردێ ئەکرێتە برینێ
ئاژاڵەوە چاکی ئەکاتەوە .
(بنووس) نووسەر
(بنە) گیایەکەلەگێرەداله بەرري
ناوەوە ئەبەسترێ . سووکە ماڵێکەکە
ببرێ بۆ سەر رەز یا هەوار . گەهەك
(بنەبرر) شتێکە کە دوایی هاتبێ
و برراییتەوە ، (بنەبرربوون) بررانەوەي
شتێك ، (بنەبرر کردن)برراندنەوەي
شتێك .
(بنەبەنگە) د . بەستیبەردەمي ئاو
(بنە پیت)دەستمایە. سەر کۆزەری
بن خەرمان کەلەپاشا کۆئەکرێتەوە .

(بنەتوم) بنە توۆو .
(بنە تومە) بنەتوم .
(بنەتوۆو) دانە وێڵەیەکە کە کشتیار
داي ئەنێ بۆ تۆوی ساڵی دوایی .
(بنەجوو) د . بنجوو .
(بنەجووت) بنەتوۆو .
(بنەجڵ) بنچین
(بنەچە) رەگەز .
(بنەخڵ) د . بنباخەڵ
(بنەررەت) بناغە .
(بنەفش) ز . وەنەوشە
(بنەفشیی) ز وەنەوشي
(بنەکردن) نانەوەی شت لەلایەن
دزموە لەپێش دزینیا بۆ ئەوەي لە
هەلێکا بیدزێ.دۆزینەوەی ئەوشوێنەی
کەشتي دزراوي تیا حەشار دراوە لە
سەریستن .
(بنەگا) د . هەوارگە .
(بنە ماڵ) خانەدان .
(بنەماڵە) بنە ماڵ
(بنەوا)د. بناوان . بنەبەنگە

(بنەوان) بناوان ٠

(بنەوانە) ژنێکە کەلەماڵا بنەوان بێ

(بنەوش) وەنەوشە

(بنەوشە) پارچە یەکي ئاوریشمی مۆرەڤنان ئەیکەن بە کاڵا . وەنەوشە .

(بنەوشي)شتێکەرەنگیوەکرەنگی بنەوشە وابێ

(بنەوشیلە) بەری داري وەنەتەق

(بنە نگڵ) بنباخەڵ ٠

(بنیات) بناغە

(بنیسك) تەنکەسا بوونێکە کەلە سەڵك مایێتەوە دوای کارکردن ٠

(بنیسکە) بنیسك ٠

(بنێسي) دەردەباریکە ٠

(بنێشت) شتێکي سپی جیڕری بەکەشە لە (دارەبەن) پەیدا ئەبێ ٠

(بنیچە) بنەچە ٠

(بنیلە) فرێداني کوڵۆش بۆ ژێر پێي گا لەکاتی گێرەدا لە دیوی خەرمانەوە ٠

(بۆ) پیتی پرسیار لە هۆي شت : (بۆ) ناخوێنیت ؟ ٠ پیتێکە کردنە قەبەڵو تەرخان کردني شتێك بەشتێکەوە ئەگەیەنێ : ئەسپەکە (بۆ) تۆ ، زینەکە (بۆ) ئەسپەکە . پیتێکە هۆیەتي «تعلیل» ئەگەیەنێ : (بۆ) خوێندن هاتووم ، واتە هۆی هاتنەکەم خوێندنە . بۆن : ئەم گوڵە (بۆ) ي خۆشە . وەرە (ە)

(بوازوو) د ٠ بۆزوو ٠

(بۆبا) شتێکە بەهۆی با لێدانیەوە بۆني ناخۆش بووبێ وەك رۆن ٠

(بۆبرە) بۆن برە ٠

(بۆبلات) ز ٠ کۆستی گەورە .

(بۆپرووز) بۆکورووز ٠

(بۆت) ئاوبارە (با) ٠ دارێکي درێژ کۆڵەیە ناوەکەي وەك پلوسك هەڵکەندرابێ (ز) .

(بۆتە) د ٠ تەپکە خاکێك یاگوڵ وسەوزاییەکە کە لەزەوي بەرز بووبێتەوە

(بۆتە)جۆرە دەفرێکی پچووك گلێنە زێرو زیو وشتي تري پیا ئەتوێنرێتەوە ٠

(بۆتیمار) د . خەمەخۆرە .
(بۆج) بۆچی .
(بۆچاڵ) بۆنێکی ناخۆشە لەدانەو
یڵە یەکەوەدێ کەلەچاڵا زور مایێتەوە .
(بۆچرووك) بۆنی چەوری سووتاو
(بۆچك) د . پچکۆلە .
(بوچکە) پچووك . ئەموست .
کلکی گیاندار .
(بوچکەلانە) پچکۆلانە .
(بوچکەلانە) د . پچکۆلانە
(بوچە) بۆچی .
(بۆچەك) بۆچرووك .
(بۆچەکوهوورر) بۆچەکەوورر
(بۆچەکەوورر) بۆچرووك .
(بۆچەکەوەرر) د . بۆچرووك
(بۆچی) ووتەی پرسیار لەبونەو
هۆی شت .
(بوحتیان) بوختان .
(بوحشت) ز . بەهەشت .
. (بوخاری) موغەبری .
(بوختان) شتی ناشیرین هەڵبەستن
بەمەردومەوەو گێرانەوەی بۆئەموئەو .
(بوختیان) بوختان .
(بوخچك) ز . بوخچەی پچکۆلە
کە لەوانە بێ بەسترێتە پشت .
(بوخچە) شتێکی بانی چوار سووچە
کالاو کەلوپەلی تێ ئەخرێو گرێ ئەدرێ
(بوخچە بە گەردانە) بوخچە بە
گەردانێ .
(بوخچەبەگەردانێ) یاریی یەکە
کۆمەڵێك بەگردی دائەنیشن بوخچەیەك
بۆیەکتری ئەهاوون ، یەکێك بەدووی
بوخچەکەدا رائەکا لەدیوی دەرموەیان
، لەدەست هەرکەسێکا گرتی ئەوکەسە
وەکو ئەم تێ ئەکەوێ .
(بوخچەگەردان) د . بوخچە بە
گەردانێ .
(بوخچەی نەکراوە) بریتی یە لە
پیاوێك کە هەر کورر بێ ویەشتا ژن
نەهێنابێ .
(بوخورد) بخورد .
(بوخوردان) بخوردان .

(بۆخۆشكه) ه . كەتیرە .

(بۆخۆیی) دمردیكي بەناڵۆشە بە
چلوچەگیا .

(بۆدان) بۆن پێدان .

(بۆدانەوە) د . بۆندانەوە .

(بۆدرر) بۆندرر .

(بۆدررن) جۆرە بۆنێكی ناخۆشە
بەهۆي چڵكنی‌یەوە پەیدانەبێ .

(بۆدرە) شتێكی سپی ووردی بۆن
خۆشە وەك سپاو ئەكرێ بەجەستەوە

(بۆدووكەڵ) شتێكە كە بۆنی
دووكەڵی گرتبێ .

(بۆر) جۆرە رەنگێكە وەك رەنگی
خۆڵەمێش . زەمینێكە كەساڵێك لەوە
پێش نەكێڵرابێ . نیشانەیەكە وەك
واوێكی بچووك لەسەر هێندێ پیتی
عەرەبی دائەنرێ .

(بۆران) كاتی تۆفوسەرماوباران .

(بۆرانیي) جۆرە خواردەمەنی‌یەكە
لە هێلكە دروست ئەكرێ .

(بۆراو) چێشتێكە لە برروێشی
گەنمی برژاو دروست ئەكرێ و رۆنی
داخي لەكرێ بەسەرا .

(بۆرچیل) د . شتی رەشكەوە .

(بۆرچین)د.بۆرچیل.مراوی‌یەمێ

(بۆرر) جێگایەكي قێتكە لە ژێر
پووش وگەلاَیا لە زەوی‌دا دروست
ئەكرێ بۆمیوە تیاهەڵگرتن . كەسێكە
كە بۆرری خواردبێ .

(بۆرراندن) بۆررە كرون .

(بۆررخواردن) دەم كوت‌بوونی
بەكێك لەقسەو گوفتوگۆیەكا . زەبوون
بوونی یەكێك لەیاری‌یەكا .

(بۆرردان)زەبوون كردنی‌یەكێك
لەقسەیا لەیاری‌یەكدا

(بوورمان)دەنكەهەنلری‌ووشكەوو
بوو .

(بۆررە) دەنگی بەرزی رەشە
وولاَخ ، (بۆررەبۆرر) بۆررەی یەك
لەدوای یەك

(بوورێش) د . برروێش

(بوورێشین) د . چێشتی برروێش

(بۆرریه) شتێکي کولۆری دەم والی سەرتەسکە سەرباز فووي پیا ئەکەن بۆ پیاراگەیاندنی فەرمانێك پێ یان · بۆری ·

(بۆرریەزەن)سەربازێکە کەبۆرریه لێ بدات ·

(بۆرری) بۆرریه

(بۆرریزەن) بۆرریەزەن

· (بورغوو) بزمارێکە کەسەرەکەي پێچ پێچ بێ ·

· (بورغی) بورغوو

(بۆره) ئەسپو ماینو سەگێکە کەبۆربێ · بووره

(بۆرەبەلر) دمقالی ·

(بۆرەبە) د · قەلەباچکە

(بۆرەپیاو) پیاوێکە کەناسراوو نەودار نەبێ ·

(بۆرەجرره) بالندەیەکی بۆره وەك (قشەکلاونه)بەلام ئەم بچووکترە وبێ کلاوه

(بۆرەخزم) خزمی دوور

(بۆرەسوار) سوارێکە کەناسراو وناودار نەبێ

(بۆره قاني) ه · گیای سورەوەکراو ·

(بورەقنه) شتێکە کەمێ بۆربێ

(بۆرەمك)بالندەیەکی بۆري بچووکی دەشتي‌یە · جۆره خواردەمەنی‌یەکە لە ئاردو هێلکەو قیمه ورۆن ئەکرێ

(بۆرەلووك) بۆرەقنه

(بۆریه) لوولەیەکی بۆشێ کوناو درە لەشووشەیا ئاسن یاتەنەکە یاگلي سورەوە کراو ·

(بۆری)بۆریه · بووني شت بەبۆز

(بۆز) رەنگێکەلەتێکەلبووني رەش و سپی‌یەیدا ئەبێ ·

(بۆزه) شتي بۆز ·

(بۆزانه) گیایەکی گەلا ووردي لاسك درێژه گولێکي بۆری بچکۆلە ئەگرێ بۆنێکی توندي هەیه ئەکرێتە نلو جل وبەرگەوە بۆ ئەوەی مۆرانە نەیخوا ·

(بۆژۆ) گیاو ئالیکیکە لەبەر
دەمی ئاژاڵ ووولاخا مابێتەوە .
(بۆژۆکردن) بریتی یە لەسەرکردنە
سەر یەکێك وبێزار کردنی .
(بۆژە) بۆژۆ .
(بۆژەکردن) بۆژۆ کردن .
(بۆسار) بۆنی زۆر ناخۆش
(بۆسان) بێستان
(بۆسۆ) بۆنی پەرروێ سووتاو
(بۆسۆلێهەستان) بریتی یە لەبلاو
بوونەوەی دەنگوباسێکی ناشیرین
لە یەکێکەوە
(بۆسۆلێهەڵنەستان) بریتی یە لە
زۆر رووتی وهەژاری یەکێك : فیسار
کەس ئەوەندەرووتە(بۆسۆی لێهەڵناسێ)
(بۆسە) بووسە .
(بۆسەخواردن) بووسە خواردن
(بۆش) شتی هەڵۆڵ . زۆز(ز)
(بۆشایی) هەڵۆڵی شت
(بۆشکە) د . بەرمیل .
. (بۆشناخ) گیانداری بالا بەرزی

تێکسەرراوی چوارشانە
(بۆشی) بۆشایی .
(بوغمە) ووتەیەکە لەباتی ووتەی
(قوززەقورت) ئەووترێ
(بۆق) دەعبایەکی بانکەڵەی چوار
پێی مەلەوانە ، بەقونە ئەرروا . هەڵم
: ئەم حەمامە (بۆق)ی زۆرە . چاوی
زەق (د) .
(بۆقپێوەنان) باڵ پێوەنان
(بۆقژە) جۆرە دەم ئێشەیەکە
تووشی منالی ساوا ئەبێ
(بوقل) ز . پووز .
(بۆقلەمووت) د . بۆقلەموون
(بۆقلەموون) مەلێکی ماڵی یە بەقەد
قازێك ئەبێ ، گۆشتی ئەخوری ،
نێرەیان خۆی گیف ئەکاو سەردەندووکی
پارچە گۆشتێکی پیاشۆرر ئەبێتەوە
(بۆقەبۆق) جۆرە دەنگێکی رەشە
وولاخە لەبۆرره نزم ترە .
(بۆقەتە) پشتی مل .
(بۆقەمەلە) جۆرە مەلەیەکە وەك

مەلەي بۆق .

(بۆقمل) بۆقەتە .

(بۆكردن) د . بۆگەن بوون

(بۆكرووز) بۆنی خوری وموری سووتاو .

(بۆكر) جۆرە بۆنێكە لەهێندێ ماست و چێشت دێ باهۆی زۆر مانەوە یەوە لەسەر ئاگر .

(بوكلە) بووكی منالانە

(بۆكلیشە) بۆدررن

(بۆكنتك) جۆرە بۆگەنی یەكە لەمیوەی رریو وهێندێ شتی تردێ

(بۆگەن) شتی بۆن ناخۆش ،

(بۆگەنبوون) گەررانی شت بە بۆگەن ، (بۆگەنكردن) بۆگەنبوون : گۆشتەكە (بۆگەنی كردوە) .

(بۆگەنكە) خورما سیچان . گیایەكی بۆگەنە

(بۆڵ) دەنكی ترێ . زەنگێكی زلە ئەكرێتە مل پێشەنگ . هێشووی ترێ و خورما . خوڵەمێش

(بۆلاندن) بۆلەكردن .

(بۆلازوو) جۆرەترێ یەكی سپی یە وەك (سادانی) وایە بەلام ئەم مزرە ولەو ناسكترە .

(بۆلە) بۆڵە .

(بۆڵە) لەبەر خۆوە حۆتە كردن لەسەر شتێك كەپێت ناخۆش بێ ،

(بۆڵەبۆڵ) بۆڵەي یەك لەدوای یەك ،

(بۆڵەكردن) بۆڵەبۆڵ

(بۆڵەمرر) خوڵەمێشی گەرم

(بۆڵەنمە) مانەدانی بەری بەرزە درەخت : ئەم مێوە (بۆڵەنمە) ی تێ كەوتوە ، واتە مانەي داوە .

(بۆڵەنمێ) بۆڵەنمە

. (بۆم) د . بۆمبا .

(بۆمارانە) سیرمۆكە

. (بۆمبا) شتێكی بۆشە پرە لەپارچە ئاسن و بارووت ئەهاوێررێ بۆدوژمن

(بۆمباباران) هاویشتنی بۆمبابە فررۆك .

(بۆمباران) د . بۆمباردومان .

(مومباردومان) بۆمباباران
(بۆمباهاوێژ)فرۆکێکە کە بۆمباهە
ڵگرێ و بیدا بەسەر دوژمنا ٠
(بۆمچ) بۆگنتك
(بۆمچك) بۆمچ ٠
(بۆمچە) د ٠ بۆمچ
(بۆمچەوە) د ٠ بۆمچ ٠
(بۆن) هاڵاوێکی خۆش یاناخۆشە لە
هێندێ شت لە بێەوە و ئەچێ بەلووتا ٠
(بۆنبروە) جەن شتێکی تایبەتی بۆن
خۆشە لەگەڵ گڵێکی یاکاتێ کەڵ ئەکرێ
وەبەڵاوەوە ئەکرێ بەددەمی دنالێکەوە
کەبەبۆن کەونێ ٠
(بۆنپێدان) نیوە برژ کردنی هێندێ
شت لەسەر ئاگر ٠
(بۆنخۆشکە)با ٠ ڕێحانە کێویلە
(بۆنخۆشکەوە) گیایەکی بەهاری
کوێستانیی بۆنخۆشە ئەخرێتە ناوکەل و
بەلەوە ٠
(بۆنخۆشیی) بوونی شت بە بۆن خۆش
(بۆندار) تووتی بۆن خۆش ٠

(بۆندان) بۆن پێدان ٠
(بۆندانەوە) بڵاوبوونەوەی بۆنی شت
(بۆنلرر) بۆدرر ٠
(بۆنلررن) بۆدررن ٠
(بۆنکردن) بۆکردن ٠
(بۆنوبەرامە) هاڵاووبۆنێکی خۆشە
کە لەشتێکەوە بڵاو بووبێتەوە ٠
(بۆنە) هۆی شت : بە (بۆنە)ی
تۆوە هاتم ٠
(بوو) کوندە بەبوو ٠
(بووار) تەنکاییی ئاو کە ڕێی
هاتوچۆ بدا ٠
(بوواردن) هەڵبواردن ٠ ڕەنگ
گرتنی کاڵاو پارچە بەڕەنگێکی جیاواز
لەخۆی بەجۆرێك کە لێتر لێی نەیێتەوە ٠
(بووارەدان) ڕێدان بۆقسە کردن
: قیسار کەس (بووارەی قسەی کەس نادا)
(بۆوبەرامە) بۆن و بەرامە
(بوودرو) کوتێکە لەزەویی کەهە
ڵکەنرابێ ٠
(بوودەڵە)مەردومی هیچ لێ نەهاتوو

(بوودینە) نەعنا ٠
(بوور) زەمینێکە کە ساڵێك بێ
نەکێڵرابێ ٠
(بووراندن) ز ٠ هێنان و بردن
(بوورانەوە) بووردنەوەو لەسەر
خۆچوون ٠
(بووردن) خۆشبوون وچاوپۆشي
٠ زۆرگەیین و تەپینی کاڵەك وشووتی :
ئەم کاڵەکە یائەم شووتییە بووردووە ٠
(بووردنەوە) لەهۆش خۆچوون ٠
(بووردوو) شووتی و کاڵەکێکە کە
زۆرگەیی بێ ولوزس بووبێ ٠
(بوورە) بوور ٠
(بووری) ل ٠ بۆرییەي سەماوەر
(بوورین) ز ٠ رابووردن ٠
(بووزوو) شاڵی رانك وچۆغە ٠
(بووژانەوە) ژیانەوەي گیا ودار
یاسەوزابی لە پاش کزیی وزەبوونی ٠
(بووسە) حەشار ٠ کەلەمەي
جووت (ز) ٠
(بووسەخواردن) خۆحەشاردان ٠

(بووسەلیی) یا ٠ ناوە بۆجۆرە
ترێ یەك ٠
(بووش) یا ٠ ئاوي زۆر ٠
(بووق) ز ٠ تێرکە پیازێکە کە
تۆوەکەی بەسەرەوە بێ ٠
(بووك) ئافرەتێکە کە تازە شووی
کردبێ ٠ ژنی کورر ٠ گوڵاڵەسوورە
(با) شتێکە لەوێنەي بووك منداڵان
دروستی ئەکەن لە قامیش و واڵا بۆ
یاری ٠
(بووکبووکێنە) یاری کردن بە
بووکی قامیش ٠
(بووکلك) ز ٠ سیچکە سلاوە ٠
(بووکلە) بووکی منداڵانە ٠
(بووکە بەبارانە)بووکە بەبارانێ
(بووکە بە بارانێ) شتێکە وەك
داهۆڵ منداڵان ئەیکەن لە دارو پەررۆ
لەحەلی بێ بارانی داماڵەومالّە بگێڕن
بۆئەوەي ئاوي بەسەرا بکەن بۆ
نوقلانەی باران بارین ٠
(بووکە سەماکەرە) شتێکە وەك

بووکه بەبارانێ منالآن لەبەرروّولوّکه ئەیکەن بۆیاریی بێ کردن ·
(بووکەشووشه) جۆره بووکێکی منالآنایه لە شووشه ·
(بوول) ھ · خۆلەمێش ·
(بووله) مەردوی بوودەڵه ·
(بووم) ساختمانی جەسته : فیسار کەس (بووم) ی باشه یاخراپه · خاك وزەوی وزار : فیسارشوێن بەرو (بووم) ی باشه ·
(بوومەلەرزه) جوولآنەوەی هێندێك لەزەویی بەهۆی هورووژمهێنانی هەلّم وبۆق ناویەوه ·
(بوون) پەیدابی و هاتنەناوی لەشت لەدوای نەبوونی · بۆن (ل) · بریتی یه لەدلزایی و دەست رۆیین ·
(بوونەوه) بووژانەوەی مەردوم لەدوای لێ کەوتنی ·
(بۆوورره‌تەکه) بۆنێکی ترشەلۆکی ناخۆشه لەسابرین وبزنەوه دێ ·
(بووه) کەسێکە کەداراودەولەمەند
بێ · کوندەبەبوو (ھ) ·
(بووەتەقله) ھ · کوندەبەبوو ·
(بووەکوێره) بایەقوش ·
(بووەکەرره) کوندەبەبوو ·
(بوهر) با · بەش ·
· (بوهرزاوی) جۆرەمقامێکه
(بوهێ) ز · بێن ·
(بوهندار) ز · بۆندار ·
(بوهیشت) ز · بەهەشت ·
· (بۆیاخ) جۆره رەنگێکە شتی پێ رەنگ ئەکرێ ·
· (بۆیاخچی) کەسێکە بۆیەکاریی بکا
(بویژ) گۆینده · قسەکەر · شاعیر
(بۆیسان) بێستان ·
· (بۆینباخ) شتێکی تایبەتی جوانی درێژه لەقوماش ئەبەسترێته مل ·
(بۆیه) بۆیاخ · ووتەیەکەلەوەرای پرسیارێکانەبێژرێ کەوەرام‌دەرەوەکه لەو پرسیاره سەغلەت بێ : (بۆیه) لە وەرای یەکێکا کە پێت بلّێ بۆچی وانەکەیت ؟ ·

(بۆیەچیی) بۆباخ چیی

(بۆیەکاریی) خەرریك بوون بە کلری بۆیەوە . شوێنێکە کەبۆیە کرابێ خانووی فیسار کەس هەمووی (بۆیە کلرییە)

(بە) بەگەلێ مەبەس هاتوە ، (۱) ـهۆیەتی وسببیتی لەووتەیەی کە لەم ئەچێتە سەری بۆووتارێك کە لە دواوە دێ : (بە) هاتنتان دلم کرایەوە ، واتە مایەی کرانەوەی دلم هاتنتان بوو . (۲) بۆسوێند خواردن (بە) خوا . (۳) بۆیاریدەدان : (بە) قەلەم ئەنووسم ، (بە) پارە شت ئەکرم (٤) بۆ ظرفیت : (بە) رۆژ کارئەکەم ، (بە) شەو ئەنووم . (٥) بۆبەرزێتی : کرا (بە) دارا . (٦) بۆهاوررێیی : (بە) خۆشییەوە ئەچم بۆقوتابخانە . (۷) بۆ تشبیە : کەسم نەدیوە (بە) رەنگی تۆ . (۸) بۆچەندێتیی وئەندازەیی شت : گەنم لە هێندێ شوێن (۱۰) کێشان ولەهێندێ شوێن (بە) پێوانە . (۹) بۆ پێکەوە نووسانی دوو شت : دەردی دواکەوتن (بە) گەلێ نە خوێندەواردوەیە ، یا لەرێ گەیشتم (بە) نەریمان . (۱۰) بۆ کردنی اسم بە صفەت : منالی (بە) هۆش ، پیاوی (بە) هێز واتە منالی هۆشیار وپیاوی هێزدار . (۱۱) بۆلێکدانی دوو ووتە : روو (بە) رروو ، موو (بە) موو ، دەست (بە) دەست ، سەر (بە) سەر .

(بەئاگاهاتن) بێدار بوونەوە و هاتنەوە هۆشی ئادەمیزاد

(بە ئاوانگەیشتن) گەیشتن بە مەبەست

(بەئاوادان) بریتییە لە فیررۆ دانی شت : فیسارکەس دارایییە کەی (دابەئاوا) ، یاردنجی سەدساڵەی باوکی (دابەئاوا) .

(بەهارە) ز . گەنمە بەهارە .

(بەنۆك) ز . شتی خراپو ناشیرین

(بەبا) سەگ و بەرازو پشیلەیەکی مێ بینەیە کە ئارەزووی نێر بکا .

(بەبرشت) بریتی‌یە لەمەردوی
دمهراستی فەرمان رەوا .
(بەبك) ز . منالی ساوا
(بەبلوانە) بووکی‌چووکی‌قامیشین
کە منالْ لە بووك بووکێنەدا لەتەنشت
بووکی گەورەی قامیشینەوەدای ئەنێن
(بەبە) د . منالی ساوا .
(بەبۆکە) بووکێکە لەوێنەی منالْ
ئەکرێ لەشووشە یا لاستیك یا قامیش.
ووتەیەکە لەخۆشەویستی‌یەوە ئەووترێ
بە منالی ساوا
(بەبۆلە) د . بەبۆکە .
(بەبە) ووتەیەکە منالی‌ساوا بەمنالی
ساوای تری ئەلێ . تیردی بابان .
(بەبێ) ئادەمی زادێکە کە لە رێ
رۆینا ئلزابێ .
(بەبێچ) بریتی‌یە لە فێلباز :
رێوی (بەبێچە) .
(بەت) بالندەیەکی سپی‌یە لەمراوی
گەورەترە .
(بەتار) ز . بیناکی جلوان

(بەتارە) د . لفکە
. (بەتالْ) دەفری خالی . کاری
بێ کەلك . مەردوی بێ ئیش
(بەتالای) عاستی بەتالی‌شت
(بەتالی) بێ کاری . عاستی
بۆشی شت .
(بەتاناچوون) بەتاناهاتن
(باتاناهاتن) ژمارە کردن و باس
کردنی چاکە یاخراپەی شتێك بەدوور
ودرێژی .
(بەتانوپۆداهاتن) بەتاناهاتن
. (بەتانبا) جۆرە پێ خەفێکی
لەستووری‌خوری ئەنراوی‌سووراوەیە
. (بەتانیە) بەتانیا .
. (بەتانی) بەتانیە .
(بەترپێر) بە سەپێرێ .
(بەترپێرار) بەسرپێرار
(بەتردف) د . شتی لەکارکەوتوو
(بەتلاندن) لەدەست دانی‌شت
(بەتلانە) ز . رۆژی ئەعتیل
(بەتلین) ز . ماندووبوون

(بەتوون) د. ووتەیەکە بەکار دێنرێ لە جێی ووتەی (قیروسیا)

(بەتوێکڵ) بریتیە لەووتەیەك کەدوومەعنای بێ

(بەتەقەکەوتن) دەست هەڵگرتن لەشتێك لەشەرمانا .

(بەتەنگەوە بوون) دەربایستیی و مەبەست بووني شتێك

. (بەتیە) ەبای هاوینە

(بەجا) بەجێ

(بەجکە) پێجکە

(بەجووج) ز . زۆر بلێ. داوێن پیس .

(بەجەرك)بریتي یەلەئادەمي‌زادی ئلزای چاونەترس .

(بەجێ) گوفتار یاکردارێکە کە لەجێی خۆیابێ

(بەجێگە) بەجێ

(بەجێمان) پاشکەوتني شتێك لە شتێك .

(بەجێماو)شتێکە کەپاشکەوتبێ لە شتێکی تر .

(بەجێهان) جێ بەجێ بووني کارێـك .

(بەجێهانیین) بەجێ هێنان

(بەجێهێشتن) دواخستنی شتێك وجۆی بووەوە لێی

(بەجێهێنان) جێ‌بەجێ کردني کارێك .

(بەچ) بەچکە . شەلَتە

(بەچاوکردن) بەدیکردن

(بەچاوەوەبوون) تووشی زیان بوون بەهۆی چاوي پیسەوە .

(بەچاوەوەکردن) چاوي پیس هەڵێنان بەشتێك وهەڵپەرداوتنی .

(بەچك) د . بەچکە .

(بەچکە) بێچووی گیاندار

(بەچنگ) بریتیە لەگیاندارێك کەبەپەرر بێ لەپەیدا کردني شتا

(بەچوو) بێچوو

(بەچوە) بێچوو

(بەچە) ل . منداڵ.زاوا.بووك

(بەچەباز) د . هەتیوباز

(بەچەبازی) نەخۆشی گەشکە
کەتووشی منال ئەبێ . هەتیوبازی

(بەچەخۆرە) دەردێکە تووشی
گیاندار ئەبێ و هەرگیز تێرناخوات

(بەچەدان) ل . منالدان

(بەحەشت) بەهەشت

(بەخت) تالع وناوچەوان وبەش

(بەختدار) بەختیار .

(بەختداری) بەختیاری

(بەختڕەش) بەدبەختی کوڵۆل

(بەختکردن) چوونەوەی رەنگ .
خەرجکردن و بلاوکردنەوەی دراو

(بەختکەنۆك) ز . بەختیاری

(بەختە) بەران وسابرێن

(بەختەباران) مانگی مایس کە
سیویەك رۆژە .

(بەختەمام) ز . مەردوی ئەمینی
راست گۆی دلسۆز .

(بەختەمامی) ز . ئەمینی و
راست گۆیی ودلسۆزی

(بەختەوار) ز . مەردومی ئەمینی
بەوجدان .

(بەختەوەر) بەختیار

(بەختیار) خاوەن بەخت .

(بەختیاری) خۆشبەختی و کامەرانی
. ناوە بۆ تیرەیەکی گەورەی کورد
لە ئێران .

(بەخزمەت) خزمەتگوزار .

(بەخشایش) بەخشش

(بەخشش) بەخشیش

(بەخشندە) کەسێکە زۆر شت
بدا بەمەردوم . کەسێکە کەچاوپۆشێ
لە مەردوم .

(بەخشندەیی) شتدان بەمەردوم
بەزۆری .

(بەخشیش) شتێکە کە گەورەیەك
بیدا بەپچووکێك

(بەخشین) شتدان بەیەکێك
بەخۆرایی . چاوپۆشی کردن لەیەکێك

(بەخشینەوە) بەشینەوە

(بەخۆداهاتن) خۆداررشتن و

گەورە بوون .
(بەخۆڕیو) کەسێکە کە ئازاو
ئیشکەر بێ وە بەرەنجی شانی خۆی بژێ
(بەخۆکردن) د . بەخێو کردن
(بەخۆنازین) بای بوون
(بەخۆوەبوون) قەڵەو بوو تێك
ترزاوی .
(بەخۆوەبەستن) بەستنی یەکێك
بەخۆیەوە لە کارێکا
(بەخوێکردن) د . بەخێو کردن
(بەخەبەر) کەسێکە کە نووستوو
نەبێ . ئاگادار بەشت
(بەخەڵ) د . باخەڵ
(بەخەمکردن) گەورە کردن و پەروە
ردە کردنی شتێك
(بەخێوکردن) پەروەردە کردن
و بەرهەمهێنانی گیاندار
(بەد) گیانداری خراپی ناڵەبار
(بەدانکەوتن) نەخۆشکەوتنی
ئاژاڵ لەزۆر خواردنی ئالیکەوە
(بەدئەخم) د . ڕووگرژی ڕووترش

(بەدایکردن) ناڵەناڵ و نکەنکی
نەخۆش بەدەم نەخۆشیەوە
(بەدبەخت) کەسێکە کە بەختی لە
هیچا نەبێ . ستەم کار : فیسار کەس
زۆر خراپ و (بەدبەخت) ە
(بەدبەختیی) کوڵۆڵی و بێچارەیی
. ستەمکاری
(بەدبێژ) د . بەدگۆ
(بەدبێژی) بەدگۆیی .
(بەدبین) کەسێکە کە ئەنجامی کار
بەباش نەبینێ .
(بەدبینی) بینینی ئەنجامی کار بە خراپ
(بەدتوخم) مەردومی ناڕەسەن .
(بەدتەرەف) د . بەرتەرەف .
(بەدچارە) ئێسك قورس .
(بەدخواه) کەسێکە کە خراپەی
مەردومی بوێ .
(بەدخواهیی) ویستنی خراپەی
مەردوم .
(بەدخوو) گیاندارێکە کە خووی
خراپ بێ ، (بەدخووبوون) خراپ

بوونی خووي گیاندار ، (بەدخوو کردن) خراپ کردني خووي گیاندار .

(بەدخوویی) خراپي رەووشت وخوو .

(بەد دڵ) د . دڵپیس .

(بەددرەسەن) نارەسەن .

(بەددرەفتار) بەدخوو .

(بەدرەقە) رابەري شارەزا ،

(بەدرەقە کردن) رابەري کردن لە ڕێ ڕۆینا .

(بەدرەمە) جۆرە هەنگێکە لە هەنگی ماڵي بچووکترە ، وەهەنگوینە کەشی لە هەنگویني ماڵي جیرروترو خۆشترو بەنرخ ترە وەپێی ئەڵێن : هەنگویني (شەمەتلێنکە) .

(بەدزبان) کەسێکە کەچاکە بە بەزبانیا نەیەت .

(بەدزەررە) د . مەردوي ئێسك قورس .

(بەدسورروشت) کەسێکە کەبەسکماك بەد خووبێ .

(بەدکار) کەسێکە کە کردەوەي بەدبێ .

(بەدکاریی) بەدیي کردەوە

(بەدکردار) بەدکار .

(بەدکرداریی) بەدکاریی .

(بەدگۆ) کەسێکە کە باشي کەس نەڵێ

(بەدگومان) کەسێکە کە بیري دەربارەي مەردوم باش نەبێ .

(بەدگۆیی) ووتني خراپەی ئەم و ئەولای مەردوم .

(بەدڵبوون) چووني شتێك بەدڵتا

(بەدڵەوەنووسان) بریتي یە لە خواردن و خواردنەوەیەك کە لەسەرپشت و بەحەسانەوەبێ : نانەکەم (بەدڵەوەنووسا)

(بەدمەست) کەسێکە کە سەرخۆش بوو زۆر بێهۆش بکەوێ .

(بەدمەستي) بێهۆشی زۆر لە سەر خۆشییەوە .

(بەدناو) کەسێکە کە ناوي بەخراپە زررابێ ، (بەدناوبوون) ناوزرران بەخراپە (بەدناوکردن) ناو

زوراندن بەخراپە .
(بەد ناوی) ناوزوران بەخراپە
(بەدنگین) بەدبەخت .
(بەدنگینی) بەدبەختی .
(بەدنەك) کەسێکە کە بەرامبەر بە
چاکە خراپە بکا .
(بەدنەکی) سپڵەیی.
(بەدنها ، بەد سروشت
(بەدنیهاد) بەدنهاد .
(بەدوێژ) د . بەدبێژ
(بەدوێژی) د . بەدبێژی .
(بەدمردخواردن) بەکارهاتن
(بەدەس) بەدەست .
(بەدەست)مەردومی دەسترۆیو
(بەدەستگرتن) بریتی یەلە چوونی
مێرد بۆلای ژنی خۆی یەکەمین جار .
(بەدەستەو. دان) دانی شتێك
بەیەکێك لە رووی زۆر یا فرروفێڵ لێ
کردنەوە : فیسارکەس پیاو کوژەکەی
(دابەدەستەوە) . لاوازبون و بەناوا
چوونی بەخۆش : فیسارکەس بەم
نەخۆشی یە (داوبە بەدەستەوە) .
(بەدمق) گیانداروسەوزانی بەکەیف
(بەدەم) ئادەمی زادی قسەرەوان
(بەدەمار) مەردومی بەفیز
(بەدموێل) بەدەم .
(بەدە مودوو) مەردومی قسەزانی
قسەخۆش .
(بەدەمەوەدان) بریتی یە لە لغاوشل کردن
بۆیەکێك . دەرخواردنی شتێك بەدەم
شتێکی ترەوە ووردە ووردە : ئەوچیلکە و
چەوێڵە (بدە بەدەم ئاگرەکەوە) .
(بەدەن) ز . شوورەودیواری بەرز .
(بەدەو) گیانداری چەسپان .
جوان (ز) .
(بەدیارەوە بوون ، ئاگاداری کردنی
شتێك
(بەدیلفانی) ز . یارمەتی .
(بەدی) خراپەکردن : (بەدی)
مەکە ، (بەدیکردن) خراپە کردن
(بەدیکردن) بینینی شت لەدوورەوە
. کردنی خراپە

(بەدیل) ز نۆرە .

(بەر) پێش : بچۆرە (بەرەوە) . بەری دەخت وشیناییو گیاندارو مەشکە . مووی خوار بەرموسڵدان . لایەك لە شتێك یالە شوێنێك کە سنوورێك جیای بکاتەوە لە لاکەیتر : ئەم (بەر) یانەو (بەر) . بەرد (با) . بەرگ (ز) . بانی شت : چیتەکە (بەر) ی یانە . پارچەیەکە ئەگیرێ بەبەری کاڵادا لە دیوی ناوەوە . پیتێکە بەهەر ناوێك «اسم»ەوە نووسا لەی کابە اسمی فاعل: رەنج (بەر) ، فەرمان (بەر) ، را (بەر) . دەرگا (ە) .

(بەرا) ل . بەرخ . کارژۆلە

(بەرابەر) بەرامبەر .

(بەرابەری) بەرامبەری .

(بەرات) مووچەیەکی ساڵانەیەکە گەورەنەی بڕیتەوە بۆ بچووك . بەڵگە (ز) .

(بەراتخۆر) مووچەخۆر

(بەرانە) ز . لاکە تۆپیوێکە کە لە دەشتافرێ درابێ .

(بەراتی) شتێکە کە بە بەرات ئەدرێ .

(بەراردەی) ە . هەڵکەندن

(بەراز) دەعبایەکی کێوی مل کورتی بەزیانە بەقەد بەرانێك ئەبێ . بریتی یە لە مەردومی بەهێزی بەکێش .

(بەرازخۆر) تیرەیەکن لەقەراخ سیروان لە بەشی ئیرانا دائە نیشن .

(بەرازە) دوودانی گەورەیە بەرزە وولاخ لەشەش ساڵیدا دەری ئەکات . چەن دارێکە ئەخرێتە بن بەرداشی دێرووی ئاشەوە (ز) . شتێکە کە شتێکی تری پێ بەرز بکرێتەوە (ز) .

(بەراش) ز . بەرداش

(بەراف) ز . بالاف

(بەرافێزك) ز . حەڵواو دیاری یەکە کەلەجەژنا بنێررێ بۆ ئاشنایەك .

(بەرامای) ە . دەرهاتن

(بەرامبەر) دووشتی رووبەرووی یەك .

(بەرامبەرکێ) د . بەرامبەریکردن

(بەرامبەریی) وێستانی دووشت
بەرێکی یەك .
(بەرامبەر پیکردن) بەرزە بلێس
وێستانی یەکێك لە رووی یەکێکی ترا
(بەرامە) بۆن و هالاوێکی خۆشە
کەلە شتێکەوە بێ .
(بەران) شەکی نێری چوارساڵە
(بەرانبەر) بەرامبەر .
(بەرانبەری) بەرامبەریی .
(بەرانبەر پیکردن) بەرامبەر
پیکردن .
(بەرانپێچ) جۆرە بەروانکەیەکی
گەورەیە ژنان لەکاتی فرمانا ئەیگرن
بەبەرسنگیانەوە
(بەرانپێل) بەرانپێچ .
(بەرانگە) ز . بەچەی مەرروبزن
(بەرانەکێوی) جۆرە بەرانێکی
کێوی سوورکاری شاخداری قول
هەلکراوی تووك کورتە .
(بەراو) زەمینێکە کەلەبەرئاوا بێ
(بەراوپشت) د . بەروپشت

(بەراوورد کردن) تاق کردنەوە
(بەراوەژوو) ئاوەژوو
(بەراوێتە) گیاندارێکە کەبەری
بەناکامی فری دابێ .
(بەرایی) پێش رەوی شتێك :
(بەرایی) ئاوەکە یالەشکرەکە کەیتت
(بەرایدان) چاوهەڵهاتن بە
بینینی شتێك یاشوێنێك ودڵ برروایی
دان بۆتەماشا کردنی : چاوم (بەرایی
نادا) فیسار کەس بینم .
(بەرایهاتن) بەرایدان : چاووت
(بەرایهات) ؟ فیسارکەس بینیت
(بەربا) دانەوێڵەیەکی پووچە
کەلەکاتی شەن کردنا بابی‌با . بەرباد
(بەرباخت) ز . کچێکە کەکاتی
شووی هاتبێ .
(بەرباد) شتی لەکارکەوتووی
پەرێشان ،(بەربادبوون) لەناوچوونو
پەرێشان بوونی شت ، (بەربادکردن)
لەناو بردن وپەرێشان کردنی شت .
(بەربار) وولاخێکی بەلە ممەکە

کاتی بار کردنی هاتبێ و بەشتانە گیرابێ
(بەربازن) بازنێکی باریکی بچووکە لەدوای بازنەکانی ترەوە لەدەست لەکرێ بۆ ئەوەی دانەماڵرێن .
(بەربانگ) خواردنێکە کە رۆژ وەوان ئێوارە بیخوا .
(بەربانگ کردنەوە) خواردنی بەربانگ لەئێوارانا .
(بەربای گوێ کەوتن) بریتی یە لەسووسە کردنی قسەیەك
(بەربچان) ز . کەسێکە رەوشتو خووی لەخەڵق بەدەربێ
(بەربر) ز . کەسێکە کە بەرد بشکێنێ . سەرتاش .
(بەربژاری) ز . امتیاز .
(بەربن) د . بەربەست .
(بەربوو) ز . ئەو کەسانەن کە ئەچن بۆ بووك
(بەربوردی) ز بەربووك
(بەربوورە) پێش بینینو چاو پێکەوتن : تۆڵە (بەربوورە) برریار مەدە ، واتەتا شت بەچاو نەبینیت باوەرر مەکە .
(بەربووق) ز . گونجی ئاو
(بەربووك) ژنێکە لەگەڵ بووکا بچێ بۆ ماڵی زاوا
(بەربوون) بەرەڵا بوونی بەندی، رایی بوونی ئاو . بەرەڵا بوونی گیاندار لەبەت یالەقەفەس . لاچوونی رەشی مانگ وروژ بەهۆی گیرانیانەوە . ترازانی دووشتی قایم کراو لەیەك : تەختەی ئەم کورسی یە، یائەم درووماتە (بەربورە)
(بەربوونەوە) کەوتنە خوارەوە . رایی بوونی ئاو
(بەربەر) سەرتاش . دەنگێکە جووتیار لەگای جووتی ئەکالەکاتێکا کەبیەوێ گاکان لابکەنەوە بۆ لای بوورەوە .
(بەربەرروچکە) شوێنی بەنابای رووەو هەتاو .
(بەربەرۆشك) ز . مەردوی بێ نیش وکار . کەسێکە کە هەمیشە

لەمدبەقابێ ٠

(بەربەرە) دارێکی چەوتە لەخرێکە گێرري هەوجارر بۆ تەخت کردني کێرر ٠ بەفرمالّ

(بەربەرەکانێ) ملەملەکردن و چەنەبەچەنە ونستاني یەکێك لەگەلّ یەکێکي ترا ٠

(بەربەرەکانی) بەربەرەکانێ

(بەربەژن) ز ٠ نوشتە

(بەربەس) بەربەست ٠

(بەربەست) بەرهەلّستێکەلەبەر یانی ئاو یالەسەر رێگا دائەنرێ بۆ نەرۆیین وهاتوچۆ نەکردن

(بەربەستکردن) بەرهەلّستدانان٠ هەلّکێشانی ریسی رەنگ کراولە زاخاوی گەرما بۆئەوەی کەرەنگە نەچێتەوە

(بەربەسکردن) بەربەست کردن

(بەربەسێلّ) گۆشتێکە کەلەناو ساجا سوور ئەکرێتەوە لەگەلّ رونناو ماستی ئەکرێ بەسەرا ٠

(بەربەش) ز ٠ شتێکە کەلە مەعلمن دروست کرابێ ٠

(بەربەق) بەربەستێکە دروست ئەکرێ لەمەرمزەی (تیر) دالەزەویی یەکدا کە بەرز ونزم بێ بۆ ئاو خوارد نەوەي مەرمزەکە بەیەك سانی

(بەربەن) د ٠ بەربەست ٠ جۆرە خورمایەکە ٠

(بەربێژ) ز ٠ چەنە باز

(بەربێلّ) بەرەجووت

(بەربین) قوررقورراگە لەدیوی دەرەوە ٠

(بەرپا بوون) هەلّگیرسانی هەراو ئاژاوە ، (بەرپا کردن) هەلّگیرساندنی هەراو ئاژاوە

(بەرپاش) ز ٠ پێچەوانە

(بەرپرسیار) ز ٠ کەسێکە بەرامبەر شتێك مسئول بێ وپرسیاري لەسەر بکرێ

(بەرپرسیاري) ز ٠ مسئولیت

(بەربەچدانەوە) قسەبردنەدواوەي

بەکێك بەقسە هێنانەوە بەسەریا .
بەرەو برریێ دانەوە لەرۆینا .
(بەرپەرچ) د . پەرژین
(بەرپەرچدانەوە) بەربەچدانەوە
(بەرپێچ) د . مووروولەیەکە
لەسەری ئەو سەری بورغووتوندئەکرێ
بۆئەوەي کەبورغوەکە دەرنەیەت
(بەرتل) د . پارە یامیشچێکە
کەلەیاریێ (مووشێن) دا لەبەرتیلی
دەڵاتا دائەنرێ .
(بەرتەرەف)شتێکە کەلەکەڵك کەوتبێ
(بەرتەلانە) بەتێلانە
(بەرتەوبۆڵە) برت وبۆڵ .
(بەرتیشت) ز . بەرچاێ .
(بەرتێلانە) د . دیارییەکە لە
ماڵی زاواوەئەنێرری بۆ ماڵی بووك
بەر لەگواستنەوەی .
(بەرتیل) شتێکە بیدەیت بە
بەکێك کەکارێکت پێی بێ بۆ
ئەمەی ئەو کاردت بۆبکا
(بەرتیلخواردن) بریتییە لە

بەرتیل وەرگرتن .
(بەرتیلخۆر) کەسێکە بەرتیل
بخـوا .
(بەرتیلکردن) د . قسەکێشانەوە
لەیەکێك
(بەرجت) د . بەرەجووت .
(بەرجل) ز بەروانکە .
(بەرجەوەن) د . چەشمەنداز :
ئەمخانوە (بەرجەون)ی خۆشە .
(بەرجەوەنگ کردن) لێك‌دانەوە
ي قسە لەپێش کردنیا بۆبەراووردی
چاکیيوخراپي قسەکە : قسە تا (بەر
جەوەنگ) نەکەیت مەیکە .
(بەرجێنك) ز . بەرچاوگەی
ژنـان .
(بەرچا) بەرچاێ .
(بەرچاقك) ز . چاوێلکە .
(بەرچاو) شتێکە کەهەمیشەلەپێش
چاو بێ .
(بەرچاوتاریکبوون) بریتییە
لەرق هەستان وتووررە بوون .

(بەرچاوتەنك) مەردومي رژدي چرووك .

(بەرچاوتەنگي) بریتی‌یە لەرژدیي وچرووکی .

(بەرچاوتێر) مەردومي دڵفراوان

(بەرچاوتێری) بریتي‌یە لە دڵفراوانی .

(بەرچاوگە) پارچە خشڵێك یا چەن‌زەنگیانەو مووروویەکی هۆنراوەیە ژنان بۆجوانیی ئەیکەن بەپێش سەریانا

(بەرچاوە) د . بەرچاوگە .

مێش رەوێن .

(بەرچایي) خواردنێکە کەبەیانیان لەگەڵ چایی‌دا ئەخورێ .

(بەرچنۆکە) بەرچنەي بچووك

(بەرچنە) سەبەتەی‌تووڵینی‌قووڵي لاپانە میوەی تیا ئەبرێ بۆ دوور .

(بەرچەپ) د . مێمڵ : فیسار کەس (بەرچەپ) ی فیسار شتە .

(بەچینەك) ز . چیکڵدانەی‌مەل

(بەرچیخ) بەرچیغ .

(بەرچیغ) سەرپەلی سپی‌دار کە باریك ودرێژ بێ . تێلا .

(بەرچین) رەوێ‌یەکە کە(خەرتە) نەکرابێ ، بەڵکو هەر ئەزوی پێوە کرابێ وکێلرابێ .

(بەرچینە) بەرچنە .

(بەرخ) ساوای مەرر چە نێر چە مێ تا کاتي بررینەوەی بەرگنەکەی

(بەرخستن) فرێ داني بەچکە لە سکا بەناکامیی .

(بەرخوار) خواردەمەنی‌یەکي کەمە کە جوێ کرابێتەوە لە ئاز ووخەیەکي زۆر بۆ ئەمەی کە لە بەر دەستا بێ بۆ خواردن . شتی‌خواروخێچ (ز) .

(بەرخوان) ز . بەرخەلەوان .

(بەرخۆر) بەرخوار . کەسێکە کە بەمێچکە مێچکەوقسەي‌خۆش خۆي بیاتە پێشەوە لای مەردوم بۆئەوەي کە بەروبوومیان بخوا .

(بەرخوردار) کەسێکە کەعەمری ئەوەندە درێژ بێ لە بەری ئەتەوەي

خوّی بخوا . کەیف خوّش (ز) .
(بەرخورك) ز . تەرزەی بچووك
(بەرخوّلە) بەرخی ساوا .
(بەرخەل) بەرغەل .
(بەرخەلەوان) بەرغەلەوان .
(بەرد) شتێکی رەق تورتی قورسی
ئاشکرایە لەزەویدا .
(بەردار) درەختو سەوزاییەکە
کە بەری بیێ .
(بەرداش) بەردێکی پانی گردە
کونێك لەناوەراستیاتی ، دانەوێڵەی
پێ ئەهارر رێ .
(بەرداشت) گونجان .
(بەردان) بەرەلا کردنی شتی گیراو
(بەردانەوە) بەردانی ئاوی گیراو .
فرێدانی شتێك لە بەرزیەوە .
(بەردانیی) بەردەلان .
(بەرداوێژ) ئەندازەی هاویشتنی
بەردە دەستی زەلامێك : خانووی ئێمە
لەخانووی ئێوەوە (بەرداوێژێك)دوورە
(بەرداوی) بەردانی .

(بەردایی) بەردانی .
(بەردتاش) کەسێکە کە بەردێك
بخا بۆ دیوار «نقار» .
(بەردرركانە) خواردەمەنییەکە
ئامادە کرابێ لە لایەن یەکێکەوە کە
کالایەکی تازەی لەبەر کردبێ بۆ چەن
هاورێیەکی .
(بەرددرەکانە) بەردرركانە .
(بەردکێش) کەسێکە کە بەبارە
بەرد بگوێزێتەوە بۆئەم وئەو .
(بەردل) د . بەرقلیان .
(بەردلخستن) خواردنی بەرقلیان .
(بەردلك) ز . خوّشەویست .
توورەکەی مەمك .
(بەردلکەوتن) حەز کردن لەشتێك
وچوونی بەدلا .
(بەردوّلە) د . سوێنەیەکە نانی
تیا هەل ئەگیرێ . تەغاراوی پینەچنی
ولاسنگەر .
(بەردووخ) بەردێکە لەخرێتە سەر
پێچکەی خەررمك بۆئەمەی کە نەبزوێ

(بەردووک) پێستی ژێردووگی مەرر ·

(بەردە) د · بەندەیزەررخریدە چنێر چمێ ·

(بەردەئازەبە) بەردە عازەبە ·

(بەردەئەستێ) جۆرە بەردێکی شینکارە بەلێدانی ئەستێ ئاگردێنێ

(بەردەئەموستیلە) نقێمی ئەموستیلە

(بەردەبار) ز · پیاوی ژیرکە سەری لەهەموو شتێك دەرچێ ·

(بەردە باران) بەرد فرێدان بۆ یەکێك بەزۆری ·

(بەردەباری) ز · حکمەتو پسپۆرری ·

(بەردەباز) بەردێکە لە ناوئاوا دانرابێ بۆ پەرر ینەوە ·

(بەردەبیرۆ) بەردێکی زۆرسەختە شتی شلکە زۆرتوند بووبێتەوە پێی ئەشوبهێنرێ : دۆشاوە کە ئەوەندە خەست بۆتەوە بووە بە (بەردەبیرۆ)

(بەردەپێ) جۆرە بەردێکی زبری سووکە لەحەماما ئەهێنرێ بەبن پێدا بۆ لابردنی چڵك ·

(بەردەتووتن) شیشێك تووتنە لە هەموو (کەلارێك) دەرئەکرێ بۆ ئاغا لەپاش سێیەك ·

(بەردەرگانە) د · پارەیەکە لە بەر دەرگای ماڵی بووك ئەسێنرێ لە زاوا بۆ ئەوەی کە دەرگاکەی لێ بکەنەوە ·

(بەردەساو) هەسان ·

(بەردەست) کەسێکە لەژێردەستی یەکێکا هەڵسووررێ بۆفرمان کردن · شتێکی سووکەڵەیە لە بەردەستا دائەنرێ بۆفرمانی هەمیشەیی · بەرێکە ئەگیررێ بەسەر قۆڵی سەڵتەو کەوادا لەدیوی ناوەوە ·

(بەردەستە) پارچەیەکە ئەدرێ لە سەر دەستی کەواو سوخمەو سەڵتە لە دیوی ناوەوە ·

(بەردەستیی) ئیشکردن لە بەر دەستی یەکێکا · کرێکار (ز) ·

(بەردەستیکردن) هەڵسووڕرانی
بەکێك لەبەردەستی بەکێکا .
(بەردەشۆر کردن) شتنەوەی برنج
ونیسك وماش بەرەنگێك کەبەردەکەی
لێ بگیرێ .
(بەردەعازەبە) بەردێکی قورسە
کوڕرانی هەرزەکار بەبەرز کردنەوەی
هێزی خۆیانی پێ تاقی ئەکەنەوە .
(بەردەڤك)ز. یاوەر «مرافق» .
(بەردەقانیی) قۆچەقانی .
(بەردەڵان) بەردەڵانی .
(بەردەڵانی) شوێنێکە کەبەردی
زۆر بێ .
(بەردەڵبەرد) دەربەدەربی وسەر
گەردانی بەرەنگێك کەهەر دەمەی
لەجێگایەك وەهەرڕۆژەی بەشاخێکەوە بێ
(بەردەم) پێش دەمێشت .
(بەردەمۆرە) شتێکی بچکولانەی
تەنکە لەقوڕی (کربلاء) و (نجف)
سوور ئەکرێتەوە، شیعە لەنوێژا ناو
چەوانی ئەخاتەسەر .

(بەردەنوێژ) بەردێکی پانی تەختی
درێژە نوێژی لەسەر ئەکرێ .
(بەردەواز) بەردەباز
(بەردەهارر) بەرداش
(بەردەی) ه . بردن
(بەردێایی) ز . گۆڕرینەوەی
شت بەشت .
(بەردیل) مەرری سێڵاڵانە
(بەرر) بەررە . شاڵینە
(بەرانی) بێگانە .
(بەر ررەتەختن) بەرگیرخستن
(بەر ررەتکەوتن) بەرگیرکەوتن
(بەررۆژوو) رۆژۆوان ، (بە
ررۆژوو بوون) رۆژووگرتن
(بەرروو) بەری دارێکی گەڵا
پانی کێوییە، درێژ کۆڵەبەو توێکڵ
وکلاوی هەبە . ئەودارەیە کەبەررو
ئەکرێ .
(بەرروودار) داری بەرروو
(بەرروولە)دارێکی بچکۆلەیە ئەکرێ
بەکۆنی (هەبە) دا تامەیەکان دەر

ئەبەن . ترۆزێی وخەیاری ناسك ،
چەن سنگێکی باریکە تەختەی دەواری
بۆ لێك ئەدرێ . گاینجە .
(بەررووڵەخۆرە) کونی هەبە
(بەررە) ژێرەخەرێکە لەبەن
دروست ئەکرێ .
. (بەررەپۆ) د . کلیم
(بەررمزا) گیایەکی کەلاووردی
برری کێوییەبەهاری یەلەتەررەتیزەلەچێ
(بەررێکردن)خستنە رێی گیاندار
وپێك هێنانی پێویستی رێگای
(بەررێوجێ) کردار یاگوفتارێکە
کەلەجێی خۆیابێ.
(بەررێوشوێن) بەررێ وجێ
(بەررێوەبردن) سەرپەرشتی و
چاودێری کردنی شتێك .
(بەررێوە چوون) بریتی یە لە
گوزەران کردن .
(بەرز) بلند .
(بەرزا) د . مناڵی نۆبەرە .
بەرزایی .

(بەرزاخورر) ورلاخێکە ئالیکی
زۆری کرابێتەبەرو ئەوەندەی خواردبێ
خواردنی لەبەر چاو کەوتبێ : یاخۆ
خواردنی خۆشی درابێتێ وخواردنی
تری پێ نەخورێ
(بەرزاخ) د . دامێنی کێو
(بەرزایی) ئەندازەی بلندیی شت
. شوێنی بەرز
(بەرزبوونەوە) بلندبوونەوە
(بەرزفرریین) بریتی یە لەکەسێك
کەزیاد لەئەندازەی خۆی بخورێ و
قەپ دابگرێ
(بەرزقلك) ز . بەرهەڵستێکە کە
لەدار دروست کرابێ .
(بەرزکردنەوە) بلند کردنەوە
(بەرزە) چێشتی پلاو ،وون :
(بەرزە) م کرد ، واتە وونم کرد
(بەرزەبلێس) کەسێکە لەهەموو
قسەو گوفتوگۆیەکدا تێهەڵ بچێ بە
رەنگێك کەبەرابەرەکەی دەم کوت بکا
(بەرزەبلێسوێستان) تێهەڵچوون

لەهەموو قسەو گوفتوگۆیەکاو بەگـژ دەما چوونەوە ٠

(بەرزەجرە) جۆرە ویزویزە یەکە لەبەرزە جوررە گەورە ترە

(بەرزەجوررە) جۆرە ویزویزە یەکە هەر جرەجر ئەکا

(بەرزەچررە) بەرزە جرە

(بەرزەحەوایلە)د. کۆلارەی منالأن

(بەرزەرینە) ز . زوبەرجەد

(بەرزەکیبانان) ووتەیەکە تەشبیهی یەکێکی پێئەکرێ کەلەچورتمێك بە ئاسانی رزگاری بووبێ

(بەررزەگەوە) قیسپێکی هەلێ نەباچراوەئەکرێ بەپەرژین بەبێتەنیین

(بەرزەلنگێ) گیایەکی بۆن خۆشی کوێستانی یەئەی خەنەناو لێفەوسەرینەوە بۆبۆنخۆشی ٠

(بەرزەوولأخ) ماینوئەسپ وئێستر

(بەرزەوەبوون) بەرزبوونەوە

(بەرزەهەوایلە)د٠ بەرزەحەوایلە

(بەرزیی) بەرزایی

(بەرزیلان) د ٠ یاریی شێرو خەت بەپارە

(بەرزین) وولأخێکە کەکاتی زینی هاتبێ

(بەرژەنە) ژەمەنێك کەرە

(بەرژەنەك) دارێکی تەنکی پانە لەبەردەمی (دانە) و (گورد) ا دا ئەنرێ بۆ راگرتنی ئەندازەی پانیی تەنراوەکە بۆئەوەی کەخوارو گێرر نەبێ

(بەرستۆ) ز ٠ بەرۆك

(بەرسف) ز ٠ وەرام

(بەرسمێڵ) مووی سمێڵەکە لە لێوتێ پەررێ ، (بەرسمێڵکردن) قرتاندنی مووی بەرسمێڵ

(بەرسووف) ز٠ هەمووشتێکی پاش وپێش کراوی هەلێ گەرراوە

(بەرسێلێ) جۆرێ کولێرەیەکە بە ساج ئەکرێ .

(بەرسینگ) ز . قایشێکە کە ئەکەوێتە بەرسنگی وولأخی بەرزە لە کاتی زین کردنیا .

(بەرسیلە) بەری مێو کە هێشتا
ترش بێ .
(بەرسینە) سینەبەرە .
(بەرشووش) ز . بەرسووف .
(بەرشێو) خۆراکی ئێواران ،
(بەرشێوکردن) نان خواردنی ئێواران
(بەرشی یەی) ه . دەرچوون .
(بەرغەل) رانی کار و بەرخ .
(بەرغەلەوان) شوانی کار و بەرخ .
(بەرف) ز . بەفر .
(بەرفخورك) ز . تەرزە .
(بەرفرێدان) دانانی بەچکە و
منالٚ بە نەبەکامی .
(بەرفـاڵك) ز . بەفرماڵ .
(بەرفەشۆ) ز . بەفرێکە کە لە
گەڵ بارانا بباریٚ .
(بەرفەك) ز . جۆرە پێچ و مێزەرێکە
(بەرڤالە) ز . دەست ڤالە .
(بەرڤانك) ز . بەرکۆش .
(بەرڤین) ز . مردن لەرێگە
ناشیرنا .

(بەرقلیان) بەرچایی .
(بەرك) گوللە (ز) . ئەو تیرەیەکە
بەعەرەبی پێی ئەڵێن: شیرای شامی .
(بەرکار) کەرەسەی خانوو کە
ئامادە کرابێ بۆکردنی .
(بەرکاز) ز . پەنجەرە .
(بەرکانی) ز . بەردەقانی .
(بەرکاو) د . بەرزاخ
(بەرکردن) د . لەبەرکردن .
(بەرکۆ) د . قەرپووسی زین .
(بەرکوت) دانەوێڵەیەکە لە پێش
کوتانی خەرمانا ئەکوترێ بۆنان .
(بەرکور) ز . گۆشتی ژێر
چەناگەی مەردومی قەڵەو کەداڵەکەوێ
(بەرکۆستە) ز . پیاوی ریش تەنك
(بەرکۆسە) ز . بەرکۆستە .
(بەرکۆش) پەشتەماڵێکە ئەگیرێ
بەبەرکۆشەوە لەکاتی فرمانا بۆ پاك و خاوێنی .
(بەرکولٚ) ئەندازەیەکە لە چێشت
کە لە پێش پێ گەیشتنیا بخورێ ،
(بەرکولٚ کردن) خواردنی کەمێك لە

چێشت لەپێش پێگەیشتنیا ·
(بەرکۆڵە) دارێکە وەك (چاکلێ)
ئەخرێتە ناوەندي (مزان) و (ئێرەق)
تاکار باش بکا ·
(بەرکەتی) ز · شتی گران‌مابەو
بە نرخ ·
(بەرکەش) ز · سیني ·
(بەرکەك) ز · پەیژە · بێ‌پیلکە
(بەرکەکردن) ووتەیەکەلەووتاری
نزادا بەکار ئەهێنرێ : مانگـا کەت
(بەرکەکا) شیری زۆرە ·
(بەرکەڵ) نێوو نێکە کە کانی کە
لـگرتنی هاتبێ ·
(بەرکەمەر) گیایەکی بۆن‌خۆشی
گەرمیانی‌یە ·
(بەرکەوتن) پێش‌کەوتن · کەوتنی
شتێك لەشتێك : شووشەکە بەردێکی
(بەرکەوت) · نۆرەهاتنە سەر :
ئیمرۆ زوو نۆرەت (بەرکەوت) ·
بێ‌بڕان: تۆش‌لەوەنلەت(بەرلەکەوێ)
(بەرکەیە) ز · نوێنەر · یارمەتی دەر

(بەرگ) کاڵا · مقەبای ئەم
لاو ئەولای کتێب · گەڵای دارو
درەختو سەوزایی · ئەو رێگایەیە
کەمەردوم لەرەووشتو خووودا ئەی
گرێ «مبدأ» ز · پێشوو : جاری
(بەرگ) هاتم، واتە جاري پێشوو
(بەرگاز) ز · درێژیی‌یەکە کە
نزیك گەزێك بێ ·
(بەرگایلکە) باڵندەیەکي بچکۆ
لەی‌شینە زۆرتر لەبەردەمي گای‌جووتسا
ئەنیشێتەوە ·
(بەرگایی) پێش‌کەوتنی یەکێك
لەبەر دەمي گایەکەوە کەتازە خرابێتە
ژێر جووت یا گێرە بۆ راهێناني ·
(بەرگدروو) کەسێکە کاڵا بدروێ
(بەرگر) بەرگرد
(بەرگرتن) پژاندنی ترشوخوێ
بەدەمو چاوي یەکێکاکە (ئاگرە)ی
بێ گەیشتبێ لەلایەن یەکێکەوە کە
منالی بەئاگر سووتابێ بۆ ئەمەی کە
چاك بێتەوە · بەربەست کردني‌شتێك:

بەري ئەو ئاوە یائەو رانە بگرە٠
هاتنە بەری درەخت ٠ بەرگەگرتن:
ئەم وولاخە بۆئەم بارە (بەرناگرێ)،
واتە بەرگەناگرێ ٠ ئاووس بوونی
گیاندارێك كەئادەمیزاد نەبێ (ز)٠
بەربەستكردنی شتی رەنگ كراو
(بەرگرد) شتێكە كەلەبەردەستابێ
وبەكار بێنرێ بۆ ئەمەی ئەو شتەی
كەلەم باشترە جارێ بەكار نەهێنرێ
وبمێنێتەوە ٠
(بەرگن) تووكی بەرخێ تازەبوو
كەیەكەم جار بڕرابێتەوە
(بەرگورد)دارێكەئەخرێتەتەونەوە
بۆ ئەوەی كەرێك بوەستێ٠ بەرگرد
(بەرگەر)ز٠جامخانەوشووشەی
بەردەم ٠
(بەرگەرەكی)گیانداري جوانی
رێك وپێكی شۆخ و شەنگ : ئەم پیاوە
یائەم ئەسپە یائەم كەڵەشێرە (بەرگە
رەكێ) یە
(بەرگەش) ز٠سینی زۆر گەورە

(بەرگەشتە) بەدبەخت
(بەرگەشتەیی) بەدبەختی،
(بەرگەشتەیی هاتن)بەدبەخت بوون
(بەرگەشتێ) بەرگەشتەیی
(بەرگەگرتن) خۆراگرتنی شت
لەژێر بارێكی گرانا
(بەرگەل) بەرغەل
(بەرگەلەوان) بەرغەلەوان
(بەرگەمێ) ە٠ كووزەڵە
(بەرگیر) ز ٠ جۆرە مارێكی
زەهراویی كوشندەیە
(بەرگیرخستن) پەیداكردنی شتێك
وخستنە ژێر دەستی ٠
(بەرگیركەوتن) هاتنەژێردەستی
شتێك كە بەدوویا عەودالْ بووبیت
(بەرگیرییكردن) د ٠ بەرهەڵست
وەستان ٠
(بەرگین) د ٠ پێشوو ٠
(بەرما) ز . بەرماوە ٠
٠ (بەرماخ) كاغەزێكي لوولە كراوە
تووتنی تێ ئەكرێ وئەكرێ بەجگەرە

. (بەرماغ) بەرماخ .

(بەرمال) ز . ماوەیەکی تەختە لە بەر دەرگای مالا .

(بەرمالا) پارچە تەنراوێکی تایبە تیە بە نوێژی لەسەر ئەکرێ . دوو تەختە دەواری لێك دراوی ئامادە یە بۆئەوەی هەر کاتێك بایەکی بەهێز هات بگیرێ بە تەنشت رەشمالا ، وەبە چەن (سوولە) یەك بە دەوارەکەوە قایم بکرێ بۆ بەر بەستنی باکە .

(بەرمالك) با . جاجم .

(بەرمالی) ز . کەیبانووی مال

(بەرماوە) پاشماوە .

(بەرموور) جۆرە ملوانکەیەکە کە ژنان بۆجوانی راست و چەپ ئەیکەنە ملیان .

(بەرمووره) بەرموور .

(بەرمووسلدان) خوار ناووك .

(بەرمەجیل) د . دەرگای چەپەر

(بەرمەکانە) منالی شیرەخۆرە

. (بەرمیل) جۆرە سندووقێکی گردی قووڵە لەلوح یا تەختە

(بەرناف) ز . لەقەب .

(بەرنامە) مەنهەج وپرۆگرام

(بەرنوێژ) کەسێکە پێش نوێژی بکا

(بەرنوێژی) پێش نوێژی

(بەروار) با . کوێستان . ناوە بۆ ناوچەیەك لەعەمادی یە

(بەروال) ز . رێگای خوارو خێچی سەختی ناو شاخ و داخ

(بەروان) پارچەیەکی تایبەتی یە لەکاتی نان خواردنا ئەدرێ بەسەر کۆشا . بەروانکە .

(بەروانك) بەروانکە

(بەروانکە) سەردەریی یەکی تەنکە ئەکرێ بەبەرسنگی منالا بۆ ئەمەی کە کالاکەی پیس نەبێ .

(بەرواوپشت) د . بەروپشت .

(بەروبووم) پیت وفەرری شت : یاخوا لە (بەروبووم) ی منالەکانت بخۆیت .

(بەروێشکە) بە پێشکەیەك ئەوو

تريێ کە دۆشەکەو دەسرازەوشتومەکي نوستنی منالی تیابێ .

(بەروپشت) ئاوەژوو،(بەرو پشتکردن)وەرگێرراني‌یەخەی کراس‌بە جۆرێك کە پشتەکەی لە بەر ساغی بکەوێتە پێشەوە وپێشەکەی لەبەردررا ویی بکەوێتە پاشەوە .

(بەرودوا) یەك لەدوای یەك : فارس‌و نەریمان بەرودوا لەدایك بوون .

(بەرودواخستن) پاشوپێشکردن

(بەرودواکردن) بەرودواخستن

(بەرودواکەوتن)پاشوپێش‌کەوتن

(بەرودوانان) راونان

(بەرۆژ) ز . بەربەرۆچکە

(بەرۆش) ز . مەنجەلۆکە

(بەرۆك) یەخە

(بەرۆکبەردان) بریتي‌یەلە واز هێناني یەکێك لەیەکێك

(بەرۆکگرتن) بریتی‌یەلەشەرر فرۆتن بەیەکێك

(بەروو) پێشوو

(بەروەج) ز . جۆرە ئاسنێکە کەتفەنگي لێدروست ئەکرێ . تفەنگ

(بەروەستا) با . شاگرد

(بەروەسێل) ز . ئاگردان .

(بەرە) ووتەیەکە جووتیار بەگای جووتی ئەلێ لە کاتێکا کە گاکە پشت هێلێ بێ ، واتە رووی لەبوورە بێ . ئەتەوە :ئەمە (لەبەرە)ي‌فیسارکەسە. شتێکي سێ بەلە ، بەلێکی بەتەنگەوەو دووبەلەکەی تريێ بە قەاتاغەوە توند ئەکرێ . دەرگا (ھ) . خۆشي‌دوای باران (د) .

(بەرەبەرە) ووتەیەکە کردني کارێك یاووتني گوفتارێك ئەگەیەنێ کەلەسەر خۆ ، وە ووردە ووردەبێ .

(بەرەبێل) د . بەرەجووت .

(بەرەبەیان) دەمەدەمي بەیاني .

(بەرەبین) ھ . زاربێن .

(بەرەتەشـي) دارێـکی گردی کونداره ئەکرێ بەکلکي تەشی دا لە

حەلێکا کە سووك بێو زۆري لەسەر هەڵ نەکرابێ بۆ ئەوەي قورس بێ وباش بسوورڕێتەوە .

(بەرەتیی) د . بریتی .

(بەرەجفت) د . بەرەجووت .

(بەرەجووت) بەوئەندازە زەوییە ئەڵێن کە کشتیار جووتی تیا ئەکا . بەودەغڵ ودانە ئەووترێ کەساڵەوساڵ کشتیارلەزەویي خۆی هەڵي ئەگرێ .

(بەرەجەژنان) چەن رۆژێکەلەپێش جەژنەوە کە خۆی تیا ئامادە ئەکرێ بۆ جەژن .

(بەرەخوار) بەرەخوارە .

(بەرەخوارە) بەرەوخوارە .

(بەرەخەر) د . شوێنێکي تایبەتی یە کە باري وولاخي تیا ئەخرێ . مێ ینەیەکە کە بەر فریی دا .

(بەرەدەمووکە) دەمووکانە .

(بەرەرەت) د . چاڵێکە داوي تیا ئەنێنەوە .

(بەرەزبانە) بەرەزمانە .

(بەرەزمانە) د . ئاوزوونەي پشتێن .

(بەرەزوانە) د . بەرەزمانە .

(بەرەزە) د . وێڵ وئاوارە .

(بەرەزیی) بەری دررکەزیي کە لە (پانکە) ی مازوو ئەچێ .

(بەرەژان) ووردە ژانێکی دەم دەمي یە لەپێش منداڵ بوونابەچەن رۆژێك تووشي ئافرەت ئەبێ .

(بەرەژە) د . جەویی

(بەرەژوور) بەرەوژوور

(بەرەژوورە) بەرەوژوورە.

(بەرەژەنە) بەرژەنە

(بەرەژێر). بەرەژێرە .

(بەرەژێرە) بەرەوخوارە

(بەرەستە) با . بەردەئەستێ

(بەرەڤان) ز . ناوبژیکەر

(بەرەك) بەروك . بەروانکەی بەزیشك .

(بەرەگە) د . سەرەرێ .

(بەرەگەڵا) بەرێکی سووری

سپي واشەلەگەلاّيمازوودار دەرئەچي
(بەرەلاّ) بەرەللاّ .
(بەرەللاّ) گیاندارو ئاوێکەکەلە
روێنا بەرهەلستي نەبێ. بریتیبە لە
مەردومي سەرسەري بێکارە، (بەرەللاّ
بوون) بەربووني گیاندار وئاوێکە
کەگیرابن ، (بەرەللاّکردن) بەرداني
گیاندار وئاو
(بەرەمۆ) کاروبەرخ و گوێلکێکە
کەفێري مژینیدایکی بووبێ بەرەنگێکی
واکەبە بەستنەوە نەبێ چاری نەکرێ
(بەرەموّم) بەرەمێو .
(بەرەمەشکە) ژەمەنەیەك کەرە
(بەرەمێو) مێویتلپەيهەنگوین
(بەرەنگاربوون) گەیشتنی دوو
گیاندار بەیەك لووت وبزووت
(بەرەواژ) شتی ئاوەژوو
(بەرەوئیزباربوونەوە) بەرەورر
ووبوونەوە .
(بەرەوئیزبارکردنەوە) بەرەورر
ووکردنەوەي دووکەس بۆدەرخستنی
درۆ وراستي قسەیەك لەناویانا
(بەرەوبرردانەوە) پێشڕێگرتن
لە یەکێك .
(بەرەوبرریدانەوە) بەرەوبرر
دانەوە .
(بەرەوپێل) بەرانپێخ
(بەرەوپیریێ) بەپێش دەمەوە
چوونی یەکێکي گەورە
(بەرەوخوار)لایخوارووی‌شت
(بەرەوخواربوونەوە) روێن بۆ
لای خواروو .
(بەرەوخوارکردنەوە) ناردنی
شتێك بۆ بەرەوخوار
(بەرەوخوارکە) بەرەوخوارە
(بەرەوخوارە) شوێنی سەرەولێژ
(بەرەوخواری) بەرەوخوارە
(بەرەودوا) بەرودوا
(بەرەودوانان) بەرودوانان
(بەرەوررووبوونەوە) هاتنەرر
ووي دووکەس بۆدەرخستنی قسەیەك
کەلەناویا کرابێ

(بەرەورروو کردنەوە) ناردنی
یەکێك کەشتێکی لەسەرت بێ بۆلای
یەکێکی ترکەتۆ شتێکت لای بێ بۆ
ئەمەی کەبچێ لێی وەر بگرێتەوە بۆخۆی.
بەرەو ئێزبار کردنەوە
(بەرەوژوور) لای ژووروو
(بەرەوژووربوونەوە) رۆین بۆ
لای ژوورو
(بەرەوژوور کردنەوە) ناردنی
گیاندار بۆ لای ژووروو
(بەرەوژوورکە) بەرەوژوورە
(بەرەوژوورە) هەوراز
(بەرەوژێر) بەرەوخوار
(بەرەوژێرکە) بەرەوخوارە
(بەرەوژێرە) بەرەوخوارە
(بەرەولا) د . لابەلا
(بەرەولێژ) بەرەوخوارە
(بەرەولێژایی)هەڵدێرکەو بەرەوخوارە
(بەرەولێژکە) بەرەولێژە
(بەرەولێژە) سەرەولێژە
(بەرەولێژیی) بەرەولێژ

(بەرەوور) ز . تفەنگی لوولە
ئەسك .
(بەرەڤەبوون) بەربوونەوە
(بەرەهەف) با . شتی ئامادەی
دەر دەست .
(بەرەهەڵبێنە) چارەکەیەکە ژنان
لەکانی فرمانا ئەیگرن بەبەریانەوە لە
پشتێن بەرەوخواریان
(بەرەهەڵست) شتێکەکەبەکی کارێك
بخاو نەیەڵێ سەربگری
(بەرەهەمهێنان) پێگەیاندن و
هێنانە ناوی شتێك
(بەریان) رێ گوزاری ئاووبا:
(بەریان)ی ئاوەکە یاباکە بگرە
(بەری پەررە گەڵا) شتێکی ووردی
خرره لەپشتی گەڵای مازوو پەیدائەبێ
(بەربڤانی) ز . شوان
(بەریی) بەروو . بەرروو (ل)
. شتی بەردار . گیرفان (ز)
(بەریین) پان . بەروو
(بەریینابی) پانایی

(بەز) چەوربی ئەندامي گیاندار جگە لە دووگ

(بەزات) مەردومي ئازايێنەترس

(بەزاج) ز. دووزباني وبەدبي وچوغولێي .

(بەزاجکەر) ز . مەردومي دو زباني بەد .

(بەزاندن) کۆلێپێدان وزەبوو نکردنی یەکێك . هاتنە دەرەوەي میزی منالێ لەدەمي بلوێرەوەبەرەنگێك کە ناو ێشکە تەرر کا .

(بەزتن) د . بەزین وبارخستن لە شوێنێك .

(بەزدۆنەك) ز . ترسنۆك .

(بەزدین) ز . ترساندن .

(بەزرك) بزرۆك .

(بەزرەك) د . گیایەکە بەرێکي ووردي هەیە ئەکوترێ وئەنرێ لە ئەندام بۆ نەمانی ئەزاری .

(بەزرەوونج) گیایەکي هەمیشە بیە گەلایەکي خررو وورد وبۆن خۆشي هەیە .

(بەزگەر) ل . جووتیار .

(بەزم) یاریي ورابواردنوکۆرر گرتنی کۆمەڵێك بەخۆشي .

(بەزمژك) ز . گەنە .

(بەزمگا) د . شوێنی بەزمورەزم

(بەزوبنێشت) دەرمانێکە لەبەزو بنێشت دروست ئەکرێ ، بۆ برین زۆر باشە .

(بەزە) ز . گوناهبار . بەهەڵە چوو .

(بەزەتاو) چەورکردنیشوێنێکیقەڵە شاویاسووتاولەئەندامبەبەزيداخکراو .

(بەزەك) ز. نەخۆشيزەردووبی

(بەزەوبیپیاهاتنەوە) دڵسووتان بەگیاندار لەکاتي کزبي وزەبوونيیدا

(بەزەیبیاهاتنەوە) بەزەوبي پیا هاتنەوە .

(بەزیان) د . کۆڵدان

(بەزێن) جۆرە یاریکە منالاٌن کێرریکی گرد ئەکێشن یەکێك

ئەچێتە ناویەوە ئەمانی تریش تێ ی
هەڵئەدەن .
(بەزی) جۆرە سابوونێکە لە
بەز وقلیە دروست ئەکرێ
(بەزین) کۆڵدان لە کارێکا . خستنی
ماڵ و کۆچ لە شوێنێك : جاف لە شارەزوور
(بەزیوە) . بەررینی وولاخی بەرزە .
هەرراکردن .
(بەژ) بەشی ووشکایی لەزەویی
« بەرر » . شینایی یەکە بێ ئاو یی
کێشابێ (ز) .
(بەژا) هاوتەمەن .
(بەژقین) ز . ووردەی شتێکە
کەشکابێ بەهۆی کەوتنی شتێکی قورس
بەسەریا
(بەژك) ز . شینایی یەکە کە
بەبێ ئاو برروێ وسەوز ببێ «دیمە کار»
(بەژن) بالاّ
(بەژی) ز . زەوییەکی دێم
کە کشتوکاڵی تیابکرێ
(بەس) ووتەیە کە بەدیمەن ناو
« اسم » وەلە مەعنای فعل دایە ، وانە
دەست لەو کارە یالەو گوفتارە هاڵگرە .
بەستێکە کەبەنای پێ ببرێ . بەستن
(بەسات) د . پێویستی شت
: سبەینێ ئەچین بۆ سەیران هەرچی
(بەسات) ی هەیە تۆررێکی بخە ،
وانە پێویستانی .
(بەست) بەرهەڵست . شوێنێکی
مووفەررکی خۆشەویستی وایە ئەگەر
یەکێکی گوناحبار خۆی تێ بهاوێ
ئیتر کەس نەتوانێ دەستی بودرێژبکا
. روبارێکە کەلە (زێ) بچووکتر بێ
. حەماڵی خانوو (ز) . شیوێکی
ووشك کە ئاوی ایێ برابێ .
(بەستران) بوونی شت بەبەستراو
. بەك کەوتنی پیاو لەچوونەلای ژنی
لەبەر سامێك یاخورپەیەك یاشتێکی پرر
وپوچ ،(بەستراو) شتی گرێ دراو .
بریتی یە لەپیاوێك کەبەکی خرابێ لە
دروستبوون لەگەڵ ژنیا
(بەستن) رەقبوونی شتی شل و

بوونی بەسەهۆڵ لەبەر ساردیی . پێچانەو گرێدانی شتێك . بریتییە لەبەكخستنی پیاوەلەدروستبوون لەگەڵ ژنیا داخستن

(بەستنەوە) بەستنی گیانـدار بە پەت .

(بەستوو) كووپەڵەی شیین . بستوو .

(بەستوورە) چەمێكە لەزێ پچووكـتر بێ

(بەستە) جۆرە مقامێكە . چەن شتێكن كەپێكەوە بەسترابن

(بەستەك)دەستەنوێنێكي پێچراوەي بەستراوە لەناو شتێكا . دەنگ(ز)

(بەستەگي) د . پەیوەندیي

(بەستەڵۆك) شوێنێكە كەسەهۆڵي زۆر تیا بەستبێتي

(بەستەڵەك) بەستەڵۆك

(بەستەني) د . بەستەڵەك . دۆندرمە .

(بەستي) ز . خرري چەم . كەوێكەكە بۆراوەكەو بیرێ

(بەستیر) ز . قالبي

(بەسرپێر) بەسرپێري

(بەسرپێرار) سێ ساڵ لەمەپێش

(بەسرپێرێ) سێ رۆژ لەمەپێش

(بەسزمان) گیانداري هێمنی لەسەرخۆ

(بەسزوان) بەسزمان

(بەسڵەك) د . بەستەڵەك

(بەسە) د . بەستەی شت كە پێكەوە بەسترابن . بەستەگي . بەستەي گۆراني . (بەس) ی بە مەعنا واز بێنە !

(بەسەراچوون) چوونی یەكێك بەسەر یەكێكا لەكاني كارێك یا گوفتارێكا .

(بەسەرادان) چوونە سەریەكێك لە ناكاو .

(بەسەراهاتن) ناموژگاریكردن . هاتنی یەكێك بەسەر یەكێكا لە كاني كارێك یاگوفتارێكا .

(بەسەربردن) بردنەسەري كات

هەرچۆنێك بێ . بڕدنە سەری کارێك
هەرچۆنێك بێ
(بەسەرچوون) بڕرانەوەی کاتی
شت : توو (بەسەرچوو) واتەکاتی
تێپەڕربی ، ئاوهاتنەوەی گیاندار :
فیسارکەس (بەسەرچوو) واتەئاوی
هـاتەوە .
(بەسەر گرتنەوە) دۆزینـەوەی
وولاخوئاژاڵیوون بوو : بزنەکە یامانگـا
کەم لای فیسارکەس (بەسەر گرتەوە) .
تێ هەڵچوونەوەلەگوفتارێك یاکردارێك
لەنووکەوە بو تەواوکردنی : قسەکە
یا ئیشەکەم (بەسەر گرتەوە)
(بەسەر گێرران)بریتییەلەخەریك
کردنی یەکێك وسەرلێ تێکدانی :
بەسم (بەسەر بگێرره)
(بەسەرهات) خۆشیو ناخۆشی
یەکە کەلەژیانتا بەسەرتا هاتبێ
(بەسەرهاتن) هاتنی خۆشي و
ناخۆشییە بەسەرتا لە ژیانتـا
(بەسەرەوەگرتن) گرتنی پیاوێکی
بێگـانە بەسەر ژنێکەوە
(بەسەرەوەگەرران) بریتییە لە
مووشەکردن و خۆبەخێو کردنی بەکێك
بەم وبەو : فیسارکەس هەر (بەسەرە
وەنەگەرری) .
(بەسەزمان) بەسزمان
(بەسەزوان) بەسەزمان
(بەسەڵەك) د . بەستەڵەك
(بەسیاگ) د . بەستراو
(بەسیان) د . بەستران
(بەسي) د. کەسێکەکەلە (بەستا) بێ
(بەش) هێندێ لەشتێك کەبرر
درابێ بۆ یەکێك . گیانداري ناو
چەوانسپی (ز) . کوڵۆڵي چارەرەش .
شتێکە کە دەمي دابێتەوە : فیسارکەس
دەمي (بەشە) ، یا دەمي برینەکەي
(بەشە) واتە کراوەیە ، (بەشبوون)
والابوون ، (بەشکردن) والا کردن
: دەمت (بەشکە) واتە بییکەرەوە .
(بەشاوەند) ز . قافیە
(بەشبەر) کەسێکە لەکەلە پووري

مردوویەکا خاوەن بەش بێ

(بەشدار) خاوەن بەش

(بەشکا) بەشکم

(بەشکایەك) بەشکا

(بەشکانەکم) بەشکا

(بەشکایەکوو) بەشکایەکم .

(بەشکردن) دابەشکردنی شتێك بەسەر چەن کەسێکا . بەسبوونوکفایەت کردنی شتێك بۆکەسێك : ئەمە (بەشم نەکا) .

(بەشکم) تەقوو .

(بەشکوو) بەشکم .

(بەشکە) بەشکم .

(بەشکی) بەشکوو .

(بەشگا) د . شوێنێکی تایبەتی یە بۆبەشکردنی ئاو کە بۆسەر کشتوکاڵ بچێ

(بەشگە) د . بەشگا .

(بەشۆ) شتی شۆرار .

(بەشووار) سابوونێکە کە زۆر کەف بکا .

(بەشیریی) جۆرە قوریاتێکە .

(بەشینەوە) دابەشکردنی شتێك بەسەر چەن کەسێکا بەخۆرراپی .

(بەعە) ووتەیەکە منالٚ بەکاری ئەهێنێ بۆ مەرر وبزن .

(بەعیجاندن) ز . رق هەڵساندن

(بەعیجین) ز . رق هەستان .

(بەعیف) ز . بادام .

(بەعیفتەر) ز . چواله بادام .

(بەغمە) د . بوغمە .

(بەفاڵ) ماکەر ومایێنێکە کە ئارەزووی نێرەکەرو ئەسپ بکەن .

(بەفر) شتێکی سپی ووردەوەك وورەی هەلاج لە زستانا لە کوێستان ئەبارێ .

(بەفراو) ئاوێکە کە بەفری تێکرابێ .

(بەفرخۆرکە) هەورێکی خولاوییە لە بەهارانا ئەنیشێتەسەر بەفری کوێستان ئەی توێنێتەوە .

(بەفرماڵ) دارێکی دەم بانی کلك درێژە بەفری سەربانی پێ ئەماڵرێ .

(بەفرەژیلکە) بەفرە لووکە ٠
(بەفرەسەر) کاتێکە کە بەفرباري
بێ وبەستبێتی ومابێتەوە ٠
(بەفرەلوو) بەفرمالٚ ٠
(بەفرەلووکە) بەفرێکی دەنك ووردە
لە تەرزە وورد ترە ٠
(بەفش) ز ٠ شتێکە وەك شانە
وایە بەررەي پیێ پاك ئەکرێتەوە ٠
(بەفشك) ز ٠ بەفشی پچکۆلە ٠
(بەفەرر) بەکەڵك ٠
(بەق) نێرەکەو (ھ) ٠ بۆق (با)
٠ (بەقالٚ) تەررە فرۆش ٠
٠ (بەقالٚي) فروشتني تەررە ٠
(بەقبەقۆك) ز ٠ بلقە بلقي ئاو ٠
(بەقتاندن) ز ٠ تەقاندن ٠
(بەقلە) د ٠ قەلەموون ٠
(بەقلەمووت) د قەلەموون ٠
(بەقلەوا) ز ٠ باقلاوە ٠
(بەقلیسۆك) ز ٠ بێ ئابرووی
روو ھەڵماڵراو ٠
(بەقنگاخستن) بریتي بەلەدواخستني
کارێك ٠
(بەقنگەوەخستنە کەندەڵان) بریتي
یە لەدەمکوت کردنی یەکێك ٠
(بەقنگەوەنانە کەندەڵان) بەقنگەوە
خستنە کەندەڵان ٠
(بەقەم) رەنگێکە کەزووبچێتەوە
(بەقیە) جۆرە دروومانێکە
لە کاڵادا ٠
(بەقیناکەوتن) رق ھەستان
ومانەوەی لەسەر ئەو شتەی کە رقی
لە سەر ھەڵگرتوە ٠
(بەکار) گیانداری ئیش کەری
لێ ھاتوو ٠
(بەکارخواردن) بەکەڵك ھاتن
(بەکارھاتن) بەکارخواردن ٠
(بەکامگەیشتن) بەکام گەیین ٠
(بەکامگەیین) بەئاوات گەیشتن ٠
(بەکرووك) با ٠ کەسێکە کە
چاوو رراو بکا لەم ولەو «موشاغب»
(بەکرە) تەختە یەکی کوندارى
گردە دەزووي دروومانی لە سەرھەڵ

ئەكرێ .
(بەكسەمە) پسكویتێكە بۆ سەفەر
هەڵ ئەگیرێ .
(بەكسەمەد) بەكسەمە .
(بەكەرەمنەمان) لە كەڵك كەوتن
(بەكەرەمهاتن) بەكەڵك هاتن .
(بەكەڵ) مانگایەكە ئارەزووی
كەڵەگای ببێ .
(بەكەڵك) شتێكە بەهرەو
سودێكی لێ وەربگیرێ .
(بەكەڵكهاتن) بەكار هاتن .
(بەكەیف) كەیف خۆشی بەدەق
(بەكێش) مەردوم یا گیاندارێكە
كە لە ئیش وكارا بەپشو بێ .
(بەگ) ووتەیەكە بۆ گەورەیی
بەهێندێ كەس ئەووترێ .
(بەگزادە) نەتەوەی بەگ .
(بەگژابەرربین) د . بەگژاچوون
(بەگژاچوون) ئاوقەدبوونی شتێك
بەشتێكا : سالار چوو (بەگژ) نەریمە
، یامێوەكە (چووبەگژ) چنارەكەدا.

(بەگژاهاتن) بەگژاچوون .
(بەگون) نێرێكە لە گیاندار كە
ئارەزووی پەررینی زۆربێ .
(بەگەن) شتی پەسەند ، (بەگە
نكردن) پەسەندكردنی شتێك .
(بەگوێدادان) ووتنی شتێك بە
بەكێك لەپەردەدا .
(بەگیر) گیاندارێكە لەژێر كەشمەكە
شی رۆژگارا خۆی بگرێ .
(بەگیركەوتن) دەست كەوتنی
شتێك .
(بەگیروەستان) هاتنە ژانی شو
ێنێك لە ئەندام .
(بەگیروێستان) بەگیروەستان .
(بەگیرهاتن) گیرۆدەبوونی گیا
ندارێك ودووچاربوونی بە شتێك .
(بەگیرهێنان) زۆر هێنان بۆ
گیاندارێك وتەنگە تاوكردنی .
(بەل) بزنی گوێ لوول . شتێكە
كە شۆرر بووبێتەوە وتەكەتەكی بێ،
(بەلەبەل) تەكەتەك . گیانداری گوێ

قوت (ز) .

. (بەلا) چەپۆکی رۆزگار .

(بەلاتە) ز . بەراتە .

(بەلانییتك) با . پەپوولە .

(بەلاش) شتی خۆررایي .

(بەلاشە) جۆرە تەنراوێکي هەرزانە ئەکریێ بە کالا .

(بەلاف) ز . بلاو .

(بەلاگەردان) بەلاگێرر .

(بەلاگێرر) کەسێکە کە خۆی بگێرریێ بەدەوری یەکێکا . خێرێکە کە بکریێ بۆ گەررانەوەي بەلایەك .

(بەلالووك) ز . بەلالووك .

(بەلالووك) دارێکی کێویی بەبەرێك ئەگریێ وەك گیلاس بەلام ووردترە وەناوکەکەی رەوانیي ئەدا .

(بەلالیسك) ز . جۆرە گوڵێکی پچکۆلانەیە .

(بەلام) ووتەیەکە ئەبێژریێ لەدوای چەن ووتارێکەوە بۆلابردنی بیرێك کە بگونجیێ لە وێدا بیریێ : چووم بۆلای فیسارکەس (بەلام) لەویێ نەبوو

(بەلامك) دارێکی باریکە ئەمسەر وئەو سەري لەلە ئەکریێ وبەنێکی تیێ ئەخریێ وئەکرێتە دەمي کار و بەرخ بۆ ئەوەی دایکیان نەمژن .

(بەلان) پیاوي کەلە مێرد .

(بەلان) بەلام .

(بەلاوەگێرر) بەلاگێرر .

(بەلبوون) ز . بزووتن وبۆ پێشەوە چوون .

(بەلبەلەگۆش) د . مەردومي گویێ لە مشت .

(بەلجم)ز . گەلای درەخت .

(بەلخ) جۆرە چڵکێکە بەهۆی تەررییەوە لەهێندیێ شت پەیدا ئەبیێ

(بەلخە) د . یەکانە .

(بەلشین) ز . بەگژاچوون . قیینە بەریی کردن .

(بەلغ) بەلخ .

(بەلغەم) ملتەیەکە لە دەروونەوە دیێتە ناو دەم .

(بەاقتیین) ز . بەرقتیین .
(بەلك) ز . نەرمایی گوێ .
(بەڵـکا) بەشکا .
(بەلکانك) ز . جۆرە مەلێکە
(بەڵـکم) بەشکم .
(بەڵـکوو) بەشکوو .
(بەڵـکە) بەڵـکوو . جۆرە گیا
یەکە (د) .
(بەڵـکي) بەاُـکوو .
(بەلـگ) ز . گەڵاي گوڵ .
قەڵاوەت . شێوەی مەردوم . گەڵای
درەخت (با) .
(بەڵـگ) د . بەرگ .
(بەڵـگوبن) لەناوبردنی‌شـت :
ماڵەکەی (بەڵـگوبن) کرد ، واتـە
لە ناوی دا .
(بەڵـگە) نیشانەیەکە کەدەربکەوێ
لە شتێکي دزراو : (بەڵـگە)ي ماڵەکەم
گرتووە .
(بەڵم) لاسکي چەڵتووك . بەا .
(بەڵەپرر) تفنگێکە کە لەقنگەوە

دا بگیرێتەوە .
(بەڵمەرریشە) بریتي بەلەپیاوێك
کە ریشێکی گەورەی گفی ببێ .
(بەلۆچە) د . شتێکە وەك ئەسپۆن
کالاي پێ ئەشۆرێ .
(بەلۆك) ز . کە سێکە نهێني
ئاشکرا بکا .
(بەلۆکە) قیتکە .
(بەلوو) ھ . بەرروو .
(بەلووجە) دارێکي پچکۆلەیە دوو
سەرەی (وێژە) ي جووتی پێ توند
ئەکرێ لە (وێژانبەر) . بەرروولەي
دەوار .
(بەلوور) ز . بلوور . بلوێر .
(بەلوەشیین) ز . نەخۆشییەکي
زۆر سەختە .
(بەلەباریکە) مەردومي باریکي
رەقەڵە .
(بەلەباقە) دەردێکە تووشی بزن
ئەبێ وئەی کوژێ .
(بەڵەبل) د . مەردومي زبان درێژ

(بەلەبا) ھ . کەسێکە لە رۆینا
زۆر بەپێ وخێرا بێ .
(بەلەچەك) شتێکە شۆرر بوو بێتەوە
وتەکەی بێ . کەلەچە . کولەکەي
پاکراوی جنراو .
(بەلەد) شارەزا ، (بەلەد بوون)
شارەزابوون .
(بەلەدی) تریشقە (با) . شارەزایی
(بەلەزووانە) ئاوزوونە .
(بەلە سە) گیانداری یاخي ،
(بە لەسەبوون) یاخي بوون .
(بەلەشوانە) گیایەکي کوێستانی یە
گەلای وەك گەلای (بەنا) وایە
بەلام لاسکی باریك ترە .
(بەلەفیررە) نەخۆشي یەکە تووشی
بزن ومەرر و گا ئەبێ ئەفیرێنێ بەخۆیا
(بەلەفیرری) بەلەفیررە .
(بەلەك) جۆرە گیایەکی بەرزي
شیلەداري لاسك دارە گەلای وەك
بي وایە بەلام پچووکترە ، بنکەکەی
بۆ گەلێ دەرمان ئەشێ . پووزی
ئادەمي زاد . بەلەك (ز) .
(بەلەك) شتی بازوو .
(بەلەکان) ناوي تیرەیەکەلەکورد
لە ناوچەی (سعرد) .
(بەلە کبردێن) ز . شتی رەنگاو
رەنگ .
(بەلەکبردێني) ز . نەخشکردن بە
چەن رەنگێك .
(بەلەکناچێ) د . پیاوي ژنانی
(بەلەکي) بوونی شت بەبەلەك .
دەردێکي پیسە تووشي ئادەمیزاد ئەبێ
ئەندامي پلپل ئەکا .
(بەلەگوشك) ز . ئێسقانی گوێ
(بەلەم) شتێکی درێژکۆلەی قوولە
لە دار دروست ئەکرێ ولە ئاوا پێي
ئەپەررنەوە . دەوربي یەکي شووشەی
درێژکۆلەیە وەك بەلەم .
(بەلەنگاز) ز . سوالکەر .
(بەلەنگازبی) ز . سوالکردن
(بەلێ) ووتەی وەرامدانەوە :
(بەلێ) لەوەرامي یەکێکا کە لێت

پرسیێ ئایا خوێندووتە ؟
(بەلیاندن) ز . رازیبوون .
پێك هاتن .
(بەڵێن) پەیمان ودەستەبەربوون
(بەڵێندان) پەیمان دان .
(بەم) پارچەیەکە لە دەستەی
مۆزیقە . دەنگی قەبە : فیسارکەس
دەنگی بەم بوە (د) . م .
(بەمبووله) د . مەردومی دەغەڵ
(بەمبوون) د . فش بوون و
بەرزبوونەوە .
(بەمێرد) ژنی بەشوو .
(بەن) رێسراوی خوریێ . داری
قەزوان . دەورو پشتی دێ (ز) .
(بەن) ز . بۆن .
(بەنا) گیایەکی کوێستانیە لاسکی
وەك کنگر وگەڵای وەك کەرەووز
وایە . وەستای دیوار
(بەناشوانە) گیایەکی بۆنخۆشە
ئەکرێتە ماست وتۆراخەوە .
(بەناف) ز . داری بناو

(بەناف) ز . داری ئەستوری
پتەوی قایم
(بەناو) بەدناو ، (بەناوبوون)
بەدناوبوون
(بەناواچوون) بریتییە لە پیر
بوونی مەردوم .
(بەناوبی) بەدناوی
(بەنبرر) بریتییە لەتیبخ :(بەنبرر)
داعـە
(بەنبوون) بەندبوون . سەندنی
شتێك لەبەکێك بەبێ پارە (د)
(بەنپێڵاو) د . قەیتانێکە پێڵاوی
پێ ئەبەسترێ .
(بەنتەنەزگ) د . قایشێ تفەنگ
(بەنتەنگ) ز . مەردومی توو
ڕرەی تەنگە تیلکە
(بەنجگەر) بەندی جگەر
(بەند) گیرۆدەیی و گرفتاریی :
فیسار کەس کەوتوەتە (بەند) ەوە ،
(بەندبوون) مانەوە وگیربوون .
جوگە گەورە . پارچەیەکی تایبەتیە

لە هۆنراوە وپەخشان . بەرزایی‌یەکە لە ناوەندي دوو زەوي‌دا کە جیایان بکانەوە (ز) . بەربەستی ئاو (ز) . قەدەغە (ز) . ئەندازە یەکە لە کاغەزی سپي کە پێنج سەد تەبەقە

(بەندان) ووتـە یەکە بەهێندێ ووتەي تایبەتی‌یەوە ئەنووسێ لەکاتێکا کە ئەو شتە تێـکرراوی بێ : خـەنە (بەندان) لەکاتێکا کەخەنە لە ماڵێکا بەتێکراوي بە کار بهێنرێ بە بۆنەی شایی‌یەکەوە ، یا (سەهۆڵ بەندان ، یەخ بەندان) لەکاتێکا کەهەرچی ئاوو تەرري هەیە بووبێ بەسەهۆڵ ویەخ

(بەندك) پەت (با) . گیـایەکي بۆنخۆشە تێکەڵ بە پەنیر ئەکرێ لەکاتی دروست کردنیا (ز) . بۆینباخ (ز)

(بەندڵ) د . بەندی دڵ

(بەندوباو) دەنگوباسێکی ناشیرین کە بکەوێتە دوای یەکێك : فیسـار کەس هەر رۆژەي (بەندو باوێـکي) بەدواوەیە

(ندۆکە) گیایەکي بەهاری ئاوی‌یە گەڵای وەك کەرەووز وایە بەترشەوە ئەخورێ . ژێر چەناگـە

. (بەندۆڵ) پانتۆڵی ساعات

(بەندە) مزوور وکار گوزارێکە کە کرر رابێ

(بەندەخوێن) پەتێکی درێژە لە پزووي دەرپێ و شـەرواڵ و رانك هەڵ ئەکێشرێ بۆ بەستن

(بەندەر) رۆخ ومیناي قەراخ‌دەریا . لەنگـەر . شارێکە کە لەسەر رۆخی دەریابێ

(بەندەقە) ز . ئاسنێکە لە ژێر پێي ئاشا دائەنرێ بۆئەوەی بەرداشي لەسەر بسووررێتەوە

(بەندەگي) پچوکی‌ومزووریکرن بۆ یەکێك

(بەندەن) شوێنی سەخت لەشاخ

(بەندەبي) بەندەگي

(بەندیجگەر) بریتي‌یە لە کەسێکي زۆر خۆشەویست وەك منال وکەس

وکرت : فیسارکەس (بەندیجگەر)
مه وانە زۆر خۆشەویستمە
(بەندیدڵ) بەندیجگەر
(بەندێر) ز . بەیداخ
(بەندي) کەسێکە کە لە بەند
یخانەدا گیرابێ . بارەدار (ز)
(بەندیخانە) جێگایەکە بەندی
تیا بەندوگیرۆدە بکرێ
(بەنزین) ز . پژمین
(بەنساموته) بەنێکی هۆنراوەیە
بەلاي راست وچەپي زینا پاشکۆی
پێ دائەبەسترێ
(بەنسەعات) بەن یا زرییزەیەکە
ئەخرێتە سەعاتی قەدەوە .
(بەنك) ز . بەنی رێسراو . پەتي
ژێرچەنەي ژنان . درەختي قەزوان
(بەنکەشي) بنکەشي
(بەنکەوانە) گوریسێکي باریکە
بەهەردوو پێچکەي (شەخرە) وە
(بەنگ) بەری گیایەکە کێشانی
سەرخۆشي ئەدا . گیانداری قەتیس
ماو . نیشان (ز) . کات (ز) .
(بەنگبوون) بەندبوون
(بەنگا) ه . کەلەبەری ئاو
(بەنگکێش) کەسێکە فێري
بەنگ کێشان بووبێ
(بەنگەلەژیلە) جۆرە گیایەکەزۆرتێز
لە مێرگ وتەررایيدا دەردێ
(بەنگوباو) بەندوباو
(بەنگۆکە) بەندۆکە .
(بەنگە) د . شوێنهەڵبەستنی ئاو .
(بەنگەڵ) ه . بەنگڵە ژیلە
(بەنگي) بەندي . بریتییە لە
یەکێکي گیژو وێژ .
(بەنەخوون) ز . بەندەخوێن
(بەنەر) د . بەندەر
(بەنەري) د . کەری سواري
(بەنەن) د . بەندەن .
(بەني) ز . سوجوق . خشڵی
پڵپڵە دار .
(بەنیر) ز . بەني کەڵەمەی
ملی گاي جووت

(بەنیشت) ز . بنێشت
(بەور) جۆرە پڵنگێکی گەرمیانیە
تووکی رەنگاورەنگە . بەفر
(بەوزەشینکە) جۆرە برینێکی بە
ناسۆرە .
(بەوز) جۆرە دارێکی گەورەیە
وەك توو بەڵام گەڵای باریکترە
(بەوش) دارێکی دانەداریە بانە
ئەیخەنە ناوەندی تان و پۆی جاجەوە
بۆ ئەوەی کەپێی بکوتن وسفتی کەن
(بەوشیقوڵ) لە ئانیشکەوە تا
سەرشانی ئادەمی
(بەون) بوورە . بۆن (ل)
(بەوەرز) ه . دەعبایەکی چوار
پێی درندەیە لەپشیلە بچووکترە
(بەوەسیریی) د . مایەسیریی
(بەه) ووتەی پەسەندکردن :
(بەه) لەو گوڵە جوانە
(بەها) نرخ
(بەهار) سێ مانگەی دوای
زستان .

(بەهارات) داوودەرمانی چێشت
(بەهارارا) شیعر ووتن بەسەر
بەهارا .
(بەهاربەند) جێیەکی تایبەتیە بە
کەووڵاخی تیابەستریتەوە
(بەهاروو) بەهارە
(بەهارە) گەنمێکە کەلەبەهارا
چەنرابێ . بەهاریی : دەستێك جلی
(بەهارە)م کردوە
(بەهاریی) شتێکە کەلەبەهارا
بەکار بهێنرێ .
(بەهانە) تەشقەڵە و بیانوو
(بەهانە گرتن) بیانوو گرتن
بە یەکێك وتەشقەڵە پێ کردنی
(بەهانەهێنانەوە) بیانوو هێنانەوە
بۆ خۆ رزگار کردن لە کارێك
کەنەتەوەی بیکەیت .
(بەهبەه) ووتەی پەسەندکردن :
(بەهبەه) لەم منداڵە چەن پاکو
خاوێنە .
(بەهر) ز . بەش

(بەهرباز) ز . بەش
(بەهرك) ز . دەریاچە
(بەهركردن) ز . بەشكردن
(بەهرە) بەشێكي باش كە خوا
پیدا بەیەكێك .
(بەهرەدار) خاوەن بەهرە
(بەهرەمە) مەتكەبي دارتاشي
(بەهرەمەند) بەهرەدار
(بەهرەوەر) بەهرەدار
(بەهرێز) ز . پارێز
(بەهس) ز . باس
(بەهسك) ز . مێشوولە
(بەهلنگي)ز.پشتي یەكە ئەخرێتە
ژێر پی بۆ پاراستنی لەشێ وتەرري
(بەهەجاندن) ز . توورەكردني
یەكێك .
(بەهەجوك)ز. مەردومي توورە
وتررۆ .
(بەهەشت) ئەو جێگا خۆشەیە
كە خوا ئامادەي كردوە لە رۆژی
دوایدا بۆ چاكان

(بەهەشتي) كەسێكي زۆرچاكە
كەشایستەي چوونە بەهەشت بێ
(بەهێ)میوەیەكی خرري یزەردي
بۆ نخۆشە بەقەد پرتەقاڵێك ئەبێ.
داری بەهێ .
(بەهیف) ز . بادام
(بەهیفنارنگ) ز . بادامي تاڵ
(بەهیفتەرك) ز . بادامی سەوز
(بەی) بەهێ
(بەیات) جۆرە مقامێكە
(بەیانە) رۆنی بەز ودووگ
(بەیاخ) بەیداخ
(بەیاخدار) كەسێكە بەیداخ
هەڵگری . بریتي یەلەئافرەتی بێشەرمي
شیررەت .
(بەیادیكردن) بێخەویی وبێ
كەبنی یەكە لەنەخۆشي یالە رانەهاتنی
شوێنێك پەیدا ئەبێ
(بەیار) زەویی یەكە كەچەن ساڵێك
بێ نەكێلرابێ . قسەی پێچراوەي نادیار.
(بەیان) دەمەدەمي بەیانی

(بەیانە) بەهێ
(بەیانەکی) بەیانی
(بەیانی) کاتی دەرکەوتنی رووناکی رۆژ .
(بەیاییکردن) بەیادییکردن
(بەیبوون) گوڵە بەیبوونە
(بەیبوونە) بابوونە
(بەیت) داستان : (بەیت)ی دوانزە سوارەی مەریوانم بۆ بکە
(بەیتلشا) ز . شتی بێ کەڵك
(بەیچەڵ) ئافرەتی نەزۆك
(بەیداخ) پارچەتەنراوێکی رەنگاو رەنگە ئەکرێ بەسەری دارێکی درێژا وەلەسەر کۆشکی دەوڵەتیی هەڵئەدرێ ، وەهەر دەوڵەتەی جۆرەبەیداخێکی هەیە
(بەیداخدار) بەیاخدار
(بەیدەست) کەسێکەکە دەستە پاچە کرابێ ، (بەیدەست بوون) دەستە پاچەبوون ، (بەیدەستکردن) دەستە پاچەکردن
(بەیلووت)ز. جۆرەهەڵپەررکێیەکە

(بەینەت) د . پەیمان . وەفا
(بەینەتدار) د . بەوەفا
(بەیەخەداکێشان) د . بریتییە لەکردنی منالێکی بێگانە بەمنالی خۆت
(بەبەکاچوون) چـوونی چەن شتێك بەناو یەکا . بریتییە لەبەگژا چوونی دووکەس لەگەڵ یەك
(بەیەکادان) دانی دوو دەستە یادوو لەشکر لەیەك . ئالوێتە کردن(د)
(بەیەك گەیشتن) گەیشتنی دو کەس یادوو شت بەیەك
(بەییجە) پەیژە
(بهییستن) ز . بیستن
(بێ) پیتی دووەم لەبیستو حەوت پیتەی کوردی . پیتی نەبوون «نفی» : (بێ) کارە هەموو کەس لێی بێزارە . بەهێ . وەرە . درەختی بی . پیی دەربواردن : ئەم ئەسپە بە (بێ) زینەکەی بەچەندە ؟
(بێثاررروو) بێشـەرم
(بێثار) ز . بێثاررروو

(بێئارام) گیاندارێکه کهئۆقرەی نەمابێ .
(بێئاری) ز . بێشەرمی
(بێئاگا) بێخەبەر
(بێئاگایی) بێخەبەری
(بێئاورروو) د . بێ ئابرروو
(بیابان) دەشتی چۆڵی کاکی بەکاکیی. ئادەمیزادێکە دڵی چووبێ و بێهۆش کەوتبێ ، (بیابان بوون) دڵچوون و بێهۆش کەوتن
(بیانك) بیانوو
(بیانگ) بیانوو
(بیانوو) بەهانە
(بیاوان) بیابان . بێخود
(بێئوورت) ز . کەسێکە کە بێ بەڵێن بێ و درۆ وەهەلانی زۆر بێ بە رەنگێك کەکەس برروای پێ نەکا
(بێئەنوا) بێنەوا
(بێئەنوایی) بێنەوایی
(بێبار) مەردومی نالەبار . شتی بێ بەر .
(بێباسك) ز . مەردومی بێکەسی بێ ئەنوا .
(بێباسکی) ز . بێکەسی و بێ ئەنوایی .
(بێباف) ز . زۆڵ
(بێبافی) ز . فررۆفێڵ وتەڵەکە
(بێباك) نەترس
(بێباکی) ئازایی ونەترسی
(بێبن) کچێکە کچێنی نەمابێ.
بریتی یە لەئاو و بیری زۆر قووڵ
(بێبەر) بریتی بە لە ئافرەت و وولاخی نەزۆك
(بێپەرروباڵ) بریتی بەلە هەژاری رووتی بێ دەق .
(بێپەروا) بێباك .
(بێپەروایی) بێباکی .
(بێپەی) ئاوی بێ بن . بریتی بە لە شتی زۆر .
(بێ پیڤان) ز . شتی زۆر و بێ

ئەندازە .

(بێتابی) ز . ماندوویەتی .

(بێتار) ز . فەلاکەت و چورتم

(بێتام) بریتی یە لە شتێك کە نەچێتە دڵەوە .

(بێتاوان) بێ سووچ و گوناح

(بێتر) ز . پتر .

بێتەاب) ز . بێ هێز

(بێتوان) ز . بێ دەرەتان .

(بێتووتە) ز هەژاری دەربەدەر

(بێتووك) بریتی یە لە مەردومی رووتی بێ کەیف .

(بێتەردف) مەردومی کەنارەگیر

(بێتەرەفی) کەنارەگیری .

(بێتەشە) ز . مەردومی بێ هێزی کەفتەکار .

(بێتەل) مەکینەیەکە بە بێ تەل قسەی پێ ئەدرێ و پێوەر ئەگیرێ

(بێجا) شتی بێ جێ و ناڵەبار

(بێجاکردن) بریتی یە لەووتنی قسەیەکی وا کە بە دڵت نەبێ .

(بێجگە) ووتـەی دەرهاویتن «استثناء» : (بێجگە) لە تۆ کەس نەهاتووەتە لام .

(بێجێ) بریتی یە لە کردار یا گوفتارێك کە لە جێی خۆیا نە بێ

(بێچارە) دەستە پاچەی هەژار

(بێچارەیی) دەستەپاچەیی و هەژاری

(بێچاووڕروو) مەردومی بێ شەرم

(بێچاوێنی) ووتەیەکە بەکاردێنرێ لەنزاکردنا بۆ یەکێك کەچاوی پیس کاری لێ نەکا : فیسارکەس (بێچاو ێنی) بێ لەپۆلی خۆیا هەمیشە یەکەمە

(بیچم) شێوە : (بیچم)ێکی جوانی هەیە . ئادەمی فێڵباز : فیسار کەس زۆر (بیچم) ە

(بێچوو) ساوای گیاندار .
جۆرە دراوێکی پچکۆڵەی زیوینە

(بێچوولە) ساوای گیاندار .
پارچەیەکە ئەکەوێتە عاستی نافەکی دەرپێی ژن .

(بێچی) ز . بزن و مەرر

(پێچیڤان) ز · شوان

(پێحاڵ) بریتی‌یە لەنەخۆشي کەشەنگ · بریتی‌یە لە مەردومي کەم دەست ·

(پێخ) بنکشت ·گوڵێکي جواني کوێستاني‌یە ·

(پێخبەر) د ·بنەبرر ، (پێخبەر بوون) نەبرربوون ·

(پێخود) کەسێکەکەلەهۆش‌خۆی چووبێ ·

(پێخودي) لەهۆش خۆچوون

(پێخوست) بێهەست ،

(پیخوست بوون) بێدەنگ بوون

(پێخێر) بێکەڵك

(پێداد) بریتی‌یە لەزۆري شتێك بەجۆرێکی واکە بێزار بووبیت لێي وهاواري لەدەست بکەیت : میوەلە بازارري سولەیمانی‌دا (پێدادە)

(پێدار) هوشیار ، (پێدار بوونەوە) هوشیار بوونەوە ، (پێدار کردنەوە) هوشیار کردنەوە ·

(بێداري) هوشیاربي ·

(بێداوي) ز · بێ دوايي وبێ برانەوە ·

(پێدژش) ز · جامی شیر تیا دۆشین ·

(بێدووندان) ز · نەزۆك

(بێدەر) بێ دەرەتان ·

(بێدەرەتان) مەردومی بێ‌جێ و ري ·

(بێدەست) بریتی‌یە لە مەردومي نەدارا ·

(بێدەستي) بریتی‌یە لە هەژاربي ودەستکوربي ·

(بێدەم) بریتي‌یە لە کەسێك کە قسەي رەوان نەبێ ·

(بێدەوپل) بێدەم ·

(بێدەمودووان) بێدەم وپل · کەم دوو ·

(بێدەنگ) مەردومی کەم‌قسە · ئەو بیتانەیە لەبیست وحەوت بیتەي کوردي کە دەنگیان لێوە نایەت‌وەك

: ـ (ئەلف ، واو ، هێ ، یێ) ٠
(بێدەنگی) کەم قسەبێ ٠
(بێدین) کەسێکە کەلەخوانەترسێ
(بێدینی) لەخوا نەترسان ٠
(بێر) دارێکە داڵەچە قێنرێ
یەکێك لەسەری دانەنیشێ ، وەیەکە
یەکە سەری ئاژاڵی دۆشەنی ئەگرێ
بۆ دۆشینی ٠ بێڵ (ز) ٠
(بێرایی) هەیوانێکە پێشەکەی
هەموو بەرەڵا نەبێ بەڵکو لەم سەرو
لەو سەریەوە دیوار هاتبێەتە پێشەوە
(بێروو) شەرمن ٠ بێشەرم
(بێررێ) لاررێ ٠
(بێرك) خاکەنازی گەورەی
دەم پان ٠
(بێرگ) شوێنێکی تایبەتییە
مەرر ییتیا ئەدۆشرێ
(بێرە)هاتنەوەی ئاژاڵ لەنیوەروانا
بۆ دۆشین . کۆکردنەوەی ئاژاڵ بۆ
دۆشینی لە نیوەروان یا ئێوارانا .
(بێرێ) ز ٠ بێرگ

(بێریڤان) ز ٠ ئەو کەسانەن کە
ئەچنە (بێرێ) بۆ دۆشینی ئاژاڵ
(بێریکرن) ز ٠ بیرکردن
(بێز) رەنگ : ئەم قاڵی یە لە
(بێزی) ئەو قاڵی یەیە ٠ قێز
(بێزا) گیایەکی بۆنخۆشی کوێستانی یە
(بێزات) ترسنۆك
(بێزار) مەردوی وەررس بوو ،
(بێزاربوون) وەررسبوون ، (بێزار
کردن) وەررسکردن ٠ بێدەموپل(ز)
(بێزران) لەبەر چاو کەوتنی
شتێك .
(بێزراو) شتێکە کەلەبەر چاو
کەوتبێ
(بێزکردنەوە) دڵ لێهەڵشێوان
لەشتێك .
(بێزگ) بێزوو
(بێزگەوان) ژنێکە کەبێزوو بکات
(بێزنەهاتن) برووایی نەهاتنی
دڵ بۆ ووتن یاکردنی شتێك لەبەر
هیچوپووچی ئەو شتە : (بێزم نایە)

بچمه لاي فیسارکەس ، یا (بێزم نایه) ئەو شته بڵێم
(بێزووکردن) ئارەزووکردنی ژنی تازە ئاووس بۆ خواردنی هێندێ شت .
(بێزووکەر) ژنێکی سك پڕرە كه بێزووبکات
(بێزە) جۆرە دزاوێکی کەمنرخه
(بێزەرروو) گیایەکي گەڵاووردی توونی ئاوی‌یه گەڵاي وەك کەرەووز وایه ئەخورێ
(بێزیاگ) بێزراو
(بێزیان) بێزران
(بێژ) ووتەیەکه بەدواي هێندێ ووتەوە ئەنووسێ ئەیکا بەکارکەر : گۆرانی (بێژ) ووته (بێژ)
(بێژار بێژار) شتي کونکونی هەلاهەلا : بەرگ وکاڵای هەژار (بێژار بێژار)ە
(بێژان) گیایەکي بۆن‌خۆشه گزره ئەکرێ بۆ ئاژاڵ . قسەکردن . وێران کردني شوێنێك : هەرجي هەستاوه کوردستاني (بێژاوه) . بێژانەوه
(بێژاندن) بێژانەوه . ووتني‌شت
(بێژان) بێژاندن
(بێژانه) بۆژانه
(بێژانەوه) لەهێڵەکو بێژنگ وقەڵبیردانی شتي کوتراویا هارر راو بۆ جیاکردنەوەی درشت و ووردی
(بێژن) دەنگي جووڵەی شت (ز) . سەرەن .
(بێژنگ) شتێکي کونکونه له هێڵەك شاش تره ، دانەوێڵەي پێ ئەبێژرێتەوه
(بێژۆك) ز . چەنەباز
(بێژوو) ژنی کەمشیر
(بێژەك) گیانداری کەم شیر لەباش زاني . غەرامەفۆن
(بێسامان) شتي زۆر
(بێسان) بێستان .
(بێسانەوان) بێستانەوان
(بیست) ناوه بۆ ژمارەیەك كه

دوو دەیە .

(بێستان) باخي شووتي و كاڵەك وخەیار وترۆزيي

(بێستانەوان) كەسێكە چاودێری بێستان بكا

(بیستراو) دەنگێكە كەبەرگوێ بكەوێ

(بیستن) هاتنە گوێی دەنگێك یا ووتەیەك .

(بیستنەوە) كەوتنەوەي قسەیەك بەرگوێت كەدەربارەت كرابێ

(بیستۆك) تەلەفۆن

(بیستەم) شتێكە لەپایەی بیستە مینا بێ .

(بیستەمین) بیستەم .

(بیسمیل كردن) بریتیە لە شۆرین وئاوی پاك كردن بەسەرشتێكا

(بێسوس) ز . شتێكە مۆمي داگیرساوي تیا دائەنرێ

(بێسوو) ز . مەكۆیەكە كەخوێ تیا حەشار ئەدرێ . بۆسۆ .

(بێسەروبن) بریتیە لەشتی نارێكي تێكەڵ وپێكەڵ

(بێسەروپا) د . بێسەروپێ

(بێسەروپێ) بێسەروبن

(بێسیم) بێتەل

(بێش) ز . خەرجێكە كەدەوڵەت ئەي سێنێ

(بێشك) بێشكە

(بێشكە) شتێكە لە دارو تەختە دروست ئەكرێ ومناڵي ساوای تیا ئەپێچرێتەوە بۆ نوستن

(بێشۆ) د . بێشومار

(بێشومار) شتی زۆروزەبەندە

(بێشە) دارستاني چڕر

(بێشەرم) بێ ئابروو

(بێشەڵان) بێشە

(بێشیرە) ز . بەرسیلە

(بێعار) كەسێكە لەهیچ شتێك پەند وەرنەگرێ

(بێفرشك) ز . شتی بێ مایەو سوود .

(بێفەرر) شتی بێ کەڵك

(بێقاج) ز . شتێکە کە بیرو عەقڵ نەیگرێ « بێ منطق »

(بێقل) ز . لووت

(بێقەربی) ز . ناهومێدی

(بێکار) بێئیشي دەستەباچە

(بێکارە) گیانداری بێ کەڵکي دەستەوسان

(بێکاری) بێ ئیشي

(بیگ) ز . پیادەي شەترنج

(بێگار) کردنی ئیشو کار بەمەردوم بەزۆر وبەبێ پارە

(بێگارچي) کەسێکە بەبێگار ئیشي پێ بکەن

(بێگاری) بێگار کردن بەمەردوم . ئیشێکە کەبە بێگار بەمەردوم بکرێ

(بێگاقي) ز . ناچاري

(بێگانە) کەسێکە کە خزم ، خوێشت نەبێ

(بێگانە بەدەر) کردني کارێك [illegible] بەخۆیی وبەپەنهاني

(بێگانە پەرست) کەسێکە کە بێگانەي لەکەس و کارو گەلی خوێي لالاخۆشەویستتر بێ

(بێگوێ) بریتی یە لە کەسێك کە ئامۆژگاری نەچێ بە گوێ یا .

(بێگەفي) ز . گەوجي و رارزلي .

(بێگەن) بۆگەن

(بێڵ) ئاسنێکي کلك داریێ ئەسپەرەدارە دەمي لەخاکەنازبار یکترە زەوي بێ ئەکێڵرێ

(بێلا) با . باڵەخانە

(بێلانە) بریتی یەلەمەردومي بێ جێگاو رێگا .

(بێڵتەپکردن) کێلاّنی بنکي دارو درەخت لە بەهارا .

(بێڵچە) بێڵي پچووك

(بێڵکار) د . بێلوچکە

(بێڵکاري) ئیشکردن بەبێڵ

(بێلۆ) د . سەر چاوەیەکە کە بەهاران بزێتەوە .

(پێلوچکە) بێلێکي داریني کللك کورتە ئاردي پێ ئەکرێتە ناو دەفرەوە پێڵچە .

(بێلووز) ز . جۆرە هەرمێیەکە

(بێلەدارینە) پێلوچکە

(بێلەکان)دارێکی دادراو یادارێکە ئاسنێکي دەم باني تیژي پێوەیە کە نکروگیای پێ هەلٚ ئەکەنرێ

(بێلەهەرر) گیایەکی کوێستاني بەهاریيە وەك (گونۆرر) وایە ، گزرە ئەکرێ بۆئاژالٚ .

(بێلیتڤان) ز . کەسێکە کەسەما بکا بە گۆرانيیەوە

(بێلێتە) ز . گورانی ووتن بە سەماوە .

(بێلیتە) ز . گوراني قوتابخانە

(پێلیتەڤان) ز . کەسێکە کە گۆراني قوتابخانە باش بلٚێ

(بێماد) ز . رووزگرد

(بێمرێس) ز . رووگرد

(پێمەژگ) بێ مێشك

(بێمێشك) بریتيیە لەمەردومي گێلو گەوج

(بێن) بۆن

(بێنا) ز . بێ بررانەوە

(بنیاز) بێ ئەنوا

(بێناهي) ز . بینایي

(پێنایي) ز . جۆرە هەنجیرێکە

(پێندرش) ز پێدرۆش

(پێندەر) ز . خەرمان

(بێنوێژ) بریتيیە لەئافرەتێك کەلە حەیزا بێ

(بێنوێژي) چەن رۆژێکە لەهەمو مانگێك کەئافرەت خوێنی پیادێ وە نوێژی تیا ناکات

(بێنەوا) هەژاري گەدا

(پێنەوایي) هەژاری وگەدایی

(بێنیاز) داراي خاوەن دەسەلاٚت بریتيیە لەخوا

(بێوار) ز . نەزۆك

(بێواٚە) بەچکەی وورچ وبەراز

(پێوڵەت) مەردومي هەژاری

بەدبەخت ٠
(پێوڵەنی) بەدبەختي و نەهاتي
فیسارکەس (بێوڵەني) گرتوویەتی
(بێوە) بێوەژن ٠ بێوەپیاو
(بێوەپیاو) پیاوێکە کەژنی نەمابێ
(بێوەج) مەردومي کەو دەنی
بێکەڵك ٠
(بێوەخت) کاتی ترس و تەنگانە
وبیم : نیبوەشەومەچۆرەدەرەوە چونکە
(بێوەختە)
(بێوەژن) ژنیکە کەمێردي نەمابێ
(بێوەژنکۆشي) رەنجلاني بێوە
ژن بۆبەخێوکردنی خۆیو منالّی
(پێوەی) مەردومي بێ زیان
(بێهاونا) شتي تاقانەي نایاب
(بێهۆش) مەردومی کەمبیر ٠
بیخود ، (بێهۆشبوون) بێخودبوون
، (بێهۆشکردن) بێخود کردن ٠
(بێهۆشدارروو) دەرمانێکە کە
مەردومي پێ بێهۆش ئەخەن
(بێهوشکەوتن) بێخوودبوون

(بێهۆشي) بێخودبی ٠ بێ بیری
(بێهوودە) شتي بێ کەڵکي بێ
قازانج ٠
(بیي) دارێکی بێ بەرە گەلایەکي
تالّی باریك ودرێژی هەیە
(بیبار) بیبەر
(بیبك) با ٠ بیبیلەي چاو
(بیبن) ە ٠ پشتێن
(بیبەر) دەلوبیبەر
(بیبي) بووکي منالان (ە)
بیبیلەی چاو (ل)
(بیبیلکە) باڵندەیەکي پچووکي
بازەڵەي دەشتي یە
(بیبیلە) شتێکە بەقەد نیسکێك
لەناوەراستی رەشێنەی چاوا ، بەو
شت ئەبینرێ
(بیبیلەگەررە) ە . قومقومۆکەي
پچکۆلە ٠
(بیبین) ە ٠ بیین
(بیتوونە) ز . مەردومي بێکەسي
بێ بارە

(بیج) زوڵ
(بیجا) بەچەی ژنان
(بیجادە) جۆرە زەنگیانەیەکی
رەشی درێژ وگۆڵە بەژنان ئەیکەن بەزێر
چەنەو بەرچاوگە
(بیر) یاد : (بیر)ت ئەکەم
چاڵێکی قووڵی تەسکە لەزەوی‌دا
(بیرار کردن)زبرکردنەوەی دیوی
ناوەوەی بەرداش ودەستارر دوای
سوانی . کەلوکون گرتنی دیواری
ووشکە کەڵەك . دیوارکردنی ئەملاو
ئەولای کارێز وگۆرر بەووشکە کەڵەك .
بریتی‌یە لەلێدانی زۆر
(بیرچوون) دەرچوونی شت لە
یاد لەدەمێکا .
(بیرچوونەوە) دەرچوونی شت
لەیاد بەئێجگاری
(بیرخستنەوە) خستنەوە یادی
شتێك بۆیەکێك
(بیرك) ز . نەنك
(بیرکردن)یادکردنی شتێك

(بیرکردنەوە) ووردبوونەوە بە
دڵ لەشتێك
(بیرکەوتنەوە) هاتنەوە یادی
شتی بیرچوو
(بیرنامە) دەفتەرێکە کەشتی تیا
بنووسییت بۆ ئەوەی کەلەکاتی خۆیا
بیرت بخانەوە
(بیرۆ) جۆرە برینێکی ووشکی
زبرە لەئەندامی ئادەمی‌زادا پەیدا ئەبێ
(بیرۆف) ز . بیرۆ
(بیرهاتن)لەیادبوونی شتێکی کۆن
(بیرهاتنەوە) بیرکەوتنەوە
(بیرەوەری)ماوەیەکە لەکاتەکە
لەوانەبێ مەردوم شتی تیالەبیربێ :
بە (بیرەوەری)من بەفری‌وەك ئەمساڵ
نەباریوە ، واتە ئەوەتی من هەمو بیرم
کردوتەوە .
(بیرەوەکردن) بیرکردنەوە
(بیزا) بەیزا
(بیژیرمردەش) ز . گەنمێکە کە
گوڵی رەش بێ

(بیژوك) با ٠ بزن ومەرریکە
کەبە گیسکی و کاووړری ئاووس بین و بزین
(بیژوو) زۆل
(بیژی) ز ٠ زۆل
(بیش) با ٠ پێشە
(بیشە) ز ٠ پیشە
(بیشی) ز ٠ پێشە
(بیفر) تەور
(بیکار) ز ٠ مارمێلکە
(بیکۆل) داربی یەکە لەخۆیەوە
روابێ ٠
(بیلبیلە) بیبیلە
(بیلەکەررە) ھ . شەوگەرد
(بیم) ترس لەشتێك کەلەمەولا
روو بدا ٠
(بیمار) نەخۆش
(بیمارسان) د ٠ بیمارستان
(بیمارستان) د . خەستەخانە
(بیماری) نەخۆشی
(بیمە) د ٠ سیگۆرتە
(بیمەلەرز) با ٠ بوومەلەرزە

(بین) پشوو : با (بینێك)
بدەم . قوررقورراگە : لە(بینم) گیرا ٠
(بینا) د . کەسێکە کەچاوی
تیژبێ وشت باش ببینێ ٠
(بینافتی) با ٠ جۆرەھەنجیرێکە
(بیناقاقە) بینەقاقا
(بینایی) رووناکی چاو
(بینایی چاوان) بریتی یە لەخوا
(بینگ) د ٠ بین وھەناسە
(بینگرتن) خولانەوەی ھێندێ
شت چەن ھەناسەیەکی دوورو درێژ
: ئەم مزراحە باش (بین ئەگرێ)
قوررقورراگە گرتنی یەکێك
(بینەقاقا) قوررقورراگە
(بینەقاقە) بینەقاقا
(بینین) چاوپێکەوتن ٠ بەستن (ھ)
(بینینەوە) دۆزینەوەی شتی
وون بوو ٠
(بیوور) تەور
(بیوێژان) با ٠ گیایەکی بۆن
خۆشی کوێستانی بەھاری یە
(بیهەنجیر) د ٠ گەرچەك

(پیەیتی پێ)

- پ -

(پا) د . پێ . پلە . پەلە
پیتەکەي تفەنگ ودەمانچە . رکێف
(پانەوشار) د . تەختەي ژێر
پێی جوڵا .
(پاپەرە) ھ . دەرپێ
(پابەند) پاشبەند
(پابێڵ) پێبێڵ
(پاپ) ز . خڵتەي شتی خواردنەوە
لەبنکي پەرداخا
(پاپا) باپیر (ل) . گەورەی ئاييني
گاوران . ووتەیەکە منالّي ساوابە
کاری ئەھێنێ بۆ پێ
(پاپاجانە) پاپەجانا
(پاپاچینە) پەیژە . جێگاپێ
یەکە لەدیواری بیرا ئەھێڵرێتەوە بۆ
پیا چوونە خوارەوە
(پاپل) د . وورده گەڵایەکە
لەژێر لقەوە دەرئەچێ
. (پاپۆرر) کەشتي گەورەي دەریایي
کەبەئاگر برروا
(پاپۆررەوان) کەسێکە کەپاپۆر
لێ بخورري
(پاپۆش) ئاوەڵکراس . پێڵاو (د)
(پاپووج) جۆرە پێڵاوێکەوەك
باني بەرز ژنان لەپێی ئەکەن
(پاپەجانە) جۆرە کەوشێکی ئاو
زوونەداري منالانەیە
(پاپەجانێ) پاپەجانە
(پاپەنجە) پەیژە
(پاپیاساوبین) د . بریتیبەلە
پۆشـین و چاو قووچاندن لە شتێك
(پاپێ) جاسووس . مفتش .
(پاناڵ) پەرروي شرر . بریتیبە
لە مەردومي بێکارە .

(پاناوه) ه . پێ تاو .
(پانك) با . پشتمل
(پاتن) ز . سووتاندن
(پانۆ) ز . کۆلووی نان
(پاتۆڤ) ز. گیایەکه پشتی رەشه
وولاخی پی پاك ئەکرێتەوه له تۆز
(پاتەته) پێ تەته
(پاتەخت)د . پایتەخت
(پاتێڵ) د . مەنجەلۆکه
(پاتیل) د . مەنجەلۆکه
(پاتیله) پاتێڵ .
(پاچەکرن) ز.وەرگێرانی
شتێك له شتێکەوه بۆ شتێکی تر وەك
تەرجەمەی عربی بۆ کوردی .
(پاچ) ئاسنێکی لووت تیژی
کلك داریینه زەوی پی هەڵ ئەکەنێ
(پاچاڵ) پێچاڵ
(پاچرا) د . چرادان
(پاچکاری)ئیشکردن بەپاچ
(پاچکه) پێچکه
(پاچولکه) پاچی پچووك

(پاچه) سەروپێی ئاژاڵی ووردە
. پارچه .
(پاچەچی) کەسێکە هەرسەروپێ
بفرۆشێ .
(پاچەقولێ) د . پاشقول
(پاچەکۆڵه) جۆرە پاچێکی دەمکولی
پچکۆلەیه ناو دێراوو بن شینایی پێ
ئەکۆلرێتەوه بۆ بژارکردن. کۆڵینەوەی
ناو دێراوو بن شینایی بۆ بژارکردن
(پاچین) د . هەڵپاچین
(پاچینه) ل . پلیکانه .
(پاخ) ز . پەررۆ .
(پاخراو) ه . پێخاووس
(پاخستن) د . پێخستن .
(پاخل) ز . باخەڵ
(پاخوا) خەرمانێکه گێرەکرابێ
وشەن نەکرابێ . پێخوێ یەك قورر
(پاخۆشه) د . پێخوست
(پاخەسوو) بەربووك .
(پاخێڵ) ز . تەختەیەکه لەسەر
پێچکه ئەبەسترێ بە وولاخەوه شتی

قورسی لەسەر دائەنرێ وئەگوێزرێتەوە

(پادار) گیاندارێکە کە بە بێ بررواقەدي درەخت وکۆڵەکە(د) • پایەدار (د) •

(پاداش) چاکەیەکە ئەکرێ لە گەڵ یەکێکا بەرامبەر بەچاکەی خۆي

(پاداشت) پاداش •

(پاداشدانەوە) چاکەکردن لەگەڵ یەکێك بەرامبەر بە چاکەي خۆي

(پادان) د • پیادان •

(پاداو) د . جۆرە داوێکە •

• (پادشا) گەورەوسەرۆکی دەوڵەت

• (پادشاهي) گەورەیي وسەرۆکایەتي دەوڵەت •

(پادشایي) پادشاهیی •

(پادەشت) د • پێدەشت

(پار) ساڵي رابوردوو • ماشەر

(پارازتن) د • پاراستن

(پاراستن) چاودێریی و دوور خستنەوەی زیان لە شتێك : خوابت (پارێزێ) •

(پاراو) شتی تەررو تێراو

(پارپار) ز • پەڵپینە •

(پارت) دەستە •

(پارتیی) د . دۆست و برادەر

(پارج) د . پاچ •

(پارچە) کەرتی شت • قوماش : (پارچە) ي ئەم کەوایە زۆر چاکە • بریتیی‌یە لە لاکێش وقاڵبي . پاچەي ئاژاڵ •

(پارچەفرۆش) د . بازرگان

(پاردە) د • خەندەق • کەند • دیوار •

(پارانەوە) داواکردني شتێك لە یەکێك بە لالانەوە •

(پاررۆ) خاکەنازە دارینە •

(پارروکڵە) د . رەوررەوەیەکە منالي ساوا دەستی پێی‌ئەگرێ وە پێ‌ي فێری رۆێین ئەبێ •

(پارروٚکە) د • منالي پێررەوکە

(پارروێنك) جۆگەیەکە بەقەراغی چیغ ورەشماڵا هەڵئەکەنری بۆ ئاوەررۆ

(پاررەوکە) د . پاررۆکە
(پارریانەوە) د . پاررانەوە
(پارزونك) با . شاڵینەی کوڵی ژنە لادێی .
(پارزوون) ز . شیرپاڵێوی شاڵین
(پارسکرن) ز . سواڵکردن
(پارسەك) ز . سواڵکەر .
(پارسەنگ) شتێکە ئەخرێتە تای سووکی ترازوو بۆ بەرابەر وێستانی . شتێکە ئەخرێتە تایەکی تەرازوو بۆ بەرامبەر وێستانی لەگەڵ تاکەی تریا لە کاتێکا کە دەفرێکی بۆشی تێ ئەخرێ بۆ دەرکەوتنی قورسایی دەفرەکە .
(پارسەنگ خستنە باڵ) بریتی یە لە ناوو نەتۆرە وشتی سووك خستنە باڵی یەکێك .
(پارسەنگ گرتنەوە) گرتنەوەی پارسەنگی دەفرێکی بۆش کە لەتایەکی ترازوودا دانرابێ بۆ دەرکەوتنی قورسایی دەفرەکە .
(پارشەو) پارشێو .
(پارشێو) کاتی خواردنی رۆژووەوان لە بەشی دوایی شەوا ،
(پارشێوکردن) خواردنی رۆژووەوان لە بەشی دوایی شەوا بۆ بەرۆژوو بوونی سبەینێی .
(پارکەر) د . تەشیلە یەکە کلافەی لەسەر هەڵئەکرێ .
(پارگوێز) پارێن .
(پارگێن) پارروێنك
(پارگیر) د . پارکەر
(پارگیین) پارگێن .
(پاروو) ئەندازەیەکە لەخواردەمەنی کە بەجارێك بخرێتە دەمەوە
(پارووگرتن) کردنی خواردەمەنی بەپاروو .
(پاروو گلاندن) پارووی زل گرتن
(پاروو گلێن) کەسێکە کە پارووی زل بگرێ .
(پاروونك) ز . پارێن
(پارە) پارچە ، (پارە پارە) شتی هەلاهەلا . دراو . لەوێ (م)

(پاردییس) بریتییه لەمەردومی رژدي چرووك .

(پارەدار) کە سێکە کە پارەی زۆری بێ .

(پارێز) پارێزگە : فیسارکەس لە (پارێز)ی مەررە کێوییەکە دایە . نەخواردنی نەخۆش هی خواردەمەنی یەك کە بۆی باش نەبێ تا چاك ئەبێتەوە : فیسارکەس ئەوەنی نەخۆشە لە (پارێز) دایە یا (پارێز) یَتی . بێستانی تروزی و کالەك وخەیار (ز).

(پارێزچوون) چوونە کەمین

(پارێزڤان) ز . بێستانەوان .

(پارێزکردن) خۆ دوور گرتن لە شتێك : فیسارکەس زۆر (پارێز) ئەکا

(پارێزکەر) کە سێکە خۆي پارێزێ .

(پارێزگا) شوێنێ خۆتیاحەشاردان

(پارێزگار) کەسێکە کە دووربین بێ و پارێز لە هەموو شتێك بکا .

(پارێزگاري) دوور بیني و پارێز کردن لە شت .

(پارێزگە) پارێزگا .

(پارێڤ) ز . گۆشتێکە کە بە تەندوور ببرژێ .

(پارێن) گوێرەکەی دوو سالە

(پارێنە) د . پارێن .

(پاریی) ز . پاروو .

(پاریسهێ) ز . جۆرە گیایەکە ئەخورێ .

(پازار) جۆرە مووررووییەکە ئەکرێ بە تەزبییح .

(پازدە) پانزە .

(پازدەمیین) پانزەمیین .

(پازدەهەم) پانزەهەم .

(پازدەهەمیین) پانزەهەمیین

(پازگە) چالێکە لە ناوە راستی بێستانا خاوەن بێستان بەشەو ئەچێتە ناوي بۆ پاسی بێستانەکەی .

(پازناووك) دارێکە وەك بێلەکان ئەکرێ بە نوێلێ و بەرداشي پێ هەڵئە گیرێ .

(پاژ) د . هێندێك لەشتێك «جزء»
(پاژنۆ) پاژنە .
(پاژنە) گوڵمە گۆشتی بەشي
دواوەی پێ .
(پاژنەکێش) پاژنە هەڵکێش
(پاژنە هەڵکێش)شتێکی پانی لووسە
پاژنەی هێندێ پێلاوی پێ هەڵئە
کێشرێ .
(پاژوخ) پاسوخ .
(پاژەرەژ) ه گۆیکە گەلا گوێز
کە تازە دەم ئەداتەوە .
(پاژێ) د . جزئی .
(پاژینە) د . کەپەك . زیواني
ناو دانەوێڵە .
(پاس) پارچە کاغەزێکە وەر
ئەگیرێ لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ سەر
بەستي لەهێندێ شتا .
(پاسا) د . پێشێل .سەرپۆش
(پاسار) گوێسوانە
(پاساردان) داخي دڵرشتن بە
یەکێك: (پاسار)ێکی فیسارکەس ئەدەم

(پاسارە) پاسار
(پاسارێ) جۆرە چۆلەکەیەکە زۆر
تر لەناو پاسارا هێلانە ئەکا
(پاسقاڵ) مەردومي قەشمەري
گاڵتەچي .
(پاسقاڵي)قەشمەریی و گاڵتەچي یەتی
(پاسکردن)ئاگاداریی کردني شتێك
(پاسگە) پاژگە
(پاسوخ) وەرام
(پاسە) ه . وەها
(پاسەبان) پاسەوان
(پاسەباني) پاسەواني
(پاسەرنیان) د . بەشوێن شتێکا
رۆیین .
(پاسەوان) کەسێکە ئاگاداریي
شت بکات .
(پاسەواني) ئاگاداریکردنی
شتێك .
(پاش) دوای شت
(پاشا) پادشا
(پاشاپاشائینە) جۆرە یاریي یەکی

منالآنەیە یەکێك لەخۆیان ئەکەن بەپاشا
(پاشاخورر) کاوکۆتەڵێکە کەلە
ئاخورری وولاخ وئاژالا ئەمێنێتەوە
(پاشاراو) ئاراوێکە کەلەپاش
(سەراراو) شتێکي تري پێ بشۆرێ
(پاشاگەردانێ) پاشاگەردانی
(پاشاگەردانی) پشێوی شوێنێك
بەهۆي نەمانی گەورە وسەرۆکیەوە
(پاشام) پارشێو
(پاشاو) ئاوێکە کەجاری دووهەم
بکرێتەوە بەسەر جاپي ناوقۆریەدا وەبە
سەر گوڵەباخێکا کەئارەقەکەي بگیرێ
. قنگاو . ئاوێکە کەلە خواردنەوەی
یەکێك بمێنێتەوە (د) .
(پاشبارە) دەستەدوو
(پاشبەن) پاشبەند
(پاشبەند) زنجیرێکە پێي
وولاخی پێ ئەبەسترێتەوە
(پاشتەرك) پاشکۆ
(پاشتەرکي) پاشتەرك
(پاشتێلانە) میوانداری یەکي

تێکرراییبە لەماڵي زاوا ئەکرێ لەپاش
سێ رۆژ لەگواستنەوەي بووکەکە
(پاشخستن) دوا خستني شتێك
(پاشخوان) پاشماوەي سەرخوان
(پاشخوانە) د . پاشخوان
(پاشدار) چەن سەربازێکە لە
رۆینا ئەکەونە دوای لەشکرەوە
(پاشدز) کەسێکە کەلەدوايدزەوە
بوەستێ بۆ ئاگاداري کردنی
(پاشدزە) پاشدز
(پاشقول) پێ دانە بەرپێي
ئەو کەسەي کەزۆرانی لەگەڵە گریت
بۆ ئەوەي کەبیدەیت بەزەویدا
(پاشکۆ) شتێکە کەسوار لەپاش
خۆیەوە دايبەستێ
(پاشکەوان) پاشدز . پاشماشە
(پاشکەوتن) دواکەوتن
(پاشکەوتوو) کەسێکە کە دوا
کەوتبێ .
(پاشکەوتە) دواکەوتووی بەجێماو
(پاشگەز) پەشیمان ، (پاشگەز

بوونەوە) پەشیمان بوونەوە (پاشگەز کردنەوە) پەشیمانکردنەوە

(پاشل) ز . باخەڵ

(پاشڵ) پاڵوویەکە چەنزەنگوو لەیەکی پێوەبێ . پاشەڵ

(پاشماشە) پارچەیەکە لەتفەنگ کەفیشەکی پێفریێ ئەدرێ

(پاشمامان) مامانێکە کەلەپشتی زەیستانەوە دائەنیشێ لەمناڵ بوونیا

(پاشماوە) خواردەمەنییەکە کە لەبەر دەمی یەکێك بمێنێتەوە

(پاشملە) کاتی باسکردنی یەکێك کەخۆی دیارنەبێ : لە (پاشملە)باسی کەس مەکە

(پاشملەیی) باسکردنی یەکێك لە پاشملە .

(پاشمەرگە) مناڵێکە کەلەپاش مردنی باوکی لەدایك ببێ

(پاشمەندە) د . پاشخوان

(پاشمەنە) د . پاشمەندە

(پاشوپێش) دووشتن کە پێشوویان پاش وە پاشوویان پێش خرابێ بەناڕەوا

(پاشوڵ) پاشەڵ

(پاشوو) هەردووپێی وولاخی یەکسم .

(پاشوەن) د . پاشبەند

(پاشەبەرە) بەری دوایی بێستان دواهەمیین مناڵی ئادەمیزاد

(پاشەخورج) د . پاشکۆ

(پاشەرۆژ) رۆژانی لەمەودوات

(پاشەرۆك) پاشماوەی سەوزیو کشتوکاڵێکە کەخاوەنی بەرەلای کردبێ

(پاشەکەفت) د . پاشەکەت

(پاشەکەوت) شتێکە کەگلت دابنێتەوە بۆ تەنگانە و نامانگووریی ،

(پاشەکەوتکردن) گلدانەوەی شت بۆ پاشە رۆژ

(پاشەکەوتیی)پاشەکەوتکردن

(پاشەڵ) داوێنی دواوەی کراس وکەوای درێژ

(پاشەلەقە) رۆژێکە دوای تەواو بوونی جەژنەکان کەقوتابیان وشاگردان

لەورۆژەدا ناچنە وەسەرئیبشیان

(پاشەوانە) شتێکە ئەنرێ بە پاشي پلوورەي هەنگەوە بۆ ئەوەي شاني تیاهەڵبەستێ ·

(پاشەوپاش) گەررانەوەي شت پشتاوپشت

(پاشێو) د · پارشێو

(پاشێل) د · لەقەشێل

(پاشیف) ز · پارشێو

(پاقژ) ز · پاکژ

(پاقژە) پەلەقاژە

(پاقلانچکە) گیایەکي بەهاریيە گەڵا یەکی درێژی بررگەی هەیە ، بەرێکي ووردی سوورئەگرێ وە زۆر رەوانە ·

(پاقلاوە) جۆرە خواردەمەنی یەکي خۆشە لە شەکروگوێزی کوتراو ورون وناني تەنکي چیین چیین ئەکرێ وە لە شێوەي (لەوزینە) ئەبرر رێ

(پاقلە) جۆرە گیایەکي بەهاریيە ئەچێنرێ بەرێکی کەلووداری درێژ ئەگرێ چەن دەنکێکي تیایە بەکوڵاوی ئەخورێ ·

(پاقلینچکانە) د · جۆرە گیایەکە وەك پەلپینە ئەخورێ ·

(پاقلیر) هـ · گوێزێکە کە توێکڵە سەوزەکەي لێکرابێتەوە ·

(پاقولاخ) د · سمي مەرر وبزن وئاسك ·

(پاك) شتێکە کەخاوێن بێ · پیتی گشتي «عومي» : کتێبەکەي (پاك) خوێندەوە واتە هەمووي ·

(پاکار) د · نۆکەر ·

(پاکانە) دڵپاك کردنەوەي یەکێك بەسوێند بۆ خواردنی ·

(پاکایی) شوێنێکي پاك لەزەوی

(پاکبوونەوە) نەماني چڵك یا پیسي شت · بریتيیە لەمردني پیاوي خراپ : پیاوی خراپ خوا زوو (پاکي کاتەوە) ·

(پاکردن) توێکڵ گرتنەوەی هێندێ شت : ترۆزیی (پابکە) ئنجا

یخۆ . زیوان و خاکو خوڵ گرتن
له دانهوێڵه .
(پاکردنـهوه) لابردنی چڵك
وپیسی له شت .
(پاکو) پاك . لهوهرری فهدهغه کراو
(پاکزدان) نههێشتني گیاو خهله
لهزهوییدا بههۆي دروێنه یادهسکهنهوه
، یا بههۆي خواردني ئاژاڵهوه .
(پاکـکردن) پاکردن .
(پاکـکردنهوه) پاکردنهوه .
(پاکاڵ) د . ئاگر خۆشکهر .
کڵی برد .
(پاکڵه) د . پاکاڵ .
(پاکلییره) پاگردنی (کهمکوڵ)
(پاکوپووکـکردن) بهخت کردنو
بهفیرۆ داني شتێکي بهنرخ : دهست
مایهکهت ههموو (پاکوپووك کرد) .
(پاکوپیسکردن)جیـا کردنهوهی
شتي چاك وخراپ لهیهك .
(پاکوت) د . پێشێل .
(پاکۆتره) گیایهکه له (پاقلانچکه)

نهچێ ونهخورێ .
(پاکوتکێ) د . پیٚدان بهزهویدا
(پاکۆدان) دروێنه کردنی گژو
گیا بهدهست . بریتیبهلهنههێشتنی شت
(پاکورره) کوللهی باڵ نهگرتوو
. پیاده .
(پاکه) د . پاکي .
(پاکهپاکه) بهتانه .
(پاکهت) کاغهزێکه لهکارخانهدا
پێچرابێتهوه وسرێشي لێ درابێ وهك
پاکهتي جگهرهو شقارتهو شتي تر .
(پاکهمي) د . ماندوویهتی .
(پاکهوهبوون) پاکبوونـهوه .
بریتي یه له مردن ونهماني یهکێك
که نهتهوێ .
(پاکي) خاوێني .
(پاکیزه) شتي پوختهي خاوێن
(پاگرتن) د . پێگرتن .
(پاگه) تهویله (ز) . بوار (د) .
ئاسانهي دهرگا (د) .
(پاگیر) د . گرفتار .

(پاکیره) د . پانه‌وشار .

(پال) ز . ئه‌پۆلکه

(پاڵ) قه‌د شاخ‌وگرد . ئه‌نیشتی گیاندار .

(پاڵ) ه . پیلاو

(پالاخ) گوێره‌که‌ی گامێش . گه‌لای ووشکی وه‌ریوی دررکودال

(پالادررانه) د . حق القدم . حق السعي .

(پالافتن) د . پالاوتن .

(پالافته) د . پالاوته

(پالاز) که‌ره‌یه‌که که شوان ئه‌ی چنێته‌وه له برینی شوانانه‌ی

(پالان) ز . کورتان .

(پالان) پالان .

(پالانته) پالانچه‌ی گونج .

(پالانچه) ماسولکه گۆشتی پال برر بررەی پشت . به‌ردو قوررو قسلێکه ئه‌درێته پال گونجکاری . ماسولکه خورییه‌که به‌سه‌ر پشتی هێندێ به‌ران ومه‌رری جوانه‌وه ئه‌هێلرێته‌وه بۆجوانی

(پالانه) خوریی وموویه‌که له کاتی بررینه‌وه‌دا ئه‌هێلرێته‌وه به سه‌ر پێتی مه‌رر وبزنه‌وه بۆ جوانی .

(پالانی) گوێ درێژێکه که کاتی کورتان لێکردنی هاتبێ .

(پالاوتن) خه‌وش گرتنی شتی‌شل به‌شتێکی چنراو . بریتییه له‌زۆر ترسان : فیسارکه‌س له‌ترسانا (پالاوتوویه‌تی)

(پالاوته) شتی‌پالێوراو

(پالپشت) شتێکی نه‌رم وشله دروست ئه‌کرێ بۆ پالپێوه‌دانی

(پالپێوه‌دان) پالدان به‌شتێکه‌وه

(پالپێوه‌نان) پالنان به‌شتێکه‌وه

(پالتاو) پالتۆ . پالوو(د)

(پالتۆ) سه‌ربه‌رگێکی ئه‌ستووری زستانییه .

(پالته‌ك) دمردێکه له‌فوررگی ره‌شه وولاخ په‌یاده‌بێ له‌ناوسێ وهه‌ڵی ئه‌دررن وگه‌ڵی تێ ئه‌خه‌ن وچاك ئه‌بێته‌وه .

(پالخستن) راکشاندنی گیاندار .

(پالدان) پالدانه‌وه . پالپێوه‌نان

(باڵدانەوە) پشت بەشتێکەوە
دان بۆ حەسانەوە
(باڵدامێن) قەراخی خوارووی
داوێن . داوێنی شاخ وکرد
(باڵداوێن) باڵدامێن
(باڵداینە) د . باڵداوێن
(باڵدم) باڵدێم
(باڵدوو) باڵووی کورتان
(باڵدە) باڵدوو
(باڵدێم) داوێن
(باڵشت) باڵپشت
(باڵفتە) د . بێژراوە . باڵاوتە
(باڵکەفتن) د . باڵکەوتن
(باڵکەوتن) راکشان
(باڵلێدانەوە) بریتی‌یە لەدڵنیا
بوون لەشتێك
(باڵە) د . باڵمە
(باڵمە) گیایەکی بەهاریی گەڵا
پانە تامی (هەڵەکوك) ئەدا
(باڵنان) باڵپێوەنان . هەڵپەساردن .
شتێك بەشتێکا

(باڵنگ) ه . پلنگ
(باڵوانە) باڵندەیەکی رەشی باڵدرێژی
قاچ کورتی تیژ رەوەکە کەوتەزەوی
ناتوانێ هەڵفرێ
(باڵوبەز) د. پشتیوان ویارمەتی دەر
(باڵوبەنی) پشتیوانی وفریارەسی
(باڵودان) د . باڵدانەوە
(باڵوو) کەلەکە . پارچەیەکەلە
کورتان ئەکەوێتەژێر کەلکی وولاخەوە
(باڵووگیر) دارێکە ئەدرێتە بەر
(نێ)ی ئاش کاتێك کەبەلایەکالاسەنگ بێ
(باڵە) شاری گەورە (د) .
کرێکار (ز) . سەپان (ه) .
بریتی‌یە لە ئەندازەیەك لەدانەوێڵە کە
سەپانێك بیدروێتەوە لە رۆژێکا :
(باڵە) یەك جۆیا نیسکم هەیە واتە ئەوەندەی
کە بە رۆژێك بدرورێتەوە لەلایەن
سەپانێکەوە
(باڵەبەستۆ) باڵنانی زۆری بەنێیم
بەگیاندارێکەوە
(باڵەقە) د . پێلەقە

(پاڵەنگ) د . ڕەشەوەمەهار
(پاڵەوان) پیاوی بەهێزی
داروێژراوی زۆران باز
(پاڵەوانبازي) زۆرانبازيپاڵەوانان
(پاڵەوانە) جۆرێکە لەمازوو .
فیلپایە . کوٚڵەکە یاپایەیەکە بدرێتە
ژێر شوێنێکی زەدەداري شکست
(پاڵەهەنگ) زنجیري گەورە
کەئەکرێتە پێی بەندی
(پاڵێ) ه . کەوش
(پالیك) ز . مووی ریشە کە
بخرێتە سەر سمێڵ بوٚ درێژي .
(پاڵێن) د . کەوگیر .
(پاڵێوکە) دەفرێکی پاني کونکونە
شتی پێ ئەپاڵێوري .
(پامال) پایەمال .
(پامال) د . پێشێل
(پاماڵە) شتێکي چوار چێوەدارە
بەتەیمان ئەتەنرێ وماڵەي زەویی پێ
ئەدرێ دوای توٚو پێوەکردنی .
(پاماو) لووسکردنی سواغی گەچ
بە پەرروٚي تەرر .
(پامز) د . پالاّدررانە .
(پامووره) جۆرە پاوانەیەکە لە
زەنگیانەي رەش وشین بەسێ لیسپ
ئەهوٚنرێتەوە وئەکرێتە پێ .
(پامێزە) گووی هەنگە کەلەسەر
کانیی ئەیکا دواي ئاو خواردنەوەی ،
سەرێکی خررو سەرێکی باریکە
(هەنگ دوٚز) تەماشای ئەکا سەرە
باریکەکەي رووي لەهەر لابێ دوای
ئەکەوێ تا پلوورەکەي ئەدوٚزێتەوە .
خوریی و مووي دەستو پێی ئاژاڵ ،
ئاوي ووشکەوە بووی ناولنگی سابرێن
لەکاتي ئارەزوو کردنی بەررینا .
(پان) شتێکە کە تەسك نەبێ
(پانایي) ئەندازەی پاني شت
(پانبوونەوە) پلیشانەوەي شت
(پانەپان) بریتی یە لە ووتنی
قسەیەك بەبێ پەردە .
(پانپانوٚکە) پانپانوٚکێ .
(پانپانوٚکێ) سواربوونی ئافرەتە

بۆ ئافرەتێکي ترو کوت پێوەدانی .

(پانتاو) تەپڵە سەری کێوو گردێکه که تەخت بێ .

(پانتاوێ) شوێنی پان وتەخت

(پانتۆڵ) دەمەر قۆپان . جۆرە دەرپێ یەکي لنگ درێژی تەسکە لە قوماش دروست ئەکرێ و لە گەڵ چاکەت لەبەر ئەکرێ . تەلێکی زۆر باریکە لەناو سەعاتا .

(پانجەقولێ) ھ . پاشقول .

(پاندان) جۆرەقەڵەمێکەمەرەکەبي تێ ئەکرێ وپێی ئەنوسرێ .

(پانزە) ناوە بۆ ژمارەیەك کە پێنج ودەیە .

(پانزەمین) شتێکە کە لە پایەی پانزە ھەمدابێ .

(پانزەھەم) پانزەمین .

(پانزەھەمین) پانزەھەم .

(پانکردنەوە) پلیشاندنەوە .

(پانکە) جۆرێکەلەبەرێدارمانە لە قۆپچە ئەچێ . جۆرە ماسي یەکي پان کەلەی گۆشت خۆشە پێستي زگي ئەستوورە . جۆرە باوەشێنێکە بەنەوت یا بەکارەبا ئەسووڕرێتەوە .

(پانکەڵە) شتێکە کە کەمێك پان بێ

(پانوپۆرر) شتي پانی فراوان

(پانەکێ) جۆرە قفڵێکی پانکەڵەیە

(پانەوەبوون) پانبوونەوە .

(پانیبەرز) پێڵاوێکي ژنانەیەوەك سۆل بەڵام پاژنەی ئەم بەرزە .

(پانیبەرز دروو) کە سێکە ھەر پانیبەرز دروست بکا .

(پانێر) پارێن

(پانێ) پاژنەی پێ . بەرێ شت لەلای تەسکی یەوە

(پاوان) جێ لەوەرري ئاژاڵ

(پاوانە) شتێکی زەنگوڵەدارە لە زێرر یالە زیو ئەکرێتە پێی منال بۆ جوانی

(پاوپل) د . پێ وپل

(پاووري) جۆرەمقامێکی کوردیێیە

(پاونە)د . پێوەندێکە ئەکرێتەپێ

(پاوشك)د. بریتی‌یه‌له که‌سێك
که‌پێ وقه‌ده‌می خێرنه‌بێ
(پاوه) له‌وه‌رری قه‌ده‌غه‌کراو .
ناوی دێیه‌که له‌هه‌ورامان
(پاوه‌پاکردن) د . پێدزکێ
کردن له‌کارێکا
(پاوه‌جێ) د . پایه‌دار
(پاوه‌جێکردن) د . قایمکردنی
شت .
(پاوه‌جێگه) د . پاوه‌جێ
(پاوه‌ره) ه . ده‌رپێ
(پاوه‌رێ) ده‌رپێ
(پاوه‌مانگ) د . ژنێکی ئاووسه
که‌پێی نابێته مانگی نۆهه‌می
(پاوه‌ند) له‌وه‌رری قه‌ده‌غه‌کراو .
پێوه‌ند .
(پاوه‌یو) ه . پێخه‌سوو
(پاهه‌ڵکه‌وتن) د . پێهه‌ڵکه‌وتن
(پاهه‌ڵگرتن) د . پێهه‌ڵگرتن
(پای) به‌خت (ز) . بۆ : (پای)
بالآکه‌ت .

(پایان) دوایی شت : ووته‌ی
کوردیی (پایان) ی نیه
(پایته‌خت) شارێکه که‌پاشا یا
سه‌رۆکی ده‌وڵه‌تی تیا دابنیشێ
. (پایدۆست) بررانه‌وه‌ی جه‌نگی
ده‌وڵه‌تیی و ئاشتبوونه‌وه یان . ته‌واو
بوونی‌هه‌موو کاروکرده‌وه‌یه‌ك
(پایز) سێمانگه‌ی دوای‌هاوین
(پایزه) جۆره ترێیه‌کی پایزه‌ی
ده‌نك خرری سپی ئاوداری مزری
ناسکی هێشوو بزمارکوته . شتێکه که
له‌پایزا به‌کاربێنرێ . میوه‌و سه‌وزی‌یه
که له‌پایزا پێ بگا
(پایزه‌برا) به‌دۆستێك ئه‌ووترێ
که‌کم کم سه‌رت‌بدا .
(پایزه‌رریز) د . شتێکه سه‌رمای
پایز لێی دابێ وکاری تێ کردبێ
(پایزی) جۆره هه‌نجیرێکه‌وه‌ك
(یه‌حیابه‌گی) (با) . پایزه
(پایکردن) ز . دابه‌ش‌کردنی
شتێك به‌سه‌ر چه‌ن که‌سێکا

(پاپناز) د · چەن ووتاریکی جوانە کەلەخۆش هاتنو بەخێرهاتنی یەکێکا بووترێ

(پاپناو) قنگاو · سەوزی یەکی پاراوی نازاوە (د)

(پایە) دیواریکی باریکی بەرزە لەخشت یا بەرددروست کرابێ. ئەندازەی بەرزیو ریزیی کۆمەلایەتی یەکێك : یاخوا (پایە) بەرز بێ

(پایە بەرز) بریتی یە لەگەورەیەکی بەنرخی دەست رۆیو

(پایەدار) بەردەوام

(پایەداری) بەردەوامی

(پایەمال) شتێکە بەرباد بووبێ ولەناو چووبێ

(پایین) لای خوارووی شت

(پت) لووت (ل) . نوختە(ز)· لەپتکەیەکە بەپشتی پەنجەی دەست لەشتێك ئەدرێ

(پتاپت) ز · پسەپسکردن

(پتات)ز · زۆربێژی پررو پووچ

(پتپتووك) ز · شتێکە کەچ ن خالێکی رەنگاورەنگی پێوەبێ

(پتر) زۆرتر

(پتروو) د · پەترۆك. پترووخە

(پترووخە) د · قەتماغەی سەر برین ·

(پترووکە) د · پەترۆك

(پتکە) شتێکی کەم لەپیسی یا لە قورر ·

(پتوپووز) د . دەموکاویژ

(پتەپت) پرتەپرت

(پتەو) شتی قوورسی توندوتۆڵی مایەدار ·

(پتیلە) ل . پلیتە

(پچ) ز · کەم : (پچ)ەك ئاف بینە ، واتە کەمێك

(پچان) د · چپەکردن

(پچرران) کەرت بوونی هەودا وتەل وهێندێ شتی تر· پسانی گیاندار : (پچررا) م

(پچرراندن) پچررین

(پچرانن) پچراندن

(پچررانەوە) پسانی کشتەکي ملوانکەو تەزبیحوهەمو شتێکي هۆنراوە

(پچرراو) شتێکە کەپچررابێ

(پچرراوە)شتێکە کەپچررایێتەوە

(پچررپچرر) شتێکە لەگەلێ لاوە پچررابێ . قسەی بزرربزرر : قسەکانت

(پچررپچرر) ن واتەبەیەکەوە نانووسێن . کردەوەیەکە کەسەروسەر نەبێ : کارەکەت (پچررپچرر) ە واتەسەرو مرر نیە .

(پچررۆك) شتێکە کەزۆو پچرری

(پچرریاگ) د . پچرراو

(پچرریان) د . پچرران

(پچررین) کردنەوەی شتێك لە شتێك بەنهێم .

(پچررینەوە) برردانی یەکێك لەیەکێك یالەشتێك : چاك لەفیسارکەست (پچرریمەوە) ، یاچاکم لە قومار (پچررینەوە) . شالاو بردن بۆ یەکێك و ررنینەوەی ئەندامي . سەندني شتێك لەیەکێك بەزۆر : بەسم (پچررەرەوە)

(پچکۆل) پچکۆلە

(پچکۆلانە) شتی زۆر پچووك

(پچکۆلە) پچکۆلانە

(پچکۆڵە) پچکۆلە

(پچکەلە) پچکۆلە

(پچکەڵە) پچکۆلە

(پچووك) شتێکە کەگەورەنەبێ . (پچووکبوونەوە) بوونی شتێکی گەورە بەپچووك ، (پچووك کردنەوە) کردني شتێکی گەورە بەپچووك . خواردەستی گەورەیەك : من (پچووك) ی تۆم .

(پچووکي)خواردەستي . بووني شت بەپچووك

(پچە) د . چپە ، (پچەپچ) چپە چپ .

(پچین) ز . شەق تێهەڵدان

(پخ) ووتەیەکە کوتوپررو لەناکاو ئەووترێ بۆ ترساندني یەکێك

(پخك) ز . پخ

(پخکردن) برریني شت بەگردە
برر . پخەکردن
(پخمە) د . پیسی پۆخڵ
(پخەکردن) ووتەیەکە منداڵ بەکاری
دێنێ بۆ سەربررینی گیاندار
(پر) ز . پرد
(پراش) د . وورد ، (پراش
پراش) شتی ووردو خاش
(پرپرە) پەلپینە
(پرپریك)ز . گیایەکی بەهاریی یە
(پرپە) با . هەزاربێ
(پرتاپرتا)راکردني یەك لەدوای
یەك بەپرتەپرت
(پرتاڵ) ز . کووتاڵ
(پرتدان) د . فرریدان
(پرتکردن) د . فرریدان
(پرتکە) د . ووردەي شت ،
(پرتکەپرتکە) شتی ریزە رریزە .
(پرتوپەلا) د. شتی هیچ وپووچي
بلاوبووەوەي ناو ماڵ
(پرتۆکە) د . پرتکە
(پرتوکەڵاك) د . شتي پواو
(پرتوکیان) د . پوان
(پرتوپژبی) د . قسەی شاش و
وێشکردن
(پرتە) لێدانی دەمار . جوولانە
وەی گرری چرا . فرتـە ، (پرتە
پرت) پرتەی یەك لە دواي یەك
(پرچ) مووي سەر کە لەعاستي
پشت شۆرر بێتەوە
(پرچان) د . قرتانن
(پرچن) کەسێکە کە پرچێکی
زۆري ناشیرینی ببێ
(پرچنە) پرچن
(پرچە) د . دەنگي قرتاندنی شت
(پرخاندن) پرخەکردن .
(پرخن) کەسێکە کەلەخەوا پرخێنێ
(پرخە) دەنگێکە لەکاتي نوستنا
لە دەم ولووتی هێندێ کەسەوە دێ ،
(پرخەپرخ) پرخەي یەك لەدواي یەك ،
(پرخوهوورر) پرخەپرخی زۆر
(پرد) شتێکە لەدار یا لەبەرد یا

لەئاسن دروست ئەکرێ بەسەرئاوەوە بۆ پیا پەڕرینەوە .

(پردژ) د . ووچان . دەسرەس

(پردوخیاگ) د . هەڵپڕووزاو

(پردوخیان) د . هەڵپڕووزان

(پردوو) د . پەردوو .

(پردەڵە) چەن دارێکە لەسەر (خەردار) ی ئاش رایەڵ ئەکرێن وبەرداشیان لەسەر دائەنرێ . دارێکی درێژە لەسەر دوو سنگ داکوتراوە لەناوەندی (مۆلەقە) و (نەوەرد) ا ، رایەڵی جۆڵا راگیر ئەکا .

(پردێ) هـ . پرد .

(پڕ) دەفر یا بۆشاییەکە کە لێوان لێو شتی تیابێ . شتی سفت : ئەو قاڵیە تانەکەی زۆر (پڕ) ە واتە سفتە .

(پڕاوپڕ) شتێکە کە بۆشاییەك پڕ بکاتەوە بەبێ کەم وکووڕی: ئەم تۆپەوانەیە (پڕاوپڕ) ی دەمی گۆزەکەیە .

(پڕبار) د . درەختێکە کە بەری زۆر بێ . دەغڵ ودانەوێڵەی قەڵەو

(پڕبوون) لێوانلێوبوونی دەفرێك یا بۆشاییەك لە شتێك . بریتیە لە توورە بوون و پیش خواردنەوەی یەکێك لە یەکێك .

(پڕ بوونەوە) لێوانلێو بوونی دەفرێك یا بۆشـاییەك بەرە بەرە . بریتیە لەتێر خواردن وداکەوتن : فیسارکەس هەرگیز (پڕنابێتەوە)واتە چاوی تێر نابێ .

(پڕبەپڕ) پڕاوپڕ

(پڕبەر) د . پڕبار

(پڕرێژ) با . سازندە

(پڕپۆڵ) پارچەی کۆنیشڕ:

(پڕپۆڵ)ێكشتم لەماڵا نیە . مەردومی چەپەڵی بێ کەڵك .

(پڕپۆڵە) ئاودێکە کە ئاوی لێ پرژێنرابێ ودانـە دانە وێسنابێ بۆ ئەوەی کە بکرێ بەچێشت یابدرێ بەجووجەڵە ومریشك . چێشتی پڕپۆڵە

(پرپیاکردن) پەلاماردانی شتێك بەچالاکي بۆ فراندني ·
(پورتاف) د · پرتاو ·
(پرتافان) د · تاوداني وولاخ
(پرتاو) تاوداني وولاخ بەتونديي ·
(پررچەك) مەردومێکە کەچەکی تەواي پێ بێ ·
(پرردان) هەڵمەت بردنە شتێك:
(پرريدايە) ئەو کارەواتە هەڵمەتی بۆبرد
(پررزۆلٚ) پارچەي پچکۆلانە کە لە شتێك بووبێتەوە ، (پررزۆلٚ پرر زولٚ) شتی وورد وخاش ·
(پررزۆڵە) پررزۆڵی پچووك لە هەموو شتێك ·
(پررشنگ) پرشنگ ·
(پررقێنە) قررقێنە ·
(پرر کردن) لێوانلێو کردني دەفرێك یا پۆشایي یەك لەشتێك · بریتی یە لە هانداني یەکێك دەربارەی یەکێکي تر
(پرر کردنەوە) لێوانلێو کردني بۆشاي یەك بەرە بەرە

(پرر کێشي) زانکردن وبەخۆدا ورابەرموونی کردنی کارێك : فیسار کەس (پرر کێشي) هەموو شتێك ئەکا
(پررگۆشت) بریتی یە لە گیانداری زۆر قەڵەو
(پررمە) هەناسە دان بە لووت بە تونديي بەجۆرێك کە دەنگی لێوە بێ : فیسار کەس دایە (پررمە) ی گریان ، یا وولاخەکە (پررماندی) ، (پررمە پررم) پررمەی یەك لەدوای یەك ،
(پرمەو هوورر) پررمە پرري زۆر
(پررمێشك) بریتی یە لەمەردومی زۆر ژیر ·
(پررنۆ) د · دەلیل وبەڵگە
(پررنۆلٚ) پارچە یەك کالآی شرر: فیسار کەس (پررنۆلٚ) ێك بەرگي لەبەرانیە
(پررووپا) د · قاچ وقول
(پررووپانالٚ) شتومەکي پررو پووچي بێ نرخ
(پرروپۆشتە) د · پۆشتەوبەرداخ
(پرروپووچ) درۆی زلی هەڵبە

سڕاوی لەژێرپێ وبیرەوە دوور ·
شتێ بێ کەڵك
(پڕوبەشێو) شوێنێکە کە پڕ بێ
لەکەل وبەلی ناوماڵ بەناڕێکی
(پڕوپیت) وورده شتێ ناوماڵ
(پڕوزکان) پچڕان
(پڕوزکاندن) پچڕاندن
(پڕوزکاو) پچڕاو
(پڕوزیان) د · سووتان
(پڕوسقان) د · پچڕان
(پڕوسقاندن) د · پچڕاندن
(پڕوسقاو) د · پچڕاو
(پڕوسقیان) · پچڕان
(پڕوسك) د · پزیسك
(پڕوسکان) پڕوزکان
(پڕوسکاندن) پڕوزکاندن
(پڕوسکاو) پچڕاو
(پڕوکیاگ) د · پچڕاو
(پڕوکیان) پچڕان
(پڕوکیاو) د · پڕووکاو
(پڕووز) ناڕێکی و چەوتی
کەناری کاغەز و پارچەی تەنراو کە
پەشتاڵی نەبووبێتەوە : (پڕووز)ی
کەواکەم دەرکەوتووە ، واتە قەراغی
ناوەوەی هاتوەتە دەرەوە · بریتییە
لە نەنگ وشوورەیی یەکێك : فیسار
کەس (پڕووز) ی دەرکەوت واتە
نەنگ وشـوورەیی ئاشـکرابـوو ·
بۆکورڕووز
(پڕووزە) بۆکورڕووز : لە
تینوانا(پڕوزە) م لێوەدێ
(پڕووش) وورده تووکێدار
وگەڵێ شتێتر کەهەڵێ دابێ
(پڕووشەکردن) بارینی بەفر
بەووردی · بریتییەلەکەم کەم خواردنی
مناڵی ساواو نەخۆشێکەوە کەدەمێ بێ
خواردنی نەخواردبێ
(پڕووکان) پچڕان: تەزبێحەکەم
(پڕووکا) · هەڵپڕووزان لەگەرمانا
(پڕووکاندن) پچڕاندن
(پڕووکانن) پڕووکاندن
(پڕووکاو) پچڕاو

(پرەوەبوون) د٠ پرر بوونەوە
(پرریشك) چەن پارچەیەکی
ووردەکەلەشتێك بیێتەوە : (پرریشك)ی
ئاوەکە یا بەردەکەم لێ کەوت . پزیسك
(پرزانگ) پزدان .
(پرزك) ز . برینوزیپکەی ئەندام
(پرزۆڵ) پررزۆڵ
(پرزۆڵە) پرروزۆڵە
(پرزە) هەناسە : (پرزە)ی برریم
(پرزەبرراو) کەسێکە کە تەنگە
نەفەس بووبێ . بریتی‌یە لە کەسێك
کە زیانێکی زۆری لێ کەوتبێ
(پرژ) پژی شت . تەرزی‌سەو
زایی وەك مێو و لاولاو و تەرۆزی
. پەرش و بڵاو (د) .
(پرژان) رژان و بڵاوبوونەوە
(پرژاندن) رشتن و بڵاوکردنەوە
(پرژۆڵ) پژی شت . برژۆڵ
(پرس) داواکردنی زانینی شتێك
کە نەی زانیبێت لە بەکێك : هەرچی
نازانیبت (پرسکە) .

(پرسا) د . کەسێکە کە دوای
شت بکەوێ بۆ زانینی .
(پرسانە) د . شتێکە کە لەپرسەدا
ئەبرێ بۆ ماڵە مردوو .
(پرسکردن) پرسین
(پرسە) سەرخۆشییکردن لەخاوەن
مردوو . پرسیار
(پرسەکەر) کەسێکە پرسە بکا لە
خاوەن مردوو .
(پرســە گورگـانە) پرسـکردنە
بەیەکێك بۆ کارێك کە نەتەوێ بەقسەی
بکەیت هەڵام هەر بۆ گلەیی دوارۆژبێ
(پرسەگورگانێ) پرسەگورگانە
(پرسیار) پرسکردن لە شتێکی نادیار
(پرسین) پرسیار
(پرسینەوە) هەسەر کردنەوەی
شت بەپرسین دەربارەی : فیسارکەس
لە پچووکی خۆی (ئەپرسێتەوە)
(پرش) بڵاو .
(پرشنگ) پرشەی رۆژ ومانگو
ئەستێرەو ئەوشتانەی کە لەبەر هەتاو

ئەپریسکێنەوە . پریشکی ئاگر
(پرشە) پریسکانەوەي شتي بە
شەوق وەك ئەستێرە و مانگ و رۆژ
و گەلێ شتی تر ، (پرشەپرش) پرشەي
یەك لەدواي یەك .
(پرگ) شتێکی سپیە ئەکەوێتە
سەر شتي شل لەبەر زۆرمانەوەي .
پەڵەیەك لەزەوی یا دەغڵ .
(پرگەهێنان) پەیدابووني پرگ
لەسەر شتي شل یا تەرر
(پراندن) وەرانـدني گوڵي
شـینایي ودانەوێڵە . وەڵیني کاڵاو
شتي تەنراو بۆ لێ کردنەوەي شتێك
کە پێوەي ووشك بووبێتەوە .
(پرۆت) ز . کەسێکە دەفري
گڵین دروست بکا .
(پرۆژە) مشروعێکي تێکراوی
(پروسك) پزیسك (د) . ئەبێ
بەتأکیدی (ئێسك) : لێسكو(پروسك)
(پروسکە) د . پروسك
(پرووز) د . بۆکرووز

(پرووش) د . پروسك
(پرووشە) د . پرووش
(پرووکە) د . پرووشە
(پرووکەپرووك) د . نووکە
نووکي گریان .
(پریاسکە) پارچە پەرۆیەکە کە
شتێکي تیا گرێ درابێ ..
(پریسك) د . پزیسك
(پرێش) د . شتي وورد بوو ،
(پرێشپرێش) هەلاهەلا .
(پریقوهوورر) پێکەنینی قاقا
(پرریکوهوورر) پریقو هوورر
(پزان) ز . پزدان
(پزدان) پێستێکی تەنکە لەسکی
بزن مەرر و مانگادا ئێچووي تیا بەرهەم دێ
(پزگ) پزووي دەرپێ . پزوویە
کە کەتووشي ئاژاڵ ئەبێ
(پزۆر) ز . ناوسك وریخۆڵەي
گیاندار .
(پزوسك) د . پزیسك
(پزوسکە) د . پزوسك

(پزوو) دەردێکە تووشی بزن و
مەرر ئەبێ وەك هەلامەت وایە بۆ
ئادەمی . نوشتاوەی دەرپێ وسەر یین
کە بەندەخوێن یاکشتەکرێ هەڵە کێشرێ
دەمی رەشکەی کاکێشان

(پزە) پزوو

(پزیسك) پرریشکی ئاگر

(پزیشك) دوکتۆری نەخۆشی

(پزینك) بلامك

(پژ) پرژۆلی گوڵی گەنم وجۆ .
بەرلق دارو درەخت

(پژاڵ) د . پژی سەر لقی درەخت

(پژان) وەریین وبلاو بوونەوەی
دانەویلە . بەربوونی خوێنی لووت
وکچێتی کچ .

(پژاندن) بلاو کردنەوەی دانەوێلە
وبەردانی خوێنی لووت وکچێتی کچ

(پژگاڵ) کاروفرمان

(پژمە) هاتنە دەردوەی باو
تەزووێەکە لەلووتەوە هەتەکان بەجۆرێکی
واکەدەنگی لێوە بێ ، (پژمەپژم)پژمەی
یەك لەدوای یەك ، (پژموھوورر)
پژمەپژی زۆر .

(پژمێن) بردنووتی

(پژمیین) پژمە

(پژنچە) د . فلچە

(پژوبۆ) د . لق و پۆپی درەخت
کە بروابێ .

(پژوو) با . پالی وولاخ

(پژوون) ز . گورەگیا

(پژوێن) پشتێن

(پژوێنە) پشتێنە

(پژە) چەن پرشەیەك لەئلو

(پژیاگ) د . پڕاو

(پژیان) پژان

(پژێ) با . پزوو

(پس) کورر (ز) . کەسێکە کە
بەسەری زمان قسە بکا

(پسان) پچرران . پرروکانی
گیاندار بەهۆی زۆر پێ گەیشتنێکەوە

(پسانەن) پچرراندن. پرروکاندن

(پسانەوە)پچرانەوە: تەزێحەکەم

(پسايەوە) يالەشكرەكە ئەوەندەزۆر
بوو هەرنە (ئەپسايەوە)
(پسپان) ز . پارچەيەكە كالآى
پێ‌پينەئەكرێ،(پسپانـكردن)پينەكردن
(پسپس) ز . ووتەيەكە پشيلەي
پێ‌بانگ ئەكرێ وەك (پشپش)
(پسپاندن) ز . بەچرپەقسەكردن
(پسپسيك) ز . پشيلە
(پسپستلێ) ه . جالْجالۆكە
(پسپۆرر) ئاژالْـدارێكە كەلە
بەسەركردنەوە وناسينەوەى ئاژالْدا
زۆر ووورياو شارەزابێ . كەسێكە لە
كارێكا زۆر بزان بێ
(پستان) فستان
(پسترك) ز . پەيژە
(پستوو) با . پەخە
(پستەق) ز . مێووژى خراپ
(پسك) پشيلە(با)·زمان بس· پرچ
(پسكە) د . وورد رۆينى‌راوچى
بۆ لاي نێچيير . بالْ بەيەكادانى بە
چكەي جۆلەكە وبالْندەي ترلەبەردەمي
دايك وباوكيا بۆئەوەى كەدانى بدانێ ،
(پسكەپسك) پسكەى يەك لەدواى يەك
(پسكيان) د . پسكە
(پسلْ) لوشەيەكە كەئەكرێتە
ناو چێشتى دۆكولْيوەوە
(پسمام) با . ئامۆزا
(پســميران) با . خانەدانى
ميرزادە .
(پسيان) د . پسان
(پسيزك) پزيسك
(پش) ووتەيەكە پشيلەى پێ
بانگ ئەكرێ .
(پشاقيك) ز . بنيسكى ساهوون
(پشام) د . ئاوسان وهەوكردن
(پشپشۆكە) گيايەكى پژپژى زبرە
وەك كلكى پشيلە
(پشپێنت) پشتێن
(پشت) لەمل بەرەو خوارى
گياندار تاسەر سمتى . باوك وباپير
: فيساركەس لە (پشت) ەوە ئەچێتەوە
سەر تيرەى جاف . يارمەتى دەرو

پشتیوان : تۆبه (پشت)ی کێ ئه‌مه
ئه‌که‌یت ؟ . دیوی ئه‌ودیوی هه‌موو
شتێك : پشت گوێژه شارباژێرره .
دیوی قوڵفزی میبج . ووته‌یه‌که
پشیله‌ی پێ ده‌رئه‌کرێ وه‌ك (خته)
(پشتئه‌ستوور) که‌سێکه که‌پشتیوانی
به‌هێزي بێ ودڵنیابێ .
(پشتدار) شتی قایم وداررێژراو:
ئه‌م فاسۆنه (پشتدار) ه ، واته قایمه .
خاوه‌ن پشتیوان .
(پشتدان) بریتي‌یه له ویستانی
گیانداري مێبینه بۆ نێره‌ی .
(پشتدانه‌وه) هه‌ڵدانه‌وه‌ی ئاگری
ناو ته‌نوور پاش دامردنی تا گه‌رم
دابێته‌وه . باڵدانه‌وه .
(پشتررێژ) گیانداري ناوکه‌ررێژ
(پشتکوول) د . پشکۆڵ .
(پشتگوێخستن) بریتي‌یه له بیر
ده‌رکردنی کارێك ونه‌کردنی .
(پشتگوێکردن) هه‌ڵپاچینی‌وورده
تووکي بن پرچي ژنان به مه‌قه‌ست

(پشتگین) د . دواهه‌مین
(پشتلێدان) جۆره یاریی‌یه‌که
چه‌ن که‌سێك یه‌ك له‌دوای یه‌ك به
کوورری دائه‌نیشن وه به‌رودوا به‌سه‌ر
یه‌کا هه‌ڵئه‌چن به‌لێداني پشتیان‌له‌پشتي
ئه‌وی تر .
(پشتلێدانه‌وه) بریتي‌یه له‌دڵنیا
بوون‌له یێك هاتن‌یا یێك نه‌هاتنی کارێك
:فیسارکه‌س‌له‌کاره‌که‌یا (پشتي‌لێدایه‌وه)
واته دڵنیابوو که‌ئه‌بێ یانابێ
(پشتلێکردنه‌وه) پشت‌لێدانه‌وه
(پشتماڵه) دراوسێ‌یه‌که که‌ماڵي
له پشت ماڵته‌وه بێ
(پشتمێر) پشتیوان ویارمه‌تي‌ده‌ر
(پشتووری) د . پشت‌ئه‌ستووری
(پشتوێن) پشتێن
(پشته) پشتي مییچی قاپێن
ده‌نگێکه پشیله‌ی پێ‌ده‌ر ئه‌کرێ
ناوه بۆدێ‌یه‌ك له‌وبه‌ری سیروان
(پشته‌با) د . پشته‌پێ
(پشته‌پێ) بریتي‌یه له‌شه‌ق

(پشتەڕڕێژ) د . پشتڕڕێژ

(پشتەڕڕێشە)د. برینداربوونی پشتي وولاخ بەهۆی بارەوە

(پشتەسەر)جۆرەخشڵێکي بلپلەدارە لە زێڕریازیوژنان ئەیدەن لە پشتي سەریان

(پشتەك) خوریي ومووبەکە لە کاتي برینەوەدا بەسەر پشتي مەڕڕو بزنەوە ئەهێلرێتەوە.پشتیوانێکە بدرێتە بەرشتێك

(پشتەملە) بریتی‌یە لەزۆر کردن لەیەکێك بۆکارێك : بە (پشتەملە) ئیشي پێ ئەکا .

(پشتەملێ) پشتەملە

(پشتەمەلە) جۆرە مەلەیەکە لە سەر پشت ئەکرێ

(پشتەوەشکێن) دیوارێکە کەبە پشتا شکابێتەوە .

(پشت هەڵکردن) بریتی‌یە لە زویربوون لەیەکێك

(پشتەیوان) زوورێکە کە کەوتبێتە پشتي هەیوانەوە .

(پشتەیوان) پشتەیوان

(پشتێر) د . پشتیر

(پشتێن) شتێکە ئەبەسترێتە پشت

(پشتێنە) دارێکە بەناو (بەرزە گەوە) دارەت ئەکرێ بۆ ئەمەی نەجوولێ . شتێکە بەربەستي فیچقەی ئاوی نیێ ئاشی پێ ئەکرێ . پشتێنێکە بەسترابێتە ناو قەدی هێندێ شت بۆقایمي

(پشتي) جۆرە سەرینێکي درێژ کۆڵەی تەنکە پشتی پێوەئەدرێ . باشە وانەي هەنگ (د) . شتێکە بەکۆڵ هەڵبگیرێ (ز) .

(پشتیر)هۆدەي ئاژاڵ. گەنجینەی پشت کەلەگي

(پشتیوان) یارمەتي‌دەر . دارێکە لەپشت دەرگاوەدائەچەقێنرێ بۆ ئەمەی بخرێتەبەر(پشکۆڵ) بۆقایمی . دارێکە لەباری بانيبە پشتي تای دەرگاو دەرڕابەدا دائەکوترێ

(پشتیوانی) یارمەتی وخاوەنداري

(پشتیوانیکردن) یارمەتي‌دان و خاوەنداریکردن

(پشروون) ز . چێشتی لیرخه‌نیله
(پشقل) پیسي دانه‌دانه‌ی خرري
ئاژاڵي وورده .
(پشك) چیلکه‌یه‌که ئه‌خرێته کوني
مه‌شکه و کونده وهیزه‌وه بۆ ئه‌وه‌ی
ئه‌وی تیایه‌تي نه‌ررژێ . به‌ش :
ئه‌م کۆمه‌ڵه بکه‌به‌چواو (پشك) .
پلیك گۆشت . جه‌رگ (ز) . چه‌ن
شتێکه ئه‌درێته ده‌ست یه‌کێکي نه‌شاره‌زا
له‌لایه‌ن چه‌ن که‌سێکه‌وه که‌به‌شه‌ریکی
شتێکیان کرري بێ و به‌شیان کردبێ
بۆئه‌وه‌ی که‌هه‌ر یه‌کێك له‌وشتانه‌له
سه‌ر به‌شێك له‌به‌شه‌کان دابنێ ، تا
هه‌رکه‌سه به‌پێی پشکه‌که‌ی خۆی
. به‌شه‌که‌ي بێ‌قرره هه‌ڵگرێ
(پشکخستن) داناني چه‌ن پشکێك
له‌لایه‌ن یه‌کێکي نه‌شاره‌زاوه له‌سه‌رچه‌ن
به‌شێك له‌شتێك که‌به‌شه‌ریکی کرري بێتیان
(پشکمین) ز . هه‌ڵپچرراني دروما ن
(پشکل) پشقل
(پشکلْ) پشقل

(پشکنین) گه‌رراني جێگه‌یه‌ك
یاگیرفان وباخه‌ڵي یه‌کێك بۆشتێك
(پشکۆ) ده‌نکه ئاگری گه‌ش
(پشکول) ز . پشقل
(پشکۆڵ) دارێکی درێژه له‌دیوی
ناوه‌وه‌ئه‌درێته پشت ده‌رگابۆ قایمکردني
(پشکووتن) ده‌مدانه‌وه‌ي خونچه‌ي
گوڵ . گۆڕکه‌کردني دره‌خت له‌به‌هارا .
ووردبووني به‌ردی قسڵ له‌دوای ئاو
پیاکردني . هه‌ڵتۆقیني گه‌نه‌شامي له
سه‌ر ساج .
(پشکووڵ) د . پشکۆڵ
(پشکه‌ڵ) پشقل
(پشکیل) د . پشکیلان
(پشکیلان) یاري گۆره‌ویي بازی
تاقان له‌جووت . کاڵه مستێ
(پشوو) هه‌ناسه : (پشوو) نادا
(پشوودان) بریتی‌یه له‌حه‌سانه‌وه
: ئه‌مرۆ یه‌شتا (پشووم نه‌داوه)
(پشووگرتن) پشوودان
(پشه) ده (د) . پشیله

(پشیان) د . پژانی ئاو

(پشێ‌پشێ) ووته‌یه‌که پشیله‌ی پێ‌بانگ ئه‌کرێ

(پشی) پشیله (ل) . کولیچه به‌رڕۆن (ه) .

(پشي‌پشي)جۆریارییه‌کی منالآنه‌یه

(پشیك) ل . پشیله

(پشیله) دڕعبایه‌که له‌وێنه‌ي پلنگ به‌لام گه‌لێ بچووکتره، وه‌مێلی مشکه

(پشیله‌سووره) جۆره‌یارییه‌که یه‌کێك تێ‌ئه‌که‌وێ ، ئه‌وانی‌ترده‌ست به‌یه‌که‌وه ئه‌گرن ، وه‌ئه‌وي تێ‌که‌وتوه ئه‌ي گرنه ناوخۆیان ، ئه‌ویش‌ته‌قه‌لا ئه‌دا که‌له‌ناو لنگیانه‌وه ده‌رچێ،ئه‌مانیش نایه‌لن و ئه‌لێن : (پشیله سووره کوێرا چوو ، عه‌رزی درریی‌و پیایا چوو) أنجا له‌ناو لنگی هه‌رکامێکیانه‌وه‌ده‌رچوو ئه‌و که‌سه تێ‌ئه‌که‌وێ

(پشیله سوورێ) پشیله‌سووره

(پشیله‌شۆر) بریتيیه‌له‌شتی‌ئه‌ندام به‌ناته‌واوي‌و کەم‌و کووڕیی : ئیمرۆ له‌حه‌مام له‌به‌ر ساردیی ئاوه‌که‌ی خۆم (پشیله شۆر کرد) .

(پشێوني) پشێویي .

(پشێویی) ئاشووب وتێکچووني ئاسایشی شوێنێك .

(پف) فوو . ووته‌یه‌که له‌کاتی دابه‌لشێوان له‌شتێك ئه‌ووترێ : (پف لەم بۆنه ناخۆشه ، (پفکردن)فوو کردن

(پفدان) شت فوودان .

(پفدریاگ) د . شتي فوودراو

(پفه) ووته‌یه‌که منالی ساوا به چێشتی ئه‌لێ .

(پفه‌ل) شتی فش وفۆل .

(پفه‌لدان) فوو کرنه شتێك وئاوساندنی به‌فوو .

(پفه‌لدراو) شتی فوودراو

(پگرر) د . گه‌مړه .

(پل) کوته گۆشت . په‌ڕری باڵنده (د) . په‌نجه (د) .

(پڵ) خاڵێکه که له‌شتێکابه‌یدا بوو بێ : (پڵ) ێك له‌ده‌ستم په‌یدا بوه

(پلپل) شتێکه کەپلي زۆري پێوەبێ
• جۆر (د) • زبان : فیسارکەس
دوو (پل) ە ، واته دووزبانه (د) •
روو (د) •

(پلار) کورتە دارێکه کەبگیرێته
شتێك • توانج •

(پلارتێگرتن) بریتي یە له توانج
گرتنه یەکێك •

(پلاس) ھ • پەلاس •

(پلاسماسي) جۆره ماسی یەکەوەك
سەفرە خۆی ئەکانەوە لەسەر ئاو بۆ
ئەوەي ھەر مێش و مەرۆشێکي لێ
ھێنیشێ بیخوا •

(پلاش) د • پووش وپەلاش

(پلان) د • ئێسقان •

(پلانن) د • تلدان بەشت •

(پلاننەوە) د • تلاندنەوە •

(پلاو) برنجي کولاوي پالێوراوی
رۆنی داخ بەسەرا کراو •

(پلاوپالا) د • پلاو پالێو

(پلاوپالێو) دەفرێکی شوولێني
بەله برنجي پلاوی پێ ئەپالێورێ •

(پلاوپلاو) جۆره یاري یەکەھەر
یەکەی دەجار لەسەر یەك ئەبێ بەدەنگي
بەرز بلێ (پلاو) بەلام جار لەجار
دەنگی بەرز تر بێ •

(پلپ) د • مەردومي بێ کەلك

(پلپسکیان) د • نەخۆشي بالە
شۆرري •

(پلپلە) پارچەیەکی پچکۆلانەیە له
زێرریالەزیو کەبەخشلێکەوە بەندکرابێ

(پلپلي) د • شتی پلپل •

(پلتۆك) پەلەپیتکه بەپشتی پەنجەیەك

(پلته) تلپەي شت • دەنگێکه
پەیا ئەبێ لەکاتی ھێنانە دەردوەی
شتێك لەناو شتێکی ترا بەنھێم •

(پلتەقاندن) چەقەنە لێدان بە
پەنجەي دەست •

(پلج) د • پان •

(پلچانن) د • پان کردنەوە

(پلدان) لێدان وجوولانەوەي
شوێنێك له جەسته •

(پلك) پوور . پیس (ل) .
(پلکانن) د . پلانن
(پلکیان) د . تلخواردن .
(پل لێدان) پلتەقاندن .
(پلمژیاگ) شتي پەژمردە .
(پلمە) د پرمە .
(پلنگ) جانەوەرێکي گەرەی بە چنگي بەلەکی چالاکي کوشندەیە کلکێکی باریکی درێژي هەیە .
(پلنگیان) ئالوزکانی موو .
(پلوپا) د . قاچ وقول . تەلاش و کۆشش .
(پلوپۆ) کەوتنە سەرفاك وفیلیکی کارێك : (پلوپۆ)ی ژن هێنانی پێ کەوتوە
(پلوپووش) د . پرو پووشی ناو ماڵ .
(پلۆپووش) پلوپووش
(پلۆر) ز . پەلوولە
(پلوسك) شتێکی بۆشەئاووجۆررا وگەی پیا دێتە خوارەوە
(پلوور) پلوسك (ه) . شمشال (د)
(پلوورژەن) د . بلوێرژەن
(پلوورە) شتێکي بۆشە هەنگ شانی تیا هەڵئەبەستێ .
(پلوسگرد) هەپەررەسێلکە .
(پلە) پوور . جێگا پێي پەیژەو پێ پیلکە . ریز وحورمەت وپایە : فیسار کەس (پلە)ی بەرزە . هەل : خوا هەڵت خا لە(پلە)یەکا بت گرم . ئەنگوشت (د) .
(پلەپرتکێ) د . پەلەپرووزێ
(پلەترازیان) د . پەشیمان بوونەوە . شلبوونەوە
(پلەتسیان) د . پلەترازیان
(پلەزیقان) د . خۆشي خۆشي
(پلەکان) پلیکانە .
(پلەکانە) پلیکانە .
(پلەمەتە) د . مەنەي دارتاش
(پلەنیان) د . هانەهانەداني یەکێك
(پلیان) د . گلان وکەوتن
(پلیکانە) پێ پیلکە .
(پلیتە) د . پلیتە

(پلێیته) شتێکی بادراوه که له شتێکی
تر هه‌ڵکێشرێ
(پلێیته کێش) دارێکی سه‌رله‌له
کراوه پلێیته‌ی له‌شت پێ هه‌ڵ ئه‌کێشرێ
(پلیسرگ) په‌رره‌سیلکه .
(پلیشاندنه‌وه) پانکردنه‌وه‌ی شتێك
به‌هۆی قورسایی‌یه‌که‌وه
(پلیشانه‌وه) پانبوونه‌وه‌ی شتێك
به‌هۆی قورسایی‌یه‌که‌وه که بکه‌وێ به‌سه‌ریا
(پلیشاوه) شتێکه که پانبوو بێته‌وه
(پلیکه) پلیکانه
(پن) زج . نوخته (ز)
(پنتك) شتێکی که‌م له‌قورریاله‌پیسی
(پنتي) که‌سێکه که زۆر گوێ نه‌داته
پاکو خاوێنیي وخۆرریك خستن
(پنج) ده‌رمانێکه له‌قسل ولۆکه
وماست ئه‌گیرێته‌وه بۆ پینه کردنی
دیزه وگۆزه‌ی شکاو . بنجی گیا(ز)
(پنجار) ز . گیای سووره‌وه کراو
(پنچك) بنچك
(پنچکردن) پینه کردن به پنج . بریتی
یه له چاره کردنی کارێك
(پند) ز . قنگ
(پندر) پنر
(پندربوونه‌وه) پنربوونه‌وه
(پنر) جه‌سته‌یه‌که که ناسك بوو
بێته‌وه به‌هۆی مانه‌وه‌ی زۆره‌وه له‌ناو ئاوا
(پنربوونه‌وه) ناسکبونه‌وه‌ي جه‌سته
(پنکاف) ز . گولاو
(پنگ) د . پونگه
(پنگر) پندر . په‌نگر
(پنگربوونه‌وه) پندربوونه‌وه
(پنگرکێش) مه‌قاش
(پنگه) پونگه
(پنۆك) خاڵ وپه‌ڵه‌ي ووردله‌شتا
(پنه) شتێکي پاني نه‌خته له‌داریا
له‌گه‌چ دروست ئه‌کرێ ونانی تیری
له‌سه‌ر ئه‌کرێته‌وه
(پنیوز) با . رۆیشتن له‌شوێنێك
بۆچونی ده‌مێك : (پنیوز) ئه‌که‌م واته
ئێستا ئه‌رزوم له‌پاش چه‌ن ده‌مێ دێمه‌وه
(پۆ) ئه‌وشته‌یه که له‌سه‌ر رایه‌ڵ

ئەتەنرێ . لق و پۆپ (د)

(پۆبرر) توندکردنەوەي رایەلي

ئەون بەجۆرێکی واکەپۆيپیا ئەچێ

(پۆپ) پۆپنەی کەڵەشێرومریشك

. قژی ژن .

(پۆپکە) پۆپە

(پۆپنە) گۆشتێکی سووري بررگە

بررگەیە بەسەری کەڵەشێر ومریشك

و بۆقلەموونەوە .

(پۆپە) تەپلەسەري شاخ و درەخت

. پۆپنە

(پۆپەررەشە) دەردێکە ئەگابە

کەڵەشێر ومریشك پۆپنەی ردش هەڵئە

گێرێ وئەي کوژێ

(پۆپەژمیین) د . پۆپەشمیین

(پۆپەشمیین) پێخەفێکی شاشي

هاوینیيە لەخوری رێسراوي باریك

دروست ئەکرێ .

(پۆت) لۆچ

(پۆتلاك) سەروپێچ

(پۆتەلاك) پۆتلاك

(پۆنیین) جۆرەقۆندەرەیەکی لاسکدا

رە بەقەیتان دائەخرێ

(پۆخ) گۆیکەي داردرەخت

لەپێش پشکووتنیا .

(پوخت) شتي رێکوپێکي خاوێن ،

(پوختکردن) خاوێن و رێکو پێك

کردني شت .

(پوختە) پوخت ، (پوختە

کردن) پوختکردن

(پۆخدەرکەوتن) بریتيیە لەنە

نگوشوورەیي دەرکەوتنی یەکێك

(پۆخڵ) شتي پیسی ناخاوێن

(پۆخیین) قاووت

(پۆدای) ھ . پێوەدان

(پۆدرە) بۆدرە

(پۆدوو) ز . پووك

(پۆرتك) د . کلاووەدەسمالی ژنانە

(پۆرنکان)رزیین وداوەشاني شت

(پۆرتکاو) شتي رزیو

(پۆرخز) گیانداری‌مۆنی‌سەهەندەي

لاساری مانگر

(پۆرر) باڵندەیەکي بۆرە لەکەو ڕچووکترە وگۆشتي خۆشترە .

(پۆرراو) شتي رێکخراو

(پۆررك) ناو ماڵی کۆچەریي .
دووچیڤی لوولەکراوەکە کرابن بەبن بار

(پۆرریان) ل . شتي رێکوپێك کە بەکار بێت .

(پۆررین) ل . پۆرریان

(پۆرگ) توێکێکی ناسکی تەنکە بەسەر برین وهێندێ شتي ترەوە . بەرگی خونچەی گوڵی نەپشکووتو .

(پۆز) ز . لووت

(پۆزنکان) رزین

(پۆزە) لووت . کۆسپایی

(پۆزەبەند) د . شتێکە ئەکرێتە دەمی هێندێ وولاخەوە بۆبەستني دەمي

(پۆزەخورگە) جۆرێکە لە بەری دارمازوو وەك لمۆزي بەراز وایە

(پۆزەوانە) لاسێکە ئەخرێتەسەر لووتي وولاخ ورەشمەی پێ بەندئەکرێ

(پۆس) پیر : هەواڵی لاوو

(پۆس) یان ئەپرمم . چەرم (د) . توێك . پۆستە (د) . قەرەووڵ و ئێشکچی (د) .

(پۆست) پێست .

(پۆستکەندن) پێستگرتنەوەي گیاندار .

(پۆستکەندە) برینێیە لە شتێك کەزۆرچاك لێی کۆڵرا بێتەوەوتلشکرا کرابێ ، (پۆستکەندە کردن) برینێیە لە لێ کۆڵینەوەی شتێك ودەرخستنی

(پۆستگرتنەوە) کەوڵکردنی گیاندار

(پۆستنشین) کەسێکە کە لەتەکیە یا خانەقایەکا دانیشتبێ وە بەچاکە و ئامۆژگاریي مەردوم خەریك بێ .

. (پۆستە) کاغەزوپەیامێکە کە بەهۆی دەوڵەتەوە بگەیەنرێ .

. (پۆستەچي) کەسێکە کە پۆستە بگەیەنێ بەخاوەنی .

. (پۆستەخانە) شوێنێکی تایبەتي یە کە پۆستەی تیا دابەش ئەکرێ .

(پۆسکەندن) د . پۆستکەندن

(پۆسکەندە) د . پۆستکەندە

(پۆسەخانە) د . پۆستەخانە

(پۆسیان) د . رزیین

(پۆسیین) د. پۆسیان . کەوڵپۆست

(پۆش) بزنی رەشي گوێ سپي

(پۆشاك) کالای لە بەر کردن

(پۆشاڵ) د . ریشووی شت

(پۆشان) د . پۆشیین .

(پوشت) مەردومي حیز

(پۆشتە) کەسێکە بەرگی باشی نوێي لەبەرابێ .

(پۆشتەکردنەوە) کردني کالا بە بەري یەکێکي رووتا .

(پۆشتەوپەرداخ) کەسێکە زۆر پۆشتەو رێك وپێك بێ .

(پۆشەن) د . پۆشاك

(پۆشەني) پۆشاك

(پۆشي) ز . پووشوو . پووشیني سەري ژنان .

(پۆشیین) لە بەر کردنی کالا . وون کردني دەنگ وباس بۆئەوەي بلاونەبێتەوە

(پۆغە) گوێرەکەي نەخەساو

(پۆك) با . پەککو

(پۆکە) گریاني نەرم

(پۆکەپۆك) سکالاو گلەیی لە بەرخۆوە . گریاني نەرمي یەك لەسەریەك .

(پۆکەر) جۆرە قومارێکە بە کاغەز ئەکرێ .

(پۆل) پشکۆ ئاگر . کۆمەڵێك گیاندار .

(پۆلا) شتێکە وەك ئاسن بەلام ئەم پوخت ترو بەنرخ ترە ، تیغ وشتی برندەي لێ ئەکرێ

(پۆلاخۆر) د . بڕییني یە لە مەردومي ئازاو دلێر .

(پۆلانیا) تیژکردنەوەي گاسن وتەور بەخستنەوەی پۆلا لەسەردەمیان

(پۆلایین) شتێکە کە لە پۆلا کرابێ

(پۆلکە) گیایەکي بەهاریي یە بەرێك ئـەگرێ وەك باقلە ، بەلام ئەم وورد ترە .

(پۆلوو) پشکۆ ئاگر

(پۆنژیین) ز . وەنەوز
(پونگ) پونگه
(پۆنگ) پۆنگاو
(پۆنگاو) ئاوێکه بەقی کردبێتەوه ومەفەری دەرچوونی نەبێ
(پۆنگخواردنەوه) کۆمەڵبوون و دەر نەچوونی ئاوو دووکەڵ لە بەر گیرانی بەربانی .
(پونگه) گیایەکی بەهاریی ئاویی بۆنخۆشه وەك نەعنا وایه .
(پووار) پاکۆ . شتی زۆررزیو: ئەو داره ئەوەنده رزیوه بووه به (پووار)
(پووارتك) رزیویی ناو داری گەندەڵ .
(پوواز) جۆره سنگێکه له دار یا لەئاسن بەدارا دائەکوتریێ بۆقەڵەشتنی
(پووازناو) دارێکی تۆزێ خواره سەرێکی پان ودادراوه بەرداشی سەر ووی پێ بەرز ئەکرێتەوه بۆئەوەی (گردەڵه) ی بخرێته ژێر .
(پووان) رزیین
(پوواو) شتی رزیو
(پووت) پووچ . سەنگێکی کێشانه یەلەکوردەواریی ئێران . گرزه گیایەکی ووشکه لەسەریەك هەڵئەچنریێ بۆزستانی ئاژاڵ . بت (ز)
(پووتك) د . خۆره
(پووتەڵ) پووچەڵ
(پووچ) شتی بێ ناووکی بۆشی کاوڕ . بریتی یەلەقسەو گوفتوگۆی بێ هووده
(پووچەك) پووچەڵی دانەوێڵەو شتی تر
(پووچەڵ) شتی پووچی بێ ناو
(پووخك) ز . گوڵنگەی فێستو کڵاو
(پووخیین) ز . ئاردی زۆر ووردی بێژراوه
(پوور) خوشکی باووك یادایك پووچ (ز)
(پوورت) ز . موو
(پووراز) منالی پوور
(پوورزارا) منالی پوورزا
(پوورگه) پوور

(پوورە) کۆمەڵەی هەنگ
(پووز) گوڵە گۆشتی خوارروفیسك
(پووزەوان) د . پووزەوانە
(پووزەوانە) جۆرە گۆرەویەکی
لاسك درێژە کەهەموو پووز داپۆشێ
(پووس) ل . پێست
(پووش) گیای ووشکەوەبوو
(پووشانە) دراوێکە ئاغائەی
سێتێ لەخاوەن ئاژاڵێك کە پووش بخوا
(پووشبەقنگە) دەعبایەکی کلك
درێژە چواربالی یەك لەسەریەکی هەیە
(پووشپەر) مانگی حوزەیران
کەسی رۆژە
(پووشدانەدەست) بریتیە لە
نابوونکردنی یەکێك : (پووشکێت
دایەدەستم) واتە نابووتت کردم
(پووشکە) تاقە پووشێك
(پووشوپەڵاش) پڕروپووشی ناومالْ
(پووشوو) شتێکی نەرمی ووشکی
پنەلە بەرروودار ودارگوێز پەیدائەبێ
وەبەبەرد وئەستێ دائەگیرسێنرێ
شتێکی نەرمەلە کاڕگ و کەمکۆڵ پەیدا
ئەبێ وەبە بەردەئەستێ دائەگیرسێنرێ
(پووشەڵان) شوێنێکە کە پووشی
زۆر بێ .
(پووشێن) پووشەڵان . دێ
یەکە لەناوچەی سرۆچك
(پووشی) جۆرە پەچەیەکی تەنکە
(پووشین) پارچەیەکی ئاوریشمی
رەشی ئەستوورە ژنان ئەی بەستن بە
سەریانەوە . شتێکە کە لە پووش دروست
کرابێ . پووشێن .
(پووشینپێچ) جۆرە خشڵێکی ژنانەیە
ئەیپێچرێ بە پووشینا
(پووشینە) سەلەی پووش
(پووف) ل . سیی گیاندار
(پووك) رییزە گۆشتێکە لەناو
دەما کەدانی لەسەر ئەرروێ . چەپۆك
(ل) . پووچ (د) .
(پووگانەوە) کەمبوونەوەو بەناوا
چوون و چرچ بوون و پچوو
کبوونەوەی شت .

(پووكاوولٚ) چه‌موٚله

(پووكه) بۆكه ، (پووكه‌پووك)

پۆكه‌پوك (د) . به‌فري كه‌رره‌پوو(ز)

(پووگ) ز . باى به‌هێز

(پوول)دراوێكى مسيني كه‌م نرخه .

پارچه كاغه‌زێكي چاپكراوي ده‌وڵه‌تى يه

ئه‌نرێ به‌پۆسته‌و سه‌نه‌ده‌وه . ئيسقانى

ده‌فه‌ى شان (ز)

(پوولٚ) دراو . دراوي مسين

(پوولاد) ل . پۆلاٚ

(پوولٚك) د . پووله‌كه‌ي ژنانه

(پوولٚكه) د . پووڵك

(پوولنزه‌رتكه) جۆره دراوێكي

كه‌م نرخه له‌زه‌رد دروست ئه‌كرێ

(پووله‌كه)شتێكي گردي زه‌ردي

ته‌نكي بچووكي بريسكه‌دارى كونداره

ئه‌دروێ به‌كالاٚى ژنانا بۆجواني .

شتێكى ته‌نكى گردي ره‌قه به‌سه‌رپشتي

ماسي يه‌وه .

(پووڵه‌كه)پووله‌كه.پارچه‌چه‌رمێكي

بچووكي سێ‌سووچه ئه‌درێ له‌راست

وچه‌پى كه‌وش .

(پووله‌كه‌ررێز)ده‌سماڵ ياكراسێكي

ژنانه‌يه كه‌به‌پووله‌كه‌دا دروابێ

(پووڵه‌كه‌ررێز) پووله‌كه‌ررێز

(پووله‌كي) ئاده‌مي‌زادي رژدى

پاره په‌رست .

(پوولي) پشكۆ ئاگر

(پووه) د. كه‌رره‌پوو

(پوويا گ) د . پوواو

(پوويان) د . پووان

(پۆيشي) با . مێشووله

(پۆيلانه) ديارى‌يه‌كه ئه‌برێ

بۆ ژنێك كه‌تازه شووى كردبێ يا

مناڵي بووبێ .

(پۆيله)زور و وزه‌نگيانه‌ي سه‌ري

ژنان . پۆيلانه

(په‌پك) ز . قاچى مه‌رر

(په‌پكه) خه‌رماني گێره‌نه‌كراو

كه په‌شتا شه‌ن نه‌كرابێ . خه‌رواى

هه‌نجيير وبه‌نيير وقيير . گونك(د)

(په‌پكه‌به‌ستن) په‌پكه‌دان

(بەپکەخواردن) بەپکەبەستن

(بەپکەدان) بەپکەخواردن

(بەپکەمەلیچکانە) د . تۆلەکە

(بەپلانیوز) ل . نێرکیزەل بە ناسکی کەئەخورێ

(بەپوك) ز . کوندەبەبوو . ووتەیەکەژنان بەکاری دێنن وەك ووتەي (هەي ررۆ)

(بەپۆکە) کولێرەی بچکۆلەکە بۆ منالّ ئەکرێ .

(بەپۆلە) سەرەگونکە هەویرێکە کەلەدوای نان کردن ئەمێنێتەوە وئەکرێ بەنیوە نانێك .

(بەپوو) بایەقوش

(بەپووسلێمانکە) بالّندەیەکی رەنگاورەنگي جوانی کلاوداره بەقەد کۆترێك ئەبێ .

(بەپوسلێمانە) بەپووسلێمانکە

(بەپووقژە) بالّندەیەکەوەك بەپووسلێمانکە بەلام ئەم بێ کلاوە

(بەپووگەرە) کوندەبەبوو

(بەپوولە) بالّندەیەکی بچکۆلانەیەلە گولّ وگولّزار ئەنیشێ وگەلێ جۆري هەیە

(بەپوولەپایزە) شتێکي قژقژاوی سووکی گردە پایزان لەگولّي دررکي کەلّەوێ پەیدا ئەبێ .

(بەپوولەهەلّێنان) جۆرەنەخۆشی یەکە لەتینوێتی یا لەگەرمای زۆرەوە دووچاري ئاژالّ ئەبێ .

(بەپە) ووتەیەکە منالّ بەکولێرەی ئەلّێ

(بەت) تیلەیەك یا پارچەیەکي باریك لەشتێك .

(بەتا) درم : (بەتا) داکەوتوە، واتە درمێك هەیە لەناوا . لەبەیەکی گەرمەئەنرێ لەجێگایەکي بەئازارلەئەندام

(بەتاتە) سێفە زەمینە .

(بەتپەتي) د . تیمار وپێچانی برین . چەرمەسەرێ

(بەتپەتي پێکردن) برینی بەلەدەردی سەرێ وچەرمە سەرێ داني یەکێك

(بەترمە) با . موتور بەی دارودرەخت

(بەترۆ) توێژی تەنکی سەربرین

(پەترۆك) پارچەیەکی پچووك لە نان یا لە شتێکیتر : (پەترۆك) ێك نان لەماڵا نیە .

(پەتك) پارچە پەتێکی بادراوی ئەستوورە .

(پەتکردن) پەتخستنە ملی گیاندارێك وراکێشانی .

(پەتڵە) ھ . ساوەری نەھارراو . دانەوێڵە .

(پەتۆ) ھەناسە : دەردێکی گرت (پەتۆی) نەدا .

(پەتۆت) ز . شتی کۆنی رزیوی پەرپووت .

(پەتوو) پێخەفێکی خوریی ئەستووری نەرموشلی توو کنی سووراوەیە

(پەتە) نان کردن (ھ) . پارچە کاغەزێکی تایبەتیی نوسراوە ئەدرێ بەوکەسەی کەپارەیەکی لێ وەربگیرێ «وصل» .

(پەتەرریی) مەردومی پەتیارەی شێتۆکە .

(پەتیارە) مەردومی شێتۆکەی بەرەڵا

(پەتیی) رووت : پێی (پەتیی) یە ، یا ووتارەکەی کوردیی یەکی (پەتیی) یە ، وانە رووتە لەووتەی بێگانە .

(پەچ) بزمار یاسنگێکی ئاسنە کە سەرێکی لەدیوی ناودوەپەرچ درابێتەوە

(پەچدانەوە) پەرچدانەوە .

(پەچنیین) کۆکردنەوەی خەفەت لە دڵا : مردم ئەوەندەم خەفەت (پەچنیی) یە دڵم .

(پەچە) جێگا مۆڵدانی ئاژاڵ . پارچە تەنراوێکی تەنکی رەشە ژنان ئەیگرن بەدەم وچاویانا لەکاتی چوونە دەرەوەیانا . نان کردن (ھ) .

(پەچەتە) پارچەیەکیچوار گۆشەی سپیی یە لەکاتی نان خواردنا ئەدرێ بەسەر کۆشا .

(پەح) پەحح .

(پەحتن) ز . کوڵاندن

(پەحح) ووتەی سەرسوورمان

(پەحح) چەن زیرکە

(پەححا) پەحح
(پەحلوان) ز . پاڵەوان
(پەحن) با . پان
(پەحنی) با . پاژنەی پێ
(پەخ) شتێکە کە قۆقزی وتیژی
پەکەی تەخت بووبێ (پەخبوون)
کۆڵبوونی قۆقزی وتیژی شت ،
(پەخکردن) لابردنی قۆقزی وتیژی
شت وتەختکردنی
(پەخش) بلاو : پرچی بەسەر
شانیا (پەخش) ە
(پەخشان) پەخش ،(پەخشان بوون)
بلاوبوونەوە،(پەخشانکردن)بلاوکردنەوە
(پەخشان بوونەوە) بلاوبوونەوە
(پەخشانکردنەوە) بلاوکردنەوە
(پەخشە) مێش (ل) . مێشوولە
(پەخشەکوورە) ل . مێشوولە
(پەر)مەرری دەموچاوو ملرەش.
پەرر (ز)
(پەراسوو) چەن ئێسقانێکی کەوانە
دارەلەراست وچەپی گیاندار سەرێکیان
بەئێسقانی سنگ وسەرەکەی تریان بە
موورەغەی پشتەوەیە
(پەراسووە) رایەڵی زنج
(پەراگندە) پەراگەندە
(پەراگەندە) گیاندارێکە کەلە
چەن گیاندارێکی تر برربووبێ وبلاو
بووبێتەوە .
(پەراوێز) پارچەیەکی بارییکە
ئەنرێ بەقەراغی کەواوەلەدیوی ناوەوە
(پەرپتین) ز . رووتاندنەوەی
پەرری باڵندە .
(پەرپەرۆك) ز . پەپوولە
(پەرپینە) پەلپینە
(پەرت) بلاو : بیرم (پەرتە)،
(پەرتبوون) بلاوبوون ، (پەرتکردن)
بلاوکردنەوە . فرێدان (ه) . پەل
(پەرتەوازە) پەررەوازە
(پەرچ) سەو بەلی بەرزەدرەخت
کەقرتابێ . پەچ . پەرژین (د)
(پەرچان) با . پەرژین
(پەرچاندنەوە) د. پەرچدانەوە

(پەرچانن) د. پەرچدانەوە
(پەرچاوە) شتي پەرچدراوە
(پەرچدانەوە) نوشتاندنـەوەی لووتي بزمار لەدیبوی ناوەوە .
(پەرچەم) بەرچاوگە . مووی ناوچەوان کە بە (قەیچي) خشـت کرابيٚ بۆ جواني .
(پەرداخ) پیاڵەیەکی گەورەی درێژکۆلەیە ئاوی پيٚ ئەخورێتەوە . شتي پەرداخ کراو .
(پەرداخکردن) لووس کردن ورێك وپێك کردني شتێك : گەچکاریی‌یەکە (پەرداخ کە)
(پەرداغ) پەرداخ .
(پەرداغکردن) پەرداخکردن
(پەردوو) زەل و هەلاشێکە کە لە سەر دارە رراوە دائەنريٚ و گڵەباني لەسەر ئەکريٚ .
(پەردە) پارچەیەکە ئەگیريٚ بە دەرگا و پەنجەرەدا . تويٚی شـت: پیاز (پەردەپەردە)یە . بەستە (د)

(پەردەپلاو) جۆرە پلاوێکە پرر لە کشمیش و بادام و کتەي وورد لەناو دەفرێکي مسیني قووڵی تایبـەتی‌دا ، دائەچێنريٚ وپەردەیەکی لە هەویر بۆ ئەکريٚ .
(پەردەدار) کە سێکە کە هـەر هەڵـدانەوە ودادا نـەوەی پـەردەی پيٚ سپێررابيٚ .
(پەردەدرران) بریتي‌یە لەئاشکرا بووني شتێکي نهێني .
(پەردەك) موعەمما ومەتەڵ
(پەردەگیر) زاوایەکە کەلەپەردەی زاوایي‌دا بمريٚ یا نەخۆش کەويٚ
(پەردەيي) د . ئافرەتێـکە کە هەمیشە لەپەردەدابيٚ ونەیەتە دەريٚ
(پەرر) شتێکی نەرمە بە ئەندامي باڵندەوە کە بەهۆی ئەوەوە ئەفرريٚ . کەناري شت : فیسارەشوێن(پەرر)ە
(پەرراندن) بوواردني شت . پەی کردني‌شت . چاکردني وولاخی نێري یەك سم لە میٚی

(پەرراندنەوە) تێ پەررا ندنی یەکێك بەسەر ئاوێکا . بریتی یە لە رزگار کردنی یەکێك لە چورتمێك

(پەرراْن) پەرراندن

(پەررانەوە) پەرربینەوە

(پەرربازي) یاری کردنی باڵندە بەپەررو باڵي خۆی بۆشۆخي یا بۆ ئەوەی کە خۆی فێری فررین بکا . بریتي یە لە شۆخي کردن و بە خۆدا نازینی یەکێك .

(پەرربوون) دەرکەنار بوون و گۆشە گیربوونی یەکێك

(پەرر پووت)شتي کۆني بێهێزي لەیەك بەبوو : ئەم کاڵایە یا ئەم خانووە یائەمپیاوە (پەرر پووت) بووە . جۆرە مراویی یەکە .

(پەررش) جۆرە گەنمێکي سوورە وەك چەڵتووك لە پۆرگایە ، وەك ساوەر ئەهارریێ وئەکرێ بەچێشت .

(پەررشت) پەررش

(پەررشە) پەررش

(پەرر گار)ئاسنێکی دوو پەلە کێرري گردو کەوانەیي پێ ئەکێشرێ

(پەررلەپێ) جۆرە کۆترێکە هەر دوو قاچی پەرر دای پۆشییوە

(پەررندە) باڵندە

(پەررۆ) پارچە تەنراوی کۆن

(پەرروك) با . کووتاڵ

(پەررو و) کاڵا یەکە کە بە خشرێ

(پەررە)چەن دارێکە سەرێکیان وەك کەوچك وایە و سەرەکەي تریان دائەدرێ وئەکرێ بەتوێي ئاشابۆئەوەي کەئاوەکە لێ ي داوتوێیەکە بسوورێتەوە . گەڵای دارو درەخت وگوڵ . تەبەقي کاغەز . شتێکی تەنکە بەسەر کاك و پشتي ماسي یەوە .نەرمایی لووت.نەرمایی گوێ.توێي دڵ

(پەررەبا) د . پەررلەپێ

(پەررەخەررەك)پەررە یەکی گەورە یەلە خەررەکدا بەباداني دەسکە لووجە کەي ئەخولێتەوە

(پەررەسلێنکە) پەررەسێلکە

(پەررەسێلکە) باڵندەیەکی باڵو

سەررەشي ژێرسك سپي بەرچەنەسووري
كلك دووفاق پچكۆلەیە
(پەررەكە)پەراسوو(د)٠ پەررەي
شتی پەررەدار ٠
(پەررەكەر) كەسێكە كەبەچەك
وكەوان لۆكە بكاتەوە .
(پەررەناو) هەڵدانەوەی كوڵۆش
بۆ ژێر پێي گاگێرە لەكاتی گێرەدا
لەدیوی دەرەوە
(پەررەوازە) گیانداری‌ێكە لەشوێن
خۆي دووركەوتبێتەوە ، (پەررەوازە
بوون) دووركەوتنەوەو ئاوارەبوونی
گیاندار ،(پەررەوازەكردن)ئاوارەكردن
(پەرریین)هەڵاتنی نێرلەمێ.ترازان
وڎەرچوونی شت لەجێێ خۆي ٠ لە
گۆچوونی ئەندام بەهۆي سەرماوە
(پەررینەوە) تێ‌پەرریین بەسەر
ئاوا٠ بریتي یەلەرزگاربوون لەچورتمێك
(پەرژان) دەست گەیشتن بۆ
كردني كارێك .
(پەرڤیان) پەرژان

(پەرژبین) پەرژان . ریزەدرر
كەزیی یاقامییش یاشتێكي ترە دروست
كرابێ بەگردی شتێكا بۆپاراستنی
(پەرستش) پەرستن
(پەرستن) بەندەگی كردن بۆ
خواو بەجێ هێناني فەرمانانی
(پەرش) بڵاو : گورگ نایە
ناورانەكەوە (پەرش) وبڵاوی كردەوە
(پەركال) ز . جوانیو بریقەو
رێك وپێكي شت .
(پەركوڵۆڵ) مەرری دەموچاوو
مل رەشي سەرلوت سپی
(پەركم) فێ
(پەرگ) هەودایەكي بادراوەلە
دەزوویابەن‌سەری كەڵاشي پێ‌ئەچنرێ
پەرگ ٠
(پەرگەما)دەزوویەكەبەكەناری
بنكی كەڵاشدا دائەدروێ وپەرگي‌لە
سەر ئەچنرێ
(پەرموون) پەرموونەوە
(پەرموونەوە)هیوای‌لێشێوانەوەی

شتێکی چاك یاخراپ لەیەکێك : پیانا
(ئەپەرمووموەوە) یا (ناپەرموومەوە)
بۆکردنی ئەوکارە . کۆکردن وسڵەمینەوە
لەشتێك: فیسارکەس لەهیچ نا(پەرمویتەوە)
(پەروا) ترس وبیم :(پەروا) م
لەکەس نیە .
(پەروار) دابەستە
(پەرواری) پەروار
(پەرواز) فرینی باڵندە
(پەروانە) جۆرە پەپوولەیەکە بە
گردی چرادا ئەسووڕێتەوە .هەروەوو
شتێك کە بەگردی چەرخێکا بسووڕێتەوە
(پەرۆش)پەرێشانی وسەغڵەتی دڵ
(پەروەردگار)ناوێکە لەناوانی خوا
(پەروەردە) گیانداریادارودرەخت
وسەوزایی یاهێندی شتی ترە کەبەرەنج
وکۆشش بەرهەم هێنرابێ : ئەممنالە
بائەم درەختە یائەم گوڵە یائەمدەرمانی
چاوە(پەروەردە)یخۆمە ،(پەروەردە
بوون)بەرهەم هاتنی شت، (پەروەردە
کردن) بەرهەم هێنان

(پەروەرش) د . پەروەردەکردن
(پەروەریی) مامۆستای بەرهەم
هێنان «تربیە»
(پەرە) بۆ : (پەرە)ی دیدەی
یار غەریب جەشارم (ه) . پارە(ز)
(پەرەبەستن) پەرەسەندن
(پەرەسەندن)تەنینەوەوزۆربوونی
شت .
(پەرەسێن)شتێکە کەزووبتەنێتەوە
(پەرەکردن)شیی کردنەوەی لۆکەو
خوری .
(پەرەگرتن) پەرەسەندن .
(پەرەنێشك) گیای نووسەنەك
(پەرهێز) پارێز ، (پەرهێزکردن)
پارێز کردن .
(پەرهێزگار)کەسێکە لەکاروباری
خۆیا هەمیشەبەپەرهێزبێ . بریتیی بە
لەخوا ، چونکە هەمیشە بەندەی خۆی
ئەپارێزی .
(پەرهێزیی) پارێزکردن
(پەریێ) پێریێ (د) . بەمەعنا

(بۆ) یەکە کەبۆتەرخان بي : ئاووم
(پەرێ) بێنە وانەبۆم بێنە (ھ)
(پەرپیتاندن)ز ٠ پەرپێین
(پەرێز)شوێنی دروێنەی دەغل ودان
٠ پارێزگە:فیسارکەس لەپەرێزي مەررە
کێوي دایە ٠
(پەرێشان) گیانداري شپرزە ٠
شتي شێواو ، (پەریشانبوون) شێوان
وشپرزەبوون،(پەریشانکردن)شێواندن
وشپرزەکردن ٠
(پەرێشاني)شپرزەیی ٠ شێواویي
(پەریی)جۆرە گیانداریٚکي خەیاڵي
زۆر جوانە گوایائەتوانێ خۆی بگۆرري
بەھەموو رەنگێك
(پەریبرر) منالێکی نێرینەیەکە
سکاك چەرمي چووکي نەبێ
(پەز) مەرر٠راني مەرر یابزن(با)
(پەزاو)ئاوداني سەوزایی دووھەمجار
(پەزەکێفي) د ٠ مەررەکێوي
(پەزێرە) د٠ خواردەمەني ٠کە
کەشەو مابێتەوە

(پەزیشك) پزیشك
(پەزیزانك)ز٠سیبقەتۆرەي کەلەشێر
(پەزارە) خەفەت وپۆکەپۆك
بۆ شتێك ٠
(پەزراندن) با ٠ بەپیرەچوون
(پەزك) ز ٠ دەستەچیلەی ئاگر
(پەزم) ھ ٠ خوریی
(پەزمردە) پەژموردە
(پەژموردە) گیاندارو سەوزاییو
درەختي سیسی ژاکاوي بێ کەیف
(پەزیراندن) ویستن وقبولکردن
(پەزیو) د ٠ پەشێو
(پەزیبوان) پەشیمان
(پەژیواني) پەشێیماني
(پەس) مەرر (ل) ٠ پەست
(پەسا) د ٠ پێخوێ یەك قورر
٠ (پەساپۆرت) جۆرە پاسێکە ئەدرێ
بەیەکێك کە بیەوي بچێ بۆشارێکی بێگانە
(پەساخورر) د ٠ پاشاخورر
(پەساکردن) د ٠ خووساندن
(پەساو) د ٠ پاشاراو

(پەسپۆر) ز . ژنی چەنەباز

(پەسپەسکەرە) دەعبایەکي زەردي چنگ چنگاوي یەوەك جالجالۆکەوایە

(پەسپەسەکۆلە) پەسپەسکەرە

(پەسپەسەکەرە) پەسپەسەکۆلە

(پەسپەندە) ز . پیاوی کەم نرخي بێ ناو .

(پەست) شوێنی نزمي تەنگ . مەردومی بێ مایەو نرخ . مەردومي زۆ یرر ، (پەستبوون) زویربوون ، (پەستکردن) زویر کردن

(پەستاپەستا) ووتەیەکە رۆین یا هاتن یاناردني شت پیشان ئەدایەك لە دوای یەك و بێ پسانەوە : عێلي جاف (پەستا پەستا) ئەچن بۆ کوێستان ، یاناوەکە (پەستاپەستا) دێ

(پەستان) پەستانەوە

(پەستاندن) پەستان

(پەستاندنەوە) پەستانەوە

(پەستانەوە) کوتانەوەو لەیەك توند کردني شتي فشي هەلۆل

(پەستاوتن) پەستانەوە

(پەستراو) شتی کوتراوەی لە یەك توند کراو .

(پەستراوە) پەستراو

(پەستن) پەستانەوە

(پەستنەوە) پەستانەوە

(پەستەك) جۆرە کالایەکە وەك سوخمەی بێ قۆلە مەرەزیا کورك دروست ئەکرێ و لەسەرهەموو کالایەکەوە لەبەر ئەکرێ .

(پەستەکۆلە) کۆبوونەوەی ژن وپیاوي دێ یەکە لەناو تیرەي (ئاکۆ) هەر شەوە لە مالێك بۆ سۆونەوەي پەستەك وفەردنجي .

(پەستي) نزمي . خەفەتباري

(پەسقەلە) ز . ئادەمي زادي پاسقال

(پەسمەندە) شتی ماوەوەی بەسەر یەکا کەوتوو .

(پەسمەنە) د . پەسمەندە

(پەسن) ز . مەدح وستایش

(پەسند) پەسەند .

(پەسندان) ز . ستایش کردن
(پەسە) د . گەوشتانەن کەخوار
دنیان لێدروست ئەکرێ وەك ئاوو
ئارد بۆ نان .
(پەسەك) د . پەستەك
(پەسەن) د . پەسەند ، (پەسە
نکردن) پەسەندکردن
(پەسەند) شتی هەڵبژاردە لە بەر
باشي (پەسەند کردن) هەڵبژاردنی
شتێك لە بەر چاکي
(پەسێو) پەناو قوژبن
(پەسیرە) بەرسیلە
(پەسیسە) چێشتێکە زۆر کولاّ بێ
وچنگي دابێتە یەك
(پەسیف) با . هەلاّمەت
(پەسیو) پەسیف
(پەش) ز . دەنگێکە گاجووتي
پێ دەرئەکرێ .
(پەشتەماڵ) تەنراوێکی چوار
گۆشەی درێژ کوڵەیەلە حەمامانە گیرێتەوە
بە ناوەندی ناووك وئەژنۆدا . خاولی
دەست سرِینِ .
(پەشك) ز . دڵۆپەي ئاووشتي تر
(پەشم) خوري . بریتي بە لە
قسەي بێ نرخ : ئەمقسەیەلەلام (پەشم)ە
(پەشمەك) جۆرە شیرینی یەکی
ریشاڵ ریشاڵە وەك خوري شیکراوە
(پەشمین) شتێکە لەخوري دروست
کرابێ .
(پەشمینە) پەشمین
(پەشۆکان) شپرزەبوون وسەر
لێ شێوان .
(پەشۆکاندن) شپرزەکردن
(پەشۆکاو) گیانداری شپرزەی
سەر لێشێواو .
(پەشۆکیان) د . پەشۆکان
(پەشووش) ز شتیشلوشێواوي
نەرم .
(پەشە) مێشولە .
(پەشەبەند) د . پەردەو کوڵەی
نوستن .
(پەشیلاندن) ز . رووخاندن

(پەشیلین) ز · رووخان
(پەشێو) سەر لێشێواوی شپرزە
(پەشێوان) پەشۆکان
(پەشێواو) پەشۆکاو
(پەشێوبان) د · پەشێوان
(پەشێوی) شپرزەیی وسەرلێشێوان
(پەشیمان) مەردومێکە کە لە کردني کارێك یا گوفتارێك پاشگەز بووبێتەوە ، (پەشیمان بوونەوە) پاشگەز بوونەوە (پەشیمانکردنەوە) پاشگەز کردنەوە ·
(پەشیماني) پاشگەزیی لەکارێك یا گوفتارێك .
(پەقرەج) جۆرە سەتڵێکە
(پەك) دەستەوساني : ئەگەرئەم کارەوابێ ئیتر (پەك) مە ، واتەدەستەوسان ئەمێنم ·
(پەکخستن) دەستەوسان کردن ولەکارخستنی شتێك .
(پەکك) پەککو .
(پەککو) ووتەی سەرسام بوون: (پەککو) لەپێیت وفەرری کوردستان چەن زۆرە ·
(پەککەفتن) د . پەککەوتن
(پەککەوتن) دامان ولەکارکەوتن
(پەککەوتوو) پەککەوتە
(پەککەوتە) داماوي دەستەوسان
(پەکەر) د . پەشێو
(پەل) دەفری دەموالێ · قوڵێ وباسکی گیاندار : (پەل)م بگرە · شیبوودەرە . پەرري پەلەوور (هـ) . پشکۆ ئاگر (با) · لك : درەختەکە (پەل) ي لێ بۆتەوە . پارچە : (پەل) يێ نانم بەريێ ، (پەل پەل) پارچە پارچە
(پەلێ) بەرد یاکولۆیەکي گەورەیە کە بهاوێژرێ .
(پەلاس) جۆرە ژێرەخەرێکە لە جاجم ئەستوور تر ولەبەررە تەنکترە
(پەلاش) پووشێکە لەبنجەکەي بووبێتەوە وکەوتبێ
(پەلامار) هەڵەت : فیسار کەس زۆر بە (پەلامارە) ه

(پەلاماردان) هەڵەتبردن

(پەلان) د . ئێسقان

(پەلپ) بیانو

(پەلپگرتن) بیانووگرتن بەیەکێك

(پەلپەلان)د. پەلهاویشتن بۆیەکتری

(پەلپینە) گیایەکی ئاوییەلەناو سەوزاییدایەیدا ئەبێ گەلایەکی ووردو ئەستوورو ترشیھەیە، ئەکرێ بەچێشت

(پەلتەك) پالتەك

(پەلاچقاندن) ز . هارڕین .شێلان

(پەلچم) ز . گەلایەکە گزوە کرابێ بۆ ئاژاڵ .

(پەلخ) گوێرەکەی گامێش . بەچکەی بەراز .

(پەلخوورد) شتێ نیوەووردکراو ، (پەلخوردبوون) نیوە وورد بوونی شت ، (پەلخوردکردن) نیوە وورد کردنی شت .

(پەلك) برج ، گەلای درەختو گوڵ (ھ) . لق درەخت . داری پەلك (ز)

(پەلك) درەختێکی بالا بەرزی ئەستوورە گەلاي لە گەلای گوێز ئەچێ . پێلووي چاو (د) .

(پەلکدار) ئاسنێکی دووپەلي لووت تیژەنەخش و کێرری پێ ئەکێشري

(پەلکردن) بڕرین وپەیکردن

(پەلکوتان) دەستکوتانی کوێر یاچاو ساغ لەتاریکیدا . بڕینی بەلە رەنج وھەولدان .

(پەلکە) پرچی ھۆنراوە

(پەلکەرەنگینە) پەلکەزێررینە

(پەلکەزێررینە) شتێکی رەنگاو رەنگی کەوانەییە پەیدا ئەبێ لەسەر رووي ھەور بەھۆي تیشکی رۆژەوە کەئەدا لەدلۆپی بارانەکەی ، وەحەوت رەنگی لێ بەدی ئەکرێ ، بنەوشەیی ، لاجیوەردیی ، شین ، سەوز ، زەرد ، پرتەقالي ، سوور .

(پەلگرك) با . مەقاش .

(پەلماو) ئاوسلو

(پەلوپۆ) لق و پۆپی دار و درەخت.

پڕرو باڵی باڵـنده . پڕیێتي یـه له
وەچەو نەتەوەي زۆر .
(پەڵۆخ) پۆخڵ
(پەڵۆش) پەڵۆشە
(پەڵۆشە) بنکە گیایەکي ئەستوورو
درێژە وقژقژاویي‌یە دەرئەهێنرێ وبە
دەستشي‌ئەکرێنەوەوئەکرێ بەچاوگي
ئاگر . گەوون .
(پەڵوو) پەڵووڵەیەکی بێ‌چەوري
یە ئەکرێ بۆ کاروبەرخ .
(پەڵووڵە)جۆرەخواردەمەني یەکي
شلەلەئارد وڕۆن دروست ئەکرێ
(پەڵە) دەست وبردي‌لەفرمانا ،
(پەڵەپەل) پەلەي یەك لەدوای‌یەك .
داوێني کاڵا (د) . داوێني‌شاخ‌وگرد
(د) . پەڕەي کاغەز (د) . تاي شت
وەك تاي بارو ترازوو (د) .
(پەڵە) بارانێکي تێکڕرایي‌یە لە
ناوەڕراستی پایزا ئەبارێ‌و دەغڵودان‌و
گیاي پێ‌ئەڕروێ وجووتي پێ‌ئەکرێ
پارچەیەك لەهەور یاله دەغڵ یا له

هێندێ شتي‌تر : (پەڵە) پەك بێستان
یا تووتنم هەیە . خاڵێکی گەورە یا
بچووکە لەکاڵا یالەجەستەکە لەرەنگي
کاڵا وجەستەکە نەبێ وتازە لێ‌ی‌یا
بووبێ . پەڵە (د) .
(پەڵەپچوورکێ) پەڵەپەلکردن بۆ
خۆ رزگار کردن لە شتێك .
(پەڵەپرووزکێ) پەڵەپچوورکێ
(پەڵەپرووزە) پەڵەپچوورکێ
(پەڵەپرووزێ) پەڵەپرووزە
(پەڵەپرووسکە) پەڵەپرووزە
(پەڵەپرووسکێ) پەڵەپچوورکێ
. خۆکوتان بۆ گەیشتن بە شتێك :
بە (پەڵەپرووسکێ) لەتیینوانا خۆم
گەیاندە کانی‌یەکە .
(پەڵەپسکێ) د . باڵە شۆڕرێ
(پەڵەپفە) نانێکي تیری‌یە کە بە
ئاگر گەرم بکرێتەوە بۆئەوەی سوور
بێتەوە وناسك ببێ .
(پەڵەپیتکە) شت هاویشتن بە
پەنجەي دۆشاومژەی‌هەردوودەست .

پلتۆك . پێی تفەنگ و دەمانچـە
کە پەنجەی ئەخرێتەسەروئاگرئەدرێ
(پەلەپیتك) د . پەلەپیتکە
(پەلەتك) پارچەیەکی درێژە لە
گوریس یاگوش یا شتێکی تر
(پەلەخ) با . شوێنپووشو پاودن
(پەلەسیسە) جۆرە نەخۆشیبەکە
ئەدا لەمێو هێندێ پەلی سیس ئەکا
(پەلەفرتکێ) پەلەقاژە
(پەلەفرتێ) پەلەفرتکێ .
(پەلەفرتە) پەلەفرتکێ
(پەلەقاژە)چنگ‌قژکردنەوەوشالاو
بردن لەکانی زۆر بۆهاتنا
(پەلەکردن) خێراکردن‌لەکارێکا
(پەلەکوتێ) دەستکوتانی کوێر
یاچاو ساغ لەتاریکیدا .
(پەلەنگ) ل . پلنگ
(پەلەوور) بالندە
(پەلەوورگ)پارچە وورگی‌ئاژاڵ
(پەلەوەر) پەلەوور
(پەم) د . بم

(پەمبی) با . پەموو
(پەمگ) لۆکە
(پەملەپرێ) د . تفەنگێکە
داگیرابێ‌بەبارووت‌وپەرروبەبێ‌گولله
(پەموانە) تۆوی لۆکە
(پەموو) گیایەکە ئەچێنرێ
قاووخێك‌دەرئەکالەپایزابەقەدگوێزێك،
ناوەکەی پررە لە لۆکە .
(پەموودانە) پەموانە
(پەموورە)شتێکەژنان بۆجوانی
ئەیکەنە پێیان لەزێرر یالەزیو یالە
زەنگیانە ومووروو .
(پەمە) د . پەمگ
(پەمەتۆمە) هـ . پەموانە
(پەمەدانە) د . پەموانە
(پەمەیی) ئاڵی رووناك
(پەمیان) ئاوسان
(پەمین) د . ئاوسان
(پەن) د . پەند . کەتن
(پەنا) قوژبن وپەسێو . بریتی‌بەله
دالدە: فیسارکەس(پەنا)یەبۆلێقەوماوان

(پەنابات) جۆرەدراوێکی کەم نرخە

(پەناباد) پەنابات،

(پەنابردن) هانابردنی لێقەوماوێك
بۆ لای یەکێك بۆ کارێك

(پەنابەر) کەسێکە پەنابابۆ یەکێك

(پەنابەسێو) سووچ وقوژبنێکە کە
لەبەر چاو نەبێ .

(پەناگا) د . دالدە

(پەناگرتن) خشت بوونی مانگ
وهەلاتنی بەجۆرێك کەبکەوێتە دوای
ئاوابوونی رۆژ . چوونە پەنلودالدە

(پەناگە) د . پەناگا

(پەنام) د . ئاوساو . خۆحەشاردان

(پەنامگا) د . مەکۆی خۆحەشاردان

(پەناهێنان) هاناهێنانی لێقەوماوێك
بۆلات بۆ پاراستنی

(پەنای پێدەنگ) یاریی یەکە کۆمەڵێك
بەگردیی دائەنیشن ، وەستاکەیان لە
یەکێکیان ئەدا ئەویش لەوەی تەنیشتی
خۆیی ئەدا هەربەو جۆرە تائەگاتەوە
لای وەستاکە

(پەنجا) ناوە بۆژمارەیەك کە پێنج دەیە

(پەنجاهەم) شتێکە کەلەپایەی
پەنجادا بێ .

(پەنجاهەمین) پەنجاهەم

(پەنجایی) دراوێکی زیوینە بە
پەنجا فلس ئەچێ

(پەنجوولە) د . چەپۆلە

(پەنجە) ئەموست

(پەنجەتووتە) پەنجەی بچکۆلەی
دەست وپێ .

(پەنجەر) د . پەنجەرە

(پەنجەرە) شتێکی چوارچێوە دارە
بۆرووناکی ئەخرێتە کەلەبەری ژوورەوە .
چەن کونێکە ئەکرێتە توێی ئاشەوە بۆ
ئەمەی کەزبانەی (پەررە) ی پیابکرێ

(پەنجەشیر) ز . شێرپەنجە

(پەنجەکێشی) کولێرەیەکی درێژ
کۆلەیە کەپەنجەی پیاهێنرابێ لەکاتی
پێوەدانی بەتەنوورا بەجۆرێك کەجێگا
پەنجەکان لەکولێرەکەدا چاڵ بێ

(پەنجەیمریەم) گیایەکە وەك پەنجەی

دەست .

(پەنج) با . چنگی دررندە

(پەنچك) پەتروٚك

. (پەنچەر) تایەو چووپی ئوٚتوٚموٚبێل و پایسکل وشتي ترەکە کون بووبێ ،

(پەنچەر بوون) کون بوونی تایەوچووپی ئوٚتوٚموٚبێل وپایسکل وشتي تر .

(پەند) ئاموٚژگاری

(پەندپێدان) بریتيیە لەتەررن کردن بەیەکێك .

(پەندەمووسکردن) ووتەیەکە لە رووی سووکي یەوەئەووتريٚ بەنووستنی بەکێك : (پەندەمووس) کەیا (پەندە مووس) ي کرد واتە نووست

(پەنك) ز . ریسێکە کەلەسەر ماشەر هەڵ کرابێ

(پەنگ) پەند . مەنگ

(پەنگاو) پوٚنگاو

(پەنگپێدان) پەندپێدان

(پەنگخواردنەوە) پوٚنگخواردنەوە

(پەنگر) پشکوٚ ئاگر

(پەنگرکێش) مەقاش

(پەنگل) پەنگر

(پەنگلکێش) پەنگرکێش

(پەنمان) ئاوسان

(پەنمین) ئاوسان

(پەنهان) شتي وونی نادیار

(پەنهانی) ووتنی گوفتاروکردنی کردارێك بەرەنگێك ئەوي کە بتەوێ لێ ی بشاریتەوە نەي زانێ .

(پەنەرشکە) د : نووسەنەك

(پەنەرێشکە) د . پەنەرشکە

(پەنەمیان) ھ . ئاوسان

(پەنەمیاو) ھ . ئاساو

(پەنەمیین) ئاوسان (ھ) . پەندە مووسکردن (د) .

(پەنێر) پەنیر

(پەنێروٚکە) پەنیروٚکە

(پەنێرە) پەنیرە

(پەنیر) خواردەمەنی یەکە لەشیر دروست ئەکرێ و بەھەوێن ئەمەیەنرێ

(پەنیروٚکە) گیایەکي گەڵابارێکە

گوڵێکي بچووك ئەگرێ شتێکي سپي
تیایە وەك پەنیر وایەئەخورریٚ
(پەنیرە)دەغاڵێکەکەشیرەيوەك
پەنیری لێهاتبێ : ددغڵەکەم (پەنیرە)
بووە • توێڵەکە (د)
(پەوکي) ھ • ووتەیەکە بەکار
دێنرێ لەباتی ووتەی (بۆیە)
(پەهن) ز • پان
(پەي) وورده دەماری جەستە
کەبە ئەنداما بڵاو بوەتەوە وجەمسەریان
بەمێشکەوەیە • پیتي پرسیار لەھۆی
شت : (پەی) چێش واتە بۆچي(ھ)•
لای پشتەوە لەھەموو شت (ز) •شوێن
ئەتەر : (پەی) ھەڵگرتوە واتە شوێن
ئەتەری ھەڵگرتوە (د) • بن وبێخ :
(پەي) ھەیە یا (پەی) نیە
(پەیا) پەیدا • پیادە (ز) •
(پەیاپەی) پەيدەرپەی •
(پەیام) دەنگ وباسێکە کەبنێرریٚ
بۆ یەکێك •
(پەیامبەر) کەسێکە کەپەیام ببا

(پەیامنێر) کەسێکە کەدەنگوباس
بنێرێ بەملاو بەولادا .
(پەیبردن) د . پەیپێبردن
(پەیپێبردن) دۆزینەوەي شتی
شارراوە یا شتی زۆر وورد و گران :
فیسارکەس (پەيبرد) بەوشتەي کە
لێی شارراوەتەوە یا بەوفێڵەی کە
لێی کرابوو .
(پەیتاپەیتا) بەستا بەستا
(پەیتووکە) باڵندەیەکي ووریاي
چوستو چالاکە •
(پەیجۆ) کەسێکە کەجوستو جۆ
بکا لە شتێکا .
(پەیجۆر) پەیجۆ •
(پەیجۆریی) جوستو جۆکردن
(پەیجوور) د • پەیجۆر
(پەیخام) پەیام • کەسێکە کە بە
یامت بۆ بێنێ •
(پەیخامبەر) پێغەمبەر .
(پەیخەمبەر) پێغەمبەر •
(پەیدا) شتي دیاری ئاشکرا ،

(پەیدابوون)دیاردان ودەرکەوتن ،
(پەیداکردن) دەرخستن ودەردەست
کردن .
(پەیدان) ڕێدانی ئاو بۆپیاپەڕرینە
وەی : ئەم ئاوە (پەی ئەدا) یا (پەی نادا)
(پەیدەرپەی) پەیاپەي .
(پەیڕەو) کەسێکە کە لە گوفتار
یا کردارێکا چاو لەیەکێك بکا ، (پەی
ڕەوییکردن) چاوکردن لەیەکێك لە
گوفتار یاکرداریا .
(پەیزەن) گیاندارێکە لە ڕۆینا
قاچی لەیەك بکەوێ .
(پەیزەنی) پێ لەیێدان لەڕۆینا
(پەیژە) دوو داری درێژی پلە
پلەیە مەردومی پیا سەر ئەکەوێ بۆ
جێي بەرز .
(پەیغام) پەیخام
(پەیغەمبەر) پێغەمبەر .
(پەیغەمەر) پێغەمبەر .
(پەیڤین) ز . قسەکردن .
(پەیك) کەسێکە نامەی مەردوم
بیا بۆخاوەنی . ئەستێرەیەکە لەهێزی
کێشندەدا بەدوای ئەستێرەیەکی گەورە
تر لەخۆیەوە بێ وەك مانگ بۆزەوی .
بریتی یە لە بەر دەستێکی پچووك کە
هەمیشە لەگەورەکەی جیانەبێتەوە
(پەیکار) پەیکان . جەنگو ئاژاوە
(پەیکان) نووکێکی تیژی ئاسنینە
ئەکرێ بەسەری تیرو ڕمەوە .
(پەیکردن) بڕرین وداهێنانی
شتێك : فیسارکەس ڕەزەکەی(پەیکرد)
(پەیکوڵ) گیایەکی بەهاریی بۆرە
تەرز فرێ ئەدا وەدەنکێکی درڕکاویی
دەرئەکا .
(پەیمان) بەستنی شتێك لەناوەندی
دووکەس یا دوو دەوڵەتا : من وتۆ
پەیمانی برایەتییمان بەستوە .
(پەیمانە) پەیمان . پێوانە .
(پەیوەس) د . پەیوەست .
(پەیوەست) شتێکە کە بەشتێکی
ترەوە نووسابێ ، (پەیوەستبوون)
نووسانی شتێك بەشتێکی ترەوە (پەیوە

ستكردن)نووساندنی شتێك بەشتێكي ترەوە
(پەیوەستي) نووساوي شتێك بە
شتێكي ترەوە .
(پەیوەند) پەیوەستي وئاشنایي
دوو شت بەیەكەوە .
(پەیوەندكردن) موتوربەكردني
درەختێك لەدرەختێكي تر
(پەیین) پیسی وولاخی بەرزەي
یەك سم .
(پەیینجە) پەیژە .
(پەیینچی) كەسێكە كەهەرپەیین
كۆبكاتەوە بۆ سوختی حەمام
(پەینكە) ئاردێكە ئەكرێ بە
گونكەوە لەكاتي كردنەوەیا بەنان
(پەینكێش) پەیینجي .
(پێ) ئەندازەیەكەلەقاچ كەئەچێتە
ناو پێلاوەوە . پیتي سێهەم لەبیستو
حەوت پیتەي كوردیي . دارێكەسەرێكي
لەژێرەوە ئەبەسترێ بە (خوانكەی)
ئاشەوە وسەرەكەي تري بە دەرەوە
ئەبێ بەرداشي پێ بەرزونزم ئەكرێتەوە

پەلەپیتكەی چەك . كەسێكە كە بە
رۆژوو بێ : ئیمساڵ فیسار كەس
(پێ) یە واتە بەرۆژووە . ووتەیەكە
بەمەعنا (لەگەڵ) بەكار دێنرێ :
فیسار كەس پارەي (پێ) یە . ووتەیەكە
بەمەعنا (بە) : (پێ)ی بڵێ وانە بەوبڵێ
(پیابردن) بردني شتێك بەناو
شتێكا .
(پیابەرریگ) د . بریتي بەلە
شێت ودێوانە
(پیاچزان) چزانی شوێنێك لە
ئەندام بەشتێكي داخا
(پیاچزاندن) چزاندني شوێنێك
لەئەندام بەشتێكی داخا یاچزاندنی شتێكي
داخ بەجەستەدا
(پیاچوون) چووني شتێك بە
ناو شتێكا .
(پیاچوونەوە) ووتنەوەي شتێك
لەبەر یالەناو نووسراوا بەدەرسەكەتا
(پچۆرەوە) . دووبارەپاك كردنەوەي
هەموو شتێك . ئەو درووسانە یائەو

گەچ كاريي‌یە (پیاپچۆرەوە) وانە بە سەریا برروۆرەوە

(پیاچەقاندن) چەقاندني شتێك بەشتێکا .

(پیاچەقین) بەقینی شت بەشتێکا

(پیادان)مالینی شتێك بەشتێکا: دارێکي (پیادا) . داپۆشینی شتێك بەشتێك : لێفەکەی(پیادە) . بریتی‌یە لەشەق‌هەڵدان لەیەکێك : هەرکەدیی دەستي‌کرد بە (پیادان) ي . بریتي‌یە لەدزینی شتێك : هەرچي بەردەست کەويْ (پیائەدا) .

(پیادروون) درووني شتێك بە سەر شتێکي ترا .

(پیادە) کەسێکە کەبەپێ برروا . داشێکە لە یاریی شەترنجا . بریتی‌یە لەمەردومی کەودەنی نەزان لەکارێکا : فیسارکەس لەخوێندنا (پیادە) یە وانە هیچ نازانی .

(پیادەیي) بوونی مەردوم بەپیادە

(پیارراگەیاندن) دابەشکردن و گەیاندنی شتێك بە شتێکا بەکەم و کووررێی : ئەم چێشت ونانە بە میوا نەکانا (راگەیەنە) لە کاتێکا کەنانەکە کەم ومیوانەکان زۆربن . فریاخستنی شتێك بەشتێکا بەچالاکي : ئەم ئاوە (راگەیەنە) بەو ئاگرەدا وانە زوو بیگەیەنـە ریْ و پیْ‌ي بکوژێنەرەوە

(پیارزك) د . بریاـکە .

(پیاز) گیایەکی توونە ئەچێنریْ ، بنکێکي خرری تويْ تويْ‌ي هەیە ، چەن گەلایەکي کاۆر دەرئەکا .

(پیاراو) جۆرە گۆشتاوێکە کە بەشی زۆری پیاز بیْ .

(پیازباکردن) بریتي‌یە لەرروپاما یکردن بۆ یەکێك .

(پیازۆکە) گیایەکي کوێستانیي بەهاریي‌یە ســەلکی وەك پیازی فیسقە وگەلاي وەك (کنیوالٚ) وایە بەلاٚم ئەم هەر لە شاخا ئەرروێ .

(پیازەخووگانە)گیایەکی کێویي‌یە لەپیاز ئەچێ بەلاٚم ئەم ناخوریْ

(پیازی) شتێکە کەرەنگی وەك پیاز وابێ ٠
(پیاساوین) پیاسوون ٠
(پیاسوون) هەڵسوونی شتێك بەشتێکا .
٠ (پیاده) راوێچکە ٠
(پیاکردن) کردنی شتێك بەناو شتێکا
(پیاکێشان)ماڵینی شتێك بەشتێکا
(پیاگ) پیاو ٠
(پیاگرتن) گرتنی شتێك بەرووی شتێکی ترا .
(پیاگەیاندن) فریاخستنی شتێك بە شتێکا
(پیاگەیشتن) فریاکەوتنی شتێك بە شتێکا ٠
(پیاگێڕران) گێڕرانی شتێك بە سەر شتێکا ٠
(پیاڵە) دەفرێکە لەشووشە ئاوو چایی وهێندێ شتی تری پێ ئەخورێتەوە
(پیاماڵین) ماڵینی شتێك بەشتێکا
(پیان) پیادەیی لە رۆینا

(پیانان) دانانی شتێك لەسەر شتێك بەنهێم ٠
٠ (پیانۆ) پیانوو
٠ (پیانوو) پارچەیەکە لەپارچەکانی مۆزیقە .
(پیانوسان) لکانی شتێك بەشتێکا
(پیانوساندن) لکاندنی شتێك بەشتێکا ٠
(پیاو) ئادەمیزادی نێرینەکە لەماڵی تێپەڕری بێ ٠ بریتییە لە مەردومی جوامێری مەرد : فیسارکەس زۆر (پیاو) ە ٠ نۆکەر : نەریمان (پیاو) ی جوامێرە
(پیاوانە) کردەوە یاشتێکەکەهەر لەپیاو بوەشتێتەوە ٠
(پیاوچاك) مەردومی خواپەرستی بێ زیان ٠
(پیاوخراپ) مەردومی بەزیانی ستەمکار .
(پیاوفرۆش) بریتییە لە ئافرەتی زمان لووسی بەفرروفێڵ

(پیاوەتی) مەردایەتی .
(پیاهاتن) باسکردنی شتێك بە دوور ودرێژی : فیسارکەس (بەباسی فیسارەشتاهات). هاتنی شتێك لەشوێنێکەوە : ئەم رێگایە (پیاهاتووم) یائەم جۆگەیە ئاوی (پیاهاتوە)
(پیاهاتنەوە) پیاچوونەوە
(پیاهانین) هێنانی شتێك بەشتێکا
(پیاهاڵپژان) هەڵپژانی شتێك بە شتێکی بەرزا .
(پیاهەڵپژاندن) هەڵپژاندنی شتێك بەشتێکی بەرزا .
(پیاهەڵپەررین) هەستان وئاوقەد بوونی بەکێك بەیەکێکا . پیاهەڵپژان
(پیاهەڵپەساردن) هەڵپەساردنی شتێك بەشتێکا .
(پیاهەڵتەقان) پیاهەڵپەررین
(پیاهەڵتەقین) پیاهەڵتەقان
(پیاهەڵچون) هەڵگەررانی گیاندار یاتەرزی سەوزایی بەشتێکی بەرزا
(پیاهەڵچەقین) چەقینی شتێکی تیژ بەشتێکی ترا .
(پیاهەڵخوێندن) پیاهەڵخوێندن
(پیاهەڵخوێندن) هاتن بەمسانی یەکێکا بەخراپی .
(پیاهەڵدان) هاتن بەتانی یەکێکا بەباشی .
(پیاهەڵرروانین) سەربەرز کردنەوە وتەماشاکردنی شتێکی بەرز
(پیاهەڵزنین) هەڵ گەرراني گیاندار بەشتێکا .
(پیاهەڵسپاردن) پیاهەڵپەساردن
(پیاهەڵشاخان) توورره بوون و قسەی ناخوش ووتن بە یەکێك و تەریق کردنەوەی .
(پیاهەڵشاخین) پیاهەڵشاخان
(پیاهەڵکاڵان) پیاهەڵشاخان
(پیاهەڵکاڵین) پیاهەڵشاخین
(پیاهەڵگەرران) پیاهەڵچوون
(پیاهەڵمیزان) میزکردن بەپێوە بەقەد شتێکی بەرزا .
(پیاهەڵمیزتن) پیاهەڵمیزان

(پیاهەڵمیزیین) پیاهەڵمیزان
(پیاهەڵنان) پیاهەڵپەساردن
(پیاهەڵواسیین) هەڵواسینی شتێك
بەشتێکی بەرزا .
(پیاهێنان) پیاهانیین .
(پێباز) بەردەباز . ناوە بۆ ناو
چەیەك لە کوێ رووباری سیروان
(پێبازە) گیایەکە گەڵای وەك
پێی باز وایە .
(پێبران) بەرکەوتنی بەشێك بە
کەسێك : منیش ئەمەم (پێ ئەبرریێ)
واتە بەرم ئەکەوێ .
(پیژیو) ئازووقەیەکە کەمەردوم
پێی بژیێ .
(پێبوون) بەرروژوو بوون
(پێبەتاڵ) پێڵاوی گەورەی فراوان
(پێبەدارە) ئیسقانێکە بەدەم ران
وقوڵی گیاندارەوە سەرەکەی وەك
چاکاڵ وایە .
(پێبەقنگە) دەعبایەکی ئاوی پێ
بەررە دارە وەك مراوی بەڵام ئەم
پچووکترە .
(پێپلیکانە) پێپلکە
(پێپلکە) چەن پلەیەکە لە بەرد
وقورر یا لەتەختە ودار دروست ئەکرێ
بۆ پیا سەرکەوتن لەنزمایی یەوە بۆ بەرزایی
(پێپێوەنان) بریتی یە لە رۆین بە
چالاکی .
(پێت) ز . بڵێسەی ئاگر
(پێتاو) پارچە تەنراوێکە لەپێوە
ئەپێچرێ وکاڵای لەسەر لەپێ ئەکرێ
(پێتاوە) د . پێتاو
(پێتەتە) دووتەختەیەلەناو پێچاڵدا
جوڵا پێی ئەخاتە سەر وبەرزونزمی
ئەکاتەوە
(پیتەك) ز . شتێکی کەم
(پێتەك) کەلوپەلێکە لەگەڵ بووکا
ئەنێررێ بۆماڵی زاوا .
(پیتێ) ز . ووتەیەك وەك ووتەی
(کچێ) و(کەنی) ژنی پێ بانگ ئەکرێ
(پێجامە) جورە کاڵایەکە لەکاتی
نووستن وحەسانەوەدا لە بەر ئەکرێ

وەك چاكەت و پانتۆڵ وایە بەلام

ئەم بێ بەرە .

(پێچ) چەوتی وخواربیی لەهەموو

شتێك : ئەم ڕێگایە (پێچ) ی تیایە

، (پێچ پێچ) شتێکە کە پێچی زۆری

تیابێ . سەرپێچ : فیسارکەس (پێچ)ی

جوان ئەبەستێ .

(پێچاڵ) چاڵێکە لە کاتی کارکردنا

جوڵا قاچی تیاشۆڕ ئەکاتەوە وئاسنگەر

تیا ئەوەستێ

(پێچان) ئاڵاندنی شتێك لە شتێکی

تر . زۆر بۆ هێنانی یەکێك بۆ یەکێك

لەسەر شتێك : فیسارکەس (پێچامی)

(پێچاندن)ئاڵاندنی شتێك لەشتێکی تر

(پێچاندنەوە) پێچانەوە

(پێچانن) پێچاندن

(پێچانەوە)قەدکردن ولوولکردنی

شت . بریتییە لەشاردنەوەی قسەلە

یەکێك : ئەو قسەیەم لێ (مەپێچەرە)

(پێچاوپێچ) شتی پێچ پێچ

(پێچیان) بادانی شتێك . بریتی

بەلەدەرباز بوون وخۆ گوم کردن : فیسار

کەس لەلام بوو ئەوەندەی نەبرد(پێچێکی

پیادا) ودەرچوو . بریتییە لەسووڕدان

(پێچپیاهاتن) ژانێکە لەناوسکا

پەیدا بیێ وبجوولێ وپێچ بخوا

(پێچپێچۆکە)شتێکە کە پێچی زۆری

تێکەوتبێ .

(پێچخواردن) لوولبوون و با

خواردنی شتێکی درێژ لەخۆیەوە

(پێدان)لوولکردن وبادانی شتێك

(پێچران) ئاڵان وپێچ خواردن

(پێچراو) شتێکە کە پێچ درابێ

(پێچراوە) شتێکە کۆکرابێتەوەو

وپێچرابێ .

(پێچك) گوڵوڵە (د) . پێچکە

(پێچکردنەوە) لادان لەڕێڕەوا

بەلای ڕاست یابەلای چەپا

(پێچکە) دەست وپێی ئاژاڵی

ووردە . پێی تەخت و کورسی وشتی تر

(پێچ لێدان) بریتییە لەفێڵ کردن

وقومار بازی .

(پێچوپڵووچ) شوێنێك یاشتێکە کەناررێك بێ وپێچی زۆری تیابێ

(پێچوپەنا) شوێنی نارریکی پێچو پڵووچ ٠

(پێچوڵەکە) گیایەکی بەهارییە گەڵای وەك کەرەووز وایەگوڵێکی زەردی پچووك ئەگرێ

(پێچوون) مانەوەي کەسێك لە کردنی کارێکا. فیسارکەس لەو کارەدا زۆری (پێچوو) ٠ تەربیق بوونەوە: فیسار کەس بەقسەکە (چوو)وانە زۆر تەربیق بوەوە ٠ مردنی یەکێك بەدەردێك: فیسارکەس گرانەتێی گرت و (پێي چوو)

(پێچە) پەچەي رووپۆش ٠

(پیچەك) ز ٠ شتي کەم

(پیچەك) شتێکە کەشتي تري پێ پێچرێتەوە

(پێچەکولوو) لۆکەیەکي کراوەیە کەپارچە پارچەکرابێ بەدرێژ کوڵەیي بۆ ئەودی کەبەخەررەك بررێسرێ

(پێچەڵپاچ) گوفتار یاکردار یا شتێکي نارریکي ناڵەبار

(پێچەڵپێچ) پێچەڵپاچ

(پێچەن) پێچانەوەی دەوار بەدرو بەش بو بارکردني ٠ ئیشك،دارێکە ریسی لەسەر هەڵئەکرێ (د)

(پێچەوانە) شتی پاش و پێش یائاوەژوو

(پێچیاگ) د ٠ پێچراو

(پێچیان) پێچران ٠

(پێخاووس) مەردومي بێ پێڵاو

(پێخستن) بەککەوتن لەرێ رۆینا لەبەر ماندوویەتي

(پێخواس) پێخاووس

(پێخۆر) شتێکە کەبەنانەوەبخورێ

(پێخۆست) شوێنێکە کەزۆر بە سەریا ئامشۆ بکرێ

(پێخۆشبوون) دڵخۆشبوون بە شتێکي خۆش ٠ خۆشبوون بەناخۆشي بەکێك ٠

(پێخۆشحاڵ) کەسێکە بەشتێك دڵخۆش بێ

(پێخولە) منالی پیرەوکە
(پێخوێ) کۆمەڵێك لەقوڕری
گیراوە . خەرمانێکە کەگێرە کرابێ
وشەن نەکرابێ
(پێخەسوو) بەربووك .
(پێخەف) نوێنێکە کەمەردوم پێی بنوێ
(پێخەنین) پێکەنین
(پێدان) دانی شتێك بەیەکێك
(پێدزکێ) هەنگاو بچووك کردنەوە
وخۆ دواخستنی بەکێك لەهاوڕێی
لەرێ رۆینا .
(پێدزە) پێدزکێ
(پێدەشت) عاستی تەختی لەداوێنی
کەژ وکێو .
(پێر) پێرێ
(پێرار) دووساڵ لەمەوپێش
(پێرارەکە) پێرار
(پێران) د . وەناق
(پێرەوك) پێرەوکە
(پێرەوکە) منالێکە تازە کەوتبێتە
سەر پێ .

(پێروو) کۆمەڵە ئەستێرەیەکە کە
پێی ئەڵێن (کۆ)
(پێرەکە) پێرێ
(پێرێ) دوو رۆژ لەمەوپێش
(پێرێشەو) دوو شەولەمەوپێش
(پێز) کەشی هەویر: ئەم هەویرە بە
(پێزە) .
(پێزانین) زانینی شتێکی شاراوە
لەبەرچاو بوونی چاکەی یەکێك
(پێزە) د . کەمێك لەشتێك .
گەوهەری یەکدانە
(پێس) د . پێست
(پێست) چەرمی سەر ئەندامی گیاندار
(پێسترك) با . پەنجەرە
(پێستە) پێستی گیراوەی گیاندار
(پێسە) پێزە . پێستە (د) . وەها (ه)
(پێسیر) ز . گیرفانی بەرباخەڵ
(پێسیرە) ز . بەرسیلە
(پێش) بەردەم . کانی رابور
دوو : (پێش) نیوەڕرۆ هانم
(پێشانگ) د . پێشەنگ

(پێشانی) ناوچەوان
(پێشاو) بریتی یە لەئاودەستخانە
(پێشبار) چەن بارێکە لەپێش ماڵ
وکۆچا بنێررێ بۆ هەوارگە
(پێشبەست) بەرهەڵستێکە لەبەر
دەمی ئاوا دروست بکرێ
(پێشبەند) زنجیرێکە ئەکرێتە
دەستی وولاخەوە ٠
(پێشتەرکی)جۆرەفیشەکێکە ندێکە
بەسەر قەڵبووسیزینا شۆر ئەکرێتەوە
وەبەقایش وئاوزوونە بەند ئەکرێ
(پێشخانە)د٠جێیچاوەرروانی
کردن « صالۆن انتضار »
(پێشخرر) د ٠ سەوزخرر
(پێشخزمەت) نۆکەر .
(پێشخستن)خستنەپێشەوەیشتێك
(پێشخۆر) د . پارەیەکیپێشەکی یە
لەدوای کرزینولە پێشوەرگرتنائەدرێ
(پێشدار) چەن کەسێکن لەپێش
لەشکردوە ئەرروَن ٠
(پێشدەستی) دەست پێشکەری
(پێشررەو) پێشدار
(پێشقلیان) بەرقلیان
(پێشك) ز ٠ پاشەڵ
(پێشکار) د٠ یارمەتیدەر «معاون»
(پێشکۆ) قەڵپووزی زین ٠
(پێشکە) با ٠ مێشوولە ٠
(پێشکەشکردن)دانیشتێك بەیەکێك
بەخۆررایی ٠
(پێشکەوتن) چوونە پێشەوە
(پێشکەوتوو) کەسێکە چووبێتە
پێشەوە ٠
(پێشمامان) ئاورەتێکە لەبەردەمی
زەیستانەوە دائەنیشێ بۆلەنگەرگرتنی
لەکاتی منالبوونیا ٠
(پێشمەرگ) پێشمەرگە
(پێشمەرگە) چەن کەسێکن لەپێش
لەشکرەوە ئەنێررێن بۆجوستو جۆ وتاقی
کردنەوەی رێگا ٠
(پێشنوێژ) بەرنوێژ ٠
(پێشنوێژی) نوێژکردنی بەرنوێژ
«إمام» بۆ مەردوم ٠

(پێشنیار) سەرەتایەکە بەتایبەتی بۆ نووسراوێك بنوسرێ ·
(پێشنیاری) پێش نیار
(پێشواز) بەپیرەوەچوون
(پێشوازی) پێشواز
(پێشۆر) لێوارێکە لەناوحەوزا پێی ئەخرێتە سەر
(پێشوو) شتێ را بووردووی کۆن. مێشوولە (ز) ·
(پێشوولە) مێشوولە
(پێشە) ئێسقان · ناووکی رەقی میوە · بیشە (د)
(پێشهاتن) د · رێکەوت
(پێشەخۆرە) د · هوما
(پێشەقان) پێڵەکایێکە سەرەکەی ئلسن بێ ·
(پێشەکی) روتن یا کردنی کارێك لەپێش کاتی خۆیا: (پێشەکی) بەڵێن مەدە
(پێشەنگ) وولاخێکی شۆخ وشەنگی جوانی بەنرخە پێش کاروان ئەخرێ
(پێشەوا) کەسێکە کەبەرنوێژبێ بکا · زانای گەورەیی وەهاکەمەردوم بەپەیرەوی بکەن ·
(پێشێل) شوێنێکە کەبەهۆی شاتو چۆی زۆرەوە بەسەریا شێلرابێ
(پێشیی) مێشوولە (با) · بەردەم (ز)
(پێشین) لەمەپێش : (پێشین) پێم ووتی ئەم کارە مەکە · شتێکە کە پێشەکی بدرێ «سلفە»
(پێشینان) باووباپیری کۆنی رابوردووی هۆزێك ·
(پێشینیان) پێشینان
(پێغەمبەر) کەسێکە لەلایەن خواوە بە رابەر و پێشەوا نێررابێ بۆسەرمەردوم لەگەڵ چەن دەستوورێکی جوانا بۆئەوەی کەبیان گێرێتەوە لەخراپەو بیان با بۆچاکە
(پێغەمەر) پێغەمبەر
(پێغەمەر) پیغەمبەر
(پێقۆتکە) هەڵپەررکێی گەرم · سەرچڵی و هەڵبەزهەڵبەز
(پێقەلە) گیایەکی بەهاریی بەگەڵای وەك کەڵەوێ وایە تامی گەڵاتوورنەدا

• (پێك) ئەندازیەکە لەوشتانەی کەئەخورێنەوە وسەرخۆشي ئەدەن کە بکرێنە ناوپیاڵەوە بۆحواردنەوە

(پێکان) لەشت دان بەتێگوتنی شتێك بۆي . بریتي‌یە لەدۆزینەوەي مەبەست لەنووسراوێکی گرانی نادیار: مەعناي شیعرەکەي نالیم (پێکا)

(پیکامین) پێکهانیین

(پێکاهاتن) هاتوچۆکردني چەن کەسێك بەناررێکی وپەرێشانی

(پێکراو) ئەنگێوراو

(پێکرا) تێکرا

(پێکانەوە) ووتەیەکە ئەبێژرێ لەوەرای یەکێکا کەجەژنە پیرۆزدت لێ بکاکەخۆشی‌هاوبەش بێ لەوجەژنەدا واتە جەژني‌هەردوولامان پیرۆزبێ .

(پێکوررە) بەچکەي باڵ ئەگرتووی کوللە . بریتی‌یەلەپیادەی‌لەشکر . بریتي‌یە لەدەستوپێوندي یەکێك .

(پێکهاتن) جێبەجێ بووني‌شتێك

(پێکهانیین) جێبەجێ‌کردني شتێك

(پێکەنیین) ددم کردنەوەو گەشانەوەیەکە لەدەم و رووي مەردومایەیدا ئەبێ بەهۆی بینیین یا بیستی‌شتێکی خۆشـەوە .

(پێکەوتن) رێکەوتن ودەستدانی شتێك بۆ شتێك : دەرمانەکەم(پێکەوت)

(پێکەوەبوون) لەگەڵیەکابوونی دوو شـت .

(پێکهێنـان) پێکهـانیین .

(پێکیان) ئەنگێوران : (پێکیام) واتە ئەنگێورام .

(پێکێشان) سەرکێشانی کارێك بۆکارێکی‌تر : ئەمکارە (پێ ئەکێشێ) بۆ زوبیربي ودڵیەشـان .

(پێگرتن) کەوتنـە سـەر پێی گیـانداری سـاوا .

(پێگوتن) پێووتن .

(پێگەیاندن) گەیاندني قسەیەك یا شتێك بەیەکێك . بەرهەمهێنان : منداڵەکە یا باخەکەي باش (پێگەیان) .

(پێگەیشتن) گەیشتنی شتی کاڵ

له ‌بیوه و چێشت وشتی‌تر . تووش بوونی دوو گیاندار بەیەك : نەرییانم (بێ گەیشت) . گەورەبوونی منالێ بەرەنگێك کە لە خەم بررەخسێ . گەیشتنی مەردوم بەپایە وئاواتی‌خوی : فیسارکەس باش (پێگەیشت) . گەورە بوونی دردخت وسەوزی وهاتنەبەري : باخەکەیا بێستان‌ودەغڵە کەباش(پێگەیشت)

(پێگەیشتوو) شتێکە کەبەرهەم هاتبێ وپێگەیشتبێ .

(پێگەییگ د . پێگەیبو .

(پێگەیین) پێگەیشتن .

(پێگەیبو) پێگەیشتوو .

(پیل) ز . شەپۆلي ئاو . ئەندازە یەکە لەکات کەبەرودوابێ .

(پێل) کۆپارەی‌سەرملی گاجووت. شان وملی مەردوم . برد (د)

(پێلا) د . پێلاو

(پێلاف) ز . پێلاو

(پێلاو)شتێکە لەروێنالەپێ ئەکرێ

(پیلکە) تیپل کردني هەڵات بەنجە : فیسارکەس (پیلکە) ی‌راستە

(پێڵوو) قەراخي چاوکەبرژانگي لەسەر ئەرروێ . پشکۆ ئاگر .

(پێڵە) رەشە وولاخێکە کەشاخي بۆلای چەنەي هانبێتەوە . مەردومي بەدمەست(د) . قۆزاخەي کرمی‌ئاوریشم (د) . پێلوو (د) .

(پێلەزەویی نەکەوتن) بریتی‌یە لەکەیف خۆشي .

(پێلەقە) لەقەوەشاندن بەیەك‌پێ

(پێلەوار) پێڵەوار

(پێڵەوار) بررەداري سووتاندني ئەستووری گەورە .

(پێلێبررین) وازهێنان لەئامشۆ کردنی یەکێك .

(پێلێپاراستن) چاودێری کردني شتێك بۆئەوەي کەپێي پیانەنێت

(پێلێخستن) بریتی‌یە لەچاو قووچاندن لەشتێك ولەسەر نەرروێنی

(پێلێداگرتن) بریتی‌یە لەزۆر کردن لەکەسێك ومیبج‌لەسەر گرتنی بۆ

کلرێك . دانەواندنی پێ‌ی ئاش بۆ
ئەوەی کەوورد بهاریێ
(پێلێرراکێشان) بریتی‌یە لەپشت
دانەوە لەکارێك
(پێلێنان) بریتی‌یە لەراستی‌ووتنی
شتێك . پێ‌نان بەشتێکا
(پێلێوەرگێرو) تەنراوێکە لەکانی
تەنینیاجوڵا پێ‌ی بەلایەکاوەرئەگێرریێ
ئیتر ئەو تەنراوە دووباد دەرئەچێ
(پێمریشکە) گیایەکی بەهاریی
لقلقە لەچنگی مریشك ئەچێ
(پێمەررە) بێڵ
(پێمەلە) جۆرە مەلەیەکە بەپێوەو
بەجووڵاندنی هەردوو پێ ئەکرێ
(پێنازبین) خووربین ونازبین
بە یەکێك .
(پێناسین) ناسینی شتێك بەیەکێك
(پێناو) رێ‌و بۆنە : لە(پێناو)ی
تۆدا دەوچاری زیان بووم ، وانەلەرێ‌ی
تۆوە وبەبۆنەی تۆوە .
(پێنج) ناوە بۆژمارەیەك کەلە
ناوەندی چوار وشەشایە
(پێنجتیر) تفەنگ ودەمانچە
یەکە کەپێنج گوللە بخوا
(پێنجچاوگەی دڵ) د . پێنج
هەستە «حەواسی‌خەمسە» کە بینین و
بیستن و بۆنکردن و تامکردن و لێك‌کەوتنە
(پێنجخشتەکی) شیعرێکە کەسێ
نیوە شیعری تری خرابێتە سەر ، وە
دوایی‌یەکەیان لەسەر وێنەی دوایی‌نیوە
شیعری یەکەم بێ
(پێنجدەری) ژوورێکە کەپێنج
پەنجەرەی لەریزیەکەوە تیابێ
(پێنجشەممە) پێنجشەموو
(پێنجشەموو) رۆژی شەشەمی
حەفتە لەهەینی بەدواوە
(پێنجشەمە) پێنجشەموو
(پێنجگا) ناوە بۆجۆرە مقامێکی
کوردی .
(پێنجگۆشە) شتێکە کەپێنج
سووچی بێ .
(پێنجگەنج) د . پێنج‌چاوگەی دڵ

(پێنجگەنجینە) د. پێنج گەنج

(پێنجوار) پێشبار

(پێنجە) ز . پەنجا

(پێنجەم)شتێکە کەلەپایەی پێنجابێ

(پێنجەمین) پێنجەم

(پێنجەم) پێنجەم

(پێنجەمین) پێنجەمین

(پێنجەیتار) پێنج ڕۆژەلەناوەندی زستان وبەهارا کەساڵ تەواو ئەبێ ئەم پێنج ڕۆژە ئەمێنێتەوە ، پێشینیان ساڵیان بەدوانزە مانگ ومانگیان بەسی ڕۆژ داناوە ؛ بەم پێیە ساڵ ئەکاتە سێسەدو شەست ڕۆژ ، پێنج ڕۆژ ئەمێنێتەوە لەساڵی ڕاستەقینەکە لەسەر هیچ مانگێك نیە

(پێنجیەك) لەپێنج بەش بەشێك

(پینکی) د . وەنەوز

(پینگ) پیش خواردنەوە . پونگە

(پێنۆکە) د . گیایەکی بۆنخۆشە گوڵێکی سپی هەیە

(پێنوواندن) بەسەرهانینی کارەرە هاتێك بەسەر یەکێکا لەنوڵەی کردە وەیەکی خراپیا : فیسارکەس سوێندی درۆ (پێی نوواند)

(پێەزان) سپڵە

(پێەزانین) سپڵەیی

(پێواز) پێباز

(پێوان) ئەندازەگرتنی شتێك بەگەزیابەبستیابەشتێکی تر بۆدەرخستنی پانیی یادرێژیی یەکەی پێوانەکردنی شتێك بەدەفر .

(پێوانە) پێوان ، (پێوانەکردن) پێوانی شتێك بەدەفرێك

(پێوپل) قاچ وقول

(پێوشوێن) شوێن پێی شتێك کەخۆی لەئارادانەبێ : (پێوشوێن)ی دزە کەمەهەڵگرت . بریتیە لەسۆراخ کردن : کەواکەم دزرابوو چووم بە (پێوشوێن) یەوە ، واتە بۆسۆراخ کردنی

(پێووتن) ووتنی قسەیەك بەیەکێك

(پێوور) ز . ئەستێرەی کۆ

(پێوورچە) گیایەکی کوێستانیە

گەلای وەك کاهووو ابە وولاخ نەیخوا
(پێووشك) د . پاووشك
(پێوەبوون) گیرخواردنی شتێك
بەشتێکەوە یالەشتێکا: بەم کارەوە چاك
(پێوەبووم) ، یانەو گەماڵو دێڵە
(پێوەبوون) . نیازکردنی شتێك :
(پێوەم) بچم بۆبەغدا
(پێوەچوون) رۆیین بەدەم شتێکە
وە : بووبەهەرامنیش (پێوەچووم) .
چوونی شتێك بەشتێکەوە
(پێوەدان) گەستنی ماروچەقاندنی
چزوودار چزووەکەی بەگیاندارا .
جووت کردنی دەرگاو پەنجەرە .
نان‌دان بەتەنووروساجەوە بۆبرژاندنی
(پێوەرروێشتن) هەڵوەشان یا
درزانی شوێنێك کەکەمێك لەخۆیاهەڵ
وەشابێ یادررابێ: کەواکەت بدرووەرەوە
بالەوە زیاتر (پێوەنەرروا) . چوونی
گیاندار بەدەم شتێکەوە
(پێوەرکردن) وێڵ کردن
(پێوەژەنن) د . تێوەژەندن

(پێوەکردن) کردنی شتێك بەشتێکا
. بریتی یە لەدووچار کردنی یەکێك
بەجورتمێکەوە : چاك فیسار کەست
(پێوەکرد) .
(پێوەن) د . پێوەند .
(پێوەنان) نووساندنی شتێك بە
شتێکەوە .
(پێوەند) ئاسنێکی زنجیردارە
ئەکرێتە پێ ی بەندی و وولاخەوە
(پێوەندکردن) پەیوەند کردن .
کردنی پێوەند بۆ پێ ی گیاندار .
چووزکردنی درەختێك لەدرەختێکی تر
(پێوەنیشتن) رووکردن وچوونی
مەردوم بەزۆری بۆسەرشتێك : شایی یەکە
مەردومی زۆری (پێوەنیشت) . نیشتنی
مێش ومەرۆش لەشتێك .
(پێوەهاتن) هاتنی مەردوم بەدەم
شتێکەوە : پرسەی فیسارکەس مەردومی
زۆری (پێوەهاتبوو) . بێ وقودووم
چاکی شتێك بۆکەسێك : فیسارکەس
خانووەکەی (پێوەهات) .

(پێویس) د ۰ پێویست ۰
(پێویست) کەسێکە کەشتێکی پێ
بوێ : (پێویست) م بەدراو ۰ شتێکە
کە پێت بوێ : دراو لە هەموو شت
(پێویست) ترە ۰
(پێویستي) نامانگوري بۆشتێك
(پێهاتن) پێگەیشتن و بەخۆداهاتن
دان نان بەشتێکا «أعتراف» ۰
(پێهەڵپەررین) گەیشتنی بریین بە
یەکێك: ئەندام بریینی (پێ هەڵپەرریوه)
(پێهەڵگرتن) بریتی یە لەخێرا
رروێین ۰ هەڵگرتنی شتێك بەیەکێك
(پیی) پیو ۰ پووك (با) ۰ ووتەیەکە
بەکاردێنرێ لەجیاتي ووتەی (بەو) :
وەشڵەی (پیی) کەسەی ، واتەخۆزگە
بەوکەسە (ھ)
(پیبك) ز ۰ بیبیلەی چاو
(پیبەر) ز ۰ بیبەر
۰ (پیپ) جۆرە دەفرێکي خرري
گەورەیە لەتەختە یا لەلەوح ۰
(پیت) حەرف : فیسارکەس دوو
(پیت) ولاتێکی خوێندووە ۰ خێرو
بەرەکەت : کشتوکاڵي ئیمساڵ بە
(پیت) ە ۰ پەنجە تووتە ۰
(پیتاك) کۆکردنەوەی شت لە
لایەن چەن کەسێکەوە بۆ بار بووپي کردنی
بەکێك ۰ کۆکردنەوەی دراولەلایەن
چەن کەسێکەوە کەشتێکي پێ بکررن بە
هەموویان بیخۆن ۰ پررو پیتي ناومال (د)
(پیتدانەوە) خێردانەوە
(پیتك) بەلەپیتکە (د) ۰ شوورەیی
(پیتکخستن) د ۰ بەلەپیتکەهاویشتن
(پیتووکە) د ۰ جۆرە گیایەکە
ئەکرێ بەگزرە بۆئاژاڵ ۰
(پیتە) پووشی چەڵتووك و گاڵ ۰
چێشتي گۆشتاو ۰
(پیتەبررە) کرمێکي پچکۆلانەیەلە
ناوقەفي گەنم وجۆدا پەیدا ئەبێ گوڵە
کەی لەبنا ئەقرتێنێ ۰
(پیتەپیتە) د ۰ ووردە ووردە
(پیج) پێچ (با) ۰ بیچ (ز) ۰
(پیچان) ز ۰ پێچان

(پیچك) گیایەكی یەكلقی سێ
كوزي یەك ریشەیە ئەكرێ بەكەلانە
. كوبەي ساوەری بێ ناو (ز)

(پیچی) ز . پەنجەی دەست

(پیداررووو) د. جۆرە دەرمانێکە
لەپیو ولۆکە وقسل دروست ئەکري
وگونجي پێ پینە ئەكرێ

(پیر) گیاندار و درەختی بەساڵا
چوو . پیاوی باشي خواپەرست كەبە
ئامۆژگاریی مەردوم بێنێتەسەرریێی چاكە

(پیران) لەهۆش خۆچوون :

(پیران) ی کردووە . ناوی دێیەكە
لەسنووری ئێران لەناوەندیهەورامان
و مەریواندا .

(پیرانبردنەوە) هۆش رۆیین لەبەر
لێكدانەوەي خەفەتێك

(پیرانی) د. بەپیرەوە چوون

(پیرپنتك) منالێکە کەکردارو
گوفتاري لەگەورە بچێ

(پیرخەنی) پیرخەنیلە

(پیرخەنیلە)شۆربای ووردەساوەر

(پیرراندن) پرمە کردني ئەسپ
ومایین .

(پیرراتن) پیرراندن .

(پیررك) ئەستێرك

(پیرره) پرمە ، (پیررەپیرر)
پرمەي یەك لەدواي یەك .

(پیرسوز) شتێکە وەك فانوس
بەلام لە باتی شووشە بلووریی مێولێ
دراوی تێ ئەپێچرێ و مۆمي تیـــا
دا ئەگیرسێنرێ .

(پیرۆز) شتی بەپیتو فەرر
جەژنت (پیرۆز) بێ

(پیرۆزانە) شتێکە یەکیك بەداتێ
لە كاتێکا کە کالاْ یەكی تازەی لەبەر
کردبێ یا بەبابەیەك گەیشتبێ لەپاداشی
ئەوەی کەپێت ووتبێ (پیرۆزت) بێ

(پیرۆزبایي) پیرۆزانە

(پێرۆزە) بەردێكي شینی بەنرخە
ئەكرێ بەنقێم . هوما

(پیرۆزبي)ووتنی ووتاری(پیرۆ
زت بێ) بەیەكێك

(پیرۆك) د • پیرەلۆك •
(پیرە) ووتەیەکە بەهێندێ شت
ئەووترێ، لەرووي سەر سوررمان لەو
شتەوە : (پیرە) چەقۆ زۆر تیژە ،
یا (پیرە) ئاو زۆر بەهێزە •
(پیرەباب) پیر پنتك • ناوي
دێیەکە لەناوچەي شارباژێرر •
(پیرەزا) منالێکە کەلەکاتی پیریی
باوکیا یا دایکیا بووبێ •
(پیرەژن) پیرێژن •
(پیرەك) شتی جرچی کۆنی پیر
ژن (ز) •
(پیرەلۆك) داري پیريي گەندەڵ
• ئەندامێکە لەبەر زۆر مانەوە لە ناو
ئاوا پنر بووبێتەوە •
(پیرەمێر) ز پیرەمێرد
(پیرەمێرد) ز • پیاوی پیري
بەسالاچوو •
(پیرهەڤوك) ز • جالجالۆکە
(پیرێژن) ژنی پیري بەسالاچوو
(پیرێژنەسەرئاسنینە) دەعبایەکي
بچووکە بەقەد (زج) یێك نەبێ لەژێر
خاکا هێلانە ئەکا •
(پیریی) بوونی شت بە پیر •
پیرایي (د) •
(پیز پیزاك) ز • جۆرەجۆلەکە
یەکي کلاو درێژە •
(پیزلۆ) گیایەکي ئاوییەهەمیشەییيە
گەلاي وەك کەوەر وایە ریشەکەی
ئەکوترێ وگەرم ئەکرێ ولە بەر
مووسڵدان ئەنرێ بۆ میز گیران
(پیزۆکە) زیپکەیەکی بچووکەلە
جەستە دەردێ •
(پیزیی) د . قنگ
(پیژان) د • بێژانەوە
(پیژگ) ز • پیشۆك
(پیس) شتێکە کەپاك نەبێ
(پیسار) د • خوێنی حەیزی ژن
(پیسایي) گووي ئادەمیزاد
(پیسبوون) بووني شت بە پیس
تێك چووني هێلکە
(پیس پیسوك) بەسپەسەکۆلە

(پیسکردن) لابردنی پاکیی شتێك .
هەڵنەهێنانی هێلکە و بۆگەن کردنی
(پیسکە) رژدي چرووك
(پیسکەیی) رژدیی وچرووکی
(پیسۆ) ز . بۆسۆ
(پیسۆز) د . پیرسۆز
(پیسی) پیسایی .
(پیشان) پوختەبوونی هێندێ شت
لەژێر ئاگرا . تەنگ بوونی هەناسەی
گیاندار لەژێر قورسایی بەکدا
(پیشاندان) بەرچاوخستنی شتێك
بۆ گیاندارێك
(پیشاندن) پوختە کردنی شت
لەژێر ئاگرا .
(پیشانگا) شوێن رانوواندنی
شت بۆتەماشاکردنی «معرض»
(پیشانن) پرماندنی ووڵاخ (د).
پیشاندن .
(پیشاو) شتێکە لەژێر ئاگرا پوختە
بووبێ .
(پیشخواردنەوە) خەفەت بەچنینە
دڵ بەدەست شتێکەوە ودەسەڵات نەبوون
بۆ دەربڕینی
(پیشکان) پێڵەکان
(پیشکردن) پیش خواردنەوە
(پیشن) د. کەسێکە کەهەمیشە
پیش بخواتەوە
(پیشۆك) گیایەکی بەهاریی
سەلك دارە ئەخۆرێ
(پیشە) کاری پێژیو «صنعت» .
کردەوەوردووشت: تالەسەرئەم (پیشە)
یەبیت سەرناکەویت
(پیشەگەر) کەسێکە کاریوا
بزانێ کەپێی بژێی
(پیشەوەر) پیشەگەر
(پیشیاگ) پیشاو
(پیف) ل. شتي پووتي پفهەڵدراو
(پیفك) پووشوو
(پیفۆك) پیشۆك
(پیفوو) پووشوو
(پیفیاگ) شتی ئاوساو
(پیفیان) ئاوسان

(پیفي) پیفوو
(پیڤاز) ز . پیاز
(پیڤۆك) ز . پیشۆك
(پیك)چه کوشێکي قورسی ئاسنینه
بەردي پێ ئەشکێنرێ . لاسکی گەنم
وجۆو ئەو گیایانەي کەلاسك دارن.فیقەنە
(پیکه) قامیشێکي باریکي پتەوە
چینغي لێ دروست ئەکرێ
(پیکەبرره) پیتەبرره
(پیل) پەلی گیاندار
(پیلاف) با . پلاو
(پیلان) فێڵ .
(پیلانباز) فێڵباز
(پیلانبازي) فێڵبازی
(پیلانگێرر) کەسێکە کەپیلان
باش بگێررێ
(پیلك) پۆستەچی (با) . پەنجە
(پیم) پیو
(پینۆك) وەنەوز
(پینه) پارچەیەکە بدرێ لەشتە
درراو . کەپەك (با)

(پینەبەررۆ) پینەوپەررۆ
(پینەچي) کەسێکە کەهەر پێڵاو
پینه بکا .
(پینەدۆز) پینەچي
(پینەساز) پینەچي
(پینەك) پینۆك
(پینەکردن) گرتني پینەبەسەر
شتي درراوا . بریتي یەلەبەسەرگرتنەوەی
ووتارێك بەلادانی بەجۆرێکي تر : فیسار
کەس لەقسەکەي نەریسان دڵگیربوو
بەڵام باش بووئەمیش زوو(پینه)ي کرد
(پینەوپەررۆ) پینەکردنی کاڵای
درراو بەپارچەي کۆن
(پیو)چەوریي یەکەلەبەزو ناوسکی
گیاندار بگیرێ
(پیوار) د . باشمله
(پیواز) پیاز
(پیوه) پووشوو
(پیه) ل . پیو
(پێ یین) لای خوارووي شت

* * *

پیتی تێ

ـ ت ـ

(ت) ضمیري تاکی قسه لەگەڵ کراو « مفردی مخاطب » : کالاکە(ت) ، بۆ نەهاتیی (ت) ؟ .

(تـا) بۆ دوایي شتێکە کەخاوەنی بورانەوە بێ : (تا) کرماشان چووم واتەدوایي رۆینم کرماشان بوو . هۆیەتی شتێك بۆشتێك ئەگەیەنێ : زمانت شیرین بێ (تا) خۆشەویست بیت ، واتەزمان شیرینیت مایەي خۆشەویستییتە لاي مەردوم . بۆ بەستنەوەی شتێکە بە شتێکەوە « شرط » : بەخێوت ئەکەم (تا) بخوێنیت ، واتە بەخێوکردنت بەستراوە بەخوێندنتەوە . بۆبەستنەوەی شتێکە بەکاتێکەوە : (تا)لەجیهانابیت خواردن و خواردنەوەت ئەوێ هاتوە بەمەعنا (بۆئەمەي) : هەستە (تا)دەر چین ، واتە بۆ ئەمەي دەربازبین .

گەرمي یەکە لەنەخۆشییەوە پەیدائەبێ لە ئەندامي گیاندارا . لایەك لەبارێك . هەو داوتاڵ : (تا) یەکم لەو دەزووە بدەرێ واتە تاڵێك . تاك (د) . هاولف : ئەمە هاو (تا) ی ئەوەیە (د.)

(تابار) تاقەتایەکە بخرێتە سەر پشتي وولاخ .

(تابان) درەخشان

(تابگە) شوێنێکی تایبەتي یە لە گوێ رووبار ودەریاکە کەلەك یاکەشتي تیا بوەسێ .

(تابەرە گلگل) شتێکی گردی تەنکی لوسەمنالان لەسەرشان تلۆري ئەکەنەوە

(تاپر) تفەنگي راوي

(تاپۆ) تارمایي شت جۆرە قەباڵەیەکي دەوڵەتي یە ئەدرێ بەخاوەن زەويي و خانووبەرە

(تاپوو) د . تاپۆ
(تات) ئافرەتێکە کەئێسقان یا
پارچە گۆشـت لە بەر زێ یا بـێ .
تەلەبەردی پانی درێژ . شاخ و کێوی
سەخت .عەرەبی:من زبانی(تات) نازانم
(تاتا) ل . مام .
(تاتك) خوشکی گـەورە .
(تاتۆ) ھ . باووك
(تاتە) تاتۆ (ھ) . خوشکي گـەورە
(تاتەبەرد) بەردی تەنکي پاني گەورە
(تاتەشۆر) تەختەیەکي پانی درێژي
پێچکەدارە مردووي لەسەر ئەشۆرێ
(تاتي) لبادی راخستن . سەرو
بۆر وژێرو زەنە (د) . تانە (د) .
. (تاج) کـلاوێکي تایبەتي بەپاشایان
ئەیکـەنە سـەریان . شتێکـە لەوێنەی
تاجێـکی بچکۆلـە هێندێ گـەورەي
سەرباز ئەیدروون بە سەر شانیانا
(تاجخورووص) جۆرە ترێیەکي
سووري دەنك خوار وخێچە لەوێنەی
کـەلەشێر ئەچی . جۆرە گوڵێکي سوورە
وەك بۆینەي کـەڵەشێر پێی ئەڵێن
گوڵە قەیفە .
(تاجي) تلنجي .
(تاخورك)ز . جۆرەعەررەبانەیەکی
قۆقزی بێ پێچکـەیەبەسەربەفرارانە کێشرێ
(تاخە) باقەیەك لەگەڵای توو تن
وشتی تر .
(تار) شتێکـە وەك کەمانچەلێ
ئەدرێ ودەنگێکی خۆشي لێوەدێ .
نان . تاربیك . پێنجەی تار . تاڵێك
لەدەزوو . گیاندارێـکـە کەتەرە بووبـێ
، (تاربوون) تەرەبوون ، (تار کردن)
تەرە کردن . کـەمەي دەف و شتي تر(ز)
(تارا) شتێکی ئاوریشمیني ئاو
داماني جوانە ئەدرێ بەسەر بووکا
لەکاتي گواستنەوەیا بۆماڵی زاوا
(تاراج) تالان
(تاراندن) تەراندن
(تارانن) د . تەراندن
(تاراني)جۆرەدراوێکی زیبویینی
تیراني یە .

(تارچي) ز . كەسێكە كەشتێك
بەش بكا . تارژەن .
(تارژەن) كەسێكە كەتارباش
لێبدا .
(تاركردن) تەرەكردن
(تاركرن) ز . بەش كردن
(تارگان) ز.جۆرەگەنمێكی خراپە
(تارم) خەرمانی هەڵدراوەدوای
كوتاندنی رووەوبابۆ شەن كردني .بەر
هەيوان . جەڵەب (د) .
(تارمايي) قەبارەو تاريكايي شت
(تارمە) تارم .
(تارومار) بەرش و بڵاو ، (تارومار
بوون) بەرش و بڵاوبووني شت ، (تارومار
كردن) بڵاوە پێ كردن .
(تارياگ) د . گياندارێكە كە
تلو بووبێ
(تاري) با . تاريك
(تاريك) شوێنێكە كەرووناك نەبي
(تاريكايي) تاريكی
(تاريكداهاتن) پەيدابوونی تاريكی
لە رۆژاوا بە دواەو
(تاريكوررۆون) تاريكي دواي
شەو كە لەگەڵ رووناكی بەيانا تێكەڵ
ئەبێ ، يا رووناكی دواي رۆژ كە
لەگەڵ تاريكی ئێوارەدا تێكەڵ ئەبێ
(تاريكورروونە) تاريكورروون
(تاريكولێڵ) تاريكورزوون
(تاريكونووتەك) شوێنی زۆرتاريك
(تاريكە) تاريكايي
(تاريكەشەو) شەوي زۆرتاريك
(تاريكي) نەبوونی رووناكي .
شوێنی تاريك : وەرەئەم (تاريكي)يە
(تازە) شتی نوێ . شتی جوان
كە ئادەمیزاد نەبێ (با) .
(تازەبريين) بريتيیە لەيەكێك
كە تازە مردوويەكي مردبێ
(تازەبەتازە) خواردەمەني يەكە
لەگەڵ پێگەيشتنی بخورێ : ميوە
(تازەبەتازە) خۆخە .
(تازەپيا كەوتوو) بريتييەلە كە
سێك كەلەباش هەژاريي دەوڵەمەندبووبێ

(تازه‌قه‌ڵاّ) شتي تازه‌داهاتوو
(تازه‌كردنه‌وه) نويّ كردنه‌وه‌ى شتي كوّن ·
(تازه‌گي) شتى تازه‌ى نويّ
(تازيّ) ز · رووت وقووت
(تازي) تازه (ز) · عه‌ره‌بى
(تازيله) برويّش ·
(تاژانگ) ز · قامچي
(تاژي) تانجى ·
(تاس) جوّره‌جاميّكى‌ده‌م‌والّي‌ته‌نكه
(تاسان) هه‌ناسه ليّبرراني گياندار به‌جوّريّك كه‌بخنكي يا نيوه‌خنكاو بيّ
(تاساندن) ده‌ست نانه به‌ر بيين وهه‌ناسه برريني گياندار به جوّريّك كه بخنكي يا نيوه خنكاو بيّ
(تاسان) تاساندن
(تاساو) گياندار يّكه كه تاسابيّ
(تاسبردنه‌وه) واق وورمانيّكه ديّ به‌سه‌ر مه‌ردوما له كاتي بيستن يا بينيني شتيّكى سه‌يرا ·
(تاسبه‌سه‌راهاتن) تاسبردنه‌وه

(تاسكردن) تاسان .
(تاسكلاّو) جوّره كلاّويّكى پوّلاّ بينه له‌جه‌نگا ئه‌كريّته سه‌ر .
· (تاسكه‌باب) ده‌فريّكه تاسكه‌بابي تيا ليّ‌ئه‌نريّ · تاسكه‌بابي ·
· (تاسكه‌بابي) جوّره چيّشتيّكه له گوّشت و ئاوو پيازو به‌هارات‌دروست ئه‌كريّ ·
(تاسكه‌چه‌ڵه) ه سيسارككه‌چه‌ڵه
(تاسكه‌واو) تاسكه‌باب
(تاسناى) ه · تاساندن
(تاسوخ) تاسوق ·
(تاسوق) خوارده‌مه‌نى‌يه‌كى‌نايابه كه كه‌م ده‌ست بكه‌ويّ ·
(تاسولكه) تاسي پچكوّله
(تاسه) بيرو ئاره‌زووى‌شت ،
(تاسه‌كردن) ئاره‌زووكردني شتيّك
(تاسه‌خوار) كه‌سيّكه كه تاسه‌و ئاره‌زووى يه‌كيّك بكا ·
(تاسه‌مه‌ند) تاسه‌خوار
(تاسه‌وبي) به‌رچنه‌ى گه‌وره‌ى‌تريّ

(تاسين) تاسان

(تاش) بەردی گەورە

(تاشتێ)ز٠ خواردني نيوەرِرۆ

(تاشين)رێك خستن ولووس كردني شتێك بەتيغ ، (تاشراو) شتێكە كە بەتيغ لووس كرابێ

(تاف)ئاوێكي زۆرە كەبەخورر بررژێتە شوێنێكەوە : كارێزەكە (تاف) ێك ئاوی پيادێ ، (تافەتاف) رۆيني ئاوی زۆر بەگورر . ناوەرراستي جوانيي : لە(تاف)ي جوانييا كۆلّم نەئەدا . تۆف (د) .

(تافاڵ) ل . گوێسوانە

(تافاو) تافە ئاوی زۆر

(تافتە)جۆرە چنراوێكي ئاورێشميني جوانە .

(تافگە)جێگايەكی بەرزە كە ئاوێكي زۆري بەخورري لێیێتە خوارەوە

(تافە) د . دەنگێ ئاووبا

(تاف) ز . مانگ. رۆژ

(تافِل) دەست بەجێ

(تافي) ز . ئاوەبارانێك

(تاق)تاك . كەلەبەرێكي تايبەتي بەلەديوار ئەهێلرێتەوە بۆشت‌تيادانان سەرپەنجەرەودەرگاوپردي بەكەوانەیی هێنراوە . بەشێك لەبيستوچوار بەشی ئاو ، هەموو ئاوێك بەبيستوچواربەش ئەژمێررێ هەموو بەشێكي ناو ئەبرێ بە (تاق) ێك :لەبيستوچوار(تاق) ەی ئەم كارێزە هەشت (تاق) م هەيە . رێ‌ي‌نيوەرۆژێك : لێرەوەتاچەمچەماڵ رۆژو (تاق)ێكە .پێستي مەررووبزن

(تاقانە)منالێكە كەبراوخوشكي نەبێ

(تاقچە) تاقی پچكۆلە

(تاقتاقكەرە) بالندەيەكی شەوبێ دارە بەشەو هەرئەلێ : (تاق)

(تاقم) دەستەيەك لەشتێك

(تاقانەجووت)جۆرە يارييەكە بەكێك چەن شتێك ئەخاتە دەستي‌يەوە وبەهاوررێكەی ئەلێ : (تاقانەجووت) ، ئەويش ئەگەر ووتي تاق ياجووت وەبەتاق دەرچوو يابەجووت ئەوي‌ناو

مشتی ئەبانەوە ، وەئەگەر وادەرنەچوو
ئەوا بەقەد ئەوەی ناومشتی ئەدۆزریتی
(تاقانەجفت) د . تاقمان لەجووت
(تاقولۆق)چەن شتێکە لەپاڵ یەکا
بن ونارریك وەستابن : برژانگی (تاقو
لۆق) وەستاوە ، یارایەڵی جاجمەکە
(تاقولۆق) کەوتوە . تاکوتووك
(تاقە) جۆرە پارچەیەکي جوانی بە
نرخەلەئاوریشم وسورمە دروست ئەکرێ
. (تاقەت) هێزو تەوانا
(تاقەتچوون) بێ تاقەت بوون لەشتێك
(تاقەتکردن) حەوانەوەي گیاندار:
میوەکان (تاقەت کە) .دامەزراندنی
شتومەك بەرێکوپێکی لەشوێنی خۆی
(تاقەتگرتن) ئارامگرتن
(تاقەولۆقە) تاقولۆق
(تاقیکردنەوە) بەراوورد کردنی شتێك
(تاك) شتێکە کەدووهەمێکی نەبێ
(تاکانەوە) د . تەکاندنەوە و
جیا کردنەوە .
(تاکانە) د . تاقانە

(تاکبوونەوە) جۆرێ بوونەوەی
گیانداریك لەکۆمەڵێك
(تاکتاك کەرە) تاقتاقکەرە
(تاکانەجووت) تاقمان لەجووت
(تاکوتووك)یەکەیەکەی پەراگەندە
لەهەموو شتێك : تووتنەکەم (تاکو
تووك) سەوز بوە ، واتە چڵەچڵە
(تاکوتەرا) تاکوتووك
(تاکولۆ) تەکولۆ
(تاکە) تارانی
(تاکەوتاك)جووتەپێڵاو یا گۆرەوییەکە
کەلەیەك ئەندازەدانەبن بەمرەنگە تاکێکیان
گەورە وئەوی تریان بچووك بێ .
جووتەپێڵاوێکەراست وچەپ لەپێ کرابێ
(تاکەولۆکە) تاقەولۆقە
(تاڵ) شتێکە تامی وەك تامی تاڵیشاری
وابێ . جەوت یا مازووی کوتراوە
کەمەشکەی پێ خۆش ئەکرێ . هەودای
دەزوو . شەو یارۆژێکی هەورلەسەری
بەبار شنی ساردو سەرما : ئەم شەو
شەوێکی (تاڵ) ە . پارچەیەك گۆشتی

ڕەشە والەناوەندی سپیوجگەردا ·
گیانداریڕەشکەلە:(حەمەتاڵ)·توووڕە
(تالآن) شتومەکێکە بەزۆرو
ستەملەمەردوم بسێنرێ، (تالآن کردن)
بردنی ماڵی مەردوم بەزۆر وستەم
(تالآنوبررۆ)تاخۆران وبخۆران
وتالآن کردني ئەم وئەو
(تالآنە) د · باخچە
(تالآني)ماڵێکە کەبەتالآن برابێ
(تالآو) بریتي بەلەجەخاروخەفەت
:ئەگەرنەخوێنیت(تالآو)ئەکەم بەدەمتا
(تالآویی) تالآو
(تاڵبوون) بریتیبە لە توووڕە
بوون وگرژبوون ·
(تاڵخ) سنوور
(تاڵدان) کردني جەوت ومازووي
کوتراو بەمەشکەوە
(تاڵشاریی) د . تاڵیشاریی
(تاڵـگ) د . تاڵیشك
(تاڵـگە) د · تاڵك
(تاڵوو) گیایەکي گەورەی گەڵا

پاني تووکنە بنکێکي توێ توێیهەیە
(تاڵووکە) پەلەپەل ودەستوبرد
کردن ، (تاڵووکەکردن) پەلەپەل کردن
(تاڵە)گیانداريڕەشي دێز· مەرری
لەش سپي دەمو چاو بۆر · تاڵوو
(تاڵەکە) د . مرۆر
(تاڵەوەکەرەي خۆشەوەکەرە)
بریتیبە لەکەسێك دەمێك کە بەخۆشت
بکاو دەمێکیش دڵتەنگ
(تاڵیشاريي) دەرمانێکيزەردباوی
زۆر تاڵە ·
(تاڵیشك) گیایەکی تاڵی گەڵا
پانیدرێژ کۆڵەیبەهاریيەئەدرێ بەکەو
(تالینتووس)گیایەکەلەتاڵیشك ئەچێ
(تاڵیی) بووني شت بەتاڵ
(تاڵییش) تاڵیشك
· (تام) چۆنێتێکي خۆش یا ناخۆشەلە
خواردن یاخواردنەوەي شت پەیدا
ئەبێلەدەما · ڕۆنێکە کەبکرێتەچێشتەوە:
ئەم چێشتە (تام) يکەم تێکراوە
(تامازرۆ) د . تامەزرۆ

(تامان) ئەمان .
(تامدان) ز . ئاڵدووز كردن بە
زۆر .
(تامژاندن) ز . فێركردني منالی
شیرە خۆرە بەخواردن .
(تامژین) ز. تازەدەست پێكردنی
منالي شیرە خۆرە بەخواردن .
(تامسار) ز . خواردن و خوارد
نەوەی شتی ناخۆش .
(تاموبۆ) بۆن وبەرامە
(تامەتییتك) ز . خواردەمەنیی
خۆش .
(تامەزرۆ) كەسێكە كە زۆر
ئارەزووی خواردنی شتێك بكالەبەر
ئەمەي كە دەمێ بێ نەی خواردبێ
(تامي تامیدان) خواردني شتێكی
خۆش لەبەر چاوي یەكێك بۆئەوەي
حەزی لێ بكا وبەشي نەدەیت .
(تامیسك) زیكەیەكەلەدەم و لێوي
مەردوم پەیدا ئەبێ .
(تامێسك) تامیسك

(تان) رایەڵي شتي تەنراو . چەن
دارێكە وەك پەنجەرە لەناوەراستی ژوورا
دائەنرێ بۆئەوەي كەبیكا بەدوو بەش (ز)
(تانج) تاج .
(تانجۆكە) مووی ناوچەوانی كچی
پچكۆلە كە بەهۆنرێتەودوبە سەریەوە بە
سترێتەوە بۆئەوەی كەنەچێتە ناوچاوی
(تانجي) جۆرە سەگێكي باریكی
تیژرەوي راوی یە .
(تانجي پێغەمەرانە) جۆرە كولەیەكي
لۆقی باریكي بێ زیانە .
(تانجي بەوان) كەسێكە كە هەر
خزمەتی تانجي بكا .
(تانشین) د . خلتە یەكە كە
بكەوێتە بن ئاو .
(تانوپۆ) بریتي یەلە بنەچەورەگەز
: (تانوپۆ) یان ئەناسم .
(تانوپۆئاوریشم) بریتي یە لە كە
سێك كەلەلایەن باو كیشی ودایكیشي یەوە
رەسەن بێ .
(تانووت) توانج

(تانە) پەڵەیەکي سپی یە ئەکەوێتە
سەر بیبیلەی چاوتاریکي ئەکا . تەشەر
(تاو) بارانێکی لێزمەي کەم . هە
ودایەك لە بەن و دەزوو وشتی تر .
دەمێکي کەم : (تاو) ێك دانیشە ،
(تاوتاو) دەم دەم . غارکردنی وولاخ
وخێرا رۆینی مەردوم : بە (تاو)هات
. هەتاو . ترس وبیم : لە (تاو)تۆ
نازانم چی بکەم . تای نەخۆشیي(د)
(تاوا) ل . تاوە .
(تاوان) گوناح: بێ(تاوان) کوژرا
. تواندنەوە (ه) . پاداش (د)
(تاواندان) د . ژاردني شتێك .
پاداش دانەوە .
(تاواندن) تواندنەوە .
(تاواندنەوە) تواندنەوە
(تاواندەر) د . کەسێکە کەشتێك
بژێرێ .
(تاوانن) د . تواندنەوە
(تاوتوو کردن) سەنگوسووك کردنی
دوو دەفر کەشتێکیان تیابێ بۆئەوەي
کە بەقەد یەکیان لێ بێ
(تاوتێ) تایەکە لەئەنداما پەیدا
ئەبێ بەهۆي ئازارێکەوە: ئەمە (تاوتێ)
ي دوومەڵەکەیە
(تاودان) غارکردن بەوولاخ .
پێچدان (د) . خولخواردن و گەڕران
(د) . سوورکردنەوە بەئاگر
(تاوسان) هاوین
(تاوسەندن) گەرمبوون وسوور
بوونەوەي شت .
(تاوکردن) لاسدانی یەکێك بۆ
کردني شتێك
(تاوکێش) تەنراوێکە کەناوبە
ناوتاوی لێ دەرهاتبێ، (تاوکێشبوون)
دەرهاتنی تاوی شتي تەنراو ناوبەناو،
(تاوکێشکردن) دەرهێنانی تاوي شتي
تەنراو ناوبەناو
(تاوگرتن) تاوسەندن
(تاوڵە) تەوبیلەی وولاخي بەرزە .
نەرد . گیای گزنیز (د)
(تاولەمە) ئاگر گەشکەرەوە

(تاولێهاتن) د . بێتاقەتبوون .
تالێهاتن .
(تاونیان) د . راونان
. (تاووس)باڵندەیەکی رەنگاورەنگی
ئێجگار جوانەکاکیوەك چەتر لێ ئەکا
(تاووشت) د . تاقەت وتوانایی
(تاووك) تایلە
(تاووڵ) رەشماڵ
(تاوە) دەفرێکی پەلەشفتەوهێندێ
شتی تری تیاسوورئەکرێتەوە. بەردێکی
مانە ئاشەوانکولێرە ئاشی پێ ئەبرژێنێ
(تاویار)د . تاوێرێك لەبرێشکە
و شتی تر .
(تاویان) د . توانەوە
(تاویانەوە) د . توانەوە
(تاوێر)تاشەبەردی زۆر گەورە .
بەشێك لەقاوە وقاوورمە وشتی ترکەبە
نۆرەیەك سوور بکرێتەوە یالەکەشك کە
بەجارێك لەسوێنەدا بسوورێتەوە
(تاوبالکە) تاوەی پچووك
(تاویەتیی) د . تایەتیی

(تاویی) جۆرە دارێکە
(تاوین) د . توانەوە
(تاوینە) توانەوە
(تایەتیی) شتی دانسقە
(تایلە)دارێکی دێمیە گەڵای
وەك هەڵووژەوایە ، بەرێکی شیرینی
پایزەی زەردی خرری هەیە وەك نۆك
ئەخورێ .
(تاینچە) تایەکی پچووك
(تایە) گزرەگیایەکەکەڵەك کرابێ
بۆ زستانی ئاژاڵ . چەن مەلۆیەکە
لەسەریەك دانرابن بۆ ئەوەی بکرێن
بەخەرمان . لاستیکی پێچکەی ئۆتۆمۆ
بێل وهێندێ شتی تر .
(تایەفی) جۆرەترێیەکی سووری
درێژ کۆلەیە .
(تایەن) ووتەیەکەبەکار دێنرێ
بۆکەسێك کەلەسەر کارێك سەرزەنشتی
بکەیت وئەویش بەرهەڵستت
بوەستێ : من ئەلێم بخوێنەکەچی کابرای
(تایەن) بەخەم ئەگرێ

(تبل) با . پەنجە

(تخل) د . مەردومي كەنەفتي لە پێش چاو كەوتوو .

(تخووب) سنوورێكە دوو دێ يا دوو زەويي لەيەك جيا بكانەوە

(تر) پیتێكە باوي ناو «اسم» ێك بەسەر ناوێك يا بەسەر چەن ناوێكي ترا ئەدا لە صفەتێكا كە هەر دووكيان تيا بەشدار بن : نەریمان لە كامەران يا لە هەموو براكاني ييرەك

(ترە) . پیتێكە جياوازيي شتێك لە شتێكي تر ئەگەيەنێ : پياوەكەي (تر)م بۆ بانگكە . كەسێكە كە لە قسەدا بەلەپەل بكا وبيدا بەسەريەكا ،

(ترەتر) قسەكردن بەپەلەپەل .

(ترار) با . جاي ئاوخواردنەوە

(ترارك) با . دەوريي

(تراز) د . جۆرە گيرە و ئەشكنجەيەكە كە شتي پێ توند ئەكرێ . ترازووي بەنا .

(ترازان) دەرچووني شتێك لە جێي خۆي

(ترازاندن) دەرپەڕاندني شتێك لە شوێني خۆي

(ترازاو) شتێكە كە لەشوێني خۆي دەر چووبێ

(ترازوو) شتێكي دوو تايە شتي تري پێ ئەكێشرێ . شتێكە شووشەيەكي تێ براوە دڵۆپێك جيوەي تيايە بەرزيي ونزميي وراستيي وچەوتيي ديوار وشتي تري پێ دەرئەكەوێ . چەن ئەستێرەيەكي رێكي بەرامبەري يەكن لەناوەندي (كۆ) و (گەلاوێژ) دا . ناوي كەلوو «برج» يەكە لە دوانزە كەلووي ئاسمان . دووشتن كە لە كێشا بەرامبەر بن . شتي تەختورێك : ئەم شوێنە يا ئەم ديوارە(ترازوو)وە واتە تەخت ورێكە .

(ترازووباز) كەسێكە لەكێشان بە ترازوودا فێڵ بكا

(ترازووبازيي) فێڵكردن لەكێشان بە ترازوودا

(ترازیان) ترازان

(تراش) ته‌راش .

(تراشه) د . ته‌لاش

(تراشین) تاشین

(ترافانن) د . فرراندن

(ترافیاگ) د . ترافییده

(ترافییده) د . گیانداریکه که تار بوو بێ .

(ترانه) ز . قه‌شمه‌ریی وباریی له قسه‌و گوفتوگۆدا

(تراو) شتي زۆر شل وروون که به‌شي ئاوي زۆر تر بێ .

(تربێ) ه . شه‌وی ناوه‌ر‌راستي زستان .

(ترپ) توور . ترپه . گۆرر (ز)

(ترپۆکه) د . شێلم

(ترپه) ده‌نگی که‌وتنه‌خواره‌وه‌ي شتێکي نه‌رمي قورس له‌جێگایه کي به‌رزه‌وه،

(ترپه‌ترپ) ترپه‌ی یه‌ك له‌دوای یه‌ك ،

(ترپوهوورر) ترپه ترپي زۆر

(ترت) تورت . په‌نجه (د)

(ترترۆك) ز . سووریێچك

(ترتره) ز . پیاوی درێژي قه‌ڵه‌و

(ترچماق) مه‌ردومي زۆر درێژ

(ترخان) ل . ترخێنه

(ترخه) تێکچووني ده‌رون وترشاني خوارده‌مه‌ني تیایا به‌هۆی زۆر خواردنه‌وه

(ترخێنه) شتێکی مزره ئه‌گیرێته‌وه له‌برروێش وشێلمي جنراو ، وه‌سه‌لك سه‌لك ووشك ئه‌کرێته‌وه . چێشتێکه له‌ترخێنه‌ي ووشك و نیسك ونۆك وچه‌وه نده‌ر و گۆشت دروست ئه‌کرێ

(ترر) بایه‌کی بۆگه‌نه دێته‌ده‌رێ له‌قنگي گیاندار به‌ده‌نگه‌وه

(ترراندن) بریتیي‌یه له‌زدبوو نکردن وزیانگه‌یاندن به‌یه‌کێك

(ترروترره) ده‌ردێکه له هێندێ سه‌وزایي ئه‌دا ووشکی ئه‌کا . گیایه‌که له‌ناو په‌موودا سه‌وز ئه‌بێ وچوارده‌وري زه‌بوون ئه‌کا

(تررته‌پان) د . گیانداري‌ته‌مه‌ڵي ته‌وه‌زه‌ل .

(ترحێو) ترهێو

(تررزل) بریتی یە لەمەردومی بەفییز

(تررشکێن) کەسێکە کەشکابێ وتەریق بوو بێتەوە، (تررشکێن کردن) تەریقکردنەوەی یەکێك

(تررکەن) گیاندارێکە کەزۆر ترر بەربداتەوە

(ترر کەندن) ترر بەردانەوە

(ترلەێلی) بریتی یە لەمەردومی بێ نموودی هیچ وپووچ

(تررلێدان)ترر کەندن. بریتی یە لەخۆ هەڵکێشان

(تررن) تررکەن . بریتی یە لە گیانداری بی کارەی هیچ وپووچ

(تررنوسقاو) چەوری یەکی کەمە کەبکەوێتە سەر ئاوی گۆشتی کوڵاو: گۆشتەکە ئەمەندە لەرە (تررنوسقاو)ی بەسەرەوە نیە

(تررنیسق) کۆترە باریکە

(تررۆ) تووررە

(تررو‌زرر) دەعیەودەماری بێ جێ

(تررۆکردن) دەرکردنی یەکێك بە سووکی .

(تررۆڵ) ل . شیاکە

(تررۆلاق) ل . تررۆڵ

(تررەترر)فیزودەمارکردن بەسەر یەکێکا : چ (تررەترره) ێکتە ، یاچ (تررە ترر) ێکم بەسەرا ئەکەیت ؟

(تررەك)ز. پیاوو ژنی داوێن پیس

(تررەکەڵەکێ) بریتی یە لە کارێك کەباش بنج و بناوانی نەبەسترابێ وەلەوانە بێ کە سەرنەگرێ وبرووخێ

(تررەمەررۆ) بریتی یە لە تفەنگ ودەمانچەیەکی خراپ کەکم گوللەی بررو ا

(تررەووررا‌وێ) د . چەنەبازی سازندە .

(تررهێو)ووتەیەکە بەکاردێنرێ لەرووی گاڵتە کردن بەکەسێکەوە کە قسەیەك یا کارێك بکاو جێی خۆێ نەگرێ

(تررییزە) د . قنگ

(ترریین) تررکەندن

(ترس) چونێتی یەکە دێ بەسەر

گیاندارا لە کاتی بینین یا بیستنی
شتێکەوە کە گیانی لێی سڵ بکاو دڵی
بکەوێتە گورپە گورپ .
(ترسان) هاتنی ترس بەسەر گیاندارا
(ترساندن) ترس خستنەدڵی بەکێکەوە
(ترسانن) ترساندن
(ترساو) گیاندارێکە کە ترسابێ
(ترسناك)شتێك یاشوێنێکە کەمەتر
سی لێ بکرێ .
(ترسنۆك) گیاندارێکە کەزۆر
بترسێ .
(ترسەترس) پارێزکاریی لەشتێك
بەترسەوە : بۆچی بە (ترسەترس)
دێیتە ژوورەوە ؟
(ترسیان) د . ترسان
(ترسێن) ترسێنەر
(ترسێنەر)شتێکە کەمەردوم بترسێنێ
(ترش) بەری دارێکە بەهێشوو
لەیگرێ دەنکی وەك نیسك وایە . شتێکە
لەدەما تامی وەك سماق وابێ . بریتییە
لەمەردومی روو گرژ .

(ترشان)ترش بوونی شت بەهۆی
کۆن بوون ومانەوەیەوە . ووتەیەکە
لەرووی سووکیەوەئەووترێ بەیەکێك
کە نوستبێ : فیسارکەس (ترشاوە)
واتە پەندەمووسی کردوە
(ترشاو)شتێکە لەبەر کۆنیی ترش
بووبێ . چێشتی مزرۆکە . ناوی کانی
« ..معدن » کەلەخۆیا ترش بێ . نوستوو
(ترشتە) د . ترێشتە
(ترشك) ز . هەمورخواردەمەنی
یەکی شلی ترش
(ترشکە) ترشۆکە
(ترشوتاڵ) بریتییە لەمەردومی
رووگرژی مۆن .
(ترشوتەلاش) چێشتی چەوەندەر
بە ترش .
(ترشوشیرین) شتی مێخۆش .
جۆرە شەربەتێکە لەدۆشاوو ترشی سماق
دروست ئەکرێ .
(ترشۆك) ز . ترشۆکە
(ترشۆکە) گیایەکی بەهاریی گەلا

پانی دریژ کوڵەی ترشە

(ترشەڵۆك) شتی ترشاوی ناخۆش

(ترشەڵووك) ترشەڵۆك

(ترشیات) جۆرە ترشی یەکە لە سرکەو سەوزەوانی جنراو ئەگیرێتەوە

(ترشێ) لەپەبرنجێکە ترشی تێ کرابێ . تامێکە وەك تامی پەرسیلە

(ترعەل) ز . شلەپەتە

(ترفاڵ) د . تلپەی شت

(ترفە) ترپە

(ترقە) هەڵووژە سیقەتۆرەیی

(ترکانی) جۆرە سەمایەکە لەگەڵ جووڵاندنی ئەنداما .

(ترکەش) تەنیشت

(ترنج) نارنج . ترنجۆك جۆرە نەقشێکە لەقاڵیو شتی تر ئەکرێ

(رنجان) گیربوون وچەسپبوونی شتێك لەناو شتێکا

(ترنجاندن) گیرکردنی شتێك لە شتێکا .

(ترنجانن) ترنجاندن

(ترنجۆك) جۆرە گیایەکی گەڵا پانە بۆنی وەك نارنج وایە

(ترنجوو) تیبیفی بررندە

(ترنجە) ز . پەپژەو پێ پیلکە

(ترنجەبین) جۆرە شەربەتێکی مزرە وەك سکەنجەبین

(ترنجەمین) ترنجەبین

(ترنجیان) د . ترنجان

(ترنگ) تراو . پلەوپایەی بەرز (د) . پلتۆك (د)

(ترنگە) دەنگێکە وەك دەنگی تەلی تارو عوود ، (ترنگەترنگ) ترنگەی یەك لە دوای یەك ، (ترنگوهوورر) ترنگەترنگی زۆر . پلتەقاندن (د) .

(ترۆزیی) خواردەمەنی یەکە وەك خەیار

(تروسك) گیانداری چالاك

(تروسکان) تروسکانەوە

(تروسکاندن) تروکاندنی چاو

(تروسکانن) تروسکاندن

(تروسکانەوە) روونا کی دانەوەی

چرا وئاگر وبروسکە لەدوورەوە
(تروسکایی) رووناکی یەکي کەم:
چاوي بەئاستەم (تروسکایی) ئەکا
(تروسکە) تروسکایی . بروسکە
(تروسکیانەوە) تروسکانەوە
(تروشکە) د . ترشۆکە
(تروقیان) د . ترووقە
(ترووقانن) د . رەتاندن
(ترووقە)د . شکان وراکردن
(ترووکاندن) هەڵبرریین ودانانی
پێڵووی چاو . دەست بەبەلا بیتکەدا
هێنانی چەك بەبێ فیشەك . کونکردنی
هێلکە بەدەنووك لەلایەن مریشکەوە بۆ
دەرهێنانی جووجەڵەکەي . دەرهێناني
ناوکي تۆو کوولەکەو تۆوبێستان بەدان
(ترووکایی) تروسکایی
(ترووکە) ترووکایی
(ترووم) د . نەژادو رەسەن
(ترە) ز . ترێ
(ترەقە) تریقەي پێکەنین (د) .
تەرەقە

(ترەقیان) د . پێکەنین
(ترەك) د . درزو قڵیشی شت
(ترەکان)درزبردني شت.بریتی یە
لەزانی سەگ وبەراز
(ترەکاندن) قەڵەشاندنی شت
(ترەکیان) ترەکان
(ترەکیین) ترەکان
(ترەو) هـ . توور
(ترەوکە) هـ . خەرتەڵە
(ترەودژە) کۆرکۆرە
(ترێ) بەری درەختي مێوکەبە
هێشوو ئەیگرێ
(تریاك) تلیاك
(تریاکخۆر)کەسێکەهۆگري خوار
دنی تلیاك بووبێ
(تریاکي)کەسێکە کەزۆرتریاك بخوا
(تریان) قووڵینە
(تریانە) سەبەتە
(تریسکە) شەوقی شووشەوگەلێ
شتی تر ، (تریسکەتریسك) تریسکەي
یەك لەدوای یەك ،(تریسکو هوورر)

تریسکه تریسکي زۆر . مۆرر بوونه‌وه‌و
گوێ قوتکردنه‌وه‌ي ئێستر له کاتێکا که
بگاته شیوێك یا که‌نده‌لانێك
(توێشه) ته‌شوێ
(تریشقه) بروسکه‌ي هه‌ور که
بدا له شتێك .
(ترێقه) د . تریقه‌ي پێکه‌نین
(ترێ) ز . ترێ
(تریت) نانێکه که گوشراېێته
شتی شله‌وه .
(تریفه) شه‌وقی مانگ ، (تریفه
تریف) تریفه‌ی یه‌ك له‌دوای یه‌ك .
نه‌خۆشي یه‌کي ئاژاڵه‌سي یه‌که‌ی ئه‌نووسێ
به‌لای وورگیه‌وه . ناوی دێ یه‌که
له ته‌نیشته‌ه‌ڵه‌بجه‌وه . جۆره ده‌ردێکه
له تینوێتی یه‌وه تووشي ئاژاڵ و وولاخ
ئه‌بێ ریخۆڵه‌ی ره‌ش ئه‌کا
(تریفه‌تێکه‌وتن) بریتی یه له زۆر
تینوو بوون .
(تریقه) ده‌نگي پێکه‌نیني به‌رز ،
(تریقه‌تریق) تریقه‌ي یه‌ك له‌دواي
یه‌ك ، (تریقوهوورر) تریقه تریق
زۆر .
(تریکاندن) قیزاندن
(تریکه) قیزه
(ترین) پیتێکه باوي ناوێك له
ناو چه‌ن ناوێکا ئه‌دا له صفتێکا که‌له
هه‌موویانا ببێ به‌ڵام له‌میانا زیاتر بێ :
سه‌ردار زیره‌کترینی کورره کانه ،
واته ئه‌م له هه‌موویان زیره‌کتره
(تزبه) ز . ته‌زبێح
(تزپي) زۆر . شتی پرر : چاڵه که
(تزپی) بوو (با) . پرد (ز) .
(تس) بایه‌کی بۆگه‌نه دێته‌ده‌رێ
له قنگی گیاندار به‌بێ ده‌نگي
(تسانه‌وه) بریتي یه له سه‌ر
نه‌که‌وتنی یه‌کێك له ئه‌نجامي کارێکو
ده‌ست لێ هه‌ڵگرتني
(تسقل) د . جۆرێکه له به‌ری‌دار
مازوو .
(تسقلەگورگانه) گیایه‌که وه‌ك
قارچك ناوه‌که‌ي به ته‌رري وه‌ك

سیرێژ و بەووشکي وەك خەنە وایە
(تسکەن) کەسێکەزۆر تس نکەنێ
(تسکەندن) تسبەردانەوە
(تسلەگورگانە) ھ. تسقلەگورگانە
(تسن) تسکەن · بریتی یە لە
مەردومی تەمەلي تەوەزەل · ناوي
دێیەکە لەناوچەي کەرکوك .
(تسوێ) تویێسي
(تسەك) کەوش
(تسي) ز . نانی بێ پێخۆر
(تسین) تسکەندن
(تش) ھ · ترش
(تشاو) ھ · مزرۆکە
(تشت) ز · شت
(تشرین) ناوە بۆدوو مانگ لە
ناوەندی ئەیلوول وکانوونی یەکەمدا
لە سالی رۆژیي ، تشرینی یەکەممانگی
دەھامەو سییویەك رۆژە ، تشرینی
دووھەم مانگی پانزەھەمەوسي رۆژە
(تشلەکەین) ھ . شۆرباي ترش
(تشین) ھ. لەبە ترشیی

(تف) ئاوێکي لینجە ھەمیشە لە
ژێر زبان وناودەما ھەل ئەقولێ
(تفاق) پێویستانی ناومال لە
ئازووقە وشتی تر ·
(تفاندنەناودەم) بریتي یە لە دەرس
دا دانی بەکێك : منداڵەکانی ئەریمان
ھەموو دایکیان (تفاندویەتیەدەمیانەوە)
وانە فێری رەووشتي خۆی کردوون
(تفاندنە دەم یەك) بریتي یە لەدوو
کەس یا زیاتر کە لە قسەیەکا ھەموو
وەك یەك وابن : دارا دلێر ئەلێی
(تفاندویانەتەدەم یەك) واتە ئەلێي
خەبەریان لەیەك گیرراوەتەوە لەقسەکەدا
(تفاندنەوە) فرێدانيخواردەمەنی
ناو دەم لەگەل تفا لەبەر شتێك
(تفت) تامێکە لەناوەندی تال و
ترشا وەك تامي مازووی ھاررراوە ،
دەم تورت ئەکا
(تفتي) دانوولە (ز) · بوونيشت
بە تفت .
(تفك) ز · سێ کوچکەي ژێر مەنجەل

(تفکردن) روّکردني تف
(تفکردنەوه) تف فرێداني زۆر
لەبەر شتێکي ناخوش
(تف لێکردن) تف کردن لەیەکێك
لەسەر شتێکي خراپ
(تفەررەوەن) ه . شاتوو
(تفەك) ز . تفەنگ
(تفەنگ) چەکێکي درێژی سووکی
لولەداره گوللەي پێ ئەتەقێنرێ
(تفەنگاوێژ) ماوەي هاویشتني
گوللەیەك بەتفەنگ : لێرەوه تابناري
گوێژه (تفەنگاوێژێکه) .
(تفەنگتەقێن) تفەنگاوێژ
(تفەنگچی) کەسێکه کە نیشان بە
تفەنگ باش پێکێ .
(تفەنگساز) کەسێکه کە تفەنگ
بەدەست دروست بکا
(تفي) ه . توو
(تفیریك) ز . گوێزەبانه
(تفینەوه) تف کردنەوه
(تفر) با . توو

(تفیلك) ز . پۆرر
(تك) بریتی‌یه لەئەندازەیەکي
کەم‌له شت . دڵۆپێك لەشتی شل
(تکا) روونان لەیەکێك بۆشتێك
(تکاکار) تکاکەر
(تکاکردن) تکا
(تکاکەر) کەسێکه کەتکایەك بکا
(تکاندن) شتي شل کردنەناو شتێك
بە دڵۆپ .
(تکانن) تکاندن
(تکه) دڵۆپەي هەموو شتێك ،
(تکەتك) تکەی یەك لەدوای یەك
(تکەکردن) دڵۆپەکردن
(تگر) تەرزه
(تگه) سابرێن . ئارەزووکردنی
بزن بۆسابرێن : بزنەکەهاتووەتە (تگه)
(تگەگرتن) جووت گرتنی بزن
لەگەڵ سابرێنا
(تل) ئاوێژەبەرد . بەنجە (ز) .
(تلّ) چلێك لەسەوزایي . پیسي
شلی ئاژاڵي ووردە . سەگی توولە .

شتی بێ‌هاوتا (د) . شتی هەڵبژاردە (د)
(تلاّ) ل . تەلاّ
(تلار) ز . تەمەڵ
(تلان) د . گلان . تلخواردن
(تلاندنەوە) تلدان بەشت
(تلانن) تلاندنەوە . گلاندن (د)
(تلانەوە) تلاندنەوە
(تلانەوە) تلخواردنی گیاندار لە پاڵەوە .
(تلاوتل) تلبوونەوەی شتێك لە لێژایی یەکەوە .
(تلبژێن) د . هەڵبژاردن
(تلبوونەوە) خلبوونەوەی شتێك لە بەرزییەکەوە
(تلپ) ز . تلپە
(تلپە) توێکڵ و گەڵای شتێك کە ئاوەکەی گیرابێ وەك ترێ و تەماتە
(تلتای) هـ . خلبوونەوە
(تلخواردن) تلبوونەوە
(تلدان) پاڵنان بەشتێکەوە بەرەونگێك کە تل بخوا .

(تلف) د . تلفە
(تلفار) د . تلفە
(تلفە) د . تلپە
(تلقە) شلقەی مەشکەو کونەو شتی تر ، تلقەتلق : تلقەی یەك لەدوای یەك
(تلك) تیلماسکێك لەترێ
(تلکردنەوە) تلۆرکردنەوەی شتێك لە لێژبییەکەوە
(تلوخوێ) شتی زۆر سوێر
(تلۆر) شتی گلۆربووەوە
(تلۆربوونەوە) گلۆربوونەوەی شتێك لەلێژییەکەوە
(تلۆل) ز . لیتەو وفورر
(تلۆلۆك) ز . حەلوای شەکرکە بەئاردی برنج کرابێ
(تلووخ) ز . ژنی کاولێی بێ‌شەرم . شتێکی تایبەتی بەسەهۆڵ و بەفری تێ ئەخرێ
(تلە) د . تێڵەی ئاگر ، (تلە تل) تێڵەتێڵ
(تلیاك) شیرەی گوڵی خاشخاشە خۆش ئەکرێ و بۆ گەلی شت بەدەرمان ئەشێ

(تلیاکخۆر) کەسێکە کەهۆگری خواردنی تلیاك بووبێ

(تلیاکي) کەسێکە زۆر تلیاك بخوا

(تلیاگ) د کەسێکە کە گلابێ . شتێکە کە گلۆر بووبێتەوە

(تلیان) قوولینەیەکەلە توول دروست ئەکرێ . ناوي دێیەکەلە ناوچەی (وەلاسێوکە). تلخواردن (د). گلان (د)

(تلیان) د . تلین

(تلیانە) تلیاني قوولینە

(تلێر) د . تلۆر

(تلێران) ھ . تلۆر بوونەوە

(تلێر بوونەوە) گلۆر بوونەوە

(تلي) ز . پەنجە

(تلیس) تلیس

(تلیس) د. شتی تەرري خووسارە

(تلیسان) تلیسانەوە

(تلیساندن) تلیساندنەوە

(تلیسانن) تلیساندن

(تلیسانەوە) تلیساندنەوە

(تلیسانەوە) خووسانە دی ھێندێ شت بەھۆي تەرر بوونیەوە . بریتي بەلەمردني یەکێك

(تلیسانەوە) تلیسانەوە

(تلیساو) شتي تەرر بووي خووساوە

(تلیساو) تلیساو

(تلیساوە) تلیساو

(تلیساوە) تلیساو

(تلیسیانەوە) د . تلیسانەوە

(تلیش) قلیش

(تلیشان) قلیشان

(تلیشاندن) قلیشاندن

(تلیشانن) قلیشانن

(تلیشبردن) تلیش تێ بووني شتێك

(تلیشیان) د . قلیشان

(تلیلي) ر . تلیلیلي

(تلیلیلي) ھەلھەلە کێشان لەشایي دا

(تلین) د . ھێشتن . دووچار بون

(تما) ز . تەمەع

(تماشا) تەماشا ، (تماشاکردن) تەماشاکردن .

(تماق) ھ . جامی ئاوخواردنەوە

(تماندن) ئەواندنی شتێك : سەری
خۆی (تماند) واتە ئەواندی
(تمەز) تومەز
(تمەن) ناوەبۆ دەفرانی ئێرانیی
(تن) قنگ (د) . توند : (تن)
بەستم واتە توند بەستم
(تناز) ز . نازکردن
(تناور) ز . گیان لەبەر
(تنراو) چنراو
(تنگێلکە) کونەو مەشکەیەکە
زۆر پڕکرابێ لەناو یاشتی تر . بریتی یە
لە گیاندارێك لەبەر زۆر خواردن تەنگە
تیلکەبووبێ : خۆی (تنگێلکە) کردووە
(تننە) ز . نیە
(تنۆك) دلۆپ
(تنە) ز . تننە
(تۆ) بەکەسێك ئەووترێ کە
قسەی لەگەڵ بکەیت . کەرە (ز) .
توێ (د) . تۆو : هێشتاخەیار (تۆ ی
نەکردوە .
(توانا) ئەوانا

(توانایی) ئەوانایی
(توانج) سەرکۆنەکردن وقسە
هاوێتن بۆ یەکێك
(توانین) ئەوانایی ودەسەڵات
بەسەر شتێکا
(توایم) پێیتی پەسەندکردن وەك
ئافەرین .
(تۆپ) ئەمووی ئاش . شتێکی
خڕی سووکە منالان یاریی پێ ئەکەن .
چەکێکی گەورەی لوولەدارە گوللەی
پێ ئەهاوێژرێ . دارێکی درێژە سەرە
کەی پەڕڕۆی پێوە ئەبەستن وکونجی
ئاوی پێ تۆپ کەشی ئەکەن .
پێیتی تێکرایی : (تۆپ) ی جاف
چوون بۆ کوێستان واتە هەموویان .
ئەندازەیەکی تایبەتی یە لە قوماشی قەد
کراو : (تۆپ) ێك قاسۆنم کری .
(تۆپئاگردان) بریتی یە لەنابووت
بوونی یەکێك
(تۆپان) د . تۆپ تۆپێن
(تۆپاندن) ووتەیەکە لە رووی

سووکی پەرەئەووتریٚ بۆ کوشتنی گیانداریٚك
(تۆپاتن) تۆپاندن
(تۆپتاو) د . تۆپتۆپێن
(تۆپتۆپێن) یاریکردن بە تۆپ
(تۆبجی) کەسیکە کە تۆپ ئاگر بدا . بریتی یە لەمەردومی هیچ نەزان
(تۆبز) داردەستیٚکە وەك کوتەك بەلاّم ئەم سەرەکەی قیرو بزماری پیا دائەکوتریٚ .
(تۆپقارر) یاری قەلەمەداری
(تۆپقاررێن) تۆپقارر
(تۆپکەشی) تۆپدان لە گونجی ناى گیراو بۆ بەردانی
(تۆلاخ) کۆسپانی
(تۆلاّخە) تۆپلاّخ
(تۆپەلّ) قورر و گەچ وهیٚندیٚ شتی ترکە بەدەست خررهەلّدرابیٚ
(تۆپەلّە) تۆپەلّ
(تۆپەلّەبوون) گرموّلّەبوونیشت
(تۆپەلّەشەرریٚ) شەررەتوپەلّ
(تۆپەوانە) پارچەپەرروٚیەکی پێچراوەی خررهەلّدراوە ئەئاخنریتە دەمی کووپەو گۆزە
(تۆپێن) یاریکردن بەتۆپ
(تۆپیپک) تۆپیو
(تۆپیین) ووتەیەکە لەباتی ووتەی مردن بەکاردێنریٚ لەرووی سووکی یەوە بۆ سەگ و بەراز وهیٚندیٚ گیانداری تر . بریتی یە لەنوستن (لەرووی سوکی یەوە ئەووتریٚ بەیەکیٚك)
(تۆپیو) مرداردەبوو . نوستوو (لەرووی سووکی یەوە ئەووتریٚ)
(توت) ز . دەنگیٚکە سەگی پیٚ دەرئەکریٚ .
(تۆت) ز . کوندەبوو
(تۆتکە) ئارام وسرەوت
(تۆتکەخواردن) تویٚتکەخواردن
(توتکەگرتن) تویٚتکەگرتن
(تۆتۆپی) کولیٚرەیەکە تویٚتویٚ دروست ئەکریٚ وپیاز وکاکلّە گویٚزی تیٚئەکریٚ .
(تۆتیا) کل . رۆخ تۆتیا . بریتی یە لە

شتی زۆر وورد : ئاردەکە بووەبە (تۆتیا)
واتە وەکو تۆتیا ووردە
(تۆخ)هەموو جۆرە رەنگێکی تێر
(توخس) گیانداری چەمووش
(توخم) تۆو نەژادو رەسەن (د)
(توخنکەوتن قەرەکەوتن ونزیك
بوونەوە لەشتێك
(توخوب) با سنوور
(توخوت) ز . ئێزردم لەشت
(تور) مەردومی تڕ ، (تورەتور)
ترەتر .
(تۆر) تۆران : (تۆر)ی کردەوە
واتە تۆراوە .
(تۆراخ)ماستێکە کرابێتە کیسەوەو
ئاوەکەی رۆیی بێ . هێزە (د) .
مەشکە (د) .
(تۆراغ) تۆراخي ماست
(تۆراغان) د . تۆراغدان
(تۆراغدان) دەفرێکە تۆراغي
ماستي تێ ئەکرێ .
(تۆران) دڵگیربوون لەشتێك

ودەست لێ هەڵگرتنی
(تۆراندن دڵگیرکردني یەکێك
بەرەنگێك کە بتۆرێ
(تۆرانی) ز . تۆر تۆرە .
سەگێکە کە تۆرا نەیەتەوە ماڵي خاوەني
(تۆراو) کەسێکە کە تۆری کردبێ
(توربە)جۆرە کیسەیەکي گەورەی
تەنراوە شتومەکی تێ ئەکرێ
(تورت) شتێکە لە شکانا زوو
بپەڕێ جۆرە تامێکە لەتفت کەمتر
(تورنبوونەوە) پنربوونەوەی شت
(تۆرتۆر) ز جۆرە تڕێیەکي
رەشی دەنك پچووکە
(تۆ تۆرە) ز کەسێکە لەبەر
تەمەڵي هەڵنەسووڕێ ونان بەیانەکا
(تورتەماڵ) د لاباڵ وهەڵدێرگە
(تۆرر) وولاخي بزێو . شتێکی
چنراوي کون کونە ماسي وپەلەووری
پێ راو ئەکرێ . کەوبارر . پەردەیەکە
لەچاو یەشەوە پەیدا ئەبێ بەسەرچاوا
ئەکشێ

(تۆرتۆرراو یلکە) شتی زۆر تراو

(تۆرتۆرر کاو) د. تۆرتۆرراو یلکە

(تۆرتۆررە) تۆرر تۆرراو یلکە

(تۆررەوان) کەسێکە بە تۆرر ماسی و پەلەوور بگرێ .

(تۆررێ) گیانداری خوێرێ

(تورش) ترش

(تورشیات) ترشیات

(تورشیاگە) د. شتێکە کەترشابێ

(تورشیان) د. ترشان

(تورشی) ترشی

(تۆرکردن) تۆران

(تورە) زیوی باکی بێخەوش.

ئاوریشم : ئەم کاغەزە یا ئەم شاڵە (تورمە) یە .

(تورنتە) باڵندەیەکە لە واشە بچووکترە راوی چۆلەکە وکوێر ئەکا

(تورومتە) د. هەلەکە سەما

(تۆربزۆك) کەسێکە کەزۆر بتۆرێ

(تۆرێ) ز. چەقەڵ

(تۆرین) تۆران

(تۆز) گەردو وورده خۆڵێکە کە لە شت بێتەوە . شتێکی زۆر کەم : (تۆز) یێ ئاووم بەرێ واتە کەمێك

(تۆزاڵ) تۆزلقان

(تۆزقاڵ) کەمێك لەشتێك

(تۆزکردن) بڕینی بە لە ئازاوە نانەوە : فیسلر کەس لەهەر شوێنێك بێ (تۆزەکا) یا خۆی لێرەیەو کلکی لەوێ (تۆزەکا) .

(تۆزلاتە) د. تۆزاڵ

(تۆزلقان) تۆزقاڵ

(تۆسقاڵ) تۆزقاڵ

(تۆسی) د. توێسی

(تۆشل) ز. توێکڵی دار

(تۆشە) توێشوو

(تۆشەبەرە) توێشەبەرە

(تۆشەدان) تێشوودان

(تۆف) کاتی سەرماو بەفروباوە

(تۆفاڵ) د. تلپە

(تۆفل) ز. تۆشل

(تۆفە) مووری دیوار: ئەم دیوارە

(تۆفە) یە ، واتە بەموور کراوە

(تۆف) ز . تۆو

(تۆقاندن) ترساندن . تەقاندنی بلۆق .

(تۆقانن) تۆقاندن

(توقکردن) ماندوو بوونی منالی ساوا لەبەر زۆر گریانی

(تۆقلە) شوێنێکە لەئەندام کە هەڵتۆق بێ

(تۆقلەکردن) هەڵتۆقین

(تۆقیان) د . تۆقین

(تۆقین) زۆرترسان . تەقین

(تۆك) د . تویك

(تۆکل) د . تۆیکل

. (تۆکە) شتی قورسی پتەو

. (تۆکەچی) کەسێکە شتی تۆکە داررێژێ .

(تۆل) جۆرە تەنراوێکی دەستی یە سەوزئەکرێ وئەکرێ بەکالا . کوڕری لاو . سەگێکە کەتووکی کورت بێ(ز) . حەیف (با) .

(تول) د . توولە

(تۆلا) تەلاشێکی ئەستوورەلەپەنیر وگەزۆی داگیراو . تەلا

(تۆلاز) ز . کەسێکە هیچ شتێکی بێ نەنگ نەبێ .

(تۆلاش) تەلاش

(تۆلاشە) د . تەلاش

(تولە) ل . تۆلەکە

(تۆلە) توولە

(تۆلە) پاداشی چاکە یا خراپە دانەوە . بژاردنی شتێك : لە (تۆلە) ی ئەسپێکا ماینێکم دا

(تۆلەك) گیاندارێکە کە تووکی وەریی بێ ، (تولەك کردن) هەڵوەریینی تووکی گیاندار

(تۆلەکە) گیایەکی بەهاریی گەلا گردە ئەکولێنرێ وەبۆرەوانیی ئەخورێ

(تۆم) تۆو .

(تۆماتێز) تەماتە

(تۆمار) چەن کاغەزێکی نووسراوی جوانی خەت خۆشە کە بەسرێش لەیەك

درابێ و لووله کرابێ بۆئەوەي که
قونابي بەرودوا بيخوێنێ ولەبەری
بنووسێتەوه و لەسەری فێري کاغەز
نووسين وخوێندنەوه بێ
(توٚماني) ز . جوٚره هەرمێيەکه
(توٚمیز) ه . مستەکوٚله
(توٚمه) توٚو
(تومەز) وتەيەکه ئەبێژرێ له
کاتێکا که به تەماى شتێك بوو بيت و
کەچي بەپێچەوانەي ئەوه شتەکەبوو بێ
: چووم بوٚلاى فيسارکەس کەچي
لەوێ نەبوو (تومەز) لەپێش مناچوو
بووه دمرێ ، يا چووم بوٚفيسارەشوێن
کەچي فيسارکەس لەوێ بوو (تومەز)
ئەويش بانگ کرابوو
(تون) توند
(تونبوون) توندبوون
(تونجك) ز . پەرچەم
(توند) شتێکه شل نەبێ . شتي
قايم کەلەشوێنی خوٚي نەلەقێ : ئەم
سنگه (توند) ه واته نالەقێ مەردوي
تووررە . شتي کەسکين . خێرا
(توند) بڕڕوٚ واته خێرا بڕڕوٚ
(توندبوون) تووررە بوون .
قايم بووني شت .
(توندبوونەوه) خەستبوونەوەي
شتی شل . قايم بوونەوەی شتيلەقبيو
(توندکردن) تووررە کردن .
تاوداني وولاخ . تاريك بوونیبەري
ئاسمان بەهەوري تاڵ . قايمکردنیشت .
(توندکردنەوه) قايمکردنەوەي
شتي لەق . خەستکردنەوەي شتیشل
(توندە) بريتيیە له چێشتي
قوبووڵي و پلاو .
(توندي) کەسکوونی . سەختي و
ئاڵوٚزي . تووررەيي .
(تونگ) توند. گوٚزە(د) . شەربە(د).
(تونگبوون) توندبوون
(تونگبوونەوه) توندبوونەوه
(تونگکردنەوه) توندکرنەوه
(تونگه) بەن يا دەزوويەکەجوٚلا
لەباش راپەڵکردني ئەيکا بەگلوٚله

• پارچه‌یه‌کی ته‌راوی سـفتی هه‌لدر
واوه وه‌ك جه‌ره‌نده ناوی تی ئه‌کری •
تزنده . شـه‌ربه و گوزه •
(تونگبی) توندی •
(تونتی) توندی •
(تونه‌وبوون) د • توندەوەبوو •
(تونه‌وکردن) د • توندکردنه‌وه
(توو) دره‌ختێکی به‌رزی گه‌لاپانه
به‌رێکی ووردی شـیرین ئه‌گرێ له
به‌هارا . به‌ری داری توو • تۆو •
تۆ • توێژ (د) . تویی شت (د) •
(تۆو) چه‌ن ده‌نکێکه له‌ناو به‌ری
هه‌موو میوه و سه‌وزییه‌کا هه‌رجه‌لێ
بنێژرێ ئه‌رروێ .
(توواٰ) د • شتی توێ بوو ،
(تووا کردن) توێکردنی شت
(تووا شا) د • ته‌ماشا
(تووا شاخانه) د • ته‌ماشاخانه
(توو انا) د • ته‌وانا ته‌وانایی:
(توو انا) م نیه
(تووانایی) د • ته‌وانایی

(تووا ندنه‌وه) شلکردنه‌وه‌ی شت
به ئاگر .
(تووانشت) د • ته‌وانایی
(تووانه‌وه) شلبوونه‌وه‌ی شت به
هۆی گه‌رمی یا ته‌ررییه‌وه
(تووبره) ل . تووره‌که‌ی سه‌ری
وولاخ •
(تووبه‌ره)د. تووره‌که‌یه‌که تۆوی
تی ئه‌کرێ بۆسه‌وزه‌وبی‌وزار بۆچه‌نین
(تۆو بێستان)تۆوی کاڵه‌ك و شووتی
(تووت) ل • توو
(توونك) ز . قومری
(توونان)د• دووانین و سه‌رنانه
سه‌ر بۆ هێنانه قسه
(تووترك)جۆره‌دررکێکی هه‌میشه
سه‌وزه له‌گه‌لاّ و بالاّدا وه‌ك گوڵه‌باخ
وایه به‌رێکی مێخۆشی خرر ئه‌گرێ وه‌ك
شاتوو به‌لاّم ئه‌م ووردتره
(تووترواسك) مه‌لێکه وه‌ك چۆله‌که
به‌لاّم ئه‌م کلـکی درێژتره وه‌زۆر بزێوه
(توونك)به‌چکه‌ی سه‌گ.توونی(د)

(توونکه)توونك. کرمێکه کهسێك
که هاربووبێ دای ئهنێ
(توونم) د . ترشی سماق
(توون) گیایهکی گهلابانی دالّه
ئهچێنرێ لهپاشا ووشك ئهکرێ و به
جگهره یا قهنده یا سهبیل یا نێرگهله
ئهکێشرێ .
(توونانه) شهکر بادراوێکه ئاغا
دێ لهخاوهن توونی ئهسێنێ
(توونهوان) کرێکارێکه توون بهر
ههم بێنێ .
(توونه) پهنجه پچکۆلهی دهست
وپێ . توونکهسهگ . سهگ(ه).
گۆشتێکی زیاده لهسهر پێلووی چاو پهیدا
ئهبێ (د) .
(توونهکۆله)ه . توونکهسهگ
(توونهله) توونك
(توونی)بالّندهیهکی سهوزی سهر
خرری دهندووك کهوانهیی یه بهقهد
واشهیهك ئهبێ ئهلێن فێری هێندێ
ووته ئهبێ

(توونجی) د . بلاوکردنهوه .
بهشکردن .
(تۆوچان) چارهکهیهکه تۆو کهر
تۆوی تێ ئهکا بۆچاندنی
(توونجانن)د . فلیقاندنهوه .
بانکردنهوه . کوتان
(توونجن) د . شتی لینج
(تۆوچێن) کهسێکه که تۆو بوهشێنێ
بهزهویدا .
(توودررك) تووترك
(توور) گیایهکی پایزیی توونی گهلا
پانهسهلکێکی گهورهی توونی کاکلداری
ههیه ئهخورێ . جهوالّی بچووك(ز)
(توورراق) ز . تۆراخ
(توورراندن) فیرراندن .
ههلّتیزاندنی وولاخ
(تووررداین) فرێدانی شتێك
(تووررك)تووترك . توورك
(تووررکه) زدویی سوورکاری
دادرر دادرر
(تووررد) کهسێکه زۆر زوێر

بێ وهەڵچێ، (توورەبوون) زویر
بوون ودڵگیربوون، (توورەکردن)
زویرکردن ودڵگیرکردن
(توورەوتررۆ) کەسێکەلەخۆیەوە
هەڵچی وزویر بێ .
(توورەیی)بوونیمەردوم بەتوورە
(توورك) ز . چەقەڵ
(تووره) ز . لقی مێووشتی تر
(توورەکانە) بەشێکە لەخەرمان کە
ئەدرێ بەسەرکاری ئاغادێ
(توورەکە) دەفرێکە هەڵئەدروێ
بۆ شت تێکردن
(توورەکەرویژ) گردێکە لەگڵ
کەبەکۆڵی مەردوم دروست کرابێ
(تووز)درەختێکە چووزکرابێ ·
تۆز (ز)
(تووزان)خلیسکان چووزانەوە(د)
(تووزانن) د · چووزانەوه
(تووزانەوە) چووزانەوە
(تووزك) ز . گیای توون
(تووزکردن)پەیوندکردنی درخت

(تووزیان) کسپەو چووزانەوە.
هەڵخلیسکان ·
(تووزیانەوە) د · چووزانەوە
(تووژ) تویژ (د) . تیژ (ز)
(تووژاڵ) د · تویژاڵ
(تووژگ)تویژ(د).خەنجەر(ز)
(تووژی) د · تووجی
(تووش) گیانداری چەتوون ·
رۆژی سەرماو سۆڵە· رێوبانی سەخت
(تووشاڵ) د · تویژاڵ
(تووشبون) گەیشتنی دووشت بە
یەك· بریتی بەلەدووچاربوون بەجورتمێك
(تووشك) د . تووژگ
(تووشکردن)دووچارکردنی یەکێك
بەجورتمێك
(تووشیار)د·دووچار . گەیشتنی
دووکەس بەیەك ، (تووشیاربوون)دوو
چاربوون . بەیەك گەیشتن
(تووفانە) د · مێشوولە
(تووك)مووی گیاندار . رەوشت
وخوو (با) · کەیف : فیسار کەس بە

(تووك) ٠

(توو كانن) د٠ تروو كاندني هێلكه

(توو كرروو ني) بريتي يه له بوون ودلنيايي و بێ خه فه تي به كێك : فيسار كه س زۆر (تووكى روون) ٠

(تووك كردن) ده رهاتنى په رر له به چكه ى باڵنده

(تووكن) شتى تووكدار

(تووكنه) تووكن ٠ زه رره قوونه

(تووكه) د ٠ پرروشه ى باران ،

(تووكه تووك) پررشه كردني باران ،

(تووكه كردن) باراني ووردباريين

(تووكه سه ر) كه سێكه به سه ر نانه سه رى تووررە بووبێ ، (تووكه سه ر بوون) تووررە بوون ورق هه ستان ،

(تووكه سه ر كردن) تووررە كردن و رق هه ستاندن ٠

(تووكه ي سمێل هاتن) بريتى يه له كه يف خۆشي وبزه گرتن

(توول) جۆره برنجۆكێكه

(تووڵ) لق باريكي تازه ى نه رمي دره خت ٠ قه ڵه م (د)

(تووڵبرر) بريتي يه له كه سێك كه به ديمه ن به شتێكه وه خه ريك بێ و كه چى به دڵ گوێى بۆ شتێكى تر هه ڵخستبێ : فيسار كه س و فيسار كه س قسه يان ئه كرد من خۆم لێ كردن به (تووڵبرر)

(تووڵكێش) را كێشاني تووڵى مێو به سه ر زه وى داو داپۆشيني له هێندێ لاوه به گڵ تاڵه و جيگايانه وه ره گ دا بكوتێ و برروێ ، ئنجا ناوه نده كانى ببررێ تاكو هه ر يه كه ببێ به مێوێكي سه ربه خۆ ٠

(تووله) جۆره سه گێكي بچووكه

(تووله زه رره) تووڵه زه رره

(تووڵه زه رره) گيايه كي هاوينى يه به رێكى سوورى ووردي مزرى ناسكى هه يه

(تووله ك) مه ردومي گه نجى تاره پێگه يشتوو ٠ گياندارێكه كه تووكي وه ريبێ

(تووڵه ك) رێويى يه كه تووكى وه ري بێ ، (تووڵه كبوون) وه ريني تووكي

ڕێوی ، (تووڵەککردن) تووڵـە کبوون

(تووڵەمار) ماری باریکی‌بچووك

(تووڵی‌سەوز) گیابەکی لقلقه بەرێك ئەگرێ وەك گوێژ بەڵام ئەم درێژ کوڵەیە

(تووڵینه) قووڵینەیەکە کەلە تولی باریك‌دروست کرابێ ٠

(تووم) د ٠ تۆو

(توومانه) د ٠ تەماته

(تووم‌ه) د ٠ تۆمه

(توومەدان) د ٠ تۆمەدانه

(توومەدانه) د ٠ توومەدان

(توون) شوێنی ئاگر کردنی حەمام شتی کەسکوون ٠

(توونا) گیانداری دەربەدەر ،

(توونابوون) دەربەدەربوون ،(توونا کردن) دەربەدەرکردن

(تووناوتوون) توونا

(توونچیی) کەسێکەلە توونا ئاگر ٠

(توونخانه) تۆونی حەمام

(تووەڕەشە) شاتو

(تووەسووره) جۆرە توویەکی سووری مزره

(تۆي) لۆیەك لەشتێك : (توێ) یەك بەرگم لەبەرایە

(تۆیانه) توقوڵێکە ئەخرێتەناو کاڵای بووکەوه لەماڵی زاواوه ئەنێررێ

(توێتکه) دانیشتن وسرەوتن

(توێتکه خواردن) ئارامگرتن‌و سرەوتن ٠

(توێتکه گرتن) توێتکەخواردن

(توێتوێ) جۆرە گۆرانی‌یەکه ئەووترێ بۆمانگا لەکاتی دۆشینیا ٠ شتی توێ لەسەر توێ

(توێخ) توێکلێکی تەنکه بەسەر هێندێ شتەوه

(توێژ) چەوری‌یەکی‌تەنکەئەکەوێتە سەرماست‌وشیر بەهۆی کوڵاندنیانەوه ٠ قەتماغەیەکه ئەکەوێتە سەربرین وهێندێ شتی‌تر ٠

(توێژاڵ) توێژی تەنك

(توێژگرتن) پەیدابوونی توێژلە
سەرهێندێشت . گرتنەوەی توێژیشت
(توێسوو) توێسی
(توێسی) گیایەکی درڕکاویە
لاقەدەکەی بریندار ئەکرێ تاجەوی
دەربدا
(توێشوو) خواردەمەنی یەکە
کارەفتەنی لەگەڵ خۆیا بی‌باپۆڕێگا
(توێشووبەرە) توێشوودان
(توێشوودان) شتێکە کە توێشووی
تێ ئەخرێ
(توێشووکردن) دروستکردنی
توێشوو . نان خواردنی بەیانی
(توێشەبەرە) توێشوودان
(توێك) توێخ
(توێکردن) توێژاڵ توێژاڵکردنی
گۆشت بۆ برژاندنی .
(توێکڵ) پێستێکە بەسەرداروو
درەخت ومیوەو هێندێ شتی ترەوە
(توێاڵ) د . تەوێاڵ
(توێلاش) تەلاش

(توێڵبەن) د . دەسرۆکەیەکە
ژنان ئەی بەستن بەناوچەوانیانەوە
(توویری) ز . چەقەڵ
(توویل) ناوچەوان
(تە) ز . تۆ
(تەبا) کەسێکەکە لەگەڵتاریێك بێ:
فیسارکەس لەگەڵتا (تەبا)یە
(تەباخچە) ز . سینی فنجانی قاوە
(تەبارە) کەڵەکێك یا نیشانەیەکە لە
ناوەندی دوو شوێنا بکرێ بوجیاکرنە
وەیان لەیەکترین . دەغڵێکە کە پەشتابە
پێوەبێ ودروێنە نەکراپێ . قەبارە
(تەبانە) ز . بازگردێن
(تەبر) ل . تەور
(تەبوور) ز . شەن
(تەبەتۆڕ) ز خانووی جاڵجاڵۆکە
(تەبەرزین) تەورزین
(تەبەش) ز . جۆرەمەرریکە
(تەبەق) دەردێکە وەك (شەلکە)
تووشی رەشە وولاخ ئەبێ وزێرمی
بریندار ئەکا

(تەبەقە) تەبەق
(تەبەقەترانە) شتێکە ئەسێنرێ
لەیەکێك کەلەناوەردوما تری لێ
بەربووبێتەوە .
(تەبەك) لەنگەرێ
(تەبەلیە) ل . جۆرە پشتێنەیەکە
پێی سەرئەکەوون بەدارخورمادا
(تەبەنە) سووژنی کڵاشچنین
(تەپ) پیسی ئادەمی یارەشا وولاخ
کەپان بووبێتەوە . فرروفیاڵ (ز) . فێ
(با) . تەپۆڵکە وگرد (د) . کۆمەڵە
یەك لەشت .
(تەپارك) ز . قوررو شیاکەیەکە
تێکەل کرابێو دەمی کوورەی هەنگی
پێ سواغ درابێ
(تەپاڵە) شیاکەی ووشکەوەبوو
(تەپان) گرێژەنەی دەرگا .
خوانکەی ئاش . گەلا کوتك (ز)
(تەپاندن) قوپاندنی بانوهەموو
شتێك کەژێری بۆش بێ . ئاخنین
وپرکردنی شت : لەکاتی خواردنا
زۆری تێ (مەتەپێنە)
(تەپان) تەپاندن
(تەپاوتل) تلدان بەباڵکەوتنەوە
(تەپپە) جۆرە دەنگێکە وەك
دەنگی پێی وولاخ وزەلام
(تەپتەپان) د . تەپتەپکردن .
(تەپتەپە) ئەسپە ئاسنینێکە بە
ئاگر ئەرواو تەپتەپی لێ دێ
(تەپخ) شوێنێکە کە رووخابێو
تەخت بووبێ، (تەپخبوون) رووخان
وتەختبوون ، (تەپخکردن)رووخاندن
(تەپدان) د . خررکردنەوەو
کۆمەڵ کردنی شت . تەپدانەسەر
(تەپدانەسەر) هەڵمەت بردنەسەر
شتێك وداگیرکردنی
(تەپرەش) ز . فێڵباز
(تەپس) د . تەپین
(تەپشو) تێشوو
(تەپك) ز . تەپکە
(تەپکردن) ز . خۆتەکردن لە
ترسی شتێك

(تەپكە) گەمروە يابەردێكە لە
سەر چالێك بە چيلكەيەك بە ئاستەم رائەگيرێ
بۆئەوەى ئەگەر بالندەيەك بچێتە ناويەوە
تەپكەكە بەسەريا بكەوێ و بيگرێ ٠
تەپالە . تەپۆلكەي بچووك

(تەپل) نەقشى سەر پەنجەى دەست
كەلەسەر كاغەز ئەكيرێ

(تەپڵ) چەرمێكي خاوەئەگيري
بەدەمى دەفرێكى قوولا بۆئەمەى كەبە
دار لێى بدەن ودەنگى لێوەبێ

(تەپڵزەن) كەسێكە كەتەپڵ باش
لێ بدا ٠

(تەپلك) ز ٠ تەپڵ

(تەپلۆس) مەردومى تەمەڵى كار لێ
نەهاتوو

(تەپلە) جۆرە كلاوێكى قوولێ
يەك پارچەيە لەخوري يامەرەز ياكورك
يابەرگن دروست ئەكرێ ٠ تەپكە (د)
تەپلەكي جگەرە

(تەپلە) كەلارە

(تەپلەسەر) تەوقەسەرەى هەموو شتێك

(تەپلەقوو) دارێكى كێوييە لە
بەلالووك ئەچێ

(تەپلەقوو) تەپلەقوو

(تەپلەك) سەرە دارێكى درێژ
كۆلەيەئەخرێتە سەر كۆلەكە ونيرگەي
لەسەر دائەنرێ . پارچەيەكى گردە
لەناوەراستى كلاوا ٠ ميزێكي بچكۆلەي
بەرزە لەبەردەمي كورسي دانيشتنادا
ئەنرێ بۆجگەرە وچايى لەسەردانانى٠
دەفرێكي بچكۆلەيە جگەرەي دا گيرساوى
لەسەر دائەنرێ ٠ خانوويەكە سەر
بانەكەي گڵەبان نەكرابێ بەلكوهەر
زەلى لەسەر دانرابێ بەرەنگێكى واكە
ئاو بررێژێ

(تەپۆ) جۆرە ميشوولەيەكي گەورەيە

(تەپونل) تەپاوتل

(تەپوتۆز) تۆزو گەردي زۆر

(تەپوخ) د. مەردومي سەرەنگرێ

(تەپوكۆ) كەوتن وهەستانەوە:
فيساركەس بەشەو هەر(تەپوكۆ)يەتى
واتە لەبەر كزيى چاوي هەرئەكەوێ و

هەلْ ئەستێتەوە
(تەپۆكە) تەپۆلْـكە
(تەپۆلْـكە) كۆسپاێي زەوي
(تەپۆلە) تەپۆلْـكە
(تەپۆنكە) تەپۆلْـكە
(تەپونم)باراني هێواشي لەسەرخۆ
لەكاتێكا كەتەم ومژداي دائێتەسەر زەوي
(تەپە) تەپە،(تەپەتەپ)تەپەي
يەك لەدواي يەك ، (تەپوهوورر)
تەپەتەپي زۆر ۰ گردي پچكۆلە ۰ دارێكي
گردي لووسە بەبنميچەوە رايەلْي تەوني
ئەخرێتە سەر
(تەپەتورە) بريتي يە لەمنالْي تازە
پێ گرتوو كەزوو زوو بكەوي
(تەپەدان) د ۰ تەپدان
۰ (تەپەدۆر) جۆرە دارێكي نەرمە
وەك پووشوو سەرقاپي شووشەي لێ
دروست ئەكرێ
(تەپەدووكەلْ) چەررەدووكەلْ
(تەپەكـلاو) د ۰ تەپلەكي كوڵە
كەۆ ستووني دەوار

(تەپەلْۆك) تەپالْەيەكە كە بۆ
سووتاندن بان كرابێتەوە
(تەپيان) د ۰ تەپين
(تەپين) قوپاني بان و هەموو
شوێنێك كە زۆري بۆش بێ لە بەر
قورسي ۰ قوپاني كالْەك وشووتي لە بەر
كۆني ۰ بريتي يە لەبەناراچووني مەردوم
لە بەر پيري ۰ لێداني دەمار (د) ۰
(تەتاقك) ز ۰ نەعنا
(تەتك) ز ۰ دەستكێش
(تەتلْەميران) كرمێكي بازەلْەي
بەهاري يە دوو ريز قاچي هەيە
(تەتن) قورر
(تەتە) ووتەيەكە منالْي ساوا بە
شتي جواني ئەلْێ ۰ بۆكلْەيەكە لەهەوير
يا قورر دروست ئەكرێ ومنالْان
ياري پێ ئەكەن ۰ تەختەيەكي تەنكە
گۆزە و ديزەي پێ لووس ئەكرێ
لەكاتي دروست كردنيا
(تەتەر) كەسێكە بەدەستو برد
نامەي مەردوم بيا بۆ خاوەني

(تەتەشۆر) د . تاتەشۆر
(تەتەڵە) پارچە تەختەیەکی لووسە
ئەلف وبێ ی تیا نووسرایێتەوە بۆ منداڵ
. سێبەندە (ە) . ڕوومەت (د) .
پاکردنی دانەوێڵە بەهەڵتەکاندنی بەلەنگەری
(تەتەڵەکردن) پاکردنی دانەوێڵەو
بەرد لێگرتنی بە هەڵتەکاندنی بەسینی
یا بە لەنگەری . هەڵەپی کردن لە
گوفتوگۆدا . سەرکردنی گوللەو پلار
لە نیشان شکاندنا
(تەتەڵەمیران) تەتڵەمیران
(تەجەنەر) سابرێن
(تەحاتەحا) باسو خواسێکە کە
بەسەر دەمی هەموانەوە بێ وەمایەی
سەر سوورمانیان بێ
(تەحت) شاخ وداخی بەردین
(تەحح) پەحح
(تەححا) پەححا
(تەحر) شێوە
(تەحرە) ز . قرچەی نیوەڕۆ
(تەحسین) ز . پێ هەڵخلیسکان

(تەخیل) ز . شتی شتی گڵاو
حەوت جار
(تەحل) پا . تاڵ
(تەحلك) ز . پیاوی ڕەشتاڵە
(تەحلەسیف) ز . کاڵە کەمارانە
بەکە تەخورێ
(تەحلیشك) ز . ئاوی تاڵی سوێر
(تەحلی) ز . گیایەکی تاڵە .
تاڵی هەموو شتێك
(تەخ) ز . دەزگێکە کاجرووتی
پێ ئەگیرڕێتەوە
(تەخار) تەغار
(تەخاراو) تەغاراو
(تەخت) شتی پانی ڕێکی بێ گرێ
وقۆرت . جۆرە کورسی یەکە لەسەری
دائەنیشن . چارپایە (ل) .
(تەختان) تەختایی
(تەختانی) شوێنی تەختلەزەویی
(تەختایی) تەختانی
(تەختبوون) ڕێکبوونی شوێنێك
. بریتییە لە نەمانی گرێ و قۆرتەو

بەرهەڵست لەکارێکا
(تەختڕەوان) د . تەختەڕەوان
(تەختکردن)ڕێك خستنی شوێنێك.
بریتی یە لە بەزەویی دا دانی یەکێك
(تەختە) دارێکی پانی تەنکی داهێنراوە
. پارچەی دەوار وجاجم و پۆپە شمیین
و بەرماڵ ومەوج کە لە یەك ئەدرێ :
جاجمەکە یا دەوارەکە چوار (تەختە) یە
(تەختەبەن) تەختەبەند
(تەختەبەند) جۆرە کورسی یەکی
گەورەی بەرزە لێك ئەدرێ وخێزان
لەسەری ئەنوێ
(تەختەپۆش) شوێنێکە کە بە تەلە
بەرد داپۆشرابێ . فەرشکردنی
شوێنێك بە تەلە بەرد
(تەختەڕەوان)ژوورێکی بچکۆلەیە
لە تەختە لە سەرپشتی دوو وولاخ یا
زیاتر هەڵ ئەگیرێ و چەن کەسێکی
تیا دا ئەنیشێ
(تەختەزەنگ) د . پارچەئاسنێکی
هەڵواسراوە لەمەکتەب وکارگەدا هەر
ساتەنەساتێ لێ ی ئەدرێ بۆ پیشاندانی کات
(تەختەسرر) شتێکە تەباشیری
سەر تەختەی ڕەشی مەکتەبی پێ
ئەسررێتەوە
(تەخدەمە) ز . بەرکوت
(تەخسیر) ز . نچەنا
(تەخشك) با . رفەی سەرتاق
(تەخشەلاکوم) د . جووڵەجووڵ
(تەخلیت) ز . نەوع : ئەمەدوو
(تەخلیت)ی هەیە واتەدوونەوعی هەیە
(تەخنك) ز . لەنگەری
(تەرابوون) ز . کەوتنەخوارەوە
لە بەرزی یەوە
(تەرات) د . سەڵەفکردن و
تاودان
(تەراتێن) هاتوچۆکردنی گیاندار
بە هەڕراکردنەوە .
. (تەراخومە) جۆرە دەردێکی
بەرەسێنە ئەگا بەچاو
(تەرار) با . جای ئاوخواردنەوە
(تەرازوو) ترازوو

(تەرازووباز) ترازووباز

(تەراش) تاشینی سەر یاریش :
(تەراش) بووم یا (تەراش) م کرد

(تەراشتن) ز . تاشین

(تەراف) ز . قوناری مێو

(تەرافکرن) ز . قونارکردنی مێو

(تەرکرن) ز . هاویشتنی شت
لە بەرزییەوە

(تەرال) ز . پیاوی تەمەڵ

(تەرانە) ز . یاری وگاڵتە

(تەربی) دارێکی کوێستانیی
هەمیشە سەوزە بەرێکی خڕی سوور
ئەگرێ وەك بەلاڵووك بۆرەوانی ئەخورێ

(تەرپلیین) ز . سەرسمدانی وولاخ

(تەرپۆش) د . تەررپۆش

(تەرتوول) ز . هارریە

(تەرچك) د . گیای تازە دەر
هاتووی ناسکی نازاو

(تەرح) جۆر : ئەم (تەرح) ەم
ئەوێ . تەحر . شوونی نەگەیو

(تەرحەك) کوڵە دررك

(تەرحي) ز . سەرپۆشی ژن

(تەرخان) ترخێنە . شوێنێك یا
شتێکە کە قەدەغە کرابێ ، (تەرخانکردن)
جیاکردنەوە وقەدەغەکردنی شتێك یا
شوێنێك بۆ کارێك

(تەرخوون) گیایەکی تووني خۆشي
گەڵا باریکە بەگۆشتەوە ئەخورێ

(تەردەس) د . تەرردەست

(تەردەسي) د . تەرردەستي

(تەرر) شتێکە کە شێی ئاوي
ببێ . شتي روون : ئەمدۆیە (تەرر) ە
وانە روونە . تەررە (د) .

(تەرراد) رمبازیي کردنی چەن
سوارێك . سمت

(تەرراف) پارچە گۆشتێکی تەنکی
پانە وا لە ناوەندی ریخۆڵە وجەرگ
وسيدا . گۆشتي بۆشایی خوار کە لە کە

(تەرراڵ) د . تەمەڵ

(تەرراو) سپیکردنەوەی ناوماڵ
بەگڵەسپي گیراوە .

(تەررابي) شوێنی تەرر

(تەرربوون) بریتییە لەعارنانو
پەند وەرگرتن : فیسارکەس هەرگیز
(تەررنابێ) هەرلەنەبوونا بەکاردێنرێ
(تەرربوونەوە) بریتییەلە ژن
هێنانی پیاوێکی بەساڵاچوو لەپاش
مردنی ژنی پێشووی یاتەڵاقدانی
(تەررپوش) بریتییە لەیەکێکی
بەساڵاچوو کە بەرگ و کاڵای جوان
لەبەربکا .
(تەرردەست) بریتییە لەیەکیک
کە بەدەستوبردبێ لەئیش و کارا .
(تەرردەستیی) بریتییەلەچالاکیی
لەئیش و کارا .
(تەرردەم) بریتییە لە مەردومی
قسەزانی قسەررەوان .
(تەررزمان) د . تەرردەم .
(تەررفرۆش) تەررەفرۆش
(تەررك) داری تەرری ئەستوور
(تەرركردنەوە) بریتییە لەگیادان
بەووڵاخی بەرزەلەباتی کاوجۆ لەبەهارا .
(تەررلان) گیانداری شوخ و
شەنگ . بازی گەورە
(تەررلە) گیایەکی بەهارییە لە
ناو داروەدەوەنا ئەررویێ وەبە سەوزیی
ئەخورێ .
(تەررن) زیانگەیاندن بەیەکێك
بەبێ ئەمەی کە خۆی‌پێ بزانێ :
فیسارکەس (تەررن) یێکی پێ‌دام یا
(تەررن) یێکی پێ کردم . فیررۆ :
بە (تەررن) خانووەکەم لە دەست چوو
(تەررەبرر) شتی تەرر بەجۆرێك
کە ئاوی‌لێ بتکێ .
(تەررەتازە) شتی تەررەبرر .
(تەررەتۆوشی) کاتی‌باران و قوررو
چڵپاو .
(تەررە) بریتییەلەسەوزەو میوە .
(تەررەبنە) د . جۆرە گیایەکە
ئاواڵ ئەیخوا .
(تەررەپیاز) پیازی سەوزی گەڵا
دار .
(تەررەتوڵەکە) بریتییە لەشتی
هەرزان : گەنم بووە بە (تەررەتوڵەکە)

(تەررەتوو) تووي تازەوتەرر

(تەررەتووررە) تەررەتییزە .

(تەررەتییزە) گیایەکي گەلاووردي

توونە بە گۆشتەوە ئەخوريٚ .

(تەررەزەن) گیانداري تازە زاو

کەشیري زۆرورون بيٚ . گیایەکي

کویٚستانیی بونخۆشە بومەرر زۆر باشە

(تەررەژەن) د . تەررەزەن

(تەررەساز) خواردەمەنی یەکي مزرە

دروست ئەکريٚ لەبرروێش وشیٚلمي جنراو،

لەترخیٚنەی تەررتراوترە .

(تەررەسالٚ) سالٚیٚکە کە بەفرو

باراني زۆربيٚ .

(تەررەسلیٚمانە) د . جۆرە گیایەکە

(تەرردفرۆش) کەسیٚکە کەمییوەو

سەوزە بفرۆشيٚ

(تەررەکالٚ) گەنمی بەراو

(تەررەماست) با . کەرە . سەر

تويٚی ماست وشیرە کەلە پایزاناچیین

چیین لە دیزە یالە پیٚستەدا دائەنريٚ

ولە زستانا ئەخوريٚ

(تەررەماش) فەریکە ماش .

وونەیەکەشني هیچوپوچی پيٚ ئەشوبهیٚنريٚ

: (تەررەماش) م خواردوە لەوەرامي

بەکیٚکا کەلیٚت پرسيٚ چیت خواردوە؟

واتە شتیٚکی هیچوپووچم خواردوە

(تەررەمالٚە) د . هیٚلەساوکردنی

سـواخ .

(تەررەمالٚيٚ) د . تەررەمالٚە

(تەررەنداز) تەرربۆش

(تەررەوکردن) د . تەرر کردنەوە

(تەرردوون) داریٚکي پچووکی

تالٚي ئاويیە

(تەرریانە) هـ . سەبەتەیەکە لە

شوولٚ دروست کرابيٚ

(تەرریی) تەررايي

(تەرریێزە) بۆشايي کەلەکە

(تەرریینە) هـ . داریٚکي کویٚستانيیە

گەلاٚي لەگەلاٚی هەنار ووردترە وە

زۆر تالٚە بەریٚکي هەیە وەك (رەزلٚە)

بۆژانە سك زۆر چاکە

(تەرز) سەرلقی ناسکی هیٚنديٚ

سەوزایی وەك مێوو كاڵەك وشووتی . تەرزە
(تەرزە) شتێكی سپی خڕی ووردی
ساردە وەك بەفر ، هێندێ جار ئەبارێ
(تەرزەشكێن) تەرزەكوت
(تەرزەكوت) بڕینی بەلەسەرزەنشت
وئاموژگاریی یەكێك یەك لەسەر یەك:
(تەرزەكوت) دای گرت
(تەرزەلووكە) شتێكە نەوەك تەرزە
رەق نەوەك بەفر نەرم وەزۆر زوو
ئەتوێتەوە .
(تەرس) پیسی ماین و ئەسپ
وئێستر . كاری پێچەوانەی ناڵەبار:
ئەم كارە (تەرس) هاتوە
(تەرسەقول) پیسی كەر
(تەرفك) ز . پارچەگوریس
(تەرفین) ز . چاویەشان بەهۆی
شتێكەوە كەتێی بكەوێ
(تەرك) تەنشت . تەرزەی دەنك
گەورە . بڕین ودڕینی شت لەباری
درێژی . باشكۆ . خشڵی ژنان (د).
چەكی جەنگی (د) .

(تەركەن) د . بەن سامۆتە
(تەركەند) تەكەن
(تەركەكەوتن) لەجی چوونی دەستی
كەر .
(تەركە) پێیكە . تووڵی تەرر (د)
(تەركیەس) بەن سامۆتە
(تەركیەن) د . تەركەن
(تەركی) پاشكۆ
(تەرلان) تەررلان (ز) . بازی
گەورە (د) .
(تەرم) حەوتەوانەی گەورە (ز) .
گۆلیتی مێو (ز) . لاشەی گیانداری
مردوو (ز) . دارەمەیت
(تەرماڵ) ز . كەفەڵی گیاندار .
شێوەو كاڵا .
(تەرو) تەربی . تەررەوون . كفر
(تەروال) د . تەرواڵە
(تەرواڵە) ه . هەرزال
(تەروو) تەرو
(تەرووزی) د . ترۆزی
(تەروەندە) شتی ناباب

(تەرە) گیاندارێکی ماڵی بەکەرەهندە
بووبێ ، (تەرەبوون) دەربەدەربوونی
گیاندار ، (تەرەکردن) دەر بەدەر
کردنی گیاندار

(تەرەجە) ل . تاق

(تەرەدوا) د . تەرەکردن وراونان

(تەرەدین) ز. مەردومی دەلوو کار

(تەرەس) ووتەیەکەلەووتانی جنێو
وەهەر بەپیاو ئەووترێ

(تەرەقە) شتێکە وەك پوولەکە
بەسەر قەوانی فیشەکەوە بەتروو کاندنی
دەمانچەو تفەنگ ئەتەقێنرێ

(تەرەوون) تەررەوون

(تەریقین) ز . توورە بوونو
رق هەستان

(تەریی) ز . کلێنچکە . دووگ

(تەریب) راستە درومانێکەچەپ
وچێر بەسەر (باریکە) و (جوستە)
دا ئەررەوا .

(تەریبدان) دروونی شت بەتەریب

(تەریلە) چەردە

(تەریق) شەرمەزار (تەریق
بوونەوە) شەرمەزاربوون ، (تەریق
کردنەوە) شەرمەزارکردنی یەکێك

(تەریقی) شەرمەزاری

(تەریك) مەردومی کلاوی کەنارەگیر

(تەریکی) کەنارەگیری

(تەز) د. تەزوو یەکە بەجەستەدادێ

(تەزان) تەزین

(تەزاندن) بریتی یە لەئازاردان
وداگیرکردنی یەکێك بەجۆرێك کە
چاوترسێن ببێ . ساردوسرر کردنی شت
بەبەفر یا بەسەهۆڵ

(تەزرە) تەرزە

(تەزگ) تەزوو . تەرزەی دەنك
گەورە (با) .

(تەزوو) مووچرك ولەرزینێکی
بێ بەروایە دێ بەسەر ئەندامی گیاندارا
لەسەرما یالەترسا یالەبیستنی کیررەی
هێندێ شتەوە . تەرزە

(تەزی) با . شتی زۆر سارد

(تەزییگ) تەزیو

(تەزین) سرربوونی ئەندام لە سەرما یالەبەر زۆر کەوتن بەسەریا
(تەزیو)شتێکە کەزۆرسارد بووبێ٠ شتێکە کەسرربووبێ
(تەزاندن)با . گوشین : دەستیم (تەزاند)
(تەزگ)هەزگ.جۆرە کاڵایەکە کەلەکەتان کرابێ (ز) .
(تەژنە) ھ . تینوو
(تەژە) رایەڵی بنمییچ٠ بریتییە لەمەردومی درێژی زەلام
(تەژی) با ٠ پرر ٠ تێر
(تەس). ووتەیەکە بزنی پێ لێ ئەخوررێ . ووتەیەکە ئەسپ و ماین وئێستری پێ لێ ئەخووررێ
(تەسك) شتێکە کەپان نەبێ
(تەسکوتروسك)شتی زۆر تەسك
(تەسە) نانگێن (ھ) . کوولی هەویر تیا شێلان
(تەسەل)گیانداری تێر،(تەسەلبون) تێربوون ، (تەسەلکردن) تێرکردن

(تەشاوی) د . کلاوروژنە
(تەشبی) د . تەبەقەتررانە
(تەشبیتررانە) د .تەبەقەتررانە
(تەشپی) دەفرێکی پەلی دارینە
(تەشپیتررێن)بریتییەلەمەردومی زۆر خۆر
(تەشپیلۆکە) تەشپی پچووك
(تەشت) دەفرێکی گەورەی دەم والی لێوداره لەمس یاتەنەکە یالەوح
(تەشتولکە) تەشتی بچووك
(تەشتۆلکە) تەشتولکە
(تەشتیر) ز ٠ گیسکەمی
(تەشخەڵە) د ٠ تەشقەڵە
(تەشق) تەووژمی ساردی : بەم بارانە (تەشق)ی ساردی شکا .
(تەشقشکان)نەمانی تەووژمی ساردی
(تەشقەڵە)گەرروفێڵ ، (تەشقەڵەکردن)گەررکردن بەمەردوم و بەگیر هێنانی بەناررەوا بۆداگیرکردنی شتێك لێی ٠ بەلاوچەبۆکی رۆزگار ٠ بەرهەڵست وگرێیەکەکەئیشووکارت

قەنیس بکا

(تەشقەڵەباز) مەردومی گەررکەر

(تەشك) تەنشت قەوارەو

قەڵافەت (د) . لاق (ز)

(تەشککەوتن) تەرککەوتن

(تەشکەبەررە)ووتەیەکەنوسراوي دوورو درێژبی پێ نەشوبهێنرێ لەکاتێکا کەلەسەرپارچەکاغەزي گەورە نووسرا بێ : فیسارکەس (تەشکەبەررە)یەکي نووسیبوو .

(تەشگاه) ل . مەقەڵي

(تەشوو) تەشوێ

(تەشوێ) ئاسنێکی مۆدەداری دەم باني تیژی کلك دارینە داري پێ نەتاشرێ .

(تەشە) د . تەشاوبی

(تەشەر) تواںج

(تەشەنەکردن) خۆخواردنەوەو تەنینەوەی برین

(تەشي) دارێکي کاڵ باریکي سەرخرروقولاپێکي پێوەیە لۆکەوخوری بەدەست پێ ئەررێسرێ

(تەشیرڕستن) رستنی مووخوری ولۆکە بەتەشي . بریتیە لە مێچکە مێچکە کردن بۆیەکێك

(تەشیرڕێس)کەسێکەکەتەشي برێسێ

(تەشیرێسي) گوزەرانکردن بە رستنی تەشي

(تەشیلان) ل . هەڵماتێن

(تەشیله) لۆکە یاخوریەکەکە بەخەررەکرێسرابێولەدووخداماڵرابێ . خولخولۆکەیەکي دارینە ماشەری پیا ئەکرێ ولەسەری ئەکرێ بەگوڵۆلە . هەڵمات (ل)

(تەشيهەڵگەر) دووداریەکي کونێکي تیایەئەمسەروئەوسەري تەشي پیا ئەکرێ وڕێسراوي لەسەر هەڵئەکرێ

(تەعل) ز . تەحل

(تەعەد) ز . جۆرە گوێژێکە

(تەغار) ئەندازەیەکە لەکێشانو پێواني دانەوێڵە : سیربە لەگەنم و جۆو برنج (تەغار) یکە . سيدانەیە لەهێندێشت:سي گورگە (تەغار) یکە

(تەغاراو)دەفرێکە پیستەچي ئاوي
تێ ئەکا وچەرم و پێلاوي کۆنی تیائەخو
سێنێتەوە ·

(تەف) دیویکە لەمیچ

(تەفاری)ز. جۆرەهەنجیرێکي
نایابە ·

(تەفاریك) ز . کەسێکە کەلە
دێ یەك دانیشتبێ وخەڵكي ئەوێ ئەبێ
، یاخەڵكي ئەوێ بێ وزەویوزاري
لەوێ نەبێ

(تەفتیك) ز . کورك

(تەفروتوونا) کەسێکە لەشوێنێك
ئاوارەو دەربەدەر بووبێ ، (تەفرو
توونابوون) دەربەدەر بوونی گیاندار
لە شوێنێك (تەفروتوو ناکردن)
دەربەدەر کردن

(تەفرە) فریو

(تەفرەخواردن) فریوخواردني
بەکێك .

(تەفرەدان)هەڵخەڵەتاندني بەکێك

(تەفشۆ) ز · تەشوێ

(تەف) کۆمەڵ (ز) . لەگەڵ(با)

(تەفتەفیك) ز . کەمانچە

(تەفدان) ز · تێکداني چێشت
لەسەر ئاگر

(تەڤدیر) با . تەگبیر

(تەڤر) ز . تەور

(تەڤز)ز. تەوس و گاڵتەپێکردن

(تەڤزین) ز · تەوزین

(تەڤزین) با · شیاکەي شل

(تەڤلیهەڤ) ز . چەن شتێکن
دانرابن بۆئەوەی کەئامێتە بکرێن

(تەڤن) ز · تەون

(تەڤەر) ز . تەوورزین

(تەقالا) تەقەلا

(تەقالك) ز · وولاڵە

(تەقاندن) ئاگرداني چەك

(تەقاندنەوە)لە بێژنگ وقەڵبیر
داني دانەوێڵە بۆگرتني ووردەی

(تەقانن) تەقاندن . تەقاندنەوەي
دانەوێڵە (د) · چەسپاندني شتێك بە
شتێکەوە .

(تەقانەوە) تەقاندنەوە
• (تەقاویت) کەسێکە کەماوەی
کارگوزاریی دەوڵەتی تەواو بووبێ
(تەقتەقوك) ز • چەقەنەی ئاش
(تەقکردن) بریتییە لەزۆر گریان
وماندووبوونی منالی ساوا • ووتەیەکە
بەمنالێ ساوا ئەووترێ لەجیاتیووتەی
(لێدان) : (تەق کە) واتەلێیدە
(تەقلە) کلاو • یەکەم بەریھەنجیر
کەبەنەبەکای ھەڵئەوەرێ
(تەوڵە) خۆھەڵگێرانەوە بەسەرا
(تەقلەباز) کۆترێکە بەئاسمانەوە
تەقلەلێبدا • کەسێکە تەقلەباش لێبدا
(تەقن) ز • قورری زۆر
(تەقوپۆق) د • تەقوتۆق
(تەقوتۆق) چەن دەنگێکی بەرزو
نزمن کەھەر دەنگەی لەلایەکەوە بێ
(تەقودەو) د ، تەقوررەو
(تەقوررەو) نەمانی ئاسایش و
رەوکردن لەترسانا
(تەقرو) ووتەیەکە بەکاردێنرێ
بۆ گەیاندنی بیمی بوون یانەبوونی
شتێك : بۆچی بنووم (تەقوو) خەبەرم
نەبووەوە •
(تەقە) دەنگێکە لەلەیەك کەوتنی
دووشتی زەق پەیدائەبێ (تەقەتەق)
تەقەی یەك لەدوای یەك، (تەقوھووررر)
تەقەتەقی زۆر •
(تەقەتێکەوتن) بریتییە لەچۆڵبوونی
شوێنێك لەمەردوم بەرەبەرە : بازارر
(تەقەی تێکەوت) واتە چۆڵبوو
(تەقەداکەوتن) پەیدابوونی تەقە
لەچەن لایەکەوە • بریتییە لەپەیدا
بوونی قسەی رەق لەناو چەن کەسێکا
(تەقەفیرره) د • سك چوون
(تەقەڵ) دانەی دروومان
(تەقەلا) ھەوڵ و کۆشش بۆشتێك
(تەقەڵبەست) د کۆکیدروومان
(تەقەڵتێھەڵدان) دروومان بەدەرزی
(تەقەمەنی) فیشەك وگوللە و بۆمبایە
کەدانرابن بۆتەقاندن
(تەقیاگ) د • دانەوێڵەیەکەکە

تەقێنرابێتەوە ·

(تەقیلین) ز هەڵخلیسکان

(تەقیلە) تەقلە

(تەقیلە لەسەر تەقیلە) ناوە بۆ یارییەك کەچەن کەسێك بەگردیی دا ئەنیشن ، وەستاکەیان لەوکاتەدا ئەڵێ (تەقیلە لەسەر تەقیلە ، هەر کەس نەی بێ زەلیلە ، پشکۆ لەسەر سەبیلە)

(تەقین) دەرچوونی چەك · درز بردنی پیاڵەو بۆریە وهێندێ شتی ترلەگەرما یالەسەرما . لەتبوونی بەرد وهێلکە وبەرروولەنارئاگرابەرەنگێك کەدەنگیان لێوەبێ . دەنگی ترازانی جومگەی گیاندار : پشتم (تەقی) · لەقورر چەقین (ز) · شەقبردنی شت

(تەقینەوە) تەقینی گوللەلەوکاتەدا کەلەشت ئەکەوێ . بریتییە لەبڵاو بوونەوەیدەنگوباسێك زۆر بەگورجی · چەوسانەوەو هەوڵدان : هەرچەن بە شەوو بەرۆژ (ئەتەقیمەوە) پێ بژە ، خۆم بەیاناکەم

(تەك) تەنشت . تەنها . قووڵ . تەیکە (د) ·

(تەکان) تەووژم · بریتییەلە شەق : دایە بەر (تەکان)

(تەکانخواردن) جووڵانی شت لەجێی خۆی بەهۆی تەووژمێکەوە

(تەکاندان) خۆکوتان بەتەووژم

(تەکاندن) راوەشاندنی شت : درەختەکە (بتەکێنە) بۆ کەوتنە خوارەوەی بەرەکەی ، یابەررەکە (بتەکێنە) بۆلێبوونەوەی تۆزەکەی

(تەکانەوە) تەکینەوە

(تەکەند) پشتێن

(تەکدان) چوونەپێشەوەبەنهێم : فیسارکەس (تەکی دایەپێشەوە) · تەکەدان .

(تەککەوتوو) کەسێکەکەدوای بەکێك کەوتبێ

(تەککەوتە) تەککەوتوو

(تەکە) جۆرە لبادەیەکی ناوداری پررتەرییە تاسەر ئەژنۆ ، لەسەرکاڵاوە

لەبەرئەکرێ
(تەکودەو) تەقودەو
(تەکووز) با • شتی تەواوو ئامادە
(تەکە) باڵدانەیەکی چەن کەسێك
بۆ جێ کردنەوەی یەکێك
(تەکەدان) باڵدان
(تەکەکردن) تەکەدان • تەکە
(د) • هاتوچۆو جووڵەی شتی شۆڕرەوە
بوو،(تەکەتەك) بەلەبەلی شتی شۆڕرەوە بو
(تەکەڵتوو) چەن قەدلبادێکە لە
ژێر قەڵتاغی زینا دائەنرێ
(تەکەنە) لبادێکی پچووکی یەك
کەسی یە •
(تەکیە) سەکۆیەکی باریکە لەسەری
دائەنیشن • جێیەکی تایبەتی یە کەدە
روێشان یادی خوای تیائەکەن
(تەکیەگا) تەکیەی دەروێشان
(تەکیمە) لبادەی ژێرەخەری
پچووك •
(تەکینەوە) دەست هەڵگرتنی
یەکێك لەیەکێك یالەکارێك و لێ دوور

کەوتنەوەی بەرەبەرە
(تەگرگ) ل • تەرزە
(تەگە) تکە
(تەگەرە) تێکدانی کارێك و
ودواخستنی • دار یائاسنێکە ئەخرێتە
ناوەڕراستی بەرداشی خواروو (د)
(تەگەرەتێخستن) تێکدانی کارو
دواخستنی •
(تەگەرەتێکەوتن) تێکچوونی کارو
دواکەوتنی •
(تەگەرەدان) تەگەرەلێدان
(تەگەرەلێدان) تەگەرەتێخستن
• (تەل) شتێکی باریکی درێژە دروست
ئەکرێ لەئاسن یالەمس یالە شتی تر
(تەڵ) داوێك موو یادەزوو یا
شتێکی تر . چڵێك لەشتێك : (تەڵ
ێك دار
(تەڵا) شتێکی زەرد یاسپی گران
مایەیە لەکان دەرئەهێنرێ دراووچەکی
ژنانەی لێ دروست ئەکرێ •
(تەلار) باڵەخانە • کۆشك •

(تەلاسابوون) دەرچوونی مەردوم
لە ئەندازەی خۆی : فیسارکەس
(تەلاسابووە) .
(تەلاش) تەقەلا ، ژ تەلاشکردن)
هەوڵدان .
(تەڵاش) تەڵەزی تەنك لە شت .
تەلاش (د) ، (تەڵاشکردن)
تەلاشکردن .
(تەڵاکاری) ئاڵدووزکردن بە
ئاڵتوون .
(تەڵاکەت) د . تەڵاکاری
(تەلان) تەڵان . ناوی دێیەکە
لە ناوچەی سووورداش
(تەڵان) پلەی شاخ و کێورهەرد ،
(تەڵان تەڵان) شوێنی پلە پلە لە شاخ
(تەلانترە) گیایەکی بەهاریی
قەفقەفە بەشوێنی تەڵانەوە سەوزئەبێ
(تەلبەند) شوێنێکە چواردەوری
بەتەل تەنرابێ .
(تەڵخ) شتی رەشی تاریك .
ژینی بە ئازار و سزا : فیسارکەس
گوزەرانی (تەڵخ) ە . روو گرژ :
فیسارکەس پیاوێکی زۆر (تەڵخ) ە .
. (تەلسز) بێ سیم .
(تەڵفیز) گاڵتە
(تەڵفیس) تەڵفیز
(تەڵمیت) کۆتەڵی شیوەن .
ووڵاخی زین کراوی بارگەلێنراوی
رازاوە بە کەژنی ئاغایا کوێخاسواری ئەبێ
(تەل لێدان) نامەناردن بە تەل
(تەلوار) ز . تەرواڵ
(تەڵۆك) چەن تووڵێکی دارینە
ئەخرێتە ئەم سەروئەوسەری چیبخ بۆقایمی
(تەڵووك) درر کێکە وەك زیی
بەلام ئەم بێ بەرە . درر کەزیی (د) .
(تەڵووکە) د . تاڵووکە
(تەڵە) داوێکە ئەنرێتەوە بۆ گرتنی
رێوی و مشك وهێندێ جانەوەری تر
(تەڵەبەرد) بەردی پانی تەنکی درێژ
(تەڵەتەقێن) بریتی بەلە مەردومی فێڵباز
(تەڵەرریوی) تەڵەوررێوی
(تەڵەزم) پارچەیەکی تەنکە کەلە

دار یا بەرد بێنەرە .
(تەڵەکە) فرروفێڵ
(تەڵەمەشکێنە) چەڵەمەشکێنە
(تەڵەوورێویی) جۆرە یاریی یەکە
بە دوو کەس ئەکرێ ، یەکێکیان
ئەبێ بەتەڵەو هەردوو دەستوقاچی
ئەبەستن ، ئەوي تریان ئەبێ بەرێویی
قاچێکی ئەکەن بە ناوەندي هەر دوو
دەستي تەڵەکەداوقاچەکەی تري ئەکەن بە
ناوەنديهەر دوو قاچیاوسەري ئەکەن
بەژێر سکیاو پاڵێك ئەنێن بەتەڵەکەوە
(تەلیس) ز . تێرر
(تەلیسە) د . سووکە بارێکە
ئەنرێ لە وولاخ ولەسەریەوە سوارئەبن
(تەم) هەڵمێکی سپی یە لە زەویی
تەرر یا لەئاو هەڵئەستێ . تۆز (د).
خەم (د) . لێڵایی سەرچاو (د).
(تەما) هیواو چاوەرروانیي
(تەماتم) ز . قسەکردن بەتورەتور
لەکاتي توورره بوونا
(تەماتە) باینجاني سوور

(تەمادار) کەسێکە بەهیوای شتێك بێ
(تەماداریي) هیواداریی شتێك
(تەمار) ز . رەگ وپەیی جەستە
(تەمارتن) ز . شاردنەوەي شت
لەژێر گلا .
(تەماشا) روانیین
(تەماشاخانە) پیشانگا.
(تەماشاکردن) رووانیین بۆشتێك
. خوێندنەوەی شتي نوسراو بەووردیي:
لەپێش ووتنەوەي دەرسا (تەماشاي) کە
(تەماکار) تەمادار
(تەماکۆ) تووتن
(تەماڵ) دیاریی کردني گیاندارێك
کە راوئەکرێ وبەدیی کردني
(تەمتەراق) د . گەورەیی ویایە
بەرزیی .
(تەمتەم) زەویی سەختیی بەردەلانی
دەمار دەمار .
(تەمتەمە) بزمارێکي سەر خرري
نووك تیژە بەلووتي مزراحادائەکوترێ
بۆئەوەی باش بخولێتەوە

(تەمربین) ز . تۆبین

(تەمشوو) تەشوێ

(تەموخ) تـاوێرە بەردێکە لە لم پەیدا بووبێ

(تەموو) دارێکي ئەستوورە هەلێ ئەکولرێ وبەررەی ناشي پیا ئەکرێ

(تەموورە) پارچەیەکە لە پارچاني مۆزیقە ملێکی درێژی هەیە

(تەموورعزەن) کەسێکە تەموورە باش لێ بدا

(تەمەرە) د . قۆرتوبەلاٚ

(تەمەزبی)ز . ددستەسرری ئاوریشم

(تەمەسي) ز . تەمەزبی

(تەمەلٚ) گیانداری لە شقورسي فرمان نەکەر

(تەمەلٚخانە) شوێنێکە تەمەلٚي تیـا بەخێو ئەکرێ

(تەمەلٚە) بناغەي دیوار

(تەمەلٚي) لەشقورسي وتەوەزەلي گیـاندار .

(تەمەلٚییت) شتێکی پێچراوەیە کە بەپاشکۆي وولاٚخا دابەسترێ . تەمەلٚە .

(تەمەن) ماودي ژیانی گیاندارلە جیهانا «عومر»

(تەمیان) د . خەم داگرتن

(تەمێبوون)عارنان وبەندومرگرتن لەشتێکەوە .

(تەمێخواردن) تەمێبوون

(تەمێخۆر)کەسێکە تەمێ بوۆبێ

(تەمیشك) د . تووراك

(تەمێکردن) عاربەیەکێك نان

(تەمیز) شتي پاکی خلوێن

(تەمیس) تەمیز

(تەمین) د . تەمیان

(تەن) ز . تینوو

(تەن) جەستە . رەشيیەنجەلٚ

(تەناباز) د . تەنافباز

(تەنابازی) تەنافبازي

(تەناف) پەت یا تەلێکە کە بە بەرزی بەوە بگیرێ بۆشت پیاداني

(تەنافباز) کەسێکە لەسەر تەناف

یاری بکا
(تەنافبازی) یاریکردن لەسەر تەناف
(تەنانە) تەنانەت
(تەنانەت) ووتەیەکە بەکاردێنرێ
لەجیٚی ووتەی (بەتایبەتی) : (تەنانەت)
بۆ لای تۆهاتم
(تەنبوو) گەنە (ز) . تەموو
(تەنبوورر) ز . تەمووره
(تەنبووری) ز . کاکۆڵی پیاو
(تەنبەتەن)ووتەیەکە بەکاردێنرێ
بۆبەرامبەریکردنی دروکەس لەگەڵ
یەك بەبێ ئەمەی هیچیان یارمەتی دەرێکیان
لەگەڵ بێ : نەریمان (تەن بەتەن)
دەرەقەتی سالار نایەت
(تەنبەکی) ز . توونی نێرگەلە
(تەنبەڵە) تەمەڵە
(تەنپەروەر) کەسێکە هەمیشە بە
خواردن و پۆشین وحەسانەوەی
خۆیەوە خەریك بێ
(تەنپەروەری) پەروەردە کردنی
جەستە بەخواردن.خواردنەوەوپۆشین

وحەسانەوە .
(تەنتەنە) فیز ودەمار
(تەنخوا) تەنپەروەر . سەرمایە
(د) . بریتی «عوض» (د) .
(تەندروست) لەش ساغ
(تەندروستی) لەش ساغی
(تەندوور) تەنوور
(تدندووره) تەنووره .
(تەنراو) شتی تانو پودارکەتەنرابی
(تەنشت) لای شان لە راست و
چەپی شت .
(تەنشدەر) ز . لاشیپانی دەرگا
(تەنك) شتێکە ئەستوور نەبێ.
شتی شاش .
(تەنکاو) بووار
(تەنکوتیوالْ) شتی زۆر تەنك
(تەنکەکردن) شاشکردنی شینایی
پڕ بەهەڵکێشانی لتی ناو بەناو
(تەنگ) شتی تەسکی بێدەرەتان:
ئەم زووره یا ئەم پێلاوە (تەنگ) ە .
تەنگە (د) . پشتیبوان (د) .

(تەنگەنەفەسی) هەناسەتونديي
(تەنگلە) کاتی تەنگ وچەڵەمە
(تەنگاو) گیاندارێکە لە تەنگانەدا بێ ، (تەنگاوبوون) زۆر بۆهاتنی گیاندار وتەنگەتاوبوونی
(تەنگ پێهەڵچنین) زۆر بۆهێنان و لالێ بڕرینەوە .
(تەنگدان) د . تەنگەدانی وولاخ
(تەنگدەس) بریتییە لەمەردومی هەژاری نەدارا .
(تەنگدەست) تەنگدەس
(تەنگدەستی) بریتییەلەنەدارایی
(تەنگدەسیی) تەنگدەستی
(تەنگز) درەختێکی بالا بچووکی درکاوی بەبەرێکی هەیە وەك چوالە بەلام ئەم تالەبە خۆشکراویی ئەخورێ
(تەنگوچەڵەمە) کاتی سەغڵەتی و بێ دەرەتانی .
(تەنگە) قایشێکی پانەزینیاکورتانی بۆ قایم ئەکرێ لەژێرسکی وولاخەوە . دەرووی تەنگی دەریا .

(تەنگهاتن) د . زۆربۆهاتن
(تەنگەبەر) شوێنی تەنگی تەسك
(تەنگەبەریی) بوونی شوێنێك بە تەنگەبەر .
(تەنگەتاو) گیاندارێکە لەرووبەکەوە زۆری بۆ هاتبێ و گیری خواردبێ ، (تەنگەتاو بوون) بەگیر هاتن (تەنگەتاو کردن) بەگیرهێنان
(تەنگەتیلکە) کەسێکەزۆرتووڕە بێ . گیاندارێکە لەبەر قەڵەویی و خڕوپڕیی نەتوانێ زۆر بجوولێ .
(تەنگەدان) تەنگەبەستی وولاخ
(تەنگەکێشان) تانگەدان
(تەنگەگرتن) بریتییەلەدڵگیر بوونی بەکێك لەووتار یاکرداریەکێکی تر ، «لەرووی-ووکی بەوەئەووترێ»
(تەنگەلان) د . دەرووی تەنگی دەریا .
(تەنگەنەفەس) کەسێکە کەهەناسەی توندبووبێ

(تەنگەهەڵچنین) زۆرهێنان بۆ
شتێك ولالێ برینەوەی
(تەنگەهەڵكێش) چەرمێكی باریكە
تەنگەی پێ قایم ئەكرێ
(تەنگی) بێدەرەتانی
(تەنواوی) مەردوی چڵكنی
بۆرەڵووك ·
(تەنوور) شتێكی گەورەی دەم واڵە
لە قورر دروست ئەكرێ ولەزەوی دا
دائەنرێ وئاگری تیا ئەكرێتەوە بۆ
نان پێ برژاندنی ·
(تەنوورداختن) هەڵگیرساندنی
ئاگر لەتەنوورا بۆنان پێكردنی · بریتیە
لە كۆبوونەوەی چەن كەسێك وباسی
یەكێك كردنیان بەخراپە
(تەنوورشێوێن) كۆڵەوەژ
(تەنوورە) دۆلیانی ئاش كە لە
بەرد وقورر وقسل دروست كرابێ ·
ئاخلە (د) · گێژەڵووكە (د) · جۆرە
كراسێكی ژنانەیە ·
(تهنووشك) ز · ئازار بەهۆی
ئاڵوو كەوتنەوە ·
(تهنووبی) ز · تینوێتی
(تەنە) د · ئەن
(تەنها) تاقە یەكێكە لە شتێك كە
هاو وێنەی خۆی لەگەڵ نەبێ: (تەنها)
دانیشتبووم ·
(تەنهایی) بوونی شت بەتەنها بەبێ
هاو وێنەی خۆی : (تەنهایی) هەر بۆ
خوا باشە ·
(تەنەكە) شتێكی تەنكی سووكی
سپێیە سەماوەر و هێندێ شتی تری
لێ دروست ئەكرێ
(تەنەكەچی) كەسێكە كە تەنەكە
كاریی بكا ·
(تەنەكەساز) تەنەكەچی
(تەنێ) تەنیا
(تەنیا) تەنها
(تەنیابال) بریتیە لە كەسێك كە
بێ یارمەتیدەر بێ · تاقانە
(تەنیاگ) چنراو
(تەنیایی) تەنهایی

(تەنیشت) تەنشت
(تەنیی)رەشیی مەنجەڵ • تەنیا(د)•
(تەنیین) چنین و تێك هەڵکێشانی
رایەڵ و پۆ •
(تەنیینەوە) پەرەسەندن. و بڵاو
بوونەوەی شت
(تەو) مەرریێکە دەم و چاو و لەشی
بۆرە لووك بێ
(تەوا) د • تەماو ئومێدەواریی
(تەوات) ز • لەسەرخۆ
(تەوادار) د . تەمادار
(تەوار) بازی مێچکە • گیانداری
هەراش : بەرخەکە (تەوار) بووە
(تەواسان) د • دڵسارد کردنەوە
(تەواسیان) د • دڵسارد بوونەوە
(تەواسیانەوە) د . تەواسیان
(تەواش) ز • رۆن
(تەواشا) تەماشا
(تەواشیر) د • تەباشیر
(تەوانا) گیانداری بەهێز و دەسەڵات
هێز و دەسەڵات : (تەوانا)م نیە

(تەوانایی) هێز و دەسەڵات
(تەوانج) توانج
(تەوانچە) د • دەمانچە
• (تەواو) شتێکە کە دوایی هاتبێ،
(تەواوبوون) دوایی هاتن و برانەوەی
شتێك ، (تەواوکردن) دوایی هێنان و
برینەوەی شتێك
(تەواویی) بوونی شت بەتەواو
(تەوتین) ز • لەسەرخۆیی
(تەوخ) زۆر زەمینێکی گەورەیە
زستانان لەکوێستان ئازاڵی تێ ئەکرێ
(تەور) ئاسنێکی تیژی دەم لەسەر
شانە داری پێ لەت ئەکرێ
(تەوراس) تەورداس
(تەورداس) ئاسنێکی کلکداری
دەم پانی کەوانە داری تیژە داری
پێ ئەبرریتەوە .
(تەورزیین) ئاسنێکی تیژی دەم
لەسەر شانی کەوانەیی بە کلکێکی درێژی
داریینی تێ ئەبرێ
(تەوریزیی) ناوە بۆ جۆرە ترێیەك

• سەنگێکی کێشانەیەلەکۆ دەواری ئێران

(تەوزە) گاڵتە •

(تەوزەپێکردن) گاڵتەپێکردن

(تەوزیم) پێویستی «واجب»و ناچاری «ضرورة» : (تەوزیم) نیە ئەوکارە بکەم واتە واجب وضرورة نیە

(تەوس) پلاو هاویشتن لەگوفتوگودا بۆیەکێك بەرەنگێك کەهەموو کەس تێی نەگات

(تەوشوو) تەشوێ

(تەوشوێ) تەشوێ

(تەوغێن) جۆرێکە لە یاریکردن بە میبج •

• (تەرقە) شتێکی دووفاقە لەزێر یا لەزیو یا لەباغەژنان ئەیدەن لە ئەگریجەیان کە تێك نەچێ

(تەوقەتە) د • تەپڵەسەری شت

(تەوقەسەر) شوێنی هەرەبەرزلەشت

• (تەرقەکردن) دەست خستنە ناو دەستی یەکێك و ووشینی لەرووی تاسەو خۆشەویستی یەوە

(تەوقەن) تەوقەتە

(تەوقەنە) د • تەوقەن

(تەومان) ز • دەمەرقوپان

(تەون) رایەڵی بەروەوقاڵبی کە بە دارەوە بێ بۆتەنین

(تەونگەر) کەسێکە تەون بکا

(تەووژم) هێزی شت لەگەڵ هاتن وجوولانیا : ئاوەکە بە (تەووژم) هات

(تەوروسکە) هەنجیری کێویلە

(تەووشق) تەشق

(تەودرگ) تەرزە

(تەودرگەژیلە) تەرزەلووکە

(تەوەرە) دارێکی کوندارەلەکونی بەرداشی سەرووی ئاش گیرئەکرێ وبلووسکی تێ هەلئەکێشرێ ئاشووب وبەلا (د) •

(تەوەزەل) گیانداری زۆر تەمەڵ

(تەوەق) تەبەق • تەبەك

(تەوەل) مەردومی سەرسەری

(تەوەن) ﻫ • بەرد

(تەوەنە) د • کۆمەڵە

(ئەوەنەدان) د . کۆمەڵەدان

(ئەوێڵ) ناوچەوان

(ئەریلە) ھۆدەی ووڵاخی یەك سم

(ئەی) د . رام بووی دەرھاتوو : فیسارکەس (ئەی) بووە وانە رام بووە

(ئەیاخ) د . تیلا

(ئەیار) د . ئامادە

(ئەیارە) د . شوێنێکە کە باز لێی ئەنیشێتەوە فرروك

(ئەیان) کارەکەر . تیان

(ئەیجە) د . ئەیکە

(ئەیروك) ز . ئەرزە

(ئەیکە) سەلەی تووانین

(ئەیمان) خەڵفەدار یکی ناریکی درێژە ناوەندی قیسپی پێ ئەنەرێ چەپەرێکە کە بەئەیمان وقیسپ چنرابێ

(ئەیوانە) د . خواردەمەنی یەکە کەلە ماڵی زاواوە ئەنێررێ بۆماڵی بووك لەرۆژی گواستنەوەیا

(ئەیەوبووگ) د. مەردوی قاڵی دەرھاتوو .

(ئەیەوبوون) قاڵبوون و دەرھاتن

(تێ) بیتی چوارەمە لە بیست و حەوت بیتەی کوردی . تای ناساغی . بیتێکە ظرفیتی شتێك بۆشتێك ئەگەیەنێ : (تێ) فرێدان وانە فرێدانی شتێك بۆناو شتێك . ناودوەی شت : بیکە (تێ) ی وانە بیکە ناوی

(تێ ئاخنین) ئاخنینی بۆشایی یەك بە شتێك .

(تێ ئالان) ئالانی شتێك لە شتێکەوە

(تێ ئالاندن) ئالاندنی شتێك بە شتێکەوە

(تیاردن) د . لەناو بردن

(تیارۆ) ژنێکە کە پیشەی یاری وسەما کردن و گۆرانی ووتن بێ لە ناو پیاوانا

(تیارۆخانە) شوێنێکە کە تیارۆ سەمای تیائەکا

(تیاچوون) لەناوچوون یا تووشی زیان بوونی یەکێك لەپێناوی کارێکا

(تیاررامان) سەرسامان لە کارێکا

(تیامان) تیاررامان

(تیان) مەنجەڵی زۆر گەورەوك

مەنجەڵی حەڵواچی وحەمام
(تیانچکە) مەنجەڵۆکە
(تیانچە) تیانچکە
(تیانە) تیان
(تێبردن) زیاد کردنی ووتەیەك
یا زیاتر لەلەناوەرراستی نوسراوێکەوە ،
یا خستنیدارێکیساغ لەشوێنی دارێکی
شکاو لە دارەررادا بەبێ هەڵگرتنی
بانەکە : ئەم شوێنە لەم کتێبە ناتەواوە
پێویستەئەمدێڕرەی(تێبرێ)یائەمداری
دارەررایەشکاوە پێویستەدارێکی ساغی
(تێبرێ) . قایم کردنی شتێك لەناوشتێکا
ومك نقێم لەناو ئەموستیلەدا
(تێبڕرین) کردنیشتێك بەشتێکی
ترا بەتوندی وپرر بەپرر
(تێەربوون) بەتربوونی کارو بەرخ
بۆ مژینی دایکیان . سواربوونی نێر
بۆمێیەکەی لەکاتی خۆیا بەتێکرایی
(تێەردان) بەردانی کارو بەرخ لە
دایکیان بۆمژینی . بەردانی گیاندارێك
لەگیاندارێکی تر بۆبەگژاچوونی : تانجی
بەکەی لەکەروێشکەکە (بەردا) . بەرەڵا
کردنی نێر بۆسەرمێ : ماینەکەی بەتەڵەب
بوو (ئەسپەکەی تێەردا)
(تێبین) کەسێکەلەئاکامی شت
وورد ببێتەوە
(تێبینی) وورد بوونەوەو دوور
بینی لە کارا .
(تێبینین) تێبینی
(تێەرراندن) رافرراندن وبردنی
شتێك بۆشوێنێك بەگورجی . بریتی یە
لە جێبەجێ کردنی کارێك بەدەستو
بردی : فرمانەکە زوو (تێەررێنە)
(تێەرربوون) گوزەر کردن بە
شوێنێکا . بەسەرچوونی کانیشتێك
(تێەرر کردن) تێەرربوون
(تێەررین) تێەرربوون
(تێەستان) تێ ئاخنین
(تێپێچان) پێچانی شتێك لەشتێك.
بریتی یە لەتکا کردن بەجەختی لەیەکێك
: فیسارکەس زۆرم(تێپێچا)تاکارەکەی
پێ کردم . ئالاندنی کەسێك بەکارێکەوە

(تێپێچاندن) ئالاندنی شتێك لە شتێك . ئالاندني كەسێك بە كارێكەوە

(تێترراندن) بریتي یە لە زۆرخواردن ، ئەم ووتە بەلە رووی سووكی یەوە ئەووترێ

(تێترنجان) گیرخواردني شتێك لە شوێنێكي تەنگە بەرا

(تێترنجاندن) گیرکردني شتێك لە شتێكی تەنگە بەرا

(تێتكان) تكانی شتێكی شل بۆ ناو شتێك لەخۆیەوە

(تێتكاندن) كردني شتێكي شل بۆ ناو شتێك بە دڵۆپ دڵۆپ

(تێتلێسك) گیایەكی ناو پیی هەمیشە سەوزە گەڵای وەك كەوەر وایە ئەدرێ بە ئاژاڵ .

(تێچاندن) كردنی شتێكي وورد بۆ ناو شتێكی شل كەم كەم بۆ ئەوەي كە باش تێكەڵ ببێ : ئاردەوا لە سەر ئاگر ئاردەكەی (تێ ئەچێنرێ) . بریتي یە لە قسەي خراپ كردن دەرباری یەكێك لای گەورەیەك .

(تێچرران) كۆبوونەوە و بەسەر یەكاكەوتنی مەردوم بەزۆری لە شوێنێك شایی فیساركەس ئەوەندەی (تێ چررا بوو) شان ئەسوا

(تێچرراندن) كۆكردنەوەي گیاندار بەزۆری و بەناررێكی لە شوێنێك

(تێچوون) شاندانە ژێر كارێك و هەوڵدان بۆ كردني بە گەرم و گوررِی: فیساركەس بۆ یارمەتی هەتیوان باش (تێچووە)

(تێچەقاندن) چەقاندنی شتێك لە شتێكي ترا

(تێچەقین) چووني شتێكی تیژ بە شتێكی ترا

(تێچەندن) تێچاندن

(تێچنین) تێچاندن دەربارەي یەكێك لای گەورەیەك . ئەندازەیەكي كەمە لە دانەوێڵە كە لە ناوەندي دووبارا شا بهاررري لەبەر پەلەپەل

(تێخ) تیغ

(تێخزان) چوونە شوێنێكی تەنگ

وبەزۆر جێي خۆکردنەوە
(تێخزاندن) ترنجاندن وچ ر اندنی
شتێك بۆ ناو شوێنێك بەپاڵەپەستۆ
(تێخزین) تێخزان
(تێخستن) خستنی شتێك بۆناو شوێنێك
. داکردنی هێندێ کەس لەیاریدا: فیسار
کەمم لەکەوشەکا (تێخست)
(تێخوررین) دەنگ کردن لە
گیاندار بەتوندبی بۆرۆینی : لەووڵاخە
کەي (خوررين) .دەنگ کردنی بەکێك لە
یەکێك بۆوێستانی لەقسەکردن یارۆینا:
شەوچەرخەچي (تێی خوررین) یانەر یینمان
قسەي ئەکرد بارکي (تێی خوورريي)
(تێخونجان) لەبار بوون وگونجانی
شتێك لە شوێنێکا
(تێدان) دزێو کردن یا پان کردنی
پارچەیەك لەکاڵا یاشتێکي تر بەخستنی
پارچەیەك لەسەری : کەواکەم یالیفەکەم
کورت بوو بستێکم (تێدا) . دانی شتێك
لە شتێك : ئەوگەنە ئەسپێ (تێی داوە)
(تێدانەوە) تێدانی پارچە لەشتێك.

دەست کردنەوە بەشتێك کەلەوەپێش
دەستت لێ هەڵگرتبێ : دەستم لە
جگەرەهەڵگرتبووکەچی (تێمدایەوە)
(تێر) گیاندارێکە کەلەخواردەمەنی
ئەسەل بێ . هەموو رەنگێکی تۆخ
بێجگەلە سپی. ئەم رەنگە سوورە یا
سەوزە یاشینە (تێر)ە : تێرر(ز) .
بریتی یە لەمەردومی دەوڵەمەند
(تێراو) دارودرەخت وشینایی
ئەرر وباراو
(تێراوی) بوونی دارو درەخت
وشینایی بەتەررو پاراو
(تێربوون) بەسەرچوونی برسێتی
بەهۆي خواردنەوە . بریتی یە لەکەسێك
کەبێ نیاز بووبێ لەشتێك
(تێرپ) ل . توور
(تێرخواردن) تێربوون لەخواردنی شت
(تێرر) دەفرێکی دوولایی یە وەك
جەواڵ بەڵام ئەم دەمی لە تەنیشتەوەیە .
مەردومی مۆررەوەبوو (د) .
(تێررادان) ئاوکردنە ناو دەفرێك

وتێوەردانی

(تێراکردن) تێروکردن

(تێرامان) تیارامان

(تێرتێرە) هۆمقموکەی گەورە

(تێررك) تێرر

(تێرکە) خورجی گەورە

(تێروانین) تەماشاکردنی شتێك ولێوورد بوونەوەی

(تێروکردن) کردنی شتێك بەشتێکی ترا ٠

(تێرەوەبوون) د٠ مۆرربوونەوە

(تێروو) دارێکە بەرێکی وەك توولە زمررە ئەگرێ گەلای وەك چوالەتالە وایە ٠ گیاندارو درندەی کێوی وەك شێرو پڵنگ و گورگو وورچ

(تێروی) تەربێ

(تێرەخۆر) تێرەخۆرە

(تێرەخۆرە) ئەندازەیەکە لەخواردن کەزەلا٠یاك تێری پێ بخوا

(تێرێتی) تێربی

(تێربی) بوونی گیاندار بە تێر ٠

بوونی هێندێ رەنگ بەتوخ

(تێز) کونێکە لای پێی هێندێ تفەنگ و دەمانچەوە باروونی ئەخرێتە سەرو ئاگری پێوە ئەنرێ

(تێزاب) دەرمانێکی شلی زۆر تیژەبەسەرهەرشتێکا بکرێ ئەیسووتێنی

(تێزاو) تێزاب ٠ تیژاو

(تێزە) د٠ نووکی شتی تیژ ٠ قوتکە

(تێزکە) تێز

(تێزەتێزەدان) پەلەپەل کردن لە یەکێك بۆکردنی کارێك : بەس(تێزە تێزە) ی بدە، واتە بەس پەلەی لێ بکە

(تێژ) تیژ ٠ گورج وگۆل

(تێژك) بەچکەی ساوای درندە

(تێساوین) تێ هەڵسوون

(تێسرەواندن) لێدان لە کەسێك بەکوتوبرری ٠

(تیسك) چەن دانە خوری یا موویەکی درێژە .

(تیسکن) شتێکە کە تووکن بێ ونیسکی پێوە بێ ٠

(تێسکە) تێز

(تێسمرڕیاگ) تێکسمرڕاو

(تێسمرڕیان) تێکسمرڕیان

(تێسوون) تێهەڵسوون

(تێشت) با · نان خواردنی نیوەڕوان · چێشت

(تیشك) ڕووناکي ڕۆژیامانگ یاچرایاشتێکي ترکەلەدوورەوە بداتە شوێنێك

(تێشکان) هەڵخەڵەتان لە کارێکا. شکاني شتێك لەناوشتێکا ·

(تێشکاندن) هەڵخەڵەتاندن · شکاندنی شتێك لەناو شتێکا

(تێشکاو) هەڵخەڵەتاو · شتێکە بەسەر یەکا شکا بێ ·

(تێشوو) توێشوو

(تێشووبەرە) تێشوودان

(تێشوودان) شتێکە کەتێشووی تێ بخرێ ·

(تێشووکردن) نان خواردنی بەیانی. دروست کردنی تێشوو

(تێغ) تیغ

(تێغە) تیغەی دیوار دەمەي تیغ (د)

(تێفرڕێدان) فرڕێدانی شتێك بۆ ناو شتێکي تر

(تێقڵپاندن) قڵپ کردنەوەی شتێك بۆناو شتێکی تر

(تێقوپان) ابریتی یە لەلاوازبوون و بەناوا چوونی گیاندار

(تێقوپاو) گیانداري لاوازي بە ناواچوو ·

